# ژیانی کوردەواری

حەمید رەشاش

هەولێر: ٢٠١١



# ژیانی کوردەواری

حەمید رەشاش

هەولێر: ٢٠١١

* ناوی کتێب: ژیانی کوردەواری
* نوسینی: حەمید ڕەشاش
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢١٨)
* نەخشەسازی و بەرگ: عوسمان پیرداود
* تیراژ: ٥٠٠ دانە
* چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (      ) ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە.

پێشکەشە بە :

* بەگەلی کوردستان
* بە مەلەک خانی هاوسەرم لەماوەی سێ ساڵە نەخۆشە
که لە رۆژانی خۆشی و ناخۆشی و دەربەدەری هاوکارم بووە.
* بە یەیەکەی منداڵە خۆشە ویستەکانم.

## پێشەکی:

لە پاش پەیدابوونی کەرستە و ئامێری پێشکەوتووی فەلاحەتی جۆراوجۆری بەرهەمهێنەر و چۆڵکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان بۆ ناو شارەکان و کۆمەڵگایە زۆرملیەکان بە هۆی شەڕ و شۆڕ و کردەوە و ڕفتارە درندانەکەی حکومەتی بەعس گەلەکەمان هەموو ژیان و ئیشو کار و کردەوەکانی لە بیر چۆوە لەپاش نەمانی سەدام بەشەک لە گوندەکانی کوردستان ئاوەدان کراو نەوە بەڵام دانیشتوانی گوندەکان نەهاتینەوە سەربار و دۆخی جاران بۆیە ناوی کەرستەی فەلاحەتی و ئاژەڵ داری و کار و کاسبی جاران لە بیرکراو بەشی زۆری پیرەمێردەکانیش ناوی کەرستە کۆنەکانی لەبیر نەماوە من لەکاتی دانیشتن لەگەڵ پیرە مێردەکان قسەمان دەکرد لەبارەی ژیانی کوردەواری پێشان و ناوی کەرستەی فەلاحەتی و مەڕداری و ئیشوکاری پێشان بەشی زۆریان شتیان لەبیر نەماوە پیرەمێردەکان بە منیان دەگۆت مادام تۆ ئەو هەموو شتانەت لە بیر ماوە بیان نووسە من زۆرشتی کۆنم لەبیرماوە لەبەر ئەوەی هێشتا منداڵ بووم دایکم و باوکم کۆچی دوایانکرد و من تووشی دەربەدەری بووم بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان گەراوم بۆ کاسبی هەموو جۆرە کاسبیەکەم کردیە بۆیە هەرچەندە پیرم بەڵام زۆرشتی کۆنم لە بیرماوە جا بۆ ئەوەی ئەو شتە کۆنانە لەبیر نەچن وام بەباش زانی بیان نووسم و پێشکەش گەلەکەمی بکەم هەرچەندە من لەو باوەڕەدانەبووم بتوانم چاپی بکەم لەبەر چەند هۆیەک ١- لەبەر دەست کورتی دووەم لەبەر ئەوەی شێوەی نووسینەکەم خۆرسکە بەخۆم فێری خوێندەواری بوویە بەبێ قوتابخانە دەترسام هەلەم هەبێ لەبارەی نووسین بەهەر حاڵ بڕیارم دا ئەوەی لە بیرم ماوە لەبارەی ژیانی کۆنی کوردەواری بیان نووسم بۆ ئەوەی ناویان بزرنەبێ نووسینی باشتر لە نەنووسینی، کورد دەڵێ ئەوەی لەسەر راستانە لە سەر خێزانە، من خزمەکم هەیە کارمەندی پرسگای ئەکادیمی هەرێمی کوردستانە ناوی دیدار سلێمانە بەهۆی ئەو جەنابی دکتۆر ئازاد احمد محمودم ناوسی ئەو دکتۆرە بەڕێز و کورد پەروەرە بەهانام هات و یارمەتی منی دا لە چاپکردنی هەردوو کتێبەکانم کتێبی پەندی کوردی و کتێبی ژیانی کوردەواری من پڕ بە دڵ سوپاسی دکتۆر ئازاد دەکەم بۆ ئەوکارە خێرەی لەگەڵ

منی کرد وه زۆر سوپاسی مامۆستای هێژاو کورد پەروەر جەنابی رەشید فەندی دەکەم زۆر هاوکاری کردوم وه زۆر سوپاسی مامۆستایانی شارەزایەکان دەکەم زۆر خۆیان ماندوو کرد له راستکردنەوەی هەلە و نووسینەکان. دووباره سوپاس بۆ هەموو لایەک له کۆتایدا داوای لێبووردن دەکەم لەکەم و کورتی نووسینەکەم.

لەگەڵ ئەو پەڕی رێزم

**حەمید رەشاش**

**٢٠٠٨/٨/١**

# بەشی یەکەم
# شوانی و مەڕداری لەناوچەکانی کوردستان

## جۆرەکانی شوانی

**جۆری یەکەم:-**

شوانی گەلە، ئەم جۆرە شوانییە لە هەندەک جێگا پێی دەڵێن شوانی گەلە وەلە هەندەک جێگای تر پێیدەڵێن شوانی کوتە، یان شوانی جکۆ، ئەم جۆرە شوانیە بەو شێوەیەی خوارەوە دەبێت هەندەک لە گوندەکان مێگەلی تەواویان نیە هەرماڵە و چەند سەر ئاژەڵەکیان هەیە بۆ چەند سەر ئاژەڵێک ناتوانی شوانی بۆ بگرێ ناچار دەبن بەهەموو گوندەکە شوانێک دەگرن هەموو گوندەکە رێکدەکەون لەسەر دابین کردنی شەرتی شوانەکە و جۆری رێکەوتنەکەش بە پێی زۆر و کەمی سەری ئاژەڵەکانە، ئەگەر ماڵێک ئاژەڵی زۆر بێ پارەی زۆر بەبەر دەکەوێ، پاش ئەوەی لەسەر شەرتی شوانەکە رێکدەکەون لە پاشان دەبێ لەسەر نان خواردن و نوستنی شوانەکەش رێکبکەون ئەویش هەر بەپێی زۆر کەمی ئاژەڵ دەبێ ئەگەر شوانەکە خەڵکی گوندەکانی خۆیان باو ئەوە شەوە لە ماڵەکەی خۆێ دەنووی وەلە ماڵی خۆشی نان دەخوات ئەگەر شوانەکە خەڵکی گوندەکەی خۆیان، نەدبووبایە ئەوە نان و خواردنی لەسەر ماڵەکان دەبێ بە پێی زۆر و کەمی پەزەکان، یان ئاژەڵەکان ماڵ هەیە شەوێکی بە بەردەکەوێ و ماڵیش هەیە دووشەوی بەبەر دەکەوێ لەبەر ئەوەی مەڕ و بزنی زۆرترە شوانەکە لە هەر ماڵێک بێت لە نانی نیوەڕۆ دەست پێدەکات واتە لە هەر ماڵێک نان بخوا هەر لە هەمان ماڵیش دەخەوێ، ئەگەر شوانەکە جگەرە کێش بێ ئەوە توتن و جگەرەش هەر لەسەر ئەو ماڵەیە کەنانی لێدەخوات و جل وبەرگ شۆر ینی هەرلەوماڵە دەبێ هەندەک گوند شوانیان نەدەگرت. ئەوەخاوەن مەڕەکان بەنۆبەت دەچوونە بەرماڵا تەکەی خۆیان ئەوەش هەربەپێی زۆرو کەمی ئاژەڵ بوو ماڵ هەبووسەری ئاژەڵی کەم بوو ڕۆژەکی بەبەردەکەوت هەبوو سەری ئاژەڵی زۆربوو دووڕۆژی بەبەردەکەوت وەدەربارەی بەرخەوانیش هەروەکو



شوانی بوو لەسەری ڕێک دەکەوتن بەڵام بەرخەوان زووتر شەرتی هەردەهات، شەرتی بەرخەوانی هەرهەتا ئەوکاتەی بوو کارو بەرخ دەبڕاوەو بەگەردایکی دەکەوت وەلە شیر خواردن دەبڕا. ئەوکاتەی شەرتی بەرخەوان تەواودەبوو. لەوەرزی زستانان مالات لەهۆڵێ دادەکرا بۆئەوەی شوانەکە ئاژەڵە کانی کۆبکاتەوە، هەرلەناو گوندەکە شوێنێک دیاری دەکرا بۆکۆکردنەوەی ئاژەڵەکان هەموو ماڵێک ئاژەڵەکانی خۆیان دەبەنە ئەوشوێنەو شوانەکەش مێگەلەکەی دەباتە ئاقاری و تائێورێ، لەکاتی ڕۆژئاوابون مێگەلەکەی دەهێناوە ناو گوندی ئاژەڵەکان ماڵەکانی خۆیان پێدەزانی و دوچونە ماڵی خاوەنەکەیان شوانەکەش دەچۆوە ئەو ماڵەی کە نۆبەتی نان خواردنی لێبوو، شوانەکە دەیزانی لەچەماڵێکە لەوەرزی هاوین و پایزو بەهاران هەموو ئاژەڵەکان بەیەکەوە دەبوون هەرلەناو گوندەکە کەلەشوێنی دییاری کراو مێگەلەکە رادەگیراو شوانەکەش شەولەناو مێگەلەکە دەنووست لەماڵە کان نەدەنووست بەس بۆنان خواردن دەچووە ماڵە کان، لەوەرزی بەهاران شوانی گەلە ئەم ئەرکانەی خوارەوەی لەسەربوو.

١- دەبوایە شەوین شیوە خواری کرد باو شەوانیش لەناو مێگەلەکە بنووێ.

بەلاّم لەوەرزەکانی ترشوان شەوینو شێوە خواری نەدەکرد بەتایبەتی لە وەرزی زستان لەبەر ئەوەی شوان نەیدەتوانی ئاژەڵی هەموو ماڵەکان کۆبکاتەوە شوانی گەلە لە وەرزی زستان سەری سووک بوو لەبەر ئەوەی مەڕ و بزن دادەکرا لەکاتی مەڕێک یان بزنێک زابا ئەگەر بەرخەکە یان کارەکە مێ با ئەوە شوانەکە جێشتانەی لەکابانی خاوەن پەزەکە وەردەگرت جێشتانەکەش هێلکە بوو یان هەندەک خورمابوو هەمووکاتێک ئەرکەکانی شوانی گەلە سوکتر بوو لە شوانی مێگەڵی زۆر، دۆشین و بێرکردن مێگەلی گەلە یان کوتە بێرنەدەکرا ئەگەر مێگەلەکە هاتباوە ناوگوندی هەر ماڵە و ئاژەڵی خۆی دەدۆشی یان شوانەکە مێگەلەکەی دەهێنا نزیک گوندی و مێگەلەکەی رادەگرت و هەر کابانێک دەهاتن ئاژەڵی خۆیان دەدۆشی و ئەو ماڵەی نانی شوانی لەسەر بوو ژنەکە دەبوا لەگەڵ خۆی نانی شوانی هێنابا وەهەروەها نانی بەرخەوانیش لەپاش دۆشین بەرخەوانیش نێزیک دەبۆوە کار و بەرخ لە دایکی بەردەراو لە پاش تێبەردانی کار و بەرخ شوان و بەرخەوان نانیان دەخوارد و هەندەک پشویان دەداو لە پاشان کار و بەرخەکانیان لە دایکەکانیان جودا دەکردنەوە پێیان دەگوت هاوێرکردن لەپاش هاوێر کردن شوان و بەرخەوان لەیەکتر دوور دەکەوتنەوە هندەک جار وا دەبوو پیرەکانیش لەهاوێرکردن بەشداردەبوون ئێوارانیش شەوان و بەرخەوان شیوە خۆرەیان دەکرد و دەمانەوە لەئاقاری تاپاش نوێژی عیشایێ و هەرکەسەو مێگەلی خۆی دەهێناوە ناو گوندی بۆشەوین کردن لەکاتی نیوەشەوان شوان دەبوو مێگەلەکەی رادا بابۆئاقاری بۆلەوەڕاندن پێش ڕۆژهەلاّت مێگەلەکەی دەهێناوە گوندی لەوەرزی هاوین لەپاش دەغل ودان دەدرواوە شونی گەلە بۆوی هەبوو مێگەلەکەی لەناو پەرێزی هەمووماڵە کان بلەوەڕێنێ لەبەرئەوەی ئاژەلەکەهی هەمووگوندەکەبوو، شوانی گەلە هەندەک جار یارمەتی ئەومالانە شی دەدا لەکاتی پێویست ئەوەپیشەی شوانی گەلە بوو تاشەرتەکەی تەواودەبو کەشەرتی تەواودەبوو دەیان گوت شەرتی شوانی هەرات هەندەک جاری واهەبوو شوانەکە دادەمەزراوە و شەرتەکەی تازە دەکردەوە بەپێی رێک کەوتنی تازەشەرتی شوانان شەش مانگ بوو.

**جۆری دووەم:-**

شـوانـی مـێگەلی تـەواو واتە لە [ ١٠٠ ] سـەدسـەر بە سـەرەوە لێـرەدا دەبێ ئەرکەکانی شوان و خاوەن ماڵ جییا بکرێتەوە ئەرکەکانی شوان دەبێ هەموو رۆژێک مـێگەلەکەی لەوجـێگایانە بلەوەڕێنێ کـەلەوەڕی هەیەو لەوەڕی خـۆش دەبێ شەوین و شیوە خواربکات دەبێ بەشوان لەناو مێگەلەکەی بنوێت لەکاتی بێرکردن دەبێ سەربێری بگری لەکاتی مەڕوبزن زان دەبێ ئاگاداربێ بێچووەکەی بێ نەمـری و دەبێ مـێگەلەکـەی بپـارێزی وەهەندەک نەخـۆشی هەنە دەبێ چارەسەریان بکات. ئەوەی سەرەوە ئەرکی شوان بوو.

ئەرکـەکـانی خـاوەن مـاڵ ئەمـانەی خـوارەوەن ودەبی رەچاویان بکات بۆپاراستنی ئاژەڵەکان بەتایبەتی ئەوانەی ماڵیان لەگوندەکانە.

١- حەوشەکی گەورەی لەقەدەرحەوانەوەی مـاڵاتەکەی هەبێت بەتایبـەتی لەوەرزی زستان لەبەرئەوەی ماڵات ئێواران لەژوورەوەیە.

٢- دەبێ هۆڵی حەوانەوەی ماڵاتی هەبا بەپێی پێویست بۆ وەرزی زستان.

٣- دەبێ جێگای کارو بەرخ دابین بکات کەپێیان دەگوت کۆزی بەرخان.

٤- دەبێ کاودانی دابین کردبابۆ وەرزی زستان واتە ئالیک بۆماڵاتەکەی.

٥- دەربارەی مـەڕئاودان ئەگـەرگـوندەکـە جـۆگـاو ئاووی هەبا یان کـانی ئەوەمـاڵا تەکـە لەجـۆگـائاووی دەخـواردەوە خـۆئەگـەرجـۆگـانەبووایە ئەوەخـاوەن مێگەلەکە پێـویستی بەکۆل و بیرهەبوو بەئاووی بییرەکە مالاتیان ئاودەدا کۆل لەدووشت درووست دەکـرا یان لەپلێت بەشێـوەی جـۆگادەکرا ٤-٥ مـتر درێژی دەبوو ئاووی تێـدەکـرا بۆئاودانی مـەڕومـاڵات کـۆل دەبێ لـەنزیک بیـرەکـەبی ئەوماڵانەی مەڕوماڵاتیان زۆربا حەوزەکی گەورەیان درووست دەکردلە نیـزیک کۆلەکە پێشی ماڵات ئاودان حەوزەکە پڕ ئاودەکرا دەربارەی ئالیک دانی ماڵات هەرلەناو هۆڵەکە لەبن دیووارەکـان لەژووریێ ئاخوڕ درووست دەکرا بەخشت و قـوور بەشێـوەی کـۆلی ئاوبووکاو جۆێ تێـدەکرا. بۆئەسپ هێسـترو کـەرەکان و گـاجـووت و بـارگین ئاخـوڕ درووست دەکـرا بەڵام ئاخـوڕی وڵاخـان بەرزتربوو لەئاخـوڕی مـەڕو بزنان. بۆکـارو بەرخی سـاواش جۆیان لـەئاودەکرد تانەرم بێت یان بریشکەی جـۆیان بـۆکـارو بـەرخـان دەکـرد بەشی زۆری خـاوەن مـاڵاتەکـان

پارچەک قـەرسـیلی لەنزیک گـوندی دەکـرد، قـەرسـیلەکـە دەبووایە جـۆبێ ئەوقەرسیلە بۆکارو بەرخ و مالاتی نەخۆش و مەرە کە ترەبوو بۆ ولاخی بەرزەش بوو بەرزە واتەئەسپ و هێسـترو بارگین مـالاتی وردە وەکومەرەوبزن کـارو بەرخ لەناو قـەرسـیل بەرەلادەکـرا بەلام ولاخی بەرزە دەبەسـتـراوە بەگـوریسـەکی دریژ دەییان گوت ئەسپەکە [رامان تەوراندییە] ئەوولاخە بەقەدەردرێژایی گوریسەکە توانای خواردنی قەرسیلەکە هەبوو ئەگەرجێگایەکەیان گواستباوە دەیان گووت تەورەکی تری بدیێ لەناو گیاش هەروابوو مادام دەبەستراوە.

# بەشی دووەم
# هەوێز و هەوێز مارین

**هەویز و هەویز مارین:-**

هەوێز ئەو جێگایەیە لەشەوان میگەلی مەڕ و بزنی لێ رادەوەستی واتە جێگای مۆرکردنی مەڕ و بزن پێشان لە گوندەکانی کوردستان بۆ سوتەمەنی قشپلی مەڕ و بزنیان بەکاردەهێنا بەتایبەتی لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر و کەرکوک سوتەمەنی سەرەکی قشپل بوو بۆنان و چێشت لێنان و خۆگەرم کردنەوەش قشپل بەکار دەهات لەبەرئەوەی هاوینان قشپل کۆدەکراوە بۆ سوتەمەنی جا ئەو گوندەی شوانی گەلە یان هەبا قشپلەکەش دابەش دەکەن لەسەرماڵەکان هەرشەوەی هەوێزێکە بۆماڵێک بوو ئەوماڵانەی ئاژەڵیان زۆرهەبا دووشەووی بەبەردەکەوت واتە بەپێی زۆرو کەمی سەری ئاژەڵ بوو. چۆنیەتی هەوێز مارین بەوشێوەی خوارەوە بووهەوێزەکە لەوەرزی هاوین هەموو رۆژێک دامادردرا لەوەرزی پایزدا رۆژەک نارۆژەک هەوێز دەماردرا ئەوگیسکەی هەوێزی پێدەماردرا دەبالەشوورە داری گەزبا لەبەرئەوەی داری گەز زۆردارەکی رەقو جیرە هەوێز بەزۆری لەکاتی عەسران دەیان ماری لەبەرئەوەی تاعەسری قشپلەکە وشک دەبۆوە ئەو ژنەی هەوێزی دەماری پێشەکی خۆی ئامادەدەکردو سەروو میشکی خۆی دەپێچاو بەرانپیلی لەخۆدەبەست گەسکەدارەکەی بەدەست وەدەگرت دەهاتەسەرهەوێزەکەو تەمەشای دەکرد بەمەزەندەی خۆی هەوێزەکەی دەکردەچەندبەشێک ئەوبەشانە پێیان دەگووت گرە هەوێزیان گر، ژنەکەلەلایەکی دەستی پێدەکرد گرەکی دەدابڕی بەشێوەی بازنەئێ بەمارین لەدەورەی ئەوبازنەیەدەسەەڕاوەو لەهەمەوولایێک قشپلەکی کۆدەکردەوە تاقشپلەلکە دەبووە یەک کۆمەڵ بەردەوام دەبوو بەوشێوەیە تاهەموو هەوێزەکەی تەواودەکردو دەیماری لەپاشان بەبەرانپیلکەی ئەگەر توانیبای بەچارۆگان هەمووی دەگواستەوە بۆماڵەوەو لەناوقشپل دان ڕوویان دەکرد بۆ وەرزی زستان هەردەگیرا.

## بەشی سێ یەم
## کۆڵ و بیر

### کۆڵ و بیر و کەرەستەی ئاو هەڵکێشان لە بیرەکە

لە هەر گوندێک چەندین بیر هەبوو بەتایبەتی ئەو گوندانەی کانی و ئاوویان نەبایە لە هەندەک گوندان بیری زۆر قووڵ بوو قووڵای بیر بەبەژن دەزانرا چەند قووڵە دەیان گۆت بیری ماڵی فلان ئەوەندە بەژنە قووڵە بیرهەبوو ٢٠ بەژن قووڵ بوو هەبوو کەمتربوولە هەندەک ناوچان هەبوو دەست هەڵێنج بوو بیری دەست هەڵێنج هەربەژنەک یان دووبەژن قووڵ دەکرادە گەیشتە ئاووی، بەڵام ئەوجێگایەی بیرەکە یان قووڵ بادەبایە بیرەکە قانات وبەکرەی هەبا یەیان چەرخی هەبابیریشی لەم شتانەی خوارەوە پێکدەهات

١- بیرەکە خۆی ئاووی تێدابوو.

٢- قاناتی بیری قانات لەدەوری بیرەکە دوولا دیوار بەبەرزی بەژنێک بەخشت وقوردەکرا بەرینی دیوارەکان لەمەترێک زیاتربوو دوولایەکەی ترلایەک پێیان دەگۆت بەربیر لایەکەی ترپێیان دەگۆت پاشبیرپاش بیریش دیواری بۆدەکرا بەڵام دیوارەکە نزمتربوولە دیواری قاناتی بیرەکە واتە بیرەکە سێلای دیواری بۆدەکرا.

٣- گرگرە یان بەکرە لەسەری دیواری قاناتە کەدەبەستراوە لەهەندەک جێگالەجیاتی گرگرە جەرخیان لەسەرقاناتی بیرەکە دەبەستەوە بۆئاووهەڵکێشان.

٤- کندرێکی درێژ لەقەدەر قووڵای بیرەکە درێژتر بۆئاووهەڵکێشان.

٥- دەولک لەشارەکان درووست دەکرا یان لەلاستیک یان لەپێستی گا درووست دەکرا لەگەڵ دووشەپکە دارشەپکە دارەکان ڕاستوچەپ لێک دەدراو پێیان دەگۆت پەلەدەولک دەولک و پەلەدەولک بەپارچەبەنێک دەبەسترانەوە کندرە درێژەکەش سەرەکی لەپە لەدەولک دەبەستراو کندرەکەش دەکەوتە سەرگرگرە کەو بۆئەوەی لەکاتی ئاووهەڵکێشان بەسووکی گرگرەکە دەسووڕاوە ئاوهەڵکێشان لەبیری بەدووکەس دەبوو یان دووزەلام یان دووژن بان

یەکەکیان لەبەری بیریَ بوو پێیان دەگۆت بەربیری گرتیە ئەوکەسەی بەری بیری گـرتبـا دەولکی شۆڕدەکـردەوەو دەولـکی بەپڕ ئـاووی وەردەگـرت، ئەوەکـەی تر کندرەکەی دەهاویشـتە سـەرمالّی خۆی دەولکی بەپڕئاوی هەلّدەکێشـا لەلای پشــتی بیــری ئەوکــەسـەی ئاووی دەردە هێنا کندرەکـەی هەرلەسـەرملی بوو دەرۆیشت تادەولـکە کــەدە هاتەوە بەردەمی ئەو کــەســەری لەبەری بیـــریَ بوودەولکەکەی وەردەگرت و دەیگۆت و یائەللە واتەبگەرێوە ئاوەکەی وەردەگرت بەتالّی دەکرد تائاوەکەی خۆیبیـانـدادەنا. ئەگـەردەولکەکـە گـەورەبابەزەلامـەک رانەدەکێـشـرا هەندەک جـاربە٢-٣ کـەس ئاوویـان هەردەکێـشـا جۆری دووەم بەهۆی کەروهێستر ئاولەبیرەکە دەردەهێنرا ئەوجۆرە پێیان دەگوت کەرو دۆرابی یان هێستری دۆرابی ئەوجۆرە کەروهێسترانە وافێرکرابوون بەخۆیان کارەکەیان ئەنجـام دەدا کـەرودۆراب بەشی زۆری خـاوەن مـەڕەکـان و مـالاّتی زۆر بەکـەرو دۆرابیان بەکاردەهێنا لەجیاتی زەلام کندرەکە ڕاکێشی، کندرەکەیان لەتەنگەی هێسـترکە دەبەسـتـراو منداڵەک یان زەلامـەک سواری هێسترەکە یان کەرەکە دەبوو بەســـواری هاتوو چۆی ئاودەرهێنـانـی دەکـــرد، هەندەک کـــەرهەبوو ئەوەندەدۆرابی پێکرابو بەبی ئەوەی کەسانێک سواری پشتی بیَ خۆی بەوشەی یا ئەللە هاتوچوی دەکرد ئەوکەسەی بەری بیریَ دەگرت کەدەولک پڕدەبوو دەی گوت یائەللە کەرەکە دەرۆیشت کەدەگەیشتە ئەوسەری دەولکەکەی وەردەگرت دەی گـۆت یائەللە کـەرەکـە دەگـەڕاوە ئەومـالاّنەی مـەڕو مـالاّتیـان زۆربوو کاتژمێریک پێش مەڕومالاّت بێنەوە بەکەرو دۆرابی حەوزەکەی پڕئاوو دەکرد بۆئەوەی بەئاووودان ڕابگات ئەو ریچکەی کـەرەکـە لەکـاتی ئاو هەرکـێـشــان هاتوچۆی پێدا دەکرد پێیان دەگۆت کەرکێشی بیریَ لەکاتی مەڕ ئاودان چەند جۆرە دەنگەک هەیە بۆئەوەی مەڕ باشتر ئاوبخواتەوە شوانەکە دەیگۆت کۆیی کۆیی بۆولاخی بەرزەرەش فیکەیان لێدەدا لەکاتی ئاوخواردنەوە بۆگاو مانگاش دەییان گۆت قیرهۆو قیرهۆو.

# بەشی چوارەم
## قەراج و مەڕدارەکان لە وەرزی بەهارا

ناوچەکـانی دەوروبەری هەولێـر لەوەرزی بەهاران بۆ مـەڕ لەوەڕاندن ڕوویان لەدەشـتـی قـەراج دەکـرد نـاوچەی قـەراج دەشـتـەکی پانـو بەرینە دەکـەوێتـە دەوروبەری قـەزای مـەخـمـور لەبەر ئەوەی فـەلاحـەتی و جـۆت کـردن بەکـەرو هێسـتـران دەکـرا، ئاقـارەکـە بەبەیاری دەمـاوە لەوەرگـای باشی هەبـووزووتریش لەوەری لی پەی دادەبووبۆی لەسـەرەتای وەرزی بەهار خـاوەن مـەڕەکـان ڕوویان لەقەراج دەکرد ئەومالآنەی دەچونە قـەراج دەبـوونە دوومـاڵ بەشەمـاڵێـک لەگەڵ مێگەلەکانیان دەچوونە قەراج بەشەکەی ترلەگوندی دەمانەوە بۆئیشو و کاری فەلاحەتی، لەبەرئەوەی پێشـان قـەراج زۆرئاوەدان نـەبوو دەشتی قـەراجی پڕبوو لەمـامـز لەوەرزی بەهاران زۆرخـۆشـو دڵ گـیـربوو زۆر حـەیران و گـۆرانی بەسەرقـەراج داگـۆترایە و زۆر نوسەرانیش باسی قەراجیان کردیە قـەراج ئەگەر بارانـی بەباری زووجـێگـایەکی بەخـێـرە و گـەنمی باشی هەبوو قـەراج کـانی و کـانیـیـاوی لێنە چەند گۆمەکی گـەورەی لێیـە خاوەن مـەڕەکان دەچوونە قـەراج بۆخـواردنەوەی ئـاوو سـوودییـان لەوگـۆمـانەوەردەگـرت بۆمـالآت ئاودان و خـواردنەوەی خـۆییـان ئەوگـۆمـانە لەوەرزی زسـتـانان بـەئاوی باران گـۆمـەکـان پڕئاودەبوون ئەو خـاوەن مـەڕانەی دەچوونە قـەراج ڕەشمـاڵەکـانیـیـان لەدەورەی ئەوگـۆمـە ئـاوانە هەڵ دەدا مـن ناووی چەند گـۆمـەکم لەیادمـاوە [١] گـۆمی مـارواشان [٢] گـۆمی عـارەب کوژرای [٣] گـۆمی سی قـولینجک [٤] گـۆمی بازنـان ئەومـەڕدارانە لەقـەراجی دەمـانەوە تا دنیـا گـەرم دەبـوو لەو مـاوەیەشی ئاووی گۆمـەکان کـەم دەبوو زۆرجارگۆمـەکان جۆرە کرمەکی سـۆری لەناو ئاووەکە پەیدادەبوو پێـیـان دەگـووت کـرمـەسۆرەکە بۆنی ئاوەکـەشی ناخـۆش دەبوو لەپاش کـەمبـوونی ئـاووەکـان و گـیـاو گـۆلیش زەردەبوخـاوەن مـەڕەکـان پیـشی جـۆزەردان دەگەڕانەوە گوندەکانی خـۆیان مـاڵەکـانیـان تێکـەڵ دەکردەوە قـەراج جێگـای کـەیف و خـۆشـیـو بەزم م ڕەزم بوو، بـەتایبـەتی لەنـێـوان شـوان بێـریـان و کـەنگـرکـەران و کـوڕان و کـچـانی هۆیـە مـاڵەکـان، هـۆیە ئەوجـێگـایەیە چەندمـاڵەکی ڕەشـمـاڵ

نیــشــینن لەجـێگایێک هەڵدەدەن پێـیــان دەڵێـن هۆبەمـاڵ یان هۆبەڕە شـمـاڵ ئەوخـۆشی و بـەزمـانە لەپاش بێـرکـردن، دەکـران کـچـان و کـوڕان شـاییـان دەکـرد، هەندەک جـارکـچـەکـان دەچوونە کـەنگـران لەگـەڵ شـوان و جـۆتیـارەکـان بالـۆرەیان بەسـەریەکـتـر داهەردوگـووت، بالورە جـۆرە ئاوازێکە بەجـوندان بەدەنگەکی بەرزلەگەڵ یەکتر جوونەکانیش ئەمانەی خوارەوەبوون لەکاتی کچەکان بۆکەنگرو کاردی و دارهێنان دەچونە ئاقاری ئەگەرلەدوورەوە شوانێک یان جۆتیارێک یان بەرخـەوانەکـان دیبیـاربان کـچـەکـان بڕیاریان دەداودەیانگووت وابلورەکی بەوشوانەداهەردەرێم چۆنیەتی گوتنەکە بەهۆڕەبوو کچەکە بەپەنجەی شادەی و لەگەڵ هۆرەکە گەرووی خۆی دەجوولاندو بەدەنگی بەرزدەیگوت.

١- شوانە شوانە میزی منت دەرمانە هێشتاسەرکرانە

٢- شـوانەکە وەڵامی دەداوە بەپەنجە لەگەروی خـۆی دەداودی گـۆت کـیـژێ لەقەت پاڵی جاشکۆرەێ بەفاڵی نەمگای بەمندالی دیسان شوانەکە، بالۆری دەبێژم رەشی کیردرێژم بانۆرەت بەرێژم.

٣- کـچـەکـەش دەی گـۆت پیـاوە پیـاوە پیـسـکەی سـەروچاوە گـوت خـوارد ئاورت داوە. ئەگەرلەگەڵ جۆتیاران با.

١- کچەکە دەیگۆت جوتیاری لەجۆتی مەشکان گون کرۆتی، خوشکەی پێ هەرگۆتی دایکەی پێ زگ سۆتی.

٢- وەڵامی جـۆتیـاری بۆکـچـەکـە، کـیـژێ لـەکـەندێدا دۆخێن لەمـسـتێ دا ئەوگـانەت بەکێ دا دووبارە جـۆتیـاردیگۆت بـالۆری نازانم سێـووی سـەرلکانم مێردی هەمووتانم. لەوجۆرە گەمانانە هەرکچەکان دەست پێش کەریان دەکرد

## بەشی پێنجەم
## پاوان چیەو بۆ چیە

ئەوجێگایانە دەکەنە پاوان لەبناری کێوەکان یان ملە زورگەکان واتە ئەو جێگایانەی بۆ فەلاحەتی نابێ بەعارەبی پێیدەڵێن [مەرعە] واتە لەوەرگا بەڵام ئەوجێگایانە بەبێ ساحێب نین ساحێبیان هەیە، پاوان ئەوجێگایەیە لەکاتی بەهاران قەدەغەدە کرێ ونابێ مەڕومالاّت لەناووی بلەوەڕێ تاگیایەکی دەبێتە پوشی و وشک دەبێ پێیدەڵن پوشو و پاوان ئەوپوشی و پاوانانە خاوەن ئاژەڵەکان بەپارە دەیانکڕن بۆوە رزی زستان ئاژەڵەکان لێدەلەوەڕێن واتە لەوەرگای زستان ئەوپاوانانە بەزۆری ئاغای گوندەکان دەیان فرۆشتە خاوەن ئاژەڵەکان هەندەک ئاغا هەبوو خۆی مالاّتی هەبوو پاوەنەکەی بۆخۆی بوو. چۆن مەڕومالاّت لەپاوەن دەکرا دەیان لەوەڕاند، پاوان بەدانگە دەدرا مەڕو مالاّتی شوانەکە بەمەزەندەی خۆی قانەکی لەپاوانەکە دییاری دەکرد بەشەرتێک دانگەکە وابابەشی لەوەڕی ڕۆژێک بکات ئەو بەشە دییاری کراوە پێیان دەگوت دانگە پاوانە کە دەکراچەند بەش تازستان تەواو دەبوو مەڕومالاّت بەردەوام لەناو پاوان نەدەرا لەجێگای تریش دەیان لەوەڕاند بەشی زۆری سەرلەئێواران ئاژەڵ لە پاوان دەکرا بۆئەوەی مالاّت شەو برسی نەبێ تێربێ شوان بۆشەوینیشی مەڕی دەبردە ناو پاوان زۆرجاروابووە شوانی دیکە بەدزی بەشەو لەپاوانی یەکتریان دەخوارد جاری واهەبوو ئاشکرادەبوو شەڕی لەسەر دەقەوما پاوان ئەگەر مەڕی تێدا لەوەڕابی بەوجێگایە دەڵێن ساردە پاوان واتە مەڕی تیکڕایە و پاوانەکە خورایە. هەرلەبوواری ئاژەڵ داری لاباسک هەیە لاباسک جۆرە ڕێکەوتنەکە لەنێوان دوومالّ یان دوومالّی خاوەن ئاژەڵدا بەتایبەتی ئەومالاّنەی ئاژەڵیان کەمە هەردوومالّەکە ناتوانن شون و بەرخەوان بگرن لەگەڵ یەکتر ڕێک دەکەوەن کوڕی مالّێک دەبێتە شوانی هەردوومالّەکە کوڕی مالّەکەی تریش دەبێتە بەرخەوان هەردوومالّەکە پێشان واباس دەکرا لەناوگوندی دەیان گۆت مالّی فلان و فیسان لاباسکیان کردیە هەر مالّەو کوڕەکی خۆی تەرخان

دەکرد بۆشوانی و بەرخەوانی لەجیاتی هەر دوو ماڵ شوان و بەرخەوان بگرن کوڕەکانی خۆیان کارەکەیان دەکرد ئەوجۆرە ڕێک کەوتنە بەردەوام دەبوو تا ئەوکاتەی کارو بەرخ لەشیر خواردن دەبڕا، واتە تاجۆزەردان مەرو بەرخ دەبڕاوە لەپاش بڕینەوە مەڕ و بەرخ تێکەڵ دەکران و ڕێکەوتنەکەش تەواو دەبوو هەرماڵە و کوڕەکەی خۆی و بووە شوانی خۆی ئەوماوەی لەگەڵ یەکتر بوون هەموو ئیشەکانیان بەهاوکاری یەکتر دەکرد، هەویێزیش بەشەراکەت بوو دەربارەی بێرکردن و مەڕدۆشین هەرکابانە و ئاژەڵی خۆی دەدۆشی ئەو شوانەی سەربێری دەگرت ئاژەڵەکانی دەناسێ هەر ئاژەڵەی بۆ خاوەنی خۆی دەگرت ئەو ماڵانەی لا باسک دەکەن پێیان دەڵێن خاوەن کوتە مەڕ واتە مێگەڵی گەورەیان نیە ئەوانەی مەڕیان زۆرە ناتوانن لا باسک بکەن.

## بەشی شەشەم
## شوانکارە

شوان کارە ئەوکەسەیە بەخۆی مەڕومالاتی نیە مەڕومالاتی کەسانەکی دیکە بەخێودەکات بەقەولو بڕیە بە پێی ئەوعورف و عادەتەی لەناوکوردەواری باوبووە بەخاوەن ئاژەڵەکەش دەڵێن ئاغا لەبەرئەوەی پێشان لەگوندەکان بەشی زۆری ئاغاکان شوان کاریان دەگرت شوان کارە لەداهاتی ساڵی بەشی هەبوو ئەو داهاتانەی شوانکارە تێدا بەشدار بوو[ ١ ] رۆن و خوری و مووی بزن و لووای بەرخان و کارەمووی کاران و شیرو ماست و پەنیر و جارو بارگوشتیش لەبێچوش بەشی هەبوو هەموی بەپێی ڕێکەوتن بوو شوان کارە ئیشی تری نەبوو بەس ئاژەڵی بەخێودەکرد ژیانی لەسەرشوان کاری بوو بەتایبەتی شوان کاری مێگەلی گەورەشوان کارەی مێگەلی بچوکش هەیە. ئەرکەکانی شوانکارە شوانی. و بەرخەوانی لەسەرشوان کاریە وە هەروە ها مەڕدۆشین و مەشکە هەژاندن و بڕینەوەو چارەسەری نەخۆشیەکانی ئاژەڵ هەمووی لەسەرشوان کاریە. ئەرکەکانی ئاغاش دابین کردنی پاوان بۆ وەرزی زستان دابین کردنی پەرێزە بۆ وەرزی هاوین شوان کارە لەوجێگایانە دەگەڕێ لەوەڕی خۆش بێ بۆمەڕومالات شوانکارەکانی گەرمییان. کوێستان و ناکەن لەوەرزی هاوین ئەگەرئاغا پەرێزی خۆی هەبایە ئەوەشوان کارەکە خۆی ئاژەڵەکانی لەپەرێزێ دەکرد خۆئەگەرئاغا پەرێزی خۆی نەبایە و دەبایە پەرێز بکڕی ئەگەرئاغا پاوانی نەبایە دەبایە پاوانیش بکڕی هاوینان ئەگەرئاغا سەپانی هەبا ئەوە دۆخواردنە وەی سەپانەکان لەکاتی دروونەکردن لەسەرشوانەکارە بوو وە هەتا دروونە تەواودەبوو ئاغا دووجار سەربڕانەی بۆسەپانەکان دەکرد یەکەکیان کەدروونەی[جۆ] تەواودەبوو کاوڕەکی بۆسەپانەکان سەردەبڕی ئەوەکەی دی کەدروونە گەنم تەواودەبوو ئەگەر شوانکارە پەرێزی بەپارە کڕی بایە ئەوە دۆ خواردنەوەی سەپانەکان دووسەربڕانەکەش لەسەرشوانکارە بووبۆ سووتەمەنی شوان کارە ساڵی چەندجار بەباران قشپلی بۆماڵی ئاغا دەبردە هەمووشوانکارەکان چەند سەگەکی گەرەیان ڕادەگرت بۆپاس کردنی مەڕو



ماڵەکەیان لەبەرئەوەی شوان کارە لەناو گوندەکان نەبوو تەنیاماڵەبوو سەگی شوان کاران بەناو بانگ بوون لەدری شواکارە دەبایە لەقەدەر ماڵەکەی خۆی باربەری هەبایە بۆماڵ گواستنەوە باربەرەکانی پێشان کەرو هێستر و بارگیِن بوون هەندەک شوان کارە چەند سەر مەڕی خۆش هەبوو. لەگوندەکانی کوردستان بەشەک لەدانیشتونی گوندەکان ئاوخۆرەوە بوون ئەوان پێیان دەگوتن ئاوخۆرە ئەوانە فەلاح نەبوون جۆتیارو سەپان و شوان و گاوان بوون ژنەکانیش دەبوونە کیشە کەریان تێلەکیش ئەوماڵە ئاو خۆرەوانە نەزەوویان هەبوو نە ئاژەڵ بەڵام فەلاحەکان و خاوەن مەڕەکان یارمەتیان دەدان ئاغاش چاوی لێیان بوو خاوەن مەڕەکان بەشیرو ماست و دۆ یارمەتی فەقیرە کانی گوندیان دەدا فەلاحەکانیش بەدانەوێڵەوە ئاوخورەکان ئەوەنیش یارمەتی فەلاحەکانیان دەداو هاوکاری یەکتربوون ئەوکاتەی من باسی دەکەم بەرو بومی ئاژەڵ نەدەفرۆشا بەتایبەتی ئەو گوندانەی دوورە شاربوون ئەوگوندانەی زۆرلەشارەکان نێزیک بوون ماست و پەنیرو دۆیان دەفرۆشت ئەوکاتە کارگەی رۆن نەبوو بەشی زۆری بەروبومی ئاژەڵ دەهەژا لەبەر پێویستی رۆن لەبەرئەوەی هەر رۆنی ئاژەڵ هەبوو بۆی هەموو مەڕدارەکان مەشکەیان دەهەژاند.



**ڕکابەری نێوان سەپان و تێلە کیش یان لیشەکەر**

پێشان لەبەرئەوەی دەڕاسەنەبوو دروونەی دەغڵ و دان هەربەدەستی دەکرا لەدرونەکردندا سەپانی باش هەبوو سەپانی خراپیش هەبوو هەندەک کەس لەسەپانی ناوبانگی دەرکردبوو دەیان گوت فلان کەس جێگای نیو عەربەی بەڕۆژەکی دەدروێتەوە لەگەڵ ئەویش تێلەکیش زۆرباش هەبوو زۆرئازابوولە خۆی بایی دەبوو بۆ ئەوەی سەپانەکان تووڕەبکات لەناکاو سوارەکی لەسەر پشتی سەپانەکەی دادەنا ، ئەو سەپانە لە تووڕەیان ئاگای لەخۆی نەدەما لەناو سەپانان عەیبەکی زۆر گەورە بوو سەپانەکان هەوڵیان دەدا کارەکی وا بکەن تۆڵەی خۆیان لەو تێکەکیشە بکەنەوە بەبێ پشودان بەردەوام دەبوون لە درونە شەو نەدەچوونەوە ماڵەوە بەتایبەتی ئەو سەپانەی سوارەیان لەسەر پشتی دانابوو بەیانی کەتێلەلیش دەهات و لاێک تەبارە درواوە و وایان دەکرد کیشەکەر بەخۆی ڕانەگات تێلەکیش ئەوەندە ماندوو دەبوو دەچووە لای سەپانەکان و داوای لێبووردنی لێیان دەکرد.

## بەشی حەوتەم
## نێری و نێری بڕ

هەموو خاوەن مەڕەکان ئەوانەی مێگەلی زۆر گەورەیان هەبوو دەبوایە چەند نێریەکی پێشی مەڕی ڕابگرن لەگەڵ چەند بزنێک لەبەر ئەوەی مەڕی کوردەواری لەکاتی گەرما دادەهات سەریان لەبەر یەکتر دەناو لەبەر تیشکی ڕۆژێ چاویان هەڵنابێ سەریان دەبەنە بن زکی یەکتر و بە کۆمەڵە خڕدەبنەوە سەریەکتر ئەوجۆرە کۆبوونەوە پێیدەڵێن [کۆڕ] یان کۆڕە مەڕ، مەڕی کوردەواری چاووی لەبەرتیشکی ڕۆژێ هەڵ نایێ بۆیە سەر لە بەر یەکتر دەنێن و ناڕۆن بەتایبەتی کاتی ڕۆژ گەرم دەبێ بۆ ئەوەی لەکاتی ڕادان بڕۆن دەبێ نێری، یان بزن وە پێش مەڕەکان بکەون مەڕیش لە دوای نێریەکان شریتەی دەکەن دەڕۆن ئەو خاوەن مێگەلانە زۆریان هەر لەکاتی بزن دەزان هەندەک گیسکە نێرەکیان دەخەساند بۆ ئەوەی گەورە بن بۆ پێش مەڕی ئەو گیسکە خەساوانە دەبوونە نێری پێش مەڕی هەرکاتێک شوان مەڕی ڕادابا دەنگی لە نێریەکان دەکرد و وای فێرکرد بوون ئەو نێریانە لەگەڵ دەنگی شوانی خۆیان وەپێش مەڕی دەکەوتن لە وەرزی هاوین شوان بەو جۆرە مەڕی ڕادەدا [نێری بڕ] لەکاتی شوان مەڕی ڕادەدا ئەگەر شوانەکە بەپەلەبێ بگاتە جێگاییێک بۆ ئەوەی زوبکاتێ ئەوە نێری بڕی دەکرد نێری بڕ ئەوەیە لەکاتێ نێریەکان بزنەکان وە پێش مەڕی دەکەون شوانەکە خۆی داوێتە بەینی مەڕەکان و نێریەکان، دەنگیان دەداو لێیان دەخوڕی مەڕەکانیش دەکەونە دووای هەرچەندە شوان خۆشتر بڕوات مەڕەکانیش خۆشتر لەدوای دەڕۆن تادەگاتە جێگای مەبەست ئەوە پێیدەڵێن نێری بڕ (زەنگۆڵە یان زەنگوڵ) هەموو شوانی باش و شارەزای شوانی بێ عەز دەکا لەکاتی وەپێش مەڕی دەکەون و دەڕۆن دەنگی زەنگوڵیان لە پشت بێ و گوێ لەدەنگی زەنگوڵ با بۆیێ شوان زەنگوڵیان لە ملی نێری پێش مەڕی و بەران و یان بەردیلی جوان و بەرچاو دەکرد زەنگوڵ دوو جۆری هەبوو جۆرەکیان دەمەکەی کراوەبوو ئەوە دەنگی زۆر تیژ بوو و دەنگی زۆر دەڕۆیی جۆرەکەی تر پێیان دەگوت قرقرە ئەم جۆرە زەنگوڵە بچوک بوو

دەمـەکـەی زۆرکـەم کـرابۆوە دەنگی نەرم بوو بەزۆری لە ملی بەرانان دەکـراو دەنگی زۆر نەدەڕۆی، زەنگوڵ چەند سـوودەکی هەبوو وەکـو دەیان گـۆت مـار لەدەنگی زەنگوڵ دەترسێ وەلەکـاتی گورگ بۆ مەڕی هاتبا مەڕ دەرەوویەوە لە دەنگی زەنگوڵی شوانی وەخەبەر دەهێنا وە ئاژەڵ و شوان لە دەنگی زەنگوڵی رادێن و دڵ خۆش دەبن، مەڕی عـارەبی کۆڕی ناکـات وەکو مەڕی کوردەواری بۆیێ مەڕدارەکـانی عـارەب نێری پێش مەڕی ڕاناگرن لە جیـاتی نێری چەند کـاوڕە نێرەکی جوان و بەرچاو دەخەسێنن ئەو کـاڕانە گـەورە دەبن دەبنە بەران شـوانەکـان وایان فـێردەکەن ئەو کـاوڕانە لە شـوانەکە دوور نەکـەونەوە شـوانی عـارەبان هەمـوویـان گوێ درێژیان هەیە کاوڕەکـان بە سواری گـوێ درێژ فـێرەنان دەکەن و لجـیـان دەکـەن کـاوڕەکـان وا فـێـردەبن لە شـوانەکـە دوور ناکـەونەوە هەرکاتێک شوان سواری کەرەکەی بوو وەپێش مەڕی دەکەوی بانگی کاوڕەکان دەکاو کاوڕەکان لە دووای کەرەکەو شوانەکەی دەڕۆن هەمـوو مەڕەکان لە دوای کاڕەکان دەڕۆن ئەو کاوڕە خەساوانە پێیان دەڵێن (موریع) بەشی زۆری خاوەن مێگەلە گەورەکـان مـوریع رادەکـرن بۆ پێش مەڕی عـارەبی لە مەڕی کـوردی ئازاترە.

# بەشی هەشتەم
## لچ کردن

ئەو شوانانەی خۆیان بەشوانی باش زانی با دەبایە چەند سەرمەڕێک لچ بکات، شوان بەزۆری نێری یان بەران یان چەند مەڕێکی جوان و بەرچاو دەستە مۆ بکات بۆ ئەوەی لە شوانەکە دوور نەکەونەوە لچ کردن واتە فێرەنان یان دەستە مۆ کردن یان چەلێس لە ئەنجامی ئەو فێرکردنە جۆرە خۆشەویستیەک دروست دەبێ لە نێوان ئاژەڵەکە و شوانەکە شوان لەکاتی نان خواردن حەیوانەکان لە دەوری شوانەکە کۆ دەبنەوە شوانەکە وردە وردە پەلکەنانی دەدانێ لەگەڵ پەلکە نانەکان فێری جۆرە دەنگەکی دەکردن ئاژەڵەکان هەرکاتەی گوێیان لەو دەنگە دەبوو وایان دەزانی شوان نانیان دەداتێ ئەو شوانەی بلوێری لێدابایە لەگەڵ بلوێرەکەش پەلکەنانی دەدا ئاژەڵە لچەکان هەندەجار پەلکەنانی لەناوکونی بلوێرەکە دەناو ئاژەڵەکە دەی خوارد وا رادەهاتن لەگەڵ دەنگی شمشاڵ ئاژەڵەکە بەغاردان دەهاتە لای شوانەکە ئاژەڵ لچ کردن سوودی بۆ شوان هەبوو زۆر جار وا بووە شوانەکە لە جێگاییێک دانیشتیە مێگەلەکەی دوور کەوتووتەوە بەهۆی ئەو دەنگەی یان بلوێر لێدان مێگەلەکەی بۆ لای خۆی دەگێڕاوە لەبەر ئەوەی ئاژەڵە لچەکان دەگەڕانەوە مێگەلەکەش دەگەڕاوە لەکاتی لچ کردن ئاژەڵەکان هەندە ناوویشی لێدەنان وا فێردەبوون ناوەکانی خۆیان دەزانی شوانی باش زۆر ماندوو نەدەبوو وەشوانی باش لەماڵی ئاغاکەی خۆشەویست بوو لەلای خەڵکی گوندەکەش خۆشەویست بوو لە کوردستان وابووە لەبەرباشی شوانەکە خاوەن مێگەلەکە کچی خۆی لەو شوانەکە مارەکردیە بۆ ئەوەی شوانەکە هەربەردەوام بێ لای خۆی شوانی خراپیش هەرشەرتە لە جێگایەک بوو.

## بەشی نۆیەم
## ئاژەڵ و ئاژەڵ داری لە ناوچە شاخاویەکان

لەناوچەی شاخاویەکان بەزۆری بزن بەخێودەکەن شوانیش پێیدەڵێن شوانی بزنەگەلی، بۆئاژەڵ داری لەناوچە شاخاویەکان بزن لەمەڕی ئازاترە، لەبەرئەوەی بزن دەتووانی بەهەمــوو جــێگایەک دابڕوا مــەڕیش هەیە، بەڵام بەزۆری بزن ڕادەگرن چەندجۆرەبزن هەنە هەرجۆرەو ناووی خۆی هەیە

١- بزنە گۆرڕەش و پڕمووە مووی درێژە.

٢- بزنە دوڕە بزنەدوڕە زۆربەموونیە ڕەنگەکانی سۆرە و سپیە و یان بۆرن ڕەنگی تریش هەیە.

٣- بزنە مەرەز، بزنی مەڕەز زۆر ڕەنگی هەیە زۆریش بەسوودە مووی بزنە مەرەزە زۆرشتی لێدروست دەکرێ وەکو رانکو چۆغەل و عەباو عەگالی عارەبان و چارۆگەی ژنان و زۆرشتی تردەبێ وەماست و شیری بزنە مەرەز لەماست و شیری بزنەکان دی خۆشترە، بزنە مەرەز زۆرڕەنگی هەیە [١] رەش [٢] سیسیە [٣] سپی [٤] سۆر [٥] بۆر [٦] زەرتک [٧] شینک. بزنەدوڕە دوورەگە واتە ئەگەر نێریەکە گۆربی بزنەکە مەرەزبی بێچوەکەیان دوڕە دەردەچی، جۆرە بزنێک هەنە پێیان دەڵێن بزنە شامی بزنە شامی رووتەیە موی کورتە و کەلەشی گەورەیە بە شیرترە لە بزنەکانی دیێ بزنە شامی لەکاتی دەزێ ٢ کاری دەینی جار وا هەیە سێ کاری دەینی واتە جمک لەناوچە شاخاویەکان ئەرکی خاوەن ئاژەڵەکان گران ترە لەناوچە پێدەشتەکان بەتایبەتی لە وەرزی زستانان لەبەر ئەوەی ناوچە شاخاویەکان بەفردەی گرێ و دەبێ بۆ زستان ئەڵف و ئالیکی بۆ مالاتەکەی دابین بکات بۆ دابین کردنی ئالیک سوود لە گەڵای دار بەروو و دار مازوو وەردەگرن لە گوندەکان هەر ماڵە و پاوانی خۆی هەیە ئەو پاوانە بووش پەڵاش نیە پاوانەکە دارە ئەودارانە نابڕن وە نابێ خەڵکی تریش بیان بڕێ لەوەرزی هاوین سەرەتای وەرزی پایزان خاوەن ئاژەڵەکان ئەودارانە لکەکانی دەبڕن کۆی دەکەنەوە لە سەر یەکی دادەنێن پێیدەڵێن (دێ) جروزستانان لە جیاتی ئالیک دەیدەنە ئاژەڵەکانیان وە لەناوچە شاخاویەکانیش



خاوەن ئاژەڵی زۆر هاوینان دەچنە کوێستانەکان وەلەوەرزی پایزان دەگەڕانەوە و مشوری ئالێکی زستانیان دەخوارد لەکوێستانەکان هەندەک جۆری گیای تایبەت هەنە پێویستە دەکات باسیان بکەین وەکو گیا گەسک و ئەستریلک و گیا پەنوو رو گیابە بەندو گوڵە رۆن و ریواس و مام ریواس و گیا هندریشە و سیرک و ترشۆکە و گووینێ ئەم جۆرە گیانە هەریە کەو بۆجۆرە شتێک سوودیان هەبوو.

١- گیاگەسک شوانەکان بەجۆرەکی تایبەتی دروستیان دەکرد بۆ گەسک لێدانی ناومالٚ زۆر باش بوو زۆریش دەوامی دەکرد.

٢- گیا ئەستریلک ئەوگیایە رەگەکانی زۆرگەورەو پڕئاو بوو وەکو گێزەر وابوو وشک دەکراوە وەدەکوترا دەکرا ئاردوبۆ لەزگەو سەمغ بەکاردەهات و لەشارەکان دەفرۆشا بەپارە.

٣- گیا پەنوور ئەوگیایە زۆرباش بوو بۆکەرو هێستر وگاو ولاٚخی بەرزە هەربەشینێ دەیان درووی دیێان کردە ریسێ واتە گورزە بۆوەرزی زستان دەیێاندا مالاٚتی.

٤- گیابەند ئەوگیایە بۆنی زۆر خۆش بوو لەجێگای عاسێ دەبوو شوان دەیان کردو بۆناوجل و بەرگ بەکاردەهات بۆنی زۆردەماوە و وردیش نەدەبوو وەکو دێیاری پیشکەش دەکرا

٥- گـــولّە ڕۆن گـــولّەکی وردی رەنگ زەرد بوو پرپەلک بوو بەوشکی پەلەکەکانی نەدەوەری بۆجوانی لەماڵەوە دادەندرا.

٦- مام ریواس جۆرە گیایێک بوو ترش بوو وەکو ریواس دەرمانی کرم بوو مام ریواس هەموو جۆرە کرمەکی دەکوشت.

٧- گیاهندریشە وەکو قوراوە بوو پەلکی درێژتربوو زووتێژ بوو لەگەڵ دۆ بەنانی دەییان خوارد.

٨- گیاترشۆکە ئەویش ترش بووە وەکوکاردی بوو لەگەڵ خووێ دەییان خوارد.

٩- گوینێ بۆسووتاندن بەکاردەهات و کەتێرەش لیدرووست دەکرا و کەتێرەش دەفرۆشا لەشارەکان.

لەماوەی ئاژەڵ دارەکان لەکوێستان دەمانەوە جۆرە گۆزەکیان درووست دوکرد لەگیا ئەستریلک چۆنیەتی درووست کردنەکەی ڕەگە ئەستریلک وەشک دەکراوە لەپاشان بەجۆنی دەکوترا و دەکرا ئاردەکی ورد لەپاشان لەگەڵ ئاو وەکو هەویر دەیان شیلاو هەویرەکە ئامادە دەکرا لەپاشان قالبەکەیان لەخام دروست دەکردو پڕیان دەکرد لەکا ، یان قشپل قالبەکە بەشێوەی گۆزە دروست دەکرا قالبەکەییان بەهەویرەکە سوواق دەدا و لەبەر ڕۆژ دایان دەنا تاباش وشک دەبوو لەپاش وشک بوون دووبارەسێ بارە سوواقیان دەدا وشک دەبۆوە بەپارچە دارێکی بەلا لووک قولپەیان بۆدروست دەکرد و تاباش وشک دەبوو کایەکەیان بەتاڵ دەکرد ئەوجۆرە گۆزە پێیان دەگۆت

[ستریشک] ستریشک ڕۆن کەرەیان تێدەکرد زۆریش قائم بوو نەدەشکا ئەوانەی باسم کردوونە من خۆم ئەوکارانەم کردیە و بەشداربوو مە لەکوێستانی ساوسیوەکان کەدەکەویتە پشتی گوندی مەلەکان.

# بەشی دەیەم
## شەو بەکێو

لە وەرزی پایزان ئاژەڵ شیری نامێنێ و نادۆشرێ لە هەندەک جێگایان خاوەن ئاژەڵەکان بەتایبەتی ئەو ماڵانەی ئاژەڵیان زۆر بوو ئاژەڵەکانیان نەدەهێناوە ماڵێ هەر لە ئاقاری دەمانەوە نان و ئاوی خۆیان لەگەڵ خۆیان بوو بەشی زۆری خاوەن مێگەلەزۆرەکان گوێ دریژی شوانانی هەبوو ئەو گوێ درێژە نان و ئاو کەرستەی شوانەکەی لێبار دەکراو جار و بار شوان سواری کەرەک دەبوو وەپێش مەڕی دەکەوت ئەو کەرە پێیان دەگوت کەرێ شوانان شوان بۆئەوەی ئاووی خواردنەوەی لینەبڕا باجەوەندی لەبن زگی کەرەکەی دەبەستاوە ئاوەکە لەبەرسێبەری کەرەکە گەرم نەدەبوو جەوەندە هەرکوندە بوو بەڵام لەپێستی گیسکان دروست دەکرا مووی کەی هەرپێوەبوو هەندەک شوان ئاووی بەدێمکە هەڵ دەگرن دێمکەش دووجۆربوو هەبوو لەکوندە دروست دەکرا هەبوو لەجانگ دروست دەکرا ئەوکاتەی من باسی دەکەم ئاوهەربۆخواردنەوە هەڵدەگیرا لەناوچە شاخاویە کان شوانەکان لەشەو بەکێو مێگەلەکانی خۆیان دەبردەبن گەوەرە شاخێک ئەگەر باران بامێگەلەکەیان دەبردەناو ئەشکەوتەکان و شوانەکەش لەبەردەرگای ئەشکەوتەکە ئاگری دەکردەوە و دەنووست، بەشی زۆری شوانەکان سەگیان هەبوو سەگی شوانان لەگەڵ ئاژەڵ راهاتیە و پاسەوانی باشە لەناوچە شاخاویە کان شوانی بزنە گەلی زۆرماندوە بەتایبەتی لەوەرزی پایزان و لەکاتی بەڕووی دارەکان دەوەری لەبەرئەوەی بزن زۆر حەزی لەبەڕوو خواردنە دەکا بۆبەڕوو خواردن هەربزنەو بۆ بن دارێک ڕادەکاو ئەوەندە بڵاوە دەکەن شوانەکە ناتوانی پێیان ڕابگات ئوجۆرە ڕاکەڕاکەی بزنەکان پێیدەڵێن [بەڕوو بەز] کاتی بەڕوو بەز شوان بێزار دەبێ لەکاتی بەڕوو بەز مەڕ وەکو بزن نیە بەڕوو لەکۆتایی وەرزی پایزدەبی: لەناو چەشاخاوییەکان هەموو خاوەن ئاژەڵەکان بەشی ماڵاتەکەی خۆی بۆ وەرزی زستان ئالیکی دادەنا بۆ مەڕ و بزنیش گەڵای دار بەروو دارمازیان دەبرێ لەسەر یەکیان کۆمەڵ دەکرد بە شیوەی گۆمبەت و سەریان

قەپات دەکرد بۆ ئەوەی لەکاتی باران بارین ئاو نەچێتە ناو کەڵایەکە ئەو کۆمەڵە گەڵایانە پێیان دەگوت (دی جروو) لە گوندەکان لە وەرزی کۆتای پایز بەهەرەوەز دی جروویان دادەنا ئەو ماڵەی هەرەوەزی هەبایە بۆ نانی بەیانی و نانی نیوەڕۆ دەبا خواردنی باشی کردبا خواردنەکە بەشی زۆری ناسکە نان بوو یان هەرمیشک بوو لەوەرزی بەهارانیش گیایان دەدرووی لەبەر رۆژ وشک دەبوو ئەوگیایە یەش لەگەڵ کالەکادێن دەکرا بۆماڵاتی گەورە وەکو کەر و هێستر و گا و مانگاوگاجووت و مانگا [کزن] و گاگۆزییان دەدانی ئەوساڵانەی بەڕوو زۆربایە ماڵەکان بەڕوویان کۆدەکردەوە لەناو کەندووان یان لەناو چاڵان دایان دەکرد لەوەرزی زستان دەیان دائاژەڵی وردە وەکو مەڕو بزن. بەخۆشییان بەڕوویان دەبرژاندو دەیان خوارد بەرووی داربەڕوو. دارمازی حەوت بریێ دەگرێ [١] مازو [٢] بەڕوو [٣] گروان [٤] سیجکە [٥] قژە [٦] گلێرە [٧] دمکانە.

## بەشی یازدەهەم
## کۆچەری وخێڵەکی

لەبەرئەوەی کۆچەرو خێڵە کیەکان کارو کاسبییان هەر ئاژەڵ داریە کام جێگا بۆئاژەڵ خۆش بێ و لەوەڕی باش بێ ئەوان دەچنە ئەوجێگایە هەموو کۆچەرەکان گەرمیان و کوێستان دەکەن، بۆمەڕ لەوەڕاندن هەر ڕۆژەو لەجێگایێکن هەرعاشیرەتەو هەرهۆبە ماڵێک جێگای خۆی هەیە بەدییاربووهەرکویستانە و ناووی تایبەتی خۆی هەیە هەندەک کوێستان بەناووی عاشیرەتەکان بوو وەکو ١- شیخ مەموند ٢- ئاکۆی ٣- هەرکی ٤- سورچی ٥- مەنگوڕ ٦- مامەش ٧- مەندە مەرە ٨- بۆڵی ٩- بابۆڵی ١٠- مەنتک ١١- پیران ١٢- خەیلانی ١٣- بلّباس ١٤- جافەرەشکە ١٥- زراری ١٦- ڕەوەندۆک زۆرعەشیرەتی ترهەنە کۆچەرن خاوەن مەڕی واهەبوو دوو هەزار سەرمەڕی هەبوو ئەو خاوەن پەزە زۆرانە لەوەرزی بەهاران ئاژەڵەکەی دەکردە دوو مێگەڵ، مێگەلەکە مەڕزابوو، مێگەلە کەی تر ئەستەو یربوو، واتە مەڕو بزنی نەزای کارو بەرخیشی بەجودا بوو لەوەرزی بەهاران مەڕەزاو ئەستەویر لەیەکتر جودا دەکرانەوە لەبەرمەڕ لەبێردان و دۆشین نەدەبا تێکەڵ بان و لەبەر زۆریش ئەومالانەی دوو هەزار سەرمەڕیان هەبا بەلای کەمەوە چوار شوانی هەبو وایە بەلام لەوەرزی هاوین ئاژەڵەکەی دەکردە دوو مێگەلە کۆچەرەکان لەبەرئەوەی هەرماڵیان لەناو ڕەشماڵ دا بوون هەندەک ماڵ دوو ڕەشماڵیان هەبوو واتە دو ڕەش ماڵیان هەڵدەدا بەتایبەتی ئەو مالانەی خێزانیان زۆربوو لەهەندەک ناو چان بەڕەش ماڵ دەڵێن تاوڵ یان گوین ڕەشماڵی گەورەو ڕەشماڵی بچوک هەیە، گەورەو بچوکی ڕەشماڵ بەئەستونەد یە دوو ئەستونده هەیە تا شەش ئەستونده کەرستەکانی ڕەشماڵ ١- ڕەش ماڵ ٢- ئەستونده ٣- جیخ ٤- بەرجیخ ٥- جەرەگە ٦- سنگ ٧- رستە ٨- کوتک ئەوشتانە هەمووی بەدەستی خۆیان دروستی دەکەن لەکاتی کۆچەرەکان دەچون بۆکوێستان هەموو کەرستەی ماڵەکەیان لەگەڵ خۆیان دادەبرد، ئەوەی زیادەبوو لەماڵەکانی گوندی دایان دەنا تا دەگەڕانەوە لە کوێستانان هەندەک

جار هەندەک کەرستەیان بە ئەمانەت لەسەر گۆڕستانەکان بەجێدەهێشت تادەگەڕانەوە ئەوکەرستانەی لەسەر چاکەکان دایان دەنا ئەمانە بوون ١- دارو باری زیاد ٢- جیفی زیادەو هەندەک شتی تربوو ئەوکاتەی باوەڕی وابووکەس نەدەوویرا دەسکاری شتی سەرچاکان بکات لەکاتی ماڵ گواستنەوە ڕەشماڵی گەورە دەکرا دوو پارچە هەرپارچەی لەوڵاغێک باردەکرا ڕەشماڵە گەورەکان هەرلەکاتی دروست کردنی لەناوەندەکەی قولفانگەی بۆدەکرا بەشریتەکی مووی بزن هەردوولاڕە شماڵەکە لەگەڵ یەکتر دەبەسترا کردنەوەو بەستانی زۆر ئاسان بوو ڕەشماڵی کوردەواری لەمووی بزنی ڕەشان دروست دەکری لەکاتی باوباران ڕەشماڵ دەبەسترێتەوە بەگوریسی درێژ گوریسەکە داوێنە سەر ڕەشماڵەکەو هەردوو سەری گوریسەکە بەسنگی دەبەستنەوە سنگەکان باش دادەکوتن ئەوەپێیدەڵێن [کەمەند] ڕەشماڵی گەورە لەدووجێ کەمەند دەکری تابایێ بەهێز بڵندی نەکا بەتایبەتی لەوەرزی زستان. کۆچەرەکان هاوینە هەوارو زستانە هەواریان هەبوو هاوینە هەوار ئەرکی سوکتربوو لەزستانە هەوار هاوینە هەوار کەرستەی گەرم کردنی نەدەویست و لەهەرجێگاییێک پێی باش با ڕەشماڵی خۆی هەڵ دەدا، لەوەرزی هاوین و زستان مەڕدارەکان زۆرگۆزە گۆزیان نەدەکرد بۆی دەڵێن هاوینە هەوارو زستانە هەوار لەوەرزی پاییزدان و بەهاران



مەڕدارەکان زووزوو هەواریان دەگۆڕی لەوەرزی پایز ئەگەر جێگایێک لەوەڕی خۆش با خاوەن مەڕ درەنگ هەواری دەگۆڕی بەوجێایە دەڵێن [پایزەخیر] پایزە خێر واتە لەکۆتایی وەرزی پایز. کۆچەرەکان بەشی زۆریان شوێنی زستانە هەواریان دییار بوو بۆ خۆپاراستن لەسەرماو باو باران کۆچەرەکان لەکەندو چۆم و پەنا کێوەکان ڕەشماڵیان هەڵدەدا، بۆئەوەی بانیانگرێتەوە لەوەرزی زستان ڕەشماڵ گەرم دەکرا شێوەی گەرم کردنەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو هەرماڵەو لەلای پشتەوەی جیفەکە جۆگەلەکی لەچواردەوری ڕەشماڵەکە لێدەدا بۆئاوەڕۆ، وەهەروەها هەرلەپشت جیفەکە پووشیان دادەنا بەبەرزی جیفەکە بۆئەوەی بای بگێرێتەوە جۆگایەکەی پشت جیفەکە پێیدەڵێن [پارژین]. ئەوماڵانەی میوانیان زۆر دەهات یان خاوەن دیووەخان بوون بەشەکەیان لەڕەشماڵەکە جیادەکردەوە بۆدیوە خان خاوەن مەڕە زۆرەکان بۆوەرزی زستان دەبا ڕەشماڵێک هەڵدەن بۆکارو بەرخان وەڕەشماڵەکیش بۆ باربەرەکان باربەرواتە هێستر و بارگین ماڵە فەقیرە کانیش هەرلەناو ڕەشماڵەکەی خۆی جێگای ماڵاتی خۆی دەکردەوە لەوەرزی بەهاران کەشیرو ماست و پەنیرو لۆر پەیدابوو قۆلینجکەکی ڕەشماڵیان تەرخان دەکرد بۆ پاراستنی سپییایەتی واتە شیرو پەنیر بەجیخ دەیگرن ئەوجێگایە پێیدەڵێن [کولین] ئەو لۆلینەسەربەکابانی ماڵییە ڕەشماڵ نیشەکان هەوڵ دەدەن لەجێگای چەقێن و بەردەرێن ڕەشماڵ هەڵدەن بۆئەوەی لەوەرزی زستان نەبێتە قوڕ بۆمەڕیش [کۆتان] دەکرا کۆتان زۆرکەم بو بەو جۆرەش دەکر لەجێگایەکی چەقێن و لێژای غەرە بەردەک دەکرا بەرزایی لەمەترێک زیاتر بوو گەورەیی لەقەدەر ئاژەڵەکەی بوو دەرگای بەچە پەردەگیرا ئەوشەوانەی زۆرسارد بایە مەڕیان لەناو کۆتان دەکردو شوانیش بەقاپوتەکەی لەبەردەرگا دەنوست لەسەرچە پەرێک ئەگەر بارانیش باری بائاوەکە لەبن چەپەرەکە دەڕۆیشت کۆتان دوو سوودی هەبوو ١- گورگ توانای نەبوو پازبدا بۆناومەڕی ٢- مەڕ کۆدەبۆوە بەهەناسەی یەکتر گەرم دەبۆوە کۆتانەکەش باگێرەوە بوو. نوستنی ناو قاپووتی خۆشە هەرشوان دەزانی لەناو قاپووت بنوێ. پێشان لەگوندەکان هەموو ماڵێک سەوەشیری هەبوو لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی من باسی دەکەم کارەبا لەشارە گەورە کانیش کەم بووجا بۆپاراستنی

شیرو ماست و گۆشت و شیووی زیادەسەوە شیریان بەکاردەهێنا سەوە شیر سەبەتەکی گەورەبوو لە شووری داری بیێ دروست دەکرا لە جیاتی موجەمیدەشی خواردنیان لە بن دادەنا سەوەشیر دوو سودی هەبوو ساردی لە هەموو لایەکانی بۆ شتەکان دەچوو دوو سەگ و پشیلە زەفەری پێنەدەبرد سەوەشیر بە رۆژ لەژووریٚ بوو ئێواران لە عەوشەی دایان دەناو بنەکەیان ئاورشێن دەکرد بۆ فێنکی و لەسەر شتەکانیان نخوون دەکردەوەو کە دەنووسوتن خشتەکیان لەسەر سەوە شیرەکە دادەنا نەوەک سەگ هەڵی بداتەوە ئەو کاتە کەرستەی ساردکەرەوە کەس ناوی نەدەزانی.

**(دەستبێن گرتنەوە)**

دەستبێن و دەستبێن گرتنەوە دەستبێن گوریسێکی باریکە وەکو حەبلە درێژیەکەی شەش مەتر دەبێ لەخوری مەڕ دروست دەکرێ، بەنەکەش شوانەکان دەیان ڕیسی بەبەردو دەیانهۆناندەوە بۆ دەستبێن هۆنانەوەکا سێ جۆرە ١- خڕوکی ٢- گردۆکی ٣- مارۆکی بەشی زۆری شوانەکان دەیان زانی دەستبێن درووست بکەن دەستبێن گرتنەوە بەزۆری لەکاتی شەو بەکێو شوان دەستبێنیٚ دەگرتەوە شەوپێش ئەوی بنووی دەستێنەکەی لەملی بەرانێک دەبەستاوە سەری دیکەی لەدەستی خۆی دەبەست بەستانیش جۆری تایبەتی خۆی هەبوو پێیان دەگوت [گرێی بەرانی] ئەوجۆرە گرێیە لەملی بەرانەکەی توونند نەدەبوو هەربەشلی دەماوە و بەرانەکەش ڕاهاتبوو بەرانەکە بەشەو هەردەم لەنێزیک شەوانە کەدەنووست وا فێرکرابوو، سودی دەستبێن ئەوەبوو لەکاتی مەڕ ڕەووینە وە یان شوان ئاگای لینە بامەڕ ڕایدا بابەرانەکە رادەپەڕی و شوانەکەی ڕادەکێشا و شوانەکە بەخەبەردەهات، زۆرجار وابووە گورگ هاتیتە نێزیک مێگەلی بەهۆی دەستبێن شوان بەخەبەر هاتییە وەسەگە کانیش گورگەکەیان ڕاونایە یان هەندەک جار مەڕرادەدا بەرانەکە شوانەکە رادەکێشیٚ لەخەو هەڵی دەستێنیٚ، کۆچو کۆچبار کۆچەرەکان ئەوانەی گەرمییان کوێستان دەکەن لەکاتی ماڵ بارکردن باربەری تەواوی خۆیان هەبوو پێش ماڵ بارکردن سەر لەئێوارەی دەبایە شوان و بەرخەوان ئاگادار بکەن بۆکام لادەچن شوێنی قۆناغیان دیباری دەکرد کەفلان جێگایە شوان و بەرخەوان هەرئێوارە بەڕێدەکەوتن بۆ ئەوشووینە

کە بۆیان دیبیاری کراوە شوان و بەرخەوان بەیانی دەگەیشتە هەمان شوێنی بۆبەیانی پاش نانی بەیانی ماڵ. تێک دەندرا وەدەستیان دەکرد بەبارکردن لەناو کۆچەرەکان بۆماڵ بارکردن ژنەکان ئازاتربوون لەپیاوەکانیان لەبواری ئیشکردن ژنانی کۆچەر دەوری سەرەکی دەبێن هەموو ماڵە دەوڵەمەندەکان وڵا غەکی جووان و بەرچاویان دەیان ڕازاندەوە بۆپێ شەنگی کۆچی ئەو وڵاغە شتی جوانی لێبار دەکرا و جوانترین ژنیش بەجل و بەرگی جوان سەری ئەو وڵاغەی ڕادەکێشاو لەپێش کۆچی دەڕۆیشت ئەوژن ووڵاغە پێیان دەگۆت [پێشەنگ] یان سەرقافلەلێش لەڕێگاشی بەدەم ڕۆیشتن تەشێ دەرست یان گۆریەی دەچنی ئەگەر منداڵی ساواشی هەبایە ئەوەلەناوتورەکی نەخشین منداڵەکەی لەپشتی خۆی دەبەست هەری یدەگرت هەتاماڵ دەگەیشتە جێگای مەبەست شوان و بەرخەوان لەهەمان جێگا بوون لەپاش ڕەشماڵ هەڵدان و ماڵ ڕێک خستن نان دەخوراو بێردەکراو جێگای خۆیان دەگرت.

**بوارە هەوار:-**

کۆچەرەکان لەبەرئەوەی زۆرلەزستانە هەوار دەمانەوە جێگاشیان زۆرپیسی دەبوو هەرلەمانگی ئاداری سەرماو سۆڵ کەمدەبوو هەوڵیان دەدا هەوار گۆڕی بکەن باریان دەکرو دەچوونە بووارە هەواری لەوەرزی بەهاران کۆچەرەکان زوو زوو هەواریان دەگۆڕی هەندە ساڵ لەپاش هەوار گۆڕین سەرمادەگەڕاوە باران دەستی پێدەکردەوە خاوەن ئاژەڵەکان تووشی ناخۆشی دەبوون بۆیە دەڵێن ١٨ ی ئادارێ مەگرە لەبەهارێ هەندەک جاروابووە مەڕ دار لەزستانە هەواری هەرقەنایەو زستانیش بەرەو پاش گەڕایتەوە مەڕو ماڵاتیان لەسەرمان مردیە.

**ئاوگەلە یان ئاوەکی:-**

ئاژەڵیش بەبۆن مێگەلەکەی خۆی دەناسی هەرکاتێک ئاژەڵیش لەمێگەلەکەی خۆی دادەبڕێ دەچێتە ناومێگەلەکی تر خۆی بەبێگانە دەزانێ ئەوەپێیدەڵێن [ئاوگەلە] یانە ئاوەکی، ئاژەڵە ئاوگەلەکەی هەردەبارێ خۆی بەغەریب دەزانی نامۆی لە مێگەلەکە دەکات مێگەلەکەش قبوڵی ناکەن لێیدەدەن شوانەکەش دەزانی ئەو ئاژەڵە ئاوگەلە بووە ئاژەڵە ئاوگەلەکە لەکاتی ڕۆیشتنی هەرلاتەرێک دەڕواو دەبارێ وەکو بگرێ وایە ناوە ناوە ڕادەوەستێ.

## بەشی دوازدەم
## سەرە شوان و دوا شوان

هەموو خاوەن مەڕزۆرەکان سەرەشوان دوا شوانیان دەگرت سەرە شوان ئەرکی گرانترە و زیاتر لێپرسراوە بەرامبەر خاوەن ماڵ یان سەرەشوان کوڕیماڵێیە بەس دوا شوان دەگرێ لەرووی ماندوبوون دوا شوان ماندوترە لەسەرە شوانی سەرەشوان خۆی بەزل تردەزانی و کارە گرانەکان دوا شوان ئەنجامی دەدا فەرامنە کانی سەرەشوانی جێبەجێ دەکرد شوانی باش دەبا ئەم مەرجانەی خوارەوەی هەبێت ١- دەباشوان پسپۆرو سەرناس بێ واتە شارەزابا لەکارەکەی خۆی و زانیاری هەبا لەژمارەی ئاژەڵەکان چەند سەرن ٢- دەبایە شارەزایی باش هەبێ لەجۆرەکانی ئاژەڵ ئەگەر سەرەک ئاژەڵ دییارنەبا دەبازا نیبای رەسەن و جۆرەکەی چۆنە ٣- دەبا دڵ سۆزبا بۆلەوەڕاندنی ئاژەڵ ٤- لەکاتی زانی مەرو بزن دەبوایە زاناو ئازابێت شوان دەبێ فرچکی بداتە ئەوکارو بەرخانەی تازە لەداییک دەبن، ئاژەڵ کەدەزێ ئەوشیرەی لەگوانی داهەیە پێیدەڵێن [ژەک] ئەو ژەکە وەکو شیرنیە زۆرپەیتە کەبێچو بۆیە کەم جار شیر دەخوات پێیدەڵێن فرچک هەندەک جار کاریان بەرخ کە لە دایکی دەبێ لە سەرمان دەمی ڕەق دەبێ و توانای مژینی نیە و دەمی دەقرسێ و فرچکی ناگرێ دەبێ شوانەکە هەندەک ژەکی لەسەر پەنجەی خۆی ڕوو دەکاو لە دەمی بێچووەکەی دەکات فیزە شیرەکی بەسەری لوتی بێچووەکەدا دەکات بۆنی شیرەکە دەکاو یان ژەکەکە دەست بە گوان مژین دەکات، ئەگەر کار و بەرخ بەتێری فرچکی بخوا زوو تر بەسەر پێیان دەکەوێ هەندەک ئاژەڵ هەنە زۆر بەزەحمەت دەزێن شوانەکە وەکو مامان ئاژەڵەکە ڕزگار بکا ، هەموو مالاتێک کەدەزێ پێشەکی بێچوەکە سەری دێتە دەرێ هەندەک جار پاشو پێش دێت ئەوە شوان دەبێ راستی کاتەوەو ڕزگاری بکات کارو بەرخوو هەموو ئاژەڵ پێشەکی سەری لووتی دێتەدەرێ هەموو مالاتێک بێچوەکەی خۆی دەلێسێتەوە بۆ ئەوەی وشک بێتەوە لەکاتی مالات دەزێ ژەکەکە زیاد دەکات دێدۆشن دەیکەنە [فرۆ] فرۆ هەرلەژەک درووست دەبێ شیر نابێتە فرۆ ژەک چۆن پەیدا دەبێ

فرۆش چۆن دەكرێ ئاژەڵ لەكاتی زانێ زۆر قوەتان دەكات لەگەڵ ئەوقووەت كردنانە جۆرە شیرەک لەگوانی پەیدادەبێ ئەوشیرە پێدەڵێن [ژەک] ئەوژەكە زۆر چەورو پەیت و بەقووەتە بۆ خواردن هەموو بێچوەک کەلەداییک دەبێ پێشەكی ئەوژەكە دەخوا بۆفرو كردن ئەو ژەكە دەدۆشن و لەناو مەنجەڵەكی دەیخەنە سەرئاگر هەندەک خوێ تێدەكەن هەربدەبزوركی وەدەمەیی و دەیخۆن فرو لەماست و لۆر خۆشترە لەبەرئەوەی چەورترە لەكاتی ماڵات دەزێ شوانیش تێر فرۆ دەخوا ئەو ژەكە هەر ڕۆژەک دەمێنێ لەپاشان دەبێتە شیر لەكاتی تێربەردانی كارو بەرخ دایک و بێچو بەبۆن یەكتر دەناسنەوە دایكەكە پشتی دونگی بەرخەكە بۆن دەكا دەزانی بەرخی خۆیەتی مێگەلی زۆرگەورە ڕۆژی واهەیە ٢٠ تا ٣٠ سەرئاژەڵ دەزێ هەندەک كارو بەرخ هەنە تائێوارە بەسەرپێ دەكەوێ ئێوارێ لەگەڵ داێكی دەڕوا ئەوەی تونای ڕۆیشتنی نەبێ شوان و دوا شوانە هەڵێ دەگرن ئەگەر زۆربن لەنا تێرکەی كەرەكەی دەكەن تا دەگەڕێنەوە ماڵەوە یان بەشەو چەندسەر ئاژەڵێک دەزێن وادەبێ كارو بەرخەكان تێكەڵ دەبن ئەوە شوان ئەوەندە شارەزایە دەزانی هەمووویان لێک بكاتەوە هەربەرخەودەی هاویتەوە بەرداێكی خۆی شوانی پسپۆر دەبێ وابێ هەندەک جار شوانی پسپۆڕ بەخوری دەزانی ئەم بەرخە بەرخی فلان مەڕە هەمویان جیادەكاتەوەو دەیان خاتە بەرداێكیان. دواشوانەكان بەزۆری مێردمنداڵ بوون شەرتەكەش كەمتربوو لەسەرە شوانی هەرچەندە دوا شوان ماندو تربوو لەژێر فەرمانی سەرەشواندابو واتە هەردووكیان تەواو كەری یەكتربوون. شوانی مەڕی ئەستەو یر ئەركی سوک ترە لەشوانی مەڕەزا لەبەرئەوەی لەبێركردن بەشدارنیە لەكارو بەرخ تێ بەردان و هاویركردن بەشدارنیە ئەگەر ئاژەڵ زۆربزێن پێیدەڵێن [گەرمە زەن] هەموو ئاژەڵێک لەپاش زانی منداڵ دانی فریدەدات منداڵ دان بۆئینسانە منداڵدانی ئاژەڵ پێیدەڵێن [پسدان] لەپاش زانی پسدنەكە لەدوایی دەخشێ و لێدەكەوێ شوان پسدانەكان دەداتە سەگەكان ئەگەر كەسانەک لەكاتی ڕۆیشتن پشتینی لەدوایی بخشێ بەتەوسەوە دەڵێن پشتینی دەڵێی پسدانە.

## بەشی سێزدەم
## جۆرەکانی مەڕو بزنی کوردەواری

مەڕ و بزنیش هەریەکە و ڕەسەن و ناوی تایبەتی خۆی هەیە پێشەکی باسی ناوەکانی مەڕ دەکەین ئەوەندەی لە یادم ماوە ١- مەڕی کەڕە، مەڕی کەڕە گوێچکەی دیار نیە لەبەر بچووکی مەڕی کەڕە هەموو جۆرەکانی هەیە وەکو کەڕەی قوڵە، کەڕەی سەر ڕەش و کەڕەی تەیێ و کەڕەی عارەبی کەڕەی کەووی سارو کەڕەی مس و کەڕەی غەڕو زۆر جۆری هەیە ١- مەڕی کوریسی گوێچکەی هەرئەوندەی پەنجەکەیە، کوریسی ئەویش هەموو جۆرەکانی هەیە ٢- ئەومەڕانەی گوێچکەیا شۆرە و گەورەیە زۆرجۆریان هەیە ١- سەر ڕەش ٢- مەڕی کەویسار ٣- مەڕی قولە ٤- مەڕی قولە سۆر ٥- قولە سیسە ٦- تەیێ یان تەو ٧- مەڕی چاو گاز ٨- مەڕی تەبەش ٩- مەڕی گەرحە ١٠- گەرحەی چاو سۆر ١١- مەڕی رسەر ١٢- مەڕی سەربە پور ١٣- مەڕی سەرشین ١٤- مەڕی تەیشین ١٥- حەمدانی ١٦- مەڕی حەپسە ١٧- مەڕی ڕەشی مامەشی ١٨- مەڕی سۆر ١٩- مەڕی عارەبی٢٠- مەڕی کەرین ٢١- مەڕی قولەتاری ٢٢- مەڕی قولە پیازی ٢٣- مەڕی ٤ قۆچ ٢٤- مەڕی قولە خومری ٢٥- مەڕی قولەمس ٢٦- مەڕی کەژ٢٧- مەڕی بەل ٢٨- مەڕی بازی ٢٩- مەڕی مامەش. ئەومەڕو بەرانانەی قۆچیان هەیە لەکاتی لەدایک دەبێ قۆچی لەدەرێ نیە بەڵام جێگای قۆچەکەی هەندە بەرزەو هەری دایە شوان دەزانی قۆچی دیت نیشانەی دیارە جۆرەکانی بزن

بزنیش جۆرو ڕەسەنی خۆی هەیە ناووی تایبەتی خۆیان هەیە

١-هەربزنەک ڕەشی و موو درێژبی و پڕە موو بێ بزنە گوڵی پێیدەڵێن، بەهەموو بزنان دەڵێن ڕەشان بەمەڕیش دەڵێن سپیان.

٢- بزنی کۆریسی بزنی کۆریسی قۆچی نییە هەربزنەک گوێ شۆڕو پان بێ پێیدەڵێن گۆردی گۆردیش جۆری هەیە وەکو ١- گۆردی ڕەش ٢- گۆردی کار٣- گۆردی مس ٤- گۆردی پۆش ٥- گۆردی سۆر ٦- گۆردی غەر، هەربزنەک گۆبی فێجا بێتەوە پێیدەڵێن بەل، واتە بزنی بەلەپۆش بەلەمس

بەلەکـار هەتادوایێ وەکـو بزنی گـوردی وەهەروەهاش بزنی کـۆیسی هەمـوو جۆرەکانی هەیە جلە لەوبزنانەی ناووی تریان هیە وەکو بزنە قیتەبزنە غەرە بزنە سـەرەشکور هەیە، بزنە دورە هەیە، بزنە شـامی هەیە، بزنە مـەرەز هەیە، بزنە هەورەمانی هەیە.

**گەرمە بەران و گەرمە تەگە:-**

لەوەرزی هاوین مـەڕ بەبەران دێت و بزنیش بەتەگـەدێت لەناو مـێگەلە گـەورەکـان رۆژی واهەیە زۆرمـەڕبەبەران دێ و زۆربزنیش بەتەگـەدێن جـاری واهەیەدەتاپازدە سەرمەڕیەکەوە بەبەران دێت بزنیش هەروەها بەوکاتە دەڵێن گەرمە بەران یان گەرمە تەگە، لەکاتی مەڕوبزن هەمووی بەران و تەگەی دەخۆن شـوانی پسـپۆر دەزانێ کـام سەر ئاژەڵ بەبەران یان بەتەگـە نەهاتیـە ئەوکـاتەی مەروبزن هەمووی بەرانی خوارد یان تەگەدەڵێن مەڕ پاگژ بۆوە یان بزن پاگژ بۆوە یان پاگـژ بویتـەوە هەندەک مـەڕو بزن هەن بۆجـاری دووەم بەبەران دێینەوە یان بەتەگـە دێنەوە بەوجـۆرە ئاژەڵانە دەڵێن پاش باران کـردیتـەوە یان پاش تەگـەی کـردیتـەوە، هەندەک مـەڕیان بزن چەن جـاربەبەران دێتـەوە یان بەتەگـەدێتـەوە ئەوەپێـدەڵێن شـۆرەک بـووە مەڕ زووتر بەبەران دێت بزن درەنـگ تر بەتەگـەدێ، لەنـاوچە شـاخـاویە کـان پێـشی ئەوەی بزن بەتەگـەبێت تەگـەکـان لبـزنەکـان جوودادەکەنەوە بۆئەوەی بزن درەنگ تەگەی بخوات درەنگیش بزیی لەبەرئەوەی ناوچەشاخاویە کـان ساردترەو بەهاریش درەنـگ پێەدگات من شـارەزاییم هەیە لەناوچە شـاخـاویەکـانی کـە تەگـەی لەبزنـان بەردەدەن بزنەمـەرەزو بزنـەکـانی تر لێک جـوودادەکـەنەوە نەوەکـە تەگـەی گـۆڵ سـواری بزنی مـەرەز بی یان تەگـەی مەرەز سواری بزنی گۆڵ بی ئەگەر هەموو تێکەلاوبن بێچوەکان بەشی زۆر دەبنە دوڕە زۆرجاروابووە گیسکی سالە وەخت بەتەگەهاتنیەو دەشی زیت و کارەکەش زۆرباش دەرچووە من خـۆم دیومـە گیـسکی سـالەوەخت تەگـەی خـواردیە و زایە جـمکی هێنـاوە واتە دووکـاری بووە وەهەروەهـاش گیـسـکەنێـری سـالە وەخـتی وەکو تەگە سواری بزنان دەبێ.

## بەشی چواردەم
## هالۆری یان عالۆر

لەوەرزی هاوین مەڕ بەبەران دێن و بزنیش بەتەگەدێت لەکاتی گەرمە بەران و گەرمە تەگە هەندەک بەران یان تەگە هالۆری یان عالۆری دەبن بەران تەگە هەر ئەوەندەیە فێری عالۆری بی هەرکاتێک مێگەلی تری لێدیاربی بۆ پەڕین دەچێتە ناو مێگەلەکە و بەرانەکانی ناو مێگەلەکە بە بێگانەی دەزانن و دەورەی لێدەدەن دەبێتە شەڕە بەران ئەگەر توانی لە سەریان زاڵبی ئەوە بەکەیفی خۆی دەکەوێتە ناو مەڕان، شوانیش کەزانی بەرانەکەی چوویتە ناو مێگەلەکی تر دەچێ بە لێدان دەی هێنێتەوە زۆری لێدەدا بەلام چ بەران چ تەگە هەر ئەوەندە فێری عالۆری بوون واز ناهێنن بەتەماحو چاوچنۆک دەبن ئاژەڵی عالۆری تەرک کردنی زۆر زەحمەتە ئەو بەرانەی عالۆری دەبێ و دەچێتە ناو مێگەلەکی تر ئەگەر رەسەن و باشبێ ئەوە شوانەکە چەند مەڕەکی لە بەرانەکە چادەکا واتە ماوەی دەداتێ سواری مەڕەکانی بێت تاکو شوانەکە بەدوای دادێ و دەیباتەوە هەندەک مەڕ و بزن هەنە ئەو ساڵە نەبەران دەخۆن نەتەگە ئەو جۆرە ئاژەلانە پێیان دەڵێن ئەستە و بر یان قسرەیان ئەستێور لە ناو کوردەواری بزنە دڕە یان لاباش نیە لەبەر ئەوەی بزنە دوڕە مووی کورتە بەکەلەک هەموو کردارەکی نایێ ئەو مالانەی ئاژەڵیان کەمە و بەران و تەگەیان نیە بەران و تەگەیان دەخواستەوە بۆ ئاژەڵەکانیان یان دەیان بەنە ناو مێگەلەکی تر، تا بەران و تەگە بخۆن لەناو ئاژەڵ دارەکان وا باو بوو بەران و تەگەی گون گەورە زۆر باشە دەیان گوت ئاژەڵی گوان گەورەی لێ پەیدادەبی، لەسەرەتای زانی ئاژەڵ خاوەن ئاژەڵەکان عەزیان دەکرد نۆبەرەی ئاژەکەی مێ بێ، بەلام کە منداڵیان دەبوو عەزیان دەکرد نۆبەریان کوڕبێ. ئەو ئاژەلانەی درەنگ بەرانیان دەخوارد یان تەگە درەنگیش دەزان بەو ئاژەلانە دەڵێن درەنگ ئاوس ئەوئاژەلانەی زووبەران و تەگەیان دەخوارد زووش دەزان بەوئاژەلانە دەڵێن هەراش ئاووس ئاژەڵ کەنێزیک دەبێتەوە لەزانێ پێیدەڵێن لەسەرگوانە کارو بەرخ هەتا فێری لەوەر نەبێ هەرشیری دایکی دەخووا قشپلی ناکات لەجیباتی

قشپل مارزای دەکا هەندەک ئاژەڵ هەنە کەلە ئاقاری دەزێ بێچوەکەی بەجێ دەهێڵێ بەتایبەتی بەردیل یان جۆشتیر یان گیسکی ساڵی ئەوەش دەبی شوان زۆرئاگادار بێ، هەندەک جارشوان ئاگا دارنیە سە گەکەی ئاگای لەبێچوەکەی دەبێت وەدەی پارێزی تاشوانەکە دەگەڕێتەوە بێچوەکە دەبات یانە ئێواران شوان کەچۆوە گوندی و سەگەکەی دییارنەبوو یەکسەردەزانی شتەک لەئاقاری بەجێماوە شوانەکە دەگەڕێتەوە دەبینی سەگەکەی لەدییار شتەکە ورکەتیە شتەکە دەهێنێتەوە سەگەکەش لەگەڵ شوانەکە دەگەڕێتەوە ئەوەمن خۆم ئەوەم دیووە یان هەندەک جار شوان خەوی لێدەکەوێ مێگەلەکەی دەڕوا سەگەکان ئەگەردوو سەگ بن یەکەکیان لەگەڵ مێگەلەکە دەڕوا ئسەوەکەی تر لەلای شوانەکە دەمێنێ کەشوانەکە لەخەو هەستا سەگەکە وەپێشی شوانەکە دەکەوێ وەکو شارەزا تادەگەنەلای مێگەلەکە بەتایبەتی لەکاتی شەوخاوەن مێگەلە گەورەکان دووسی سەگ ڕادەگرن سەگی مەڕی نابێ لەماڵەوە بێ دەبی هەرلەگەڵ ئاژەڵ دابێ لەناو کوردەواری ناوی سەگەکانی خۆی دەنا گاوریان قەشە یان بەراز لەهەندەک ناوچان خاوەن مەڕەکان یەکەم سەرمەڕی زابا دەبا ئەو ڕۆژە شوانەکە سەری خۆی نەتراشییبا تاهەموو مەڕەکانی لەزان پاک دەبێتەوە لەکوردستان ئەوماڵانەی سەگیان هەبوو کەپەکیان بۆسەگان دەکردە نان پێیان دەگۆت سەپکی سەگان.

## بەشی پازدەم

## کارە مێژکە و بەرخە مێژکە

لەکاتی ئاژەڵ دەزێ لەپاش زانی ئاژەڵەکە دەمرێ بێچوەکەی لەپاش بەجێ دەمێنێ ئەوبەرخانەیان ئەکارانەی دایکیان دەمرێ دەبێ شیری ئاژەڵەکەی تریان بدەنێ شوان دەزانی کام مەڕ زۆر بەشیرە و مەڕەکەی دەگرێ لاگوانەکی دەداتە ئەوبەرخە داییک مردووە، جائەوکارو بەرخانەی دایکیان دەمرێ پێیان دەڵێن بەرخە [مێژکە] ئەوکارو بەرخانەی بێ دایکیان پێوە دییارە لەرو لاوازن لەبەرئەوەی دایکیان نەماوە وەکو بەرخەکانی تر بەکەونە بەردایکیان هەرچاوی لەشوانەکەیە کەی مەرکی بۆدەگرێ هەندەک جاریش وادەقەومێ مەڕێک بەرخەکەی دەمرێ وەلەهەمان کات بەرخیش هەیە دایکە مردووە بەرخە داک مردووە کەداوینە بەرمەڕە بەرخ مردووەکەیان مەڕەک جمکی هێناوە بەرخەک لەبەرخە جمکەکان داوێنە بەرمەڕە بەرخ مردووە کە ئەوبەرخە مێژکانەی لاگوانی مەڕەکی تریان دەدەنێ پێیان دەڵێن [لامێژە].



## بەشی شازدەم
## بانۆک

هەمــوو شــوانە باشەکــان دەیان زانی دەوری بانۆکی ببیێن مـن خـۆم بانـۆکم دەزانی ئێمە پێشتر باسی بەرخی دایک مردیمان کردو باسی مەڕی بەرخ مردیمان کرد بانۆک دەبی کارەکی وابکا مەڕەکەو بەرخەکە یەکتر قبـوڵ بکەن چۆنیـەتی باناندنەوە لەسەر یەکتر بەو شێووەی خوارەوە پەبانۆک مەڕکەو بەرخەکە دەباتە جێگایەکی تاریک کەسانەکی تر بەرخەداک مـردیە کەدەشـاریتـەوە وانـاکـا مەڕکەبیبینی و پشتی بەرخە تەردەکاو هەندە خووێ بەپشتی بەرخەکەوە ردەکاو دێتـە لای بانۆک. بانۆک مەڕەکـە چەند جـارەک دەسورێنی تامـەرەکە کێـژدەبی لەناکـاو بانۆک مەڕەکـە لەعـاردی دەدا یان لـەعـەرزی دەداو دووپەنجەی دەسـتی دەباتە ناو لەشی مەڕەکە ئەوکەسەی بەرخەکەی لایە بەرخەکە دەداتە بانۆک و بانۆک پەنجەکانی دەردەهێنێ ملی بەرخەکەدەگری و بەناو گەلانی مەڕەکەدا رای دەکێشی و دەیخاتە بەردەمی مەڕەکە، مەرەکە لەبەرگێژی خۆی وا دەزانی تازە زایە وەبەرخەکە دەلێسێ تەوە وادەزانی بەرخی خۆیەتی بەرخەکەش دەکەوێتە بەردایکی، زۆرجــاروابووە مـــانگا گــۆلکی مــردوە بانۆکی باشی مـــانگای لەسـەربەرخی بانان دێنەوە یان مـانگای لە سـەرگـۆلکەکی دێ باناندێتـەوە و یەکتریان قبووڵ کردیە ئەوەکاری بانۆک بوو.

# بەشی حەڤدەم
## بێرکردن

هەمو خاوەن پەزو شوان کارە کان لەسەرەتای بەهارێ دەکەونە خۆئامادە کردن بۆکڕینی کەرستەی پێویست بۆوەرزی بەهار پێشان قاپ و قاچاغی فافۆن و شوشە نەبوو ئەوەی هەبوو هەموی لەمس یان لە سفر درووست دەکرا قاپ و قاچاغ لەهەندەک ناو چەپێیدەڵێن ئاسنجاو، هەندەک پێیدەڵێن ئامان، هەندەک پێیدەڵێن هیربار، لەبادینان دەڵێن دەفر هەموو مەڕدەرەکان پێش ئەوەی شیرو ماست پەیدا بێ قاپ و قاچاغەکانی خۆیان دەبردە لای سەفارچی یان مەزگەر، سپیان دەکردنەوە لەشارەکەن هەندەک لەسەفار چیەکان دەچوونە ناوهۆبە ڕەشماڵەکان بۆسپی کردنەوەی قاپ و قاچاغ ئەگەر هیربارەکان ساڵێ جارەک سپی نەکرا بانەوە ماست و شیری هەردە بزوروکان یان ئەگەر شیوی تێدا بمباوە رەنگی دەگۆرا و شین دەبووئەوە ئیشی کابانەکان بوو، وە هەروەهاپێداویستی تریشیان لەگەڵ خۆیان دەکڕی وەکو مەشکەو دۆران و شتی تر پیاوەکانیش مشوری دابین کردنی داربێرو گۆچانی شوانان و پێڵاو کڕین و خۆ ئەگەر خاوەن مێگەلەکە فەلاحەتیشی هەبادەبا مشوری دابین کردنی کەرستەی درونە و خەلەو خەرمانیش خواردبا هەرکاتێک کاتی دیاری کراوی خۆی هەبوو بێرو مەڕ لەبێردانیش کاتی گونجانی خۆی هەبوو لووەرزی بەهار کەئاژەڵ تێری دەخوارد و کاروو بەرخ فێری لەوەڕدەبوون زۆرباکیان بەشیرخواردن نەبوو ئاژەڵی شیردار کەتێری خوارد شیری دەبێ و زیاد دەکات دەدۆشرێ ئەوکەسانەی کەمیان مەڕو بزن هەبوو بێریان نەدەکرد یەک یەک دەیان دۆشی و کارو بەرخیشیان تێبەردەداو هاوێریان دەکرد، بەڵام خاوەن مێگەلی گەورە دەبوایە بێری بکا هەندەک مێگەل هەبوو زۆرنەبوو ژنەک هەمووی دەدۆشی هەندەک مێگەل هەبوو دووژن دەی دۆشی مێگەلی زۆرگەورە چوارژن دەیان دۆشی لەسەرەتای بەهار مەڕ یەک جار دەدۆشرا یان بێردەکرا دەیان گۆت مەڕیەک دانە، بەڵام لەنێرینەی بەهارێ مەڕدووجار لەبێردەدراو دەیان یگۆت مەڕ دوودانە واتە ڕۆژی دووجار بێردەکرێ ئەگەر خاوەن مێگەلەکە ماڵی

لەگوندی بایە سبەینان مەڕدەهاتەوە گوندی بێریان دەکرد ئەگەر مێگەلی بچوک بایە ئەوەلەکاتی بێرکردن لەپەنا دیوارێک بێریان دەکرد زۆرکەس نەدەویست لەبەر ئەوەی لایک دیوار بوو هەر یەک ژنیش مەڕی دەدۆشی ئەگەر مێگەل لەسەد و پەنجا سەر زیاتربا دوو ژن مێگەلەکەیان دەدۆشی مێگەلی گەورە و زۆر بە چوار ژن دەیدۆشن تا تەواو دەبێ هەموو بێری و بێرکەرەکان بێزار دەبن تا هەمووی دەدۆشن بێرکردن جێگای دیاری کراوی خۆی هەیە، بەس لەکاتی کۆچکردن نەبێ کۆچەرەکان لەبەر گواستنەوەی شیر و پەنیر لە نێزیک هۆبەکانیان بێردەکەن خاوەن مێگەلە گەورەکان پێویستیان بەژنی زۆر بوو بۆیە لە دوو ژن زیاتریان دەهێناو هەولیان دەدا منداڵیان زۆربێ بۆ ئیشوکار ئەگەر یەک ژن مەڕی دۆشیبا یەک کەس سەر بێری دەگرت ئەگەر دوو ژنیش بان هەر یەک کەس سەر بێرێ دەگرت لە دووژن زیاتربان دوو کەس سەربێری دەگرت بێریوانەکان پێشی مەڕ بێتەوە بێری خۆیان ئامادە دەکرد و کەرستەی پێویستیان ئامادە دەکرد و خۆیان رێک دەخست و کەرستەکانیش ئەمانە بوون ١ دار بێر چەند مەنجەڵێک جامی مەڕ دۆشین، پێیدەڵێن مەڕ دۆش ٣ پارزونگ جۆرە خامەک بوو پێیان دەگۆت بووزوو پارزوونگەکە بەنەکی پێوەبوو بۆ گرێدانی پارزونگەکە لەگەڵ سەری مەنجەڵەکە لەبەر چاو زارێ لە پەپکەکی شینیان لە پارزونگەکە دەدوری ٤- ئەگەر پەنیر کرابا چەند تورەگەکی خامیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ پەنیر کوشین بێریوانەکانیش سەر و پرچی خۆیان هەریەکە و دەستماڵێکی لەسەری خۆی دەبەستاو واتە لەنێو چەوانی خۆی بەرامپیلی لە ملی دەکرد و سەرپشتی دەبەستاو سەرپشت جۆرە بەنەکی جوان بوو هەردووسەری بە گوڵینگەبوو کلکە ئەنگوچکی دەبەستاو دەی هاوێشتە سەر ملی، بەرێدەکەوتن بۆ جێگای بێرکردن شوانەکانیش مێگەلەکەیان دەهێنا هەمان شوێن ئەگەر چوار ژن مەریان دۆشیبا دووکەس سەر بێری دەگرت و دوودار بێردا دەندرا سەر بێر گرەکان لەسەر دار بێر دادەنیشتن بێریەکان دوو لەلای ڕاست دووش لەلای چەپی سەر بێرگرەکە دادەنیشتن جامەکانیان لەپێشە خۆیان دادەنا بەینی هەردوو سەربێرگرکان مەترێک دوور بوو کە دەست بەبێر دەکرا سەر بێرگری پێشەوە جۆت جۆت مەڕی بۆ سەر بێرگری پشتە خۆی ئیزن

دەداو دوانیـــشی بۆ خـۆی دەگـرت بێـرکـرەکـانیش لەلای چەپ و راسـتی مـێگەلەکـەوە وەسـتـان بەرێز دووکـەس مـەریان لێـدەخـوری بۆ بەردەسـتی سەربێرگرەکان ئەوەی سەربێری دەگرت ملی مەڕەکەی لەبن هەنگڵی خۆی دەناو تونتـر دەی گـرت تا دەدۆشـرا بێـرەکـان کـەمـەڕەکـیـان دەدۆشی دەیان گـۆت (بەرەکەت) واتە دۆشرا و سەربێرگرەکە مەڕەکەی بەردەداو مەڕەکی تری دەگرت بەو شێوەیە سەر بێرگری یەکەم و دووەم هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەکەن مەڕ هەر ئەوەندەی زەحمەتە تا فێری بێرکردن دەبێ لە پاشان خۆی دێتە بەر بێرێ ژن کە مـەڕی دەدۆشی مـەڕ دۆشـەکـەی بەهەردوو پێـیـەکانی دەگرێ و هەردوو قـاچی پاشەوەی مەڕە لێک دەکاتەوە و مەڕدۆشەکە دەکەوێتە بەینی قاچی مەڕە کەو دەی دۆشی کـە مـەڕدۆشـەکە پڕ بوو بەتاڵی دەکاتە ناو مەنجەڵ مـەنجەڵەکەش پارزونگی لەسەرە نەوەک پیسای لەگەڵ شیرەکە بڕوات زۆرجار وادەبی لەکاتی دۆشین مەڕەکە قشپلی دەکا هەندەک جار قشپل دەکەوێتە ناو مەڕدۆشەکە یان شـیـرەکـە بێـریەکـە بەدەسـتی دەری دەهێنی و فـڕێی دەدا بۆیە بە پارزونگی شـیـرەکـەیان دەپاڵاوت جـالەپاش ئەوەی لە بێـرکـردن دەبوونەوە بێـریەکـان بەمەنجەڵان شیرەکەیاندەبردەوە ماڵێ ئەگەر ماڵ نێزیک با لەماڵەوە تاوتوێیان دەکرد ئـەگـەر لە ئاقـاری بێریان کـرد بائەوە هەمـووشـیـرەکـە نەدەتوانرا بیبـەنەوە ماڵێ بەتایبەتی شیری مێگەڵی زۆر کابانەکان هەر لەجێگای بێرکردن تاوتوێ دەکـرا چونکە مـەڕی زۆر شەش حـەوت مەنجـەڵی زنجـیرداری شیـر هەبوو بۆیە بێریەکان هەر لە جێگای بێرکردن دەیان کردە پەنیر و لۆر ئاوە زیادەکەیان فڕێ دەداو پەنیر و لۆرەکەیان دەبردەوە مـاڵێ پەنیری کوردەواری کەمەنجەڵ پڕ شیر دەبوو گـەرمـاو گـەرم هوێنی پەنیـریان تێدەکـرد و دەمـەی و دەبووە دەڵەمـە لە پاشـان لە توورەگـەی خـام دەکـرا و دەیان کـوشی دەبوە سـەرکـە پەنیـر خـاوەن مـێگەلە گـەورەکان هەر بەشی خـورادنی خۆیان شیـر و مـاست دەبەنەوە مـاڵێ ئەوەکـەی تر دەکـەنە پەنیـر و لۆر ئەو مـاڵانەی ئەژەڵیـان کـەم با شـیـرەکـەیان دەبردەوە ماڵەوە من ئەوکاتەی شوانی مێگەلەکی زۆر بووم شیرەکەمان لە جێگا بێـرکـردن تاوتوو دەکـردوو کـابانەکـان هەندەک ئاوی پەنیـریان هەردەگـرت بۆ هەوێنی بەیانی ئەگەر لۆریان کردبا ئاوی پەنیرەکەیان بەئاگری گـەرم دەرکردو

هەندەک شیریان لەسەر ئاوی پەنیرەکە دەکردو لەگەڵ کولاّنێ سەرتووی دەکەوتە سەرێ و ئەو سەرتووە دەبووە لۆر ئاوەکەی دەچۆڕاوە بۆ چۆڕانەوەی ئاوی لۆرەکە بە کەوگیری گەورە لۆرەکەیان هەڵیان دەهێنجا و لەناو جۆڕکەکی خامیان دەکرد و ئاوەکە پاش ماوەی لۆرەکەیان دەڕژاند کەرستەی خۆیان دەهێناوە ماڵەوە، لەکاتی بێرکردن هەندەک ئاژەڵ هەبوون لە بێرکردن دەترسا خۆی نەدەدا دەست هەوڵی دەدا لە بەینی بێرکەرەکان ڕاکا ئەم جۆرە ئاژەلاّنە دەناسران لەلای بێرکەرەکان ئاژەڵەکە هەوڵی دەدا رابکا بێرکەرەکان بەیەکتریان دەگۆت ئاگادار بە لێت دەرنەچێ ئاژەڵەکە لەلای هەرکەسێکدا رایکردبا ئەوەکانی تر هاواریان دەکرد فلان لێت دەرچوو دەچوون دووبارە ئاژەڵەکەیان دەهێناوە بەربێرێ هەرهەوڵی دەدا دووبارە راکاتەوە وادەبوو دووجار سێ جار رایدەکرد لەناکاو دەردەپەڕی و دەیان گێراوە لەکاتی بێرکردن زۆر قسەی خۆش دەکرا لە نێوان بێرکەرەکان بەلاّم تالێدەبوونەوە زۆر بێزار دەبوون بەتایبەتی مێگەلی زۆر گەورە لە بەر ئەوەی زۆر کاتی دەویست لەپاش بێرکردن کار و بەرخ لە دایکی بەردەدرا تێبەردان بۆ زۆر شت بەکار دێت وەکو ١- سەگی تێبەردە ٢- تاژی لەکەروێشکی بەردا یان کار و بەرخان تێبەردەن یان منداڵم لە ئیشەکەی بەردا زۆر شتی تر مەبەستی ئێمە کار و بەرخ تێبەردانە لە پاش تێبەردان کار و بەرخ لە دایکیان جودا دەکرێنەوە پێیدەڵێن هاوێرکردن لەکاتی هاوێرکردن چەند کەسێک لەگەڵ شوانەکە کار و بەرخەکان وەپێش خۆیان دەدەن و مەڕ و بزنەکان بەرە و دواوە ئیزن دەدەن بەرخەکانیش کۆدەکەنەوە بەرخەوان مێگەلە بەرخەکە دووردەخاتەوە بەلاّم هەندەک بەرخە ساواو کارە ساوا هەر لەگەڵ دایکیان دەمێنێت تا هەندەک هەراش دەبن واتە گەورە تردەبن لەکاتی مەڕ لە بێر دەدرا کابان لاگوانەکی بۆ بەرخی ساوا دەهێشتەوە هەر لا گوانەکی دەدۆشی، لە ناوچەی قەراج و کەندێناوە و هەولێر لە سەرەتای بەهاران جۆرە گوڵەکی زەردی وردیلە پەیدا دەبوو گوڵی دەگرد ناوی ساو شینەیە کەئەوگوڵە پەیدا دبوو نیشانەی سەرە بەهارە کابان دەتوانی لاگوانەکی مەڕ یان بزن لەبەرخەکە یان کارەکە بدزێتەوە و بیدۆشی بۆ نان و ماستی بەیانیان ئەو گوڵە هەندەک قسەی لەسەرە دەڵێن ئەگەر دیتت گوڵی ساوشینە خۆ لەمەڕی وەربینە جۆڕجۆڕی لێبستینە ئەوەنیشانەی بەهار نزیک بوونەوەیە.

# بەشی هەژدەهەم
# جردۆ و خۆش دۆ

هەندەک ئاژەڵ هەنە لەکاتی دۆشین کابان بەزۆر دەی دۆشی شیرنادات ئەوەش چەند هۆیەکی تایبەتی هەیە بە زۆری مانگاوایە هەندەک دەڵێن ئاژەڵەکە کە شیرەکەی نادا بۆ بێچووەکەی هەڵدەگری بۆی شیری نادات پێیدەڵێن [چڕدو] هەندەک ئاژەڵیش هەیە کونی گوانی بچوکە فیزی شیری باریکە لەکاتی دۆشین ئەوەش هەرچڕدۆیە ئەوئاژەڵانەی لەکاتی دۆشین فیزی شیری گوانیان بەگەورەیی بێتەخوارێ ئەوە پێیان دەڵێن [خۆش دۆ] هەموو مانگایەک پێشی کابان بیدۆشی دەبێ گۆلە مێژی بکات بەتایبەتی ئەومانگایەی چڕدۆیەو شیرنادەت گۆلە مێژ ئەوەویە کابانە گۆلکەکە دەباتە بن دایکی سەری گۆلکەکەی دەگری و گۆلکەکە بەنۆبەت قوم لەهەرچوار گوانی مانگایەکەدەدا کابان ماوەی گۆلکەکە نادات هەرچوار گوانەکەی بمژی هەرگوانەو قومەکی لێ دەخوات ئەوەیە گولە مێژ لەپاش گۆلە مێژکردن کابان گۆلکەکەی لەنێزیک مانگایە لەدەبەستێتەوە بەمەرجێک گۆلکەکە و مانگایەکە دەمیان بگاتە یەکتر لەپاشان کابان پەقرەجەکەی هەڵدەگری و دەچێتە بن مانگایەکە لسەر چینچکان دادەنیشێ پەقرەجەکەی لەسەرهەردوو ڕانی خۆێ دادەنێ و دەست دەکا بەدۆشین ئەگەر مانگایەکە چڕدۆبێ بۆئەوەی مانگایەکە شیری بدات دووجار گۆلەمێژی دەکات لەکاتی گۆلە مێژ مانگایەکە خۆی شلدەکات هەموو شیرەکەی دێتە ناوگوانی لەناوچەی هەولێر بەمانگا دەڵێن چێر مانگا لەلاتەنیشت دەدۆشرێ مەڕوبزن لەپشترا دەدۆشرێن لەکاتی مانگا دۆشین کابان وردەگۆرانی بۆمانگایەکە دەڵێ واهەست دەکرێ مانگایەکەش پێخۆشبی مانگا بەدوو پەنجەدەدۆشرێ بەپەنجەی گەورەو پەنجەی شادە بەڵام ئاژەڵی وورده گوانی ئاژەڵەکە لەناولەپی خۆی دەنێ و پەنجەی گەورەش بەقوچاوی گوانی ئاژەڵەکە رادەکوشی و دەیدۆشی لەکاتی بێرکردن هەرکەسانێک بێتەلای بێرکەرەکە دەڵێ بێرئاوا بێرکەرەکانیش دەڵێن بەخێربێی لەلای زۆرکەس خۆشترین ئاواز ئەوکاتەیە کەکارو بەرخ لەدایکیان بەردەدرێن

بارە بارِی مەرِو بەرخ زۆرخۆشە تاهەموو یان دەکەونە بەردایکیان ئەوکاتەی کارو بەرخ لەدایکی بەردەدرێ هەندەک بەرخ یان کار دایکیان درەنگ دەبیننەوە هەردەقارِن شوانەکە دەیخاتەوە بەردایکی ئەگەر بەرخەمێژ کەیان کار مێژکە هەباشوان یان بەرخەوان دەیانی مێژاند لەپاشان دەچوونە نان خواردن لەپاش نان خواردن و حەسانەوە دەست دەکرا بە هاوێر کردن هەندەک ژن هەبوون زۆر ئازاو زانا بوون لە مالآت دۆشین زۆریش دەستیان سووکە ئەو ژنانەی لەئاژەڵ دۆشین ناویان دەردەکرد وایان باس دەکرد دەیان گۆت فلانە ژن لەکاتی مەرِدۆشین ئەنگوستیلەی لەکاتی دۆشین بەفیزی شیربێ فرِێدەداتە دەرێ لەناو جامی مەرِدۆشینێ هەندەک ژنیش هەبوون ئەوەندە دەستیان ساردبوو هەرلەپاش دەماوە خۆئەگەر مالآتەک چرِدۆبایە زۆرلەلای زەحمەت بوو هەندەک جار لەکاتی دۆشینێ گۆلکەکە سنگی هەڵدە قەناند و غاری دەدا بن دایکی کابان شیرەکەی لێدەرِژا یان مانگایەکە نارِحەت بوو لەقەی لەستڵە شیرەکە دەداو دەیرِێشت کابان زۆر تورە دەبوو هەندەک کابانی رەزیل هەبوو زۆرکەم شیری دەدا گۆلکەکە ئەوگۆلکە بەرەو لاوازی دەچوو.

## بەشی نۆزدەم
## درووستکردنی پەنیرو لۆرو شیرێژو ژاژی

هەموو سەرە بەهاران خاوەن مێگەلەکان کەرستەو پێداویستی خۆیان ئامادە دەکردو دابینیان دەکرد پێشی وەخت یان لەشاردەیان کڕی یان بەدەستی خۆیان درووستیان دەکرد وەکو دەڵێن پێشی تای بەڕیان بەخۆیان دادەدا.

**درووست کردنی لۆرو پەنیر:-**

هەوێنی پەنیر لەم شتانەی خوارەوە درووست دەکرا.

١-شیلکی ئاژەڵی رەشان واتە کارە ساوایان گۆلکی ساوا باشترە بوو لەشیلکی ئاژەڵی سپیان ٢- تۆبێستان واتە تۆگندۆرە ئاوی ڕەکی کەنگر واتە ژارکە کەنگر ٣- شەب هەندەک جاربۆ ئەوەی هەوێنە کەبۆنی خۆشبێ هەندەک قەنە فل یان پەلکی لیمۆیان تێدەکرد لەبەرئەوەی هەوێنی پەنیری بۆنی زۆرناخۆشە لەپاش ئەوەی هەوێنەکە پێدەگات کابان تاقی دەکاتەوە ئەگەر زوو شیری هەوێن نەکا دووبارە هەوێنی دەگرێتەوە.

**درووست کردنی لۆر:-**

لەپاش پەنیر کوشین ئاوی پەنیرەکە داوێنە سەر ئاگروهەندەک شیری تێردەکەن و دەیکولێنن شیرەکە هەردە بزوکی دەبێتە سەرتو ئەو سەتووە دەبێتە لۆر لەناو تورەگەکی خام ئاوەکەی دەچۆڕێتەو لەجێگایەکی ساردی دادەنێن لەبەرئەوەی ئەگەر جێگای گەرم بێ زوودە ترشێ و خراپ دەبێ هەوێنی ماست و هەوێن کردنی:-

خاوەن ئاژەڵەکان کەئاژەڵیان دەدۆشی دەبایە هەوێنیش درووست بکەن ئەگەر هەوێنی نەبا دەچوون لەماڵە جیرا نەکەیان دراوسێ هەوێنیان وەردەگرت ماڵە جیرانەکەش هەوێنیان نەبا هەندەک کەشکیان لەئاوێ دەکرد نەرم دەبۆوە دەیان سوویەوە دەیان کردەوە دۆ هەوێنیان پێدەکرد خۆپێشان لیمۆندۆز نەبوو ماستی پێ هەوێن بکەن. ماست بۆخواردن باشی دەکولێنن بەڵام بۆ هەژاندن زۆر نایکولێنن بۆئەوەی بەرە مەشکە گەورەبی.



### شیرێژ یان کەشک چۆن دەکرێ:-

درووست کردنی شیرێژ بەم شێوەیەی خوارەوەیە لەپاش مەوشکە هەژاندن کابان بەشی خواردنەوەی خۆیان دۆهەڵ دەگرن ئەگەر جیرانی فەقیریان هەبا بەشی ئەوانیشی دەدا و زیادەکەی دەکردە شیرێژ دۆیەکەی لەناو مەنجەڵێک دەکردو لەسەر ئاگر دۆیەکەی دەکولاّ سەرتووی لەسەر پەیدەدەکردوو ئاوەکی ڕون دەکەوتە بنی مەنجەڵە لەسەرتوەکەی ئەودۆیەی پێیان دەگۆت شیرێژ ئەوشیرێژە یان لەسەر پارزونگی رووەدەکرا یان لەسەر تریانەک تریان سەبەتەی نانی تائاوەکەی هەموو دەچۆڕاوە یان لەناو چاغانیان دەکرد ئەگەر شیرێژ کە کرابا کەشک ئەوە شیرێژەکەیان لەناو تەشتەکی روو دەکردو هەندەک خوییان بەشیرێژەکە دادەکرد و هەندەک دەیان شێلا یان دەیشێلن لەپاشان بەدەستی دەیکەنە سەرک سەرک و لەبەر هەتاوێ هەری دەخەن تاووشک دەبێتەوە کەشک لەناو فەردە یان تورەگەی خامە هەردەگیرێ بۆئەوەی هەوای بکێشێ.

**ژاژی درووست کردن:-**

کۆچەرەکان کەدەچنەوە کوێستانەکان لەوەرزی پایز ژاژی دەکەن لەبەر ئەوەی پایزان شیری ئاژەڵ چەورترو ژاژیەکە خۆشترە کاتیش بەرەو ساردی دەچێ ژاژی هەرشێرێژە بەڵام چۆنی دەکەنە ژاژی، شیرێژە لەسەر سنی ڕوودەکەن و هەندەک خوی لێدەدەن جۆرە گیایەک هەیە پێیپێدەڵێن [سیرک] یان سیابۆ ئەوجۆرە گیایە لەکوێستانان شین دەبێ وەکو قوڕادەیەیان وەکو کەوەرە گیاکە وردەکەن لەگەڵ شیرێژەکە تێکەڵاوی دەکەن لەناو پێستانی دەکەن بەمەرجەک پێستەکە کۆنی تێدانەبێ هەندەک وردە پەنیری لەگەڵ تێکەڵاو دەکەن بۆئەوەی خۆشتربێت پێستەکەش دەبێ پێستی مەڕی سپیان بێ هەرلە کوێستانەکان کۆنە ئەشکەوت هەنە ناوەکەی زۆرساردە ئەوکۆنە ئەشکەوتانە پێیان دەڵێن کۆنە پەنیر هەموو پێستە ژاژی و پەنیرەکان لەناو ئەو کۆنە ئەشکەوتانە دادەنێن پاسەوانەکی بۆدەگرن نەوەکا دەعبا بیان خوا کەگەڕانەوە لەکوێستانان لەگەڵ خۆیان دەیان هێناوە پێشان لەناو چەشاخاویەکان ورچ هەبوو وارووێدا یە ورچ چوبتە ناو کونە پەنیرەکان بەشی خۆی خواردیە.

**پەنیری مەێرە چۆن دروست دەکرێ:-**

پەنیری مەێرە جۆرە پەنیرێکە هەر لەناو کوردەواری هەیە و خواردنی لە پەنیرەکانی تر خۆشترە و نرخیشی گرانترە لە هەولێر و شارەکانی کوردستان لەناو پەنیر فرۆشان دەست دەکەوێ ئەو جۆرە پەنیرەش هەر لە پێستەدا هەر دەگیرێ پەنیری مەێرە وەکو پەنیرەکانی تر سەرک سەرک نیە یەک قالبە و پڕ بە پێستەکەیە هەر لە سەرەتای درووست کردنی وای درووست دەکەن شێوەی دروست کردنی، لە پاش ئەوەی شیر هەوێن دەکرێ دەبێتە دەڵەمە دەڵەمەکە لەسەر پارزونگ رووەدەکەن تا ئاوی لێدەچۆڕێتەوە ئەگەر پارزونگ نەبا دەڵەمەکەیان هەردەهێنجا لە سەر تریانێک ڕوویان دەکرد وەکو چۆن برنج دەپاڵێون تا ئاوی دەڵەمەکە دەچۆڕاوە وەکابانەکان هەر ئاوی دەڵەمەکیان دەهاوێشتە سەر ئاگر و هەندەک شیریان تێدەکرد و دەیان کردە لۆر لۆرەکەشیان دەپالاوت لە پاشان لۆرکە و پەنیرەکەیان تێکەڵاو دەکرد و دەیان کردە کۆمەڵ

ئەو کارە بەیەک ژن نەدەکرا بەدووژن یان سێ ژن دەکرا لەپاش تێکەڵاو کردنی لۆرو پەنیر کەلەناو پێستەکە یان دەکرد وزۆر باش پەنیرەکەیان دەپەستا ناوپێستەکە بۆئەوەی هەموو ببێتە یەک قالب بۆکوتکان لەپێستەکەیان دەداو پێستەکەیان باش پڕدەکردو لەگەڵ پێستە پەنیرو ژاژیە کان دەیان بردنە کونە پەنیرە کەوە تا مەڕدارەکان دەگەڕانەوە بۆسەر زستانە هەوارەکان لەگەڵ خۆیان ژاژی پەنیرەکە کانیان لەگەڵ خۆیان دەهێناوە پەنیری مەیرە یەک قالبە لەناو پێستەکەدا لەکاتی دەری دەهێنن بۆخواردن یان بۆفرۆشتن بەچەقو دەیبڕن وەزارەکی پێستەکەش دەبڕن بۆ ئەوەی زارەکی گەورەبێ بۆبڕینی پەنیرەکە.

## بەشی بیستەم
## مەشکە هەژاندن و کەرستەکانی

پێشەکی دێینە سەرباسی خۆشکردنی مەشکە، مەشکە لەپێستی بزن و ڕەشە ولاغ وەکو پێستی گۆلک و جوانەگاو نیرو گیسک و بزن دەبی، پێستی مەڕی سپیان بۆمەشکە دەست نادا ئەوپێستەی بۆمەشکە دییاری دەکەن دەبێ بەپەلکە هەنارو گروان و سیچکە خۆش بکرێ، مەشکە مووەکانی لێدەکەنوە بەهۆی لۆلکەی ئاردە ساواری لۆلکەکە گەرم دەکەن بەگەرمی لەناو پێستەکە دەکەنو دایدەپۆشن لەبەر گەرمی لۆلکە پێستەکە بەئاسانی هەمو مووەکانی هەردەقەنێ ئەولۆلکەیە پێیدەڵێن هەلالاو ئەو هەلالاوەکە لەناوپێستەکە دەمێنێ بۆماوەیە حەفتەک کەپێستەکە بەتاڵ دەکەن بۆنی پێستەکەو بۆنی هەلالاوەکە ئەوەندە ناخۆشو گرانە هەرکابان دەتوانی خۆی لەبەر بگری لەپاش بەتاڵ کردنی لۆلکە پێستەکە پاک دەکەنەوە و پەلکە هەناری ورد کراو بەدەرەوە و ناوەوەی پێستە کە دادەکەن چەند جارێک وای لێدەکەن تابەباشی [دەبخ] دەبێ کە مەشکەکە بەتەواوی پێوبستی بە پەلکە هەنار و گروان نەما مەشکەکە پڕدەکەن لەکاو هەڵی دائاغنن تا دەقی خۆی دەگرێ و وشک دەبێ لەپاشان کایەکە بەتاڵ دەکەن و بەبەنێک بەبەری خانووی ماڵیانەوە دەکرد بۆ ئەوەی دووکەڵی لێبنیشی دووکەڵی بخوا مەشکە چەند زۆرماباوە لەبەر دووکەڵی زیاتر باش دەبوو هەرماڵە و لەقەدەر ئاژەڵەکەی خۆی مەشکەی دەکرد هەندەک ماڵ لەماڵەکەی خۆی مەشکەی دروست دەکرد هەندەک ماڵ لەشار دەیان کڕی مەشکەش ناوی هەبوو وەکو مەشکەی نێریان یان بزنان یان گیسکان یان گۆلک ئەگەر مەشکەی جوانە گابا دەیان گوت مەشکەی گاوسی مەشکەی گەورە خاوەن مەڕە زۆرەکان بەکاریان دەهێناو بە دووژن دەیان هەژاند.

**مەشکە لە چەند بەش پێک دێت**

١- مەشکە -٢- سێپێک -٣- داری دوو گوێیە سەرەکانیان بە گوریسی لێکی دەبەستنەوە بەرزایەکەی زیاترە لە دوومەتر بۆ ئەوەی مەشکەی



پێوەشۆربێتەوە -٣- ناودۆک یان ناودارۆک یان ناوژەن ئەو شەپکەدارە لەقەدەر درێژی مەشکەیە سەرەکانی ئەو شەپکەدارە دەکەوێتە ناو کونی لۆلەپەکان.

- لۆلەپ، دووداری خڕە پان نیە لەقەدەر بەرینی مەشکەیە و ناوەندەکانیان کۆنە بۆ ئەوەی لەگەڵ نادۆک تێک هەلدەکێشرێن لەکاتی مەشکە هەڵبەستان لۆلەپەکان سەرەکانیان بەنی پێوەبوو بەنەکان لە هەنگری مەشکە دەبەستران کە مەشکەهەلدەبەسترا سێپێک و نادۆک و لۆپ و مەشکە هەموویان بەبکەوە دەبەسترانەوە و مەشکە ئامادە دەبوو مەشکە بەنەکی رەش بەڵەکی پێوەبوو زارکی مەشکەیان پێدەبەستا پێیان دەگۆت (دەربێن) وە مەشکە لەلای کلکی کونی هەبوو ئەویش بەنی پێوەبوو مەشکەی گەورە لەلای کلکی ڕوودەکرا.

**چۆنیەتی مەشکە هەژاندن**

لەپاش مەڕ دۆشین ئەوشیرەی بۆ هەژاندن هەوێن دەکرا زۆریان نەدەکولاند بۆ ئەوەی رۆنی زایدبێ ئەگەر زۆر کولابا لەگەڵ کولان چەورابێ کەمتر دەبوو هەندەک جار لەکاتی دونیا گەرمبا هەرلەپاش دۆشین شیرەکەیان هەوێنی دەکرد ئەوە پێیان دەگۆت سارده هەوێن ئەو ماستە بۆ هەژاندن بوو بەلام ئەوماستەی بۆ خواردن هەوێن دەکرا زۆریان دەکولاند بۆ ئەوەی پەیت بێ و تامی خۆش بێ و تام سۆبی ئەوەندەیان دەکولاند مەنجەڵەکە بنگڕی دەگرت بنکڕەکەیان دەدا منداڵان زۆر خۆش بوو لەپاش کولاندن تاساردەبۆوە کابان چەند جار تاقی دەکردەوە بۆ ئەوەی بزانی کاتی هەوێن کردنی هاتیە یان نا ئەگەر بەعاستەم پەنجەی گەستبا ئەوە هەوێنی دەکرد ئەوەش گەرمە هەوێن بوو ئەگەر دوونیا سارد با سەری مەنجەڵەکەی دادەپۆشی واتە سەرپۆشی دەگرد بەشتێک ئەگەر دونیا گەرمابا هەربەدەرخۆنەی خۆی سەری مەنجەڵەکەی دادەپۆشی هەندەک جار ماست ئەگەر جێگای زۆرگەرم بێ ماستەکە هەر دەبزورکێ، کابان بەرلەوەی دەست بەمەشکە هەژان بکات هەموو کەرستەی پێویست ئامادە دەکاو لەخۆی نێزیک دەکاتەوە وەکو ماست ئاو و مەنجەڵ و جامەک بۆ ماست تێکردنی ماست هەمووی لەدەورەی خۆی دادەنێ لە پاشان ئاوەکی لە مەشکەکە وردەکات و مەشکەی هەڵدەبەستی و لایەکی قیت دەکاتەوە و بەجامان ماستەکەی لە مەشکەکەی دەکات لە پاشان ئاوی بەپێی پێویست تێدەکاو بە دەستی هەر دوولای لۆلەپەکەدەگری و رای دەهەژنێی بۆ پاش و بۆ پێش و بەردەوام دەبێ لە هەژاندن ناوە ناوە رادەوەستی و زارکی مەشکەکە دەکاتەوە تەماشای دەکات ئەگەر ئاوی کەم بێ هەندەک ئاوی تێدەکا ئەگەر دونیا گەرم با ئاوی شەووی تێدەکرد ئەگەر دونیا ساردبا ئاوی سلتێنی تێدەکرد لە پاش تاقی کردنەوە کەزانی مەشکەکەی هەژایە مەنجەڵ و ستڵ و کەرەدانی دەهێنێ مەشکەی گەورە لەلای کلکی ڕوودەکرێ لەبەر ئەوە کونەکە بچوکە کەرەیان رۆنەکەرە لەگەڵ دۆیەکە نایێتە خوارێ ئەگەر بەزارکی مەشکەی ڕووبکا ئەوە بەدەستی زارکی مەشکەکە توند دەگری بۆ ئەوەی دۆیەکە کەم بێتە خوارێ لەپاش ڕووکردن چەند جارێک مەشکەکە ڕادەهەژێنێ بۆ ئەوەی کەرەکەیان

ڕۆەنەکەرەکە ببێتە یەک سەرک لەپاشان مەشکەکە قیت دەکاتەوە سەرکەڕۆنەکەرەکە دەکەوێتە ناو مەنجەڵی دۆیەکەوە بەدەستی کەرەکە دەکاتە سەرک و لەناو کەرەدانی دادەنا، کەرەدان بە زۆری گوسکەی شین بوو لەکاتی خۆی لە موسڵ دەهات کابان لەپاش مەشکە هەژاندن ئاوەکی لەمەشکە وەردەکرد و ئەگەر پێویستی بە ئاردی پەلکە هەناربا یان گروان ئەوە هەندەکی پێوەردەکرد و مەشکەکەی لول دەداو لەناو پەڕۆکەکی دەبەست هەری دەگرتەوە ئیتر هەموو ڕۆژێ بەوشێوەیە مەشکەی خۆی دەهەژاند، هەندەک ماڵ سێپێکیان نەبوو گوریسی مەشکەیان لە سەرکاریتەکی سەرتێلەی خانی دەبەست یان سەرەدارەکی ساپێتەی خانی مەشکەی گاوسی دووژن دەیان هەژاند لۆلەپەکە گەورەبوو جێگا دەستی هەردوو ژنان دەبۆوە کابان هەموو ڕۆژێک بەرەمەشکەکەی هەندەک خوێی پێدا دەکرد. لەکاتی مەشکە هەژاندن هەموو ژنەکان گۆرانی مەشکە هەژاندنیان دەگۆت گۆرانیەکانیش بەمەشکە و بەرمەشکەکەیان هەردەگۆت لەکاتی مەشکە هەژاندن ژنە جیرانەکان یارمەتی یەکتریان دەدا.

## گۆرانی مەشکە هەژاندن

**مەشکە مەشکەی حوشتری**
**لۆلەپ لەداری گوری**
**شەقەی لە مەشکەی دەدەم**
**دەنگی گەییە موسری**

**مەشکەم مەشکەی گۆلکی**
**لۆ لەپ لەدار کرۆکێ**
**شەقەی لەمەشکەی دەدەم**
**دەنگی گەییە کەرکوکێ**

**مەشکەم مەشکەی گایە**
**لۆلەپی داری چیایە**
**شەقەی لەمەشکەی دەدەم**
**دەنگی گەییە بەغدایە**

**مەشکەم مەشکەی گیسکۆران**
**تێبکەم ئازی زەندۆران**
**دەیژینم بەکیژۆران**
**مەشکەم مەشکەی بەرانی**
**تێکەم ئاوی تەلانی**
**شەقەی لەمەشکەی دەدەم**
**دەنگی گەییە عوربانی**

**مەشکەم مەشکەی چێری**
**لۆلەپ لەدار لنێرێ**
**شەقەی لەمەشکەی دەدەم**
**دەنگی گەییە هەولێرێ**

**مەشکۆرەم نەهەژایە**
**بایی سەران لێ دایە**
**بەسەر روون هەرگەرایە**

هەندەک جار کچەکان لە بەینی خۆیان گاڵتەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد لەکاتی مەشکە هەژاندن و جوابی یەکتریان دەداوە دەیانگۆت

**مەشکە مەشکەی گاوسی**
**شەقەی لەمەشکەی دەدا**

## کابان لەبەری دەفسی
## شەق لەمەشکە و کرزلەتاوە
## گوانی کەرەت گورگەل گاوە

وا دەگێرنەوە کابرایێکی خاوەن ئاژەڵ ژنەکی نەوسنی دەبێ ژنەکەهەموو رۆژێ مەشکە دەهەژێنی، بەڵام پاشەکەوتی نییە تومەزە ژنەکە لەپاش مەشکە هەژاندن نیوەی بەرەمەشکەکەی دەکاتە هەرمیشک و دەیخوات رۆژێک مێردەکەی دەڵێ ئافرەت ئێمە ئاژەڵمان هەیە و تۆش هەموو رۆژە مەشکە دەدەژینی واجە رۆنمان نیە و کەرەشمان نیە کابرا لە رکان بەژنەکەی خۆی دەڵێ شەق لەمەشکە و کرزلەتاوە گوانی کەرەت گورگەل گاوە، هەندەک جوانە گا هەبوون پێستەکەی هەنگ لێدەدا هەنگ جۆرە کرمەکە لەوەرزی بەهاران دەچێتە ناو پێستی رەشە وڵاخ و کون کونی دەکات و دەچێتە بنی پێستی بۆیە پێستەی هەنگاوی بۆ مەشکە نابێ، کەرە یان رۆنە کەرە تاواندنەو کابان هەرچەندچارەی کەرەدانەکە پڕبووبا لەکەرە بان رۆنە کەرەکەی دەتاواندەوە و ڕۆنە سافەکەی هەڵ دەگرت و لەناو هیزەی دەکرد یان لەناو گۆسکە یان ستریشک هەڵی کرد، چۆنیەتی درووست کردنی رۆنی سافی کابان ئەوکەرە کۆبوو بۆوە لەناو مەنجەڵەکی دەکردوو لەسەر ئاگری دادەنا تاباش دەتاواوە و دەقرچاوە هەرلەکاتی قرچانەوە هەندەک کەف شتی تر دەکەوتە سەرەوە کابان بەکەو گیر کەفەکەی لەسەر ڕۆنەکە هەڵدەگرت لای دەدا ئەو کەفە پێیان دەگۆت [سەردۆک] لەپاشان لەسەر ئاگری هەڵدەگرت دایدەنا عاردی تاسەردەبۆوە رۆنە سافەکە دەکەوتە سەرەوە هەندەک خڵتو خاڵ و گرمەتە خۆی دەکەوتە بن مەنجەڵەکە وردە وردە ڕۆنەکەی بەتاڵ دەکرد خڵتەکەش لەبن مەنجەڵەکە دەماوە ئەوخڵتەی بن مەنجەڵەکە پێیان دەگۆت [بندۆک] [گرمت] بەسێ شت دەڵێن گرمت ١- گرمتە شەکر ٢- گرمتە خوێ ٣- گرمتە خۆڵ بندۆکەکە ڕۆنی تێدادەما ئەو بندۆکە دەیان کردە هەرمیشک ڕوونی لەناو مەقڵی گەرمدەکەن ئەستورکی تێدەکوشن.

**داندۆک:-**

پێشـــان لەســـەرەتای وەرزی پایز مـــاست و دۆ چەور دەبوو بەشی زۆری کوردەواری داندۆکی دەکرد داندۆک خواردنی سەرەکی بوو بەشی هەرە زۆری خەڵکەکە داندۆکیان بەدۆی تێردەکرد کەم ماڵ هەبوو داندۆکی بەماستی بکات خاوەن ئاژەڵە کان دۆیان لەناو توورەگەی خامی گەورە دەکردو لەسەر کوندە رانیـــان دادەنا ئاوەکـــەی دەچۆڕاوە چوار ڕۆژ زیاتر هەمـــوو ڕۆژێ دۆیان لەناو هەمـان توورەگـەی دەکـرد دۆی چەند ڕۆژێک کـۆدەبۆوە دۆیەکـە تێـردەبو پەیت دەبوو ئەودۆیە پێـیـان دەگـۆت دۆی تیـر یان تۆراغ لەپاشان دۆیەکەیان لەناو تەشـتـان ڕوودەکـردو بەپێی پێـویست ساواریان تێـدەکـردو هەندەک خوێـیان تێدەکرد و سەریان دادەپۆشت تاڕۆژی دووەم ساوارەکە باش دەخۆشاوە لەپاشان دەیان شێلا تاخۆی لێک دەدا لەپاشان بەدەستی دەیان کردە سەرک سەرک وەکو کفتەکە هەموویان دەکردە سەرک لەسەرسەبەتان دایان دەنا و لەبەرهەتاو هەریان دەخـست ئەگـەر داندۆکـەکـە زۆربا ژنی جـیـرانەکـان یارمـەتی یەکـتـریان دەدا لەسـەربانی هەندەک قـەسڵـیـان ڕادەخست داندۆکەکـەیان لەسـەربان لەبەر ڕۆژ دادەنـا تـاوشـک دەبـووە بـەڵام تـاوشـک دەبـوو کـــــابان ڕۆژی جــــــارەک سـەرکـەداندۆکـەکـانی وەردەگـێـڕا بۆئەوەی زوتر وشک بێ داندۆک بەتەریشی دەخورا پێـیان دەگۆت تەڕەداندۆک ئەومالەی داندۆکی زورکردبا لەناو چوار و کەندو هەڵیان دەگرت داندۆک بەوشکی دەخورا لەگەڵ چای لەشارەکان زۆرماڵ بەمـاسـتی داندۆکیـان دەکرد یان لەماڵە شوان کـارەکان دۆی تیـریان دەکرێ، لەگـوندەکـان ئەومـاڵانەی ئاژەڵیـان نەبوو دۆیان لەمـاڵەکـانی خـاوەن ئاژەڵ وەردەگرت بۆداندۆک دۆی تیر دەرمانە بۆئەوکەسانەی هەتاو لێدەدا و نەخۆشی دەکەوت و ئێواری نەخۆشیەکان بەدۆی تیر چەور دەکرد بۆ بەیانە چاک دەبۆوە.

**خۆش کردنی هیزە:-**

پێستەکە لە دۆشاوی خۆشی دەکرێ. هیزە لەپێستی مەڕدەکرێ دۆشاوی تێدەکەن دۆشاوەکە پێستەکە دەگۆڕێ و هەربەنەرمی دەمێنێتەوە بۆنی ڕۆنی ناوهیزە زۆرخۆشە ئەودۆشاوەی هیزەی خۆش دەکا دۆشاوی ترێ ڕەشە.

**مەڕو بزن بڕینەوە:-**

لەکاتی جۆ زۆردەبێ خاوەن ئاژەڵەکان دەبێ مەڕوبزن و کاور و کارەکان ببڕنەوە واتە لە کۆتایی مانگی نیسانی ئەوە لەناوچەکانی گرمەستێریان لەگەرمیان، ئاژەڵ دەبڕێتەوە بەڵام لە ناوچە شاخاویەکان درەنگتر ئاژەڵ دەبڕێتەوە هەندەک ماڵ هەبوون ئاژەڵیان کەم هەبوو ئەوە پیاوەکانی ماڵێ ئاژەڵەکانی خۆیان دەبڕیەوە یان ناسیاوێک یارمەتی دەدان. لەکاتی بڕینەوە، بەڵام خاوەنی مێگەلی گەورە و زۆر ئەوە خۆی بۆ مەڕ بڕینەوە ئامادە کرد و چەند کەسێکی بانگ دەکرد یارمەتی بدەن ئەوکەسانەی مەڕیان دەبڕیەوە پێیان دەگۆتن جەو بڕ ئەو جەوبڕانە بەهەروەزبوو یان بەپارە دەگیران خاوەن مەڕەکان ڕۆژی بڕینەوە یان دیاری دەکرد و دەیان گۆت ئەمرۆ جەوبڕیمان هەیە عادەت وایە مەڕی ئەستەوبر پێشی مەڕە زا دەبڕدرێتەوە بەچەند ڕۆژێک لەکاتی مەڕ بڕینەوە وەجگە لە جەوبڕەکان چەند زەلامێکی دی یارمەتی جەوبڕەکانی دەدا ئەو زەلامانە مەڕیان بۆ جەوبڕەکان پەلبەست دەکرد ئەو ڕۆژەی مەڕ دەبڕاوە مەڕ نەدەچووە ئاقاری بۆ لەوەڕاندن هەر لەماڵەوە دەماوە شێوەی بڕینەوەی مەڕ پیشەکی مەڕەکەیان لە عاردی دەداو سێ پەلی مەڕەکەیان دەبەستاو جەوبڕ کە دەستی دەکرد بە بڕینەوەی مەڕەکە کەلایەکی تەواو دەکرد مەڕەکەی وەردەگێڕاو لایەکەی دیشی تەواو دەکرد کابرای پەل بەست مەڕەکی دیکەی بۆ ئامادە دەکرد جەوبڕەکە هەرجارەی مەڕەکی تەواو دەکرد خوریەکەی دەپێچاوە و دەیان هاوێشتە سەر کۆمەڵی خوریان بۆ مەڕ لەکاتی بڕینەوە سێ پەلیان دەبەست لەبەر ئەوەی کاتی مەڕ بڕینەوە ئاژەڵ زۆر تێر بوو ئەگەر هەرچوار پەلەکانی ببستن مەڕەکە توشی تەنگە نەفەس دەبێ لەبەر هەڵگێر و وەرگێری مەترسی ئەوە هەیە مەڕەکە بتەقی لەکاتی بڕینەوە هەندەک جار مەڕ بریندار دەبێ جەو بڕەکە هەندەک ریخی مەڕەکەی لە برینەکە دەدا بەو جۆرە بەردەوام دەبن تا هەموو مەڕەکان دەبڕنەوە، جەو مقەسێکی گەورەی نووک تیژە بەهەسانیش تیژ دەکرێ ئەو کەسەی جەوبڕی نەکردبێ نازانی جەوەکە بەکار بێنی لەکاتی بڕینەوە جەو بڕەکان ڕکابەری لەگەڵ یەکتر دەکەن دوو جەو بڕ لەیەک کات دەست بە بڕینەوە دەکەن کامیان زوتر مەڕەکە تەواو بکاتە خوریەکەی لۆل دەداو لەسەر

پشتی دواکەوتوە کەدادەنا خاوەن ماڵ بۆنانی نیوەڕۆ زیافەتەکی باشی بۆ جەوبڕکان ئامادە دەکرد خواردنەکە بەشی زۆری گۆشت بوو خاوەن مێگەلە زۆرەکان حەفتەکی دەخایاند تا هەمووی دەبڕیەوە.

**جۆرەکانی بڕینەوەی مەڕوبزن:-**

بۆبڕینەوەی مەڕ لەعاردی دەدرا بەلاّم بزن بەپێوە دەبڕاوە لەکاتی بڕینەوەی بزنان چەوبڕەکەسەری بزنەکەی لەناوهەر دووڕانی خۆی دەناو لەلای ملی دەستی بەبڕینەوە دەکرد بڕینەوە چەندجۆرێک بوو هەرجۆرەو ناوی خۆی هەبوو.

١- جۆری سابڕ بەزۆری ئاژەڵی ئەستەویر سابڕ دەکرا هەمووی دەبڕاوە

٢- جۆری بەدامەن ئەو ئاژەلاّنەی دەدۆشران دامەنیان بۆدەهێشتنەوە واتە لەسەر هەردوو سەرەڕانەکانی هەندەک خوری یان موو دەماوە بۆ پاراستنی گوانەکانی ئاژەڵەکە و گوانی دادەپۆشت.

٣- جۆری لانکانی ئەوە بۆ جوانی بوو هەندەک نێری پێشی مەڕی یان بەران یان بەردیل ئەو جۆرە بڕینەوە هەرلاتەنیشتی ئاژەڵەکەیان دەبڕیەوە واتە سەرپشتی و سەر هەر چوار پەلەکانی نەدەبڕاوە.

٤- جۆری بەپشتەک ئەوجۆرە بڕینەوە بۆ بەرخی ساواو بەران و دایکە بەرخی ساواو ئاژەڵی لەڕو لاوازبوو بۆ ئەوەی ڕۆژ لە پشتی نەدا پشتەک واتە بەدرێژایی پشتی خوری پێوە دەماوە.

٥- بڕینەوە بەدامەنو بەرۆک ئەمجۆرەش هەر بۆ جوانی بوو هەندەک ئاژەڵی جوان و بەرچاو دامەن و بەرۆکیان بۆ دەهێشتنەوە واتە پشتی ملی و بنی سنگی و قاچەکانی نەدەبڕاوە لەناو کوردەواری قسەک هەیە ئەگەر کچەکە جوان و بەرچاو ببینن دەڵێن دەڵێ بەردیلی بەدامەن و بەرۆکە.

جەوبڕەکان کە خوریەکەیان دەپێچاوە گنجی و گاڵە کەشیان لەناو خوریەکە دەنا بۆئەوەی لەکاتی فرۆشتنی خوری سەنگی گران باخوری بەدوو جۆر دەفرۆشا بەشەکیان بەدانە دەفرۆشا پێشان حۆقەو بانمان هەبوو.

**بەسەرهێنان:-**

هەندەک جارخاوەن مەڕەکان پێویستیان بەپارە هەبوو دەچونەلای پارە دارێک هەندەک پارەیان لێوەردەگرت بەسەر خوری یان تاکاتی مەڕ دەبراوە پارەکەی دەداو بەپێ رێک کەوتن یا بەسەر گەنم و جۆ پارەی وەردەگرت لەپاش چۆخین هەڵگرتن پارەکەی دەداوە.

بڕنەوەی بەرخیش هەروەکو بڕینەوەی مەڕبوو لەعاردی دەدرا بڕینەوەی کاریش وەکو برینەوە ی بزن بوو بەپێوە دەبڕاوە لەبەرئەوەی بزن لەکاتی برینەوە زۆرنارحەت بوو قاڕە قاڕی دەکرد هەندەک جار کەسانەکی دی یارمەتی جۆبڕەکەی دەداو ردێنی بزنەکەی دەگرت لەکاتی بڕینەوەی بزنان دەبایە ڕەچاوی ئەوەش کرابا مووی رەش و سپی و سۆر رەنگەکانی تر تێکەڵ نەبووبان لەبەرکاتی رێستن مووی بزنی ڕەش زۆرباش بوو بۆدرووست کردنی ڕەشماڵ لەو ناوچانەی بزنی مەرەزەیان هەبا جۆری مەرەزەکەیان تێکەڵ نەدەکرد خوری بەرخان پێیدەڵێن [لوا] مووی کاران پێیدەڵێن [کارە موولە] لە موی بزن نەرم ترە خوری مەڕی دابەستی پێیدەڵێن [روونگ] لوای بەرخان بۆلەبادو کەرکی شوانا بەکاردەهات لەشارەکانی لبادکەر هەبوون کارە موو بۆهەموو کردارێک نەدەبوو لەبەرئەوەی کورت و نەرم بوو روونگ ئەویش بۆهەموو کردارێک نەدەبوو بۆلبادی دەبوو.

**کارو بەرخ لەشیربڕن:-**

لەپاش بڕینەوەی مەڕوبزن و کارو بەرخ مەڕ بەرخی خۆی نەدەناسیەوە بزنیشی کاری خۆی نەدەناسییەوە وەهەروەها کارو بەرخەکانیش دایکەکانی خۆیان نەدەناسییەوە لەبەر بڕینەوە شیوەیان دەگۆرا هەندەک مەڕ لەپاش بڕینەوەش بەرخەکەی خۆی دەناسیەوە شوانەکە پشتی بەرخەکەی بەتەنی ڕەش دەکرد لەبەر ڕەشیەکە مەڕ کەنێدە ناسیەوە واتە لەپاش بڕینەوەی کارو بەرخ لەشیر دەبران و شەرتی بەرخەوانیش هەردەهات وا تەواودەبوو لەپاش بڕینەوە بەرخ ناوی دەگۆڕا دەبووە کاوڕ کاریش دەبووە گیسک.

**[بزموک چیە و جۆن دەکری و بۆچی بەکاردێ]**

هەندەک کـــار هەنە لەپاش برینەوەش دایکی خـــۆی دەناســـیـــتـــەوە و لەشیرخـواردن نابڕێ، جابەهۆی بزموک لەشـیرخـواردن دایدەبڕن بزمـوک پارچە داروکـەکـە بەقـەدەر ئەنیگوسـتـێک دریژدەبێ لەئەنگوست باریکتـرە هەردوو سەرەکانی لەلەدەکەن بەنەکی لەهەردوو سەرەدارەکە بەستن دارەکەی لەناو دەمی کارەکە ڕادەکەن وەکو لغاو کردنی ئەسپ سەری هەردوو بەنەکە لەقۆچی کارەکە دەبەستن لەبەر ئەوداروچکە شیری ناتوانی بخوات ناتوانی گوانی دایکی بمژێ ئەگەر کـارەکە کۆریسی بایە تورەگەیان لەگـوانی بزنەکە دەکر یان دەبەست یان مەرە. شێوەی شیربڕینی جاشک و گۆلک و جاش هێسترو جوانە ماین هەبوو بۆ لەشیر بڕین پێستی ژوژکیان لەسەر قەپۆزی دەبەست لەکاتی شیرخواردن لەبن زگی دایکی ڕادەچو دایکەکـە بۆی ڕانەدەوەسـتـا لەشـارەکـانیش شـتـی تایبەت درووست دەکرا بۆشیربڕین تەمەنی کـارو بەرخ لەڕۆژی لەدایک بونی تادەبێتە سەرە مەڕیان بزن.

**١- بەرخەنێر ٢- کاوڕ نێر ٣- شەک ٤- خرت ٥- قەیرە بەران.**

**٢- بەرخی مێ ٢- کاوڕە مێ ٣- بەردیل ٤- بەربوارد ٥- سەرە مەڕ.**

**٣- کارەمێ ساڵی دووەم گیسکەمێ ساڵی سێیەم چوشتیر ٤ چوشتیرەزا ٥ سەرو بزن.**

**٤- کارە نێر٢- گیسکە نێر٣- کور ٤- خرت ٥- قەیرە تەگە.**

خـاوەن بزنەکـان بۆبزنەکـانی خـۆیان قـەیرەتەگـەکـەم ڕادەگـرن خـرت باشـتـرە لەقەیرە تەگە شوانی پسپۆڕو خاوەن مەڕەکان تەماشای زاری مەڕوبزن بکەن دەزانن چەند جـار زایەو. تەمـەنی چەندە لەبەرئەوەی مـەڕوبزن لەریزی ددانی پێشەوەی لەدەبێتـەوە بەردیل هەرچەند جاری بزێ ددانەکـە دەکەوێ بۆمـاوەی [٣] سـاڵ ئەوددانانە پێـیـان دەڵێن گـچکە شـارەزایەکـان دەمی مـەڕوبزن لێکدەکـەنەوە دەزانن ددانی گـچکەی مـاوە یان نا دەڵێن گـچکەی پێ مـاوە لەپاش ئەوددانانە بەددانەکـانی تر دەڵێ پانکە ددانی پانکە ناکـەوێ بەددانی پشتەوە دەڵێن کاریژ شوان خاوەن ئاژەڵەکان دەست لەگوانی ئاژەڵ بدات دەزانی ئاوسە یان ئەستەویرە. دەربارەی خۆی دانیشی ساڵی چەند جارێک ئاژەڵ خۆی دەدرێ لەجێگای تایبەت ئەو جێگایە پێیدەڵێن خۆی رسک ئاژەڵ لەپاش خوی دان دەبێ زوزو ئاودرێ.

## بەشی بیستویەک
## کوندە و کوندەران

جاران لە گوندەکانی کوردستان ئەرکی ژنان زۆر گران بوو بەشی زۆری پێداویستییەکانی ماڵ لەسەر ژنان بوو، یەکێک لەو ئەرکە گرانانە ئاوهێنان بوو ئاو هێنانەکەش چ لە جۆگا یا یان کانی با، یان لە بیرەکان بوو کەرستەی ئاوهێنانی پێشان ١- کوندە ٢- جەرە ٣- مەنجەڵ ٤- کەر و تێرکە یان کەر و بەرمیل واتە بەرمیلە بچووکەکە لە هەندەک ناوچان ئاو بە گۆزە و کودی ئاوی دەهێنا هەندەک کەرستەی ئاوهێنان ئاو خواردنەوە لە قوڕ دروست دەکران وەکو جەرە، شەربە، کوپی گەورە، کەدینە، جەلعە، گۆزە، گۆسکەی شین، ئینجانە، ئەمانە هەمووی لە قوڕ دروست دەکران لەناو کورە سوّر دەکراوە [جەلعە] جۆتیارەکان پڕئاویان دەکردو لەگەڵ خۆیان دەیان بردە ئاقاری لەکاتی جۆت کردن لەبن کورتا نی هێسترە کەی دایدەنا بۆئەوەی گرم نەبێ لەبەرئەوەی پێشان بەفرنەبوو بەتایبەتی لەگوندەکان ناچاربوون ئێواران هەمووما لێک ئاوی تەواوی بۆخۆی دادەنا تاشەو بایی شەوی لێدات بۆ ئەوەی ساردبێ بەڕۆژ دەیان خواردەوە پێویستە باسی کوندە بکەین کوندە هەرلەپێستی بزن وگیسک و نێری دەبێ پێستی مەڕو ڕەشەوڵاغ بۆکوندە دەست نادات. کوندە چۆن خۆش دەکرێ پێستی ئاژەڵی ڕەشان جەفتی داری بەڕو بەجۆنی دەکوتن و لەناو پێستەکەی دەکەن، بەڵام پڕی ناکەن هەندەک ئاویشی لەسەر ئەو جەفتاوە دەکەن بۆماوەی چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوە تاڵاوی جەفتەکە پێستەکە تونتر دەبێ سی جار جەفتەکە بەتاڵ دەکەن و جەفتی تێدەکەن وە بەو سێ جارە باش توند تردەبێ دەبخ دەبی کابان دەزانێ کوندەکە کاتی بەکارهێنانی هاتیە یان پێویستی بە جەفتاوی تر هەیە لەپاش جەفتاوەکە بەتاڵ دەکەن و ئاوی تێدەکەن چەندجار ئاوی تێدەکەن و بەتاڵی دەکەن بۆ ئەوەی تاڵای جەفتەکە نەمێنێ هەندەک جار ئەگەر جەفت دەست نەکەوتبا خڕ نۆکیان لەگوندەکە دەکرد بۆ ئەوەی بۆنی خۆش بێ کوندەش گەورەو بچوکی هەبوو ئەوژنەی ئاوی بەکوندە دەهێنا کوندەکەی بەپڕ ئاووی هەڵدەگرت دەیخستە سەرنێکی ڕاستەی و بن

هەنگڵی دەستی ڕاستەی خۆی توندی دەگرت تادەهاتەوە ماڵێ ئەگەر کوندەکە گەورەبا بەکەژی کوندەکەی دەبەستاو لەپشتی خۆی هەڵدەداو دەگەڕاوە ماڵێ ئەو جۆرە هەڵگرتنە بۆ ڕێگای دووربوو جۆری بەبێکەژی بۆ ڕێگای نێزیک بوو کوندە لەسەر کوندەران دادەنرا ئەوماڵەی کوندەرانی نەبا لەجێگایەکی فێنک لەسەر هەندەک قسەل هەڵیان دەدا ناودایان دەپۆشت بۆ ئەوەی گەرم نەبێ.

**کوندەران چۆن درووست دەکرا:-**

لەگوندەکانی کوردستان بەتایبەتی لەناوچە دەشتاویە کان بەشی زۆری دانیشتوانی گوندەکان کوندەرانیان لەحەوشەکانی خۆیان درووست دەکرد. کوندەران پێک هاتووە لە دوو لادیواری لەمەترێک بەرزتر وە بەینی هەردوو دیوارەکان دوو مەتر دەبوو سەری دیوارەکان بەدار دارەڕێ دەکرا، لەپاش دارەڕێ کردن هەرلەسەر دیوارەکان قاتەکی تریان دەکرد بەهەمان شێوەو سەری ئەوقاتە شیان دەگرت بەدارو بەقەسەڵ واتە کوندەرانەکە دەبووە دووقات دیوارەکان کون کون بوو بۆهاتوچۆی باکوندە لەسەرقاتی بنەوە دادەن دراو داش دادەپۆشرا کوندە لەسەرشتی نەرم دادەنرا بۆئەوی کون نەبی بەزۆری لەسەرقەسەڵ دادەنرا دەدەپۆشرا کوندە بەشەو دانەدەپۆشرا تابای لێدابا لەبەرئەوی پێشان کارەباو سەلاجەنەبوو ماست لەبەینی کوندەکان دادەنرا بۆساردی لەبن کوندەرانەکەش بنە چەڕەکەیان دادەنا هەندەک عاردیان بۆبنەو چەرەکە قوول دەکردو پڕ ئاویان دەکرد بۆمریشکان ئەوبنە چەڕە پێیان دەگۆت چالاوکی مریشکان هەندەک جارسەگ ئاوی لەچالاوەکە کە دەخواردەوە لەبن کوندەرانەکەش وەردەکەوت ئەگەر بنەچەڕە دەست نەکەوتبا ئەشکەلکەیان دادەنا لەبن کوندەرانی بۆسەگ و مریشکان ئەشکەلک کەونە جامەکی زۆربێکەلک بوو ئەوشەوانەی بای شەماڵ هاتبا ئاوی کوندێ باش ساردەبوو پێیان دەگۆت ئاوی شەوێ دۆدانیش هەرلەسەرکوندەران دادەنرا دۆدان هەروەکو مەشکەیە دۆی تێدا هەڵدەگیرێ شیر مەشک هەروەکو مەشکە یە شیری تێدەکرێ کوندەران دەبارووی لەباکوربا بۆئەوەی ڕۆژنەی گرێتەوە دیوارەکان لەلای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دەکەن.

## بەشی بیست و دوو
## خۆشکردنی هەمبانە یان هەمانە

پێشان هەموو ماڵێک دەبوو چەند هەمبانەیەکیان هەبایە بۆهەڵگرتن
زەخیرەی ساڵانە هەمبانە بەس لە پێستی مەڕ دروست دەکرا پێستی بزن بۆ
هەمبانە دەستی نەدەدا چۆنیەتی خۆشکردنی هەمبانە، بۆ ئەوەی پێستەکە
خوری پێوە نەمێنێ کابان ئاردە ساواری دەکردە لۆلکە هەربەگەرمێ لۆلکەکەی
لەناو پێستە دەکرد بەگەرمێ لۆلکەکە پاش سی رۆژ پێستەکە زۆر بەئاسانی
خوریەکەی دەردەهات لە رەگەوە ئەو لۆلکەیە پێیان دەگوت هەلالاو کابان
لۆلکەکەی بەتاڵ دەکردوو هەموو خوریەکەی لە پێستەکە دەکردەوە ئاوەکی لە
پیستە لە وەردەکرد و بەتەواوی ئاوەکەی لە پێستە دەچۆڕاندەوە لەپاشان
پێستەکەی وەردەگێرا و هەندەک خوێی پێوەردەکرد لە پاشان هەندەک وشکی
دەکردەوە لە پاش وشک بوون هەربەدەستی هەری دەپشاوت دەستی پێیدا
دەهێنا تابەباشی دەغارەو نەرم دەبوو لەپاش غاراندن رەنگیان دەکرد رەنگەکان
سۆرو زەردو شین بوون بەهۆی رەنگەکان کابان دەیزانی هەمبانەکە چیتێکرایە
ساوارە نیسکە برویشمە لەوەرزی هاوین لەپاش هەڵگرتنی خەرمان زەخیرە
دادەنراو لەناو هەمبانان دەکراو لەسەر ئەستێرکیان دادەنا.

**ئەستێرک یان خەلانەنە جۆن دەکرا:-**

لەگوندەکانی کوردستان خانووی جۆراو جۆر هەیە بەپێی عاداتی خۆیان و
ناوچەکە لەناوچە شاخاوییەکان بەشی زۆری گوندەکان خانووی لەقەد پاڵەکان
دەکەن بەشی زۆریان خانووەکە دووقاتن یان دوونەهۆمن خانووەکە کەوادروست
دەکرێ هەموو هۆدەکان لەژورەوە لەناو یێکن لەسەرەوەش یەک سەربانە جێگای
ماڵاتی گەورەهەرلەناو خانووەکەیە ئەوە یەک سەربانە لەکاتی بەفرماڵین و
گێرانی سەربانەکە ئاسانە، بەڵام خانوەکانی دەشتایی خانووی جزیربن تاک
تاک هۆدەکی شارستانیان دەکردبەتایبەتی لەدەشتی هەولێر ئەوهۆدانە پێیان
دەگۆت ئاغەبان خانووی جزیری وەکو بەنگەڵەیە یان وەکو ڕەشماڵە سەرتیلەی

هەیە بەکاریتەو شەقلە دەکرا لەگوندەکان خانووی بەلابیان هەبوو لابیان هۆدەکی گەورە و بچوک لێک دەدەن و لەژورەوە دەبێتە یەک خانوو خانووی کوردەواری پەنجەرەی تێدا نەبوو لە ترسی دزی کونی بچوک بچوک لە قەدی دیوارەکان دەکران لابیانی خانوو هەردەم تاریک بوو ئەو ماڵانەی خانوویان بە لابیان با ئەستێرکیان لە لابیانی خانوو دروست دەکرد ئەو ماڵانەی خانوویان لابیانی نەبایە لە بنەبانی خانووەکە خەلانە دروست دەکرا چۆنیەتی دروست کردنی ئەستێرک یان خەلانە بەم شێوەیەبوو لە بنەبانی خانووەکە دوو یان سێ دیواری بچووکیان دەکرد بەبەرزی یەک مەتر یان لە جیاتی دیوارەکان داری دووگوێیان دەچەقاند سەری دیوارەکە دارەڕی دەکرا و عەسیرەک یان جیفەکیان لەسەر دادەنا بەرینی خەلانەکەش بەم شێوەیە هەرمەترەک دەبوو ئەو ئەستێرکە لایەکی بۆ هەمبانەی زەخیرە بوو لایەکی تری بۆنووینەکانیان بوو نووینی ئەوکاتەی بریتی بوو لە لەبادو جاجم و بەڕە هەندەک ماڵ مافوریان هەبوو پێشان بەشی زۆری ماڵەکان تێڕی نەخشینیان هەبوو تێڕەکەش هەرلەسەر ئەستێرک بوو تێڕەکەش کەرستەی ژنانی تێدابوو تێڕەکە بەقوڵغانگەبوو قوڵغانگەکان تێک هەڵدەکێشران قوڵغەی ئاخیری بەقفل کلیل دەدرا بەشی زۆری ماڵەکان رستەی ناو ملیان هەبوو ئەورستەیە لەناوەندێ ژووری دانیشتن بەبەرزای دوو مەتر زیاتر لەهەردوولادیواری ژورەکە بەسنگ دەبەسترا رستەکە لەبەنی ڕەنگاو ڕەنگ درووست دەکرا وسی ڕێز گوڵنکی پێداشۆربۆوە لەلای دیوارەکانیش هەردوو سەرەکانی شۆربووبوونەوە گوڵنکی گەورەیان پێوەبوو رستەکە ژن دەیان هۆناندەوە بەجۆری خڕۆکی لەکاتی نوستن جاجمەکیان بەسەر ڕستەکە دادەدا خانووەکە دەبووە دوو بەشی لایێک ژن منداڵ لێدەنوست لەلایەکی دی پیاوەکان لێدەنوستن ئەوکاتەی رستە زۆرگرنگ بوو بۆماڵان بۆجوانی ماڵیش بوو.

**تورو ملاک دان:-**

جاران خەڵک فەقیربوو شتو مەک زۆرکەم بوو پارەو پول زۆرکەم بوو لەگوندەکی ٢٠ دینار پەیدانەدەبوو لێف و دۆشەک نەبوو خواردەمەنی بەشی

زۆری خـۆمـاڵـی بوو بۆهەڵگرتن چەقـۆمـلاک و شـتی ترو مـلاک دان هەبوو تورەگـەلەبەڕە درووست دەکـراوە کـوکێـسـە بوو لـێـوارەکـان بەگـوڵـنگە بوولـەبنی رەنگاو رەنگ درووست دەکرا بەدیواری وەدەکراله ژووره وه ملاکی شیوخاوردن و ئەسکوو کەوگیرو کەرستەی تریان تێدەکرد یان لەناویان دەنا توری شوانیش هەبـوو نانـی لەناودەنا لەپشـتـی خـۆی دەبەست وەخـوێ دانی خـوێشی هەبوو ئەویش بەدیواری مـاڵێ وەدەکـرا ژنانـی پێـشـان ئـارد یان خـوی یان ڕۆنیـان هێنابەدەرێ ناوی خـوایان لەگـەڵ دەهێنا پێشـان مـلاکی ئاسن و فـافـۆن نەبوو ملاک هەمـووی داربوو ملاکی شیوخواردن زۆرکەم بووشیو هەربەدەستی دەخورا پێشـان هەرجـۆرملاکـێک ناوی خـۆی هەبوو وەکو مـلاکی شـیـوخـواردن ئەسکو ملاکەکی گەورەبوو بۆ شیوتێکردن بووملاکی ماستاوان یان دۆخواردنەوە هەبوو ئەو مـلاکـانە لەداری کـەوت درووست دەکـران یان لەداری توو دەرخـۆنەی مـەنجـەڵیش هەرداربوو هەمـوو مـاڵێک شـوونکی داری هەبوو شـوونـک شەپکەدارەکی بەدەسک بوو لەکاتی کۆرکردن جل و بەرگیان پێدەکوتا بۆ ئەوەی جلەکان پاک بێتەوە شوونک لەهەندەک ناوچان پێیدەڵێن گەراکوت وە هەموو ماڵێک کوتکی ساوار کوتانێ هەبووکوتک لەسەرەکاریتە دروستدەکراوە هەموو مـاڵێک پیـشـە قـانی هەبوو بۆ کەنگرکردن. هەمبانە ئەگـەر کون بۆوبا یان دڕا بابە پارچە پەڕۆک پینەدەکرا هەمبانە بەنەکی پێوەبوو پێیان دەگۆت دەربێن.

## بەشی بیست و سێ
## جۆرەکانی نەخۆشی ئاژەڵ و
## چۆنیەتی چارەسەرکردنی

لەبەرئەوەی پێشان دەرمانی هەمووجۆرە نەخۆشیەکانی ئاژەڵ نەبوو شوان و خاوەن ئاژەڵەکان ئەگە ئاژەڵەک نەخۆشی کوتبایە ناچاربون بەخۆیان چارەسەری بکەن بەپێی ئەوودەرمانانەی هەبون لەنەخۆشیەکانی مەڕ دەست پێدەکەین شێوەی چارەسەریەکەی

١- نەخۆشی کەچەری، ئەم جۆرە نەخۆشیە بەزۆری مەڕ دەیگرێتەوە نەخۆشیەکە تووشی دەبوو لەسەروچاوی سەری هەڵدەدا جۆری نەخۆشیەکە پشتی چاوی مەڕەکە ماکەکی سپی لێپەیدادەبوو توکەکە ی دەورەی جێگای سپی دەبوو قەت ماغەکی رەقی دەگرت ئەگەر چارەسەر نەکرابا هەمووسەرو چاوی دەگرتەوە شوانەکە بەبەرد واتە تاشەبەردەکی دڕ جێگایەکەی دەرنی تاقەدماغەکەی لەسەر هەڵدەگرت تاخوێنی لێدەهات لەپاشان شوانەکە تفەکی زاری خۆی لەبرینەکە دەدا لەپاش چەند ڕۆژێک چاک دەبۆوە.

٢- نەخۆشی دانکە، مەڕیش وەکو مێکوتەی بەشەرە دانکەی دەگرت بەزۆری مەڕی سپیان توشی دەبێ ئەگەر مەڕەک تووشی دانکە بوبایە مەڕەکانی تریش توش دەبن دانەکە زوو بڵاودەبێتەوە واتە مەڕ بۆ مەڕ دەگوازێتەوە ئەو مەڕی توش دانکە دەبوو زۆر لەبەری نارحەت دەبوو کەم دەلەوەڕا دانکە بەزۆری لەسەر و گوێلاکی دەهات چارەسەری ئەم نەخۆشیە لەلای شوان نەبوو بەبی دەرمان لەپاش چەند ڕۆژێک بەخۆی ڕەش دەبۆوە و چاک دەبۆوە.

٣- نەخۆشی پیسەکە، ئەونەخۆشیە وەکو هەڵامەتی ئینسانە مەڕەکە دەکۆخیو ئاوی لەلووتی دەهاتە خوارێ و لەوەری کەم دەبۆوە نەخۆشی پێوەدیاربوو بۆچارەسەری ئەم نەخۆشیە شوانەکە دار پیسکەی دەکردە ڕستەوە وەکو ڕستە مۆری بەبەنەکی سوّر لەملی مەڕەکە دەکرد چاک دەبۆوە دارپیسەکە جۆرە گیایێکە کەوشک دەبوو [قاتۆرەکەی] واتە نێرکەکەی ناوی کون بوو وەکو

فلین بوو لەئاقاری شین دەبێ قاتۆرەکەی هەرئەوەندەی پەنجەک ئەستور دەبوو.

٤- نەخۆشی گرکە، ئەونەخۆشیە لەئەنجامی جێگای گەرم و پیسی پەسدادەبوو بەزۆری مەڕی سپیان توشی دەبوو گرکە وەکو خورشت بوو مەڕەکە زۆرخۆی دەخوراند لەگەڵ خوراندن خوری دەردەهێنا ئەوە نیشانەی گرکە بوو شوانەکە تەماشای دەکرد دەیزانی مەرکە گرکەی گرتیە، ئەو جێگایەی توشی گرکە دەبوو تفلەکی بۆری لەسەر پێستەکەی درووست دەبوو دەرمانی گرکە تووتن و رۆن بوو.

٥- ئەسپێ پێشان بەشەرەکانیش ئەسپێیان تێدابوو ئاژەڵ لەبەر لەروو لاوازی ئەسپێی دەکەوتێ بەتایبەتی لە وەرزی زستان ئاژەڵەکە خوریشی لەلەشی دەردەهات ئەوە نیشانەی ئەسپێ بوو شوانەکە تەمەشای دەکرد بەچاو ئەسپێیەکە دیاربوو بۆ لەناو بردنی ئەسپێ وردە تووتن یان خۆڵەمێشیان بەکاردەهێنا ئەسپێیەکان نەدەمان.

٦- نەخۆشی ژان، چارەسەری نەخۆشی ژان شوانەکە بەچەقۆی گوێچکەی ئاژەڵەکە هەردەتلیشاند واتە دەی بڕی ئەگەرژانەکە لەئەنجامی زۆرخواردن باشوانەکە بەگۆپارەکەی بن زگی ئاژەڵەکە هەلدەتەکاند ژانەکەی بەردەدا و چاک دەبۆوە.

٧- نەخۆشی شەلکە، ئەم جۆرە نەخۆشیە لەئەنجامی باران زۆری و تەرو توشی مالات توشی دەبێ بەتایبەتی ئەگەر جێگایان قوڕبێ لەبەرئەوەی قوڕ دەچێتە ناو سمی ئاژەڵەکە و لەبەرتر وشکی ناو سمی دەڕزی و بۆگەن دەبێ دەبێتە برین هەندەک ئاژەڵ سەری سمی لێدە بۆوە بەزۆری لەوەرزی بەهاران ئەگەر باران زۆربا ئاژەڵەکە لەبەری دەشەلی و ناتوانی بڕوات دەرمانی شلکە شوان دەبێ ناوسمەکان خاوێن بکاتەوە و وشکی بکاتەوە خۆڵەمێشی وردی پێوەرکا ئەگەر ئاژەڵەکە توانای رۆیشتنی نەبووایە لەماڵەوە بەجیان دەهێشت هەندەک جار مانگاو گاش شەلکەیان دەگرت شەلکەی مانگا لەبەرجێگای چەقێن و بەردەرێنە لەبەرقوسیشە.

٨- نەخۆشی گراوێری ئەو نەخۆشیە لەدووشت توشی ئاژەڵ دەبێ بەزۆریش

مەڕتووش دەبێ ١- هەندەک جار لەسەرمان ئاژەڵ توشی سەرئەستوربون و بن چەنەگەی ئەستوردەبێ ٢- کەگیاتازە سەری دەردە هێنێ ئەوەتندە دەمی خۆی دەجولێنێ ژێر چەنەگەی ئەستور دەبێ لەکاتی تازە گیاشین دەبێ ئەوەندە بڵند نیە بەباشی بەبەردانی بکەوی زۆرهەوڵ دەداو کەم دیتە ناوزاری لەبەرزۆری هەوڵ دان وای لێدێ دەرمانی گراوێری مەڕی لەجێگای چڕکە دووربخەیتەوە لەپاش ماوەیێک چاک دەبۆوە.

٩- نەخۆشی زەرتک، ئەم جۆرە نەخۆشیە لەوەرزی بەهاران ئاژەڵ توشی دەبێ لەوکاتەی بەهار پیردەبێ واتە گیا بەرەوپیری دەچێ و دنیاش بەرەو گەرمی دەچێ ئەگەر مەڕلەجێگای زەمەندو پڕگیا بلەوەڕێ ئوجێگایە بەکەنگر بێ و کەنگرەکەش گوڵی دەبێ ئەم جۆرە جێگایانە برک دەکا لەبەرئەوهۆیانە مەڕتوشی زەرتک دەبێ هەرمەڕیش زەرتکی دەگرێ ئەومەڕانەی توشی زەرتک دەبن ماستاویان دەدەنێ وچاک دەبنەوە.

١٠- نەخۆشی ریخاندن، واتەزگ چۆن هەندەک جارئاژەڵ توشی ریخاندن دەبن لەبەرچەند هۆیەک ١- زۆرخواردن بەتایبەتی بەهاران ئەوشوانە کەدەزانی ئەگەرلەبەرتێرخواردن بێ ئەوەزۆر باشە بەخۆی چاک دەبێتەوە ئەگەرلەبەرنەخۆشی با شوان دیزانی هەندەک ترشاوی دەدا ئاژەڵەکە و چاک دەبۆوە ئەگەر کار و بەرخ با ئەوە لەبەر زۆری شیرخواردن بووخۆی چاک دەبۆوە.

١١- هەندەک جار ئاژەڵ بەدان دەکەوت واتە لەبەر جۆخواردن یان گەنم خواردن بەدان کەوتن بەشی زۆری مەڕبەدان دەکەوێ ئەوە نەخۆشی نەبوو لەئەنجامی زۆرخواردنی دانەوێڵە بوو کەمەڕەکە دەکەوت دەیان گوت بەدان کەوتیە هەندەک جاروادەکەوت بەحال بەچەقۆ رادەگەیشت ئەوەدەیان گوت دان لەپەلی دایە چارەی نەبوو هەندەک جار دابەستی زۆری جۆدەدەنێ بەدان دەکەوێ دەرمانی بەدان کەوتن ماندوی دەکەن راوی دەنێن زگی هەڵدەکەتێن دەریخێنی چاک دەبێتەوە مەڕئەگەربەدان بکەوێ بریخێنێ تازە مەترسی بەدان کەوتنی نامێنێ مەڕلەکاتی دەغل و دان دەدرویێتەوە و مەڕ لەپەریزێ دەکرێ مەڕ بەدان دەکەوێ شوان ئەگەرزانی بایە مەڕدانی

زۆرخـواردیە ئەومـاوەیەک مـێگەلەکـەی دەبردە ناووەردی هەندەک لەپەرێزێ دوور دەخـسـتنەوە و مـاندوودەبوون جـۆرە گـیـایەک هەبوو لەوەرزی هـاوین لەناوەوەردان شین دەبووپێـیـان دەگـۆت [پتـۆت] ئەگـەرمـەڕ ئەوگـایایەی خـواردباو دانیـشی خـواردبا هەندەک جـار مـەڕ پێی دەمـرد شـوان خـۆی دەپاراست لەوجێگایانەی پتۆتی لێبوو. بزن بەدان ناکەوێ.

١٢- تەبەقە، تەبەقە مالاتی گەورەو قەڵەو گران توشی دەبێ بەتایبەتی ئەگەر لەجـێگای ڕەقـو چەقێـن و بەردەرێن بلەوەڕێ بەشی زۆری ڕەشـەولاغ توشی تەبەقـەدەبێ تەبەقە بنی پێـیـەکـانی دەگۆی و دەکوترێ لاسـمەکـان دەتەقـێـو دەبێتـە برین لەبەری دەشەلی، دەرمـانی تەبەقە خوێ و ڕونە چەوری دەکەن و لەماڵەوە دەمێنێ و ئالیکی دەدەنێ هەتا چاک دەبێتەوە.

١٣- گـوان هێـشـە، گـوان هێـشـە لەوەرزی بەهاران ئاژەڵ تـوش دەبێ نەخـۆشی گـوان هێـشـە هەرئاژەڵی وردە وەکـو مـەڕو بزن ئەو نەخـۆشیـە دەگرن لەوەرزی بەهاران کەئاژەڵ تێردەخواو گوانەکان پڕشیری دەبێ گـوان هیـشـە لەدووشت توشی ئاژەڵ دەبێ یەکـەم ئەگـەر ئاژەڵ بەنـاو جـێگای بەدڕکـوداڵ دا بڕوات دڕک لەگوانی ڕادەچی و گـوانی بریندارەدەبێ جەراعـات دەکـاو ئەستـور دەبی شـیـرەکـەش پیس دەبی بەکـەلـک خـواردن نایێت جـۆری دووەم ئەگـەر ئاژەڵ لەوەرزی بەهـار نەدۆشرێ و نەمژرێ گـوانی پڕشـیـر دەبێ شـیـرەکـە لەگـوانی دەگەڕێتەوە لەبەر پڕشیری گوانی لەژۆرێ گرێ لێپەیدادەبێ جەراعات دەکاو شـیـرەکـەش پیس دەبێ دەرمـانی گـوان هێـشـە دەبێ زوزو ئاژەڵەکە بدۆشرێ پێشـان کەئاژەڵ تـوشی گـوان هێـشـە دەبوو مێگەلەکەیان دەبردە سـەرچاکـان بەتایبەتی سـەر مـەرقـەدی ئەسـحـابە ڕەش قـەبرەکـەی لەدۆڵـی ئەسـحـابان بوو من خۆم مێگەلم بردیتـە سـەر ئەسـحـابەرەش بەلام گـوان هێـشـە چاک نەبووە لەکـاتی ئاژەڵ تـوشی گـوان هێـشـەدەبێ دەبێ کـارو بەرخ هەر لەگـەڵ دایکی بێت بۆ ئەوەی بەردەوام گـوانی بمژێت هەرچەنـدە گـوانی بەتاڵ بێت ئەوەندە باشترە.

١٤- کـوێرەبوون یان گـوێربوون، لەوەرزی هاویـن لەکـاتی لەناو پەرێزێ ئاژەڵ دەلەوەڕا [قـرچخ] لەچاوی ئاژەڵێکە ڕاچوو چاوی ئاژەڵەکـە بریندار دەبوو

شین هەردەگـەڕا و ئاوی پەیدا دەهاتە خـوارێ شـوانەکـە هەندەک خـوێی و قـومـەک دۆی لەناو دەمی خـۆی دەکـرد چاوی ئـاژەڵەکـەی لێـک دەکـردەوە و دۆیەکەی ناو دەمی لەناو چاوی ئاژەڵەکە دەکرد بە دوو جار چاووی ئاژەڵەکە چاک دەبۆوە بەس کۆرە بوون چارەی نەبوو.

١٥- نەخـۆشی گـێـژی ئەو ئاژەڵەی تووشی نەخـۆشی گـێـژی بووبا بەتەنیـا رادەوەستا دووجار دەسوڕاوە لە مێگەلیش دادەبڕاو رووی لەلاێک دەکرد یان لە مێگەلی بەجێ دەما چارەسەری گێژی سەر بڕین بوو چاک نەدەبوو.

١٦- خواربوون، خوار بوون زۆر کەم بوو جار و بار ئاژەڵ خوار دەبوون لەپاش مەڕ بڕینەوە خـواربوون سەری هەڵدەدا ئەو ئاژەڵەی تووشی خواربوون دەبوو لەکاتی ڕۆیشتن خوارە و خوار دەڕۆی ئەو نەخۆشیە هەر مەڕ و کاوڕ تووشی دەبن هۆی خواربـوون لە (سور نانک) پەیدا دەبێت چارەسـەری ئەو نەخۆشیە سـەر پشـتی مـەڕەکـە رەش دەکـەن بەتەنی و رۆن لەپاش چەند رۆژەک چاک دەبێتەوە.

١٧- باقـۆ، باقـۆ بوون نەخـۆشی نیـە هەندەک کـار و بەرخ کـەلە دایک دەبێ دایکەکـەی دەمـرێ و شـیـری مـەڕی دیکەی دەدەنێ وەکـو کـارە مـێـژکـە بەرخەمێژکە وایە هەردەبێ شوان مەڕی بۆ بیگرێ تاهەندەک شیری دەخوا ئەویش بەتێری نیە بۆی لەجیاتی قەڵەوبێ هەردەبنێسی و لەڕە و هەڵ نادا واتە گەورەنابی بەوجۆرە کارو بەرخانە دەڵێن باقۆ بوونە

**نەخۆشیەکانی ئاژەڵی ڕەشان واتە بزن:-**

بزن کەمتر توشی نەخۆشی دەبن نەخۆشیەکانی بزن ئەمانەی خوارەوەن

١- سەرئەستور بوون چارەسەرەکەی وەکو سپیانە.

٢- گڕودەبی وەکو گرکەی مەڕ وایە وەک مەڕیش چارەسەر دەکرێ.

٣- بزن ژان دەگرێ وەکو مالاتەکانی دی چارەسەر دەکرێ.

٤- بزن شلکەش دەگرێ وەکو ئاژەڵی تر یان مالاتی ترچارەدەکرێ.

٥- بزن دەریخێنی وەکو مەڕ بەلام بەدان ناکەوی.

٦- بزن کەمتر پسکە دەگرێ بەلام زەرتک ناگری.

٧- بزن وەکو مەڕ ئەسپێ ی دەکەوتێ.
٨- بزن بەلە باقـەی دەگـرێ بەلەباقـە ژانەنی زوور تـوند دەگـری و لەبەری دەقاری و بەژانەکە دەمری.

**سوڕ ناتک و کاری گەری سوڕناتک:-**

سـوڕنـاتک جـۆرە گـیـاێکە لەئاخـیـرو ئۆخـری وەرزی بەهار شین دەبێ لەناو چەکـانی گـەرمـیـان بەتایبەتی لەقـەراج و دەشـتـی هەولێـر لەناو پەرێزان و ناو وەردان شین دەبێ کـەتازە لەخـاک دێتـە دەرێ زۆر زەرەری نیـە بەناسکی ئاژەڵ دەیخـوات بەڵام لەکـاتی گـوڵی دەکـا ئاژەڵ نایخـوا لەپاش گـوڵ کـردن بۆنی زۆر زەرەری بۆ ئاژەڵی دەم چاو سپی هەیە کاری گەری سورناتک لەسەر بزنی سپی و ئەسپ و مـاین و مەڕی سـەرو چاو سـپی هەیە سـەرو چاویان شـەقـار شـەقـار دەکات هەندەک جار ئەسپ لچو لێووی ئەستوردەبێ و لەلەوەڕدەکەوێ ئەسپ و مـاین سـوڕ نـاتک لەسەرو قـەپۆز و چوار پەلیـان دەدا خـاوەن مـاڵاتەکـان سـەرو لموزی ئاژەڵەکـانی سەرو چاو سپی بەتەنی و ڕۆن ڕەش دەکـەن سوڕ نـاتک کـار لەڕەش ناکات. هەندەک جار ئاژەڵی وردە کوێردەکات سوڕ ناتک زۆر بەزەرە.

**ئاژەڵ دروشم کردن:-**

پێشـان ئەوخـاوەن مەڕانەی مەڕیان زۆر هەبووهەرمـاڵەو دروشـمی تایبەتی خـۆی هەبوو دروشم واتە نیـشـانە سـودی دروشم کـردن ئەوەبوو ئەگـەر ئاژەڵەک دابڕابا یان بزر بووبا یان لەکـاتی تێکەڵاو بوون بەدروشــمــەکــە دەناســراوە دروشـمـەکـان بەشی زۆری لەگـوێچکەو ڕوومـەتی ئاژەڵەکـە دەکـرا هەرمـاڵەو نیـشـانەی خۆی هەبوو دروشمەکە داغ کردن بوو یان کـونکردن بوو گـوێچکەی ئاژەڵەکەیان هەڵدەتلیشاند. هەندەک جار قازو مراوی پەرەو لیش ئیشانە دەکرا بۆ ناسینەوە.

**ئاژەڵ ڕەنگ کردن:-**

لەکـوردسـتـان ئاژەڵ ڕەنگ کـردن دەکـرا ئەو ڕەنگ کـردنەش هۆکـاری تایبـەتی

خۆی هەبوو بەشی زۆر ئاژەڵی سپیان ڕەنگ دەکرا، ئەوانەی جەلەب کڕبوون جەلەبەکەی خۆیان ڕەنگ دەکرد بۆناسینەوەی جەلەب واتە ئەوانەی مەڕیان دەکڕی وەدە فرۆشتەوە شوانیش بۆجوانی سەرپشتی بەرانی ڕەنگ دەکرد بۆجوانی شوان ئەگەر گرە بەرانی دەست کەوتبا پشتی بەرانەکەی بەگرە بەران ڕەنگ دەکرد [گرە بەران] جۆرە بەردەکی نەرمە لەبن عاردیە ڕەنگی زەردی خەنەییە وردەی دەکەن پشتی ئاژەڵی پێیڕەنگ دەکەن.

### جۆرەکانی خەساندی ماڵات و خەساس کێیە:-

لەکوردستان ماڵات خەساندن مەرامی تایبەتی خۆی هەبوو ئەو ماڵاتانەی دەیان خەساند ئەمانەبوون ١- جوانە ئەسپ ٢- جاش هێستر ٣- جوانەگا ٤- گیسک ٥- کاوڕ سود لەخەساندن چیە و چۆن دەیان خەساند هێسترو بارگین و جوانەگا لەکاتی خەساندن چەند زەلامێک بەگوریسی لەعاردیان دەداو چوار پەلیان دەبەست خەساس بەچەقۆ گونی هەردەتلیشاندو هەردوو هێلکەی گونی دەردەهێناو لاخەکە لەپاش خەساندن سێ ڕۆژ توانای خواردن وڕۆیشتنی نەدەما ڕپ ڕادەوەستا هەندەک جار خەساس لەجیاتی گونی ماڵاتەکە دەربێنی گونی ماڵاتەکە لەسەربەردەکی پان دادەنێ پارچە لبادەکی لەسەر بەردەکە دادەنێ بەکوتکی دار گونی ماڵاتەکە پان دەکاتەوە کەریش هەروەکو هێستر دەخەسێنن مەبەست لەخەساندنی ئەسپ و هێسترو کەر بۆکارکردن ئاسانترە و فەقیر دەبن بەڵام جوانەگا بۆ فەلاحەت و جۆت کردن بوو ئەگەر جوانەگا نەخەسێنن لەبەر غروری کاری پێناکرێ ئاژەڵی وردەش دەخەسێنن بۆ ئەوەی قەڵەو گەورەبێ واتە کاوڕو گیسک خەساندنی دەمارەکانی گونیان دەقرتێنن ئاژەڵ لەپاش خەساندن هەست بەخۆی ناکا نێرەگیسکە خەساو بۆنێری پیشی مەڕیش دەبێ.

### دەست نیشان کردنی بەرخ بەران و کار بۆتەگە:-

خاوەن مەڕەکان هەرلەکاتی مەڕ دەزا یان بزن دەزان بەرخ بەرانی جوان و بەرچاوی سەر و کەللە گەورە و گۆی شۆڕی دەست نیشان دەکردو ناوی لێدەنا بەرخ بەران کاریش بۆتەگە هەروەکو بەرخ بەران دەست نیشان دەکرا بەرخی

حەمرانی و لموز کوڕ بایە پەسندبوو ئەوکارو بەرخانەی بۆبەران و تەگە دییاری دەکران ناویا لێدده نان و زیاتر خزمەت دەکران وە خۆشەویست تربوو کار لەکاتی دەبووە گیسک زیاتر نیشانەی باشی پێوە دییاربوو ئەگەر گیسکەکە گونی دوو فلیقان بایە پەسەند تربوو دەیان گۆت بزنی گوان گەورەی لێپەیدادەبێ بەرانی گون گەورە باشتربوو.

## بەشی بیست و چوار
## مریشک و جۆرەکانی

لەگوندەکانی کوردستان هەموو جۆرە پەڕە وریان بەخێو دەکرد وەکو مریشک قازو مراوی و عەلەشیش بەخێو دەکران لەبەرئەوەی جاران دەواجن نەبوو هەرماڵەو بەشی خۆی پەڕوری بەخێو دەکرد ژنی کوردەواری پێدا ویستیەکانی ماڵی بەهێلکە فرۆشتن دابین دەکرد وەجارو باریش لیان دەفرۆشت و بۆخۆشیان سەریان دەبڕی هێلکە و مریشک یان دەیان نارده شاری یان بەقاڵ لە گوندەکان دەگەڕان پێداویستی ژننانی بە هێلکە دەگۆڕیەوە بەو بەقالانەیان دەگوت (دێوەرە) دێوەرەش دووجۆریان هەبوو ئەوەی بانگی دەکرد دێوەرە بازنۆکە دێور کۆتروکە دێورە قەنەفڵ ئەوە ناوی دێوەرەبوو ئەوەی لەناو گوندی دەگەڕا و سەری کەرەکەی رادەکێشا بانگی دەکرد پارە بە هێلکە شخاتە بە هێلکە سابوون بەهێلکە ئەوە بەقاڵ بوو ئەو بەقاڵە هەمووشتەکانی بە هێلکە دەدا بەڵام دێوەرە شتەکانی بەشی زۆری بەخووری دەداو بارەکەی لە بارگین باردەکرد بەشی زۆری دێوەرەکان خەلکی لای موسڵی بوون وردەواڵەی منداڵان و بنیشت و قیری حەمام عەلی و شتی کچە جاحێلەکان و شتی ژنان وەکو بازنۆکە و گوارە و مۆری و دەرزیلە و کۆتروکەو قەنەفڵ وردەوارەی تر ئەو دێوەرانە بەشی زۆریان شەبەک بوون بەقاڵی پارە بەهێلکە ئەوانە خەڵکی وڵاتی خۆمان بوون جا ژنانی گوندی هێلکەیان کۆدەکردەوە تا بەقاڵ دەهات هەموو پێداویستی ماڵی لەسەر هێلکە دەخورا یان هێلکەکیان دەدا منداڵەکی ئەویش لە بن ئاگری دەنا تا دەبرژا و دەیخوارد، جاران پارە زۆر کەم بوو ١- فلووس شتی پێدەکڕدرا ناوی پارەی ئەوکاتە ئەم جۆ پارانە بوون بچوکترین پارە ١- فلووس بوو ٢- دووفلووس ٣- عانە چوار فلووس بوو ٤- ١٠ فلووسی ٥- ٢٥ فلووسی ٦- ١ درهەم، ١٢ عانەو نیو بوو دەیکردە ٥٠ فلووس ٧- ١ ربع ٥ درهەم بوو ٨- نیو دینار ١٠ درهەم بوو، ١ دیناری ٢٠ درهەم بوو، ١٠٠٠ فلووس بوو ٩- ٥ دیناری ١٠٠ درهەم بوو، ٥٠٠٠ فلووس بوو ١٠- ١٠ دینار ٢٠٠ درهەم بوو، ١٠٠,٠٠٠ فلووس بوو، جاران پارە لە ١٠ دیناری

گەورە تر نەبوو، جاران لە گوندەکان ١٠ هێلکە بە ١ درهەم بوو بە قاڵەکان دەیان کڕی ئەوانیش لە شارەکان دەیان فرۆشت دووکانداری شارەکانیش کۆیان دەکردەوە لەگەڵ کای لە سندوقی داریان دەکرد و ڕەوانەی بەغدایان دەکرد لەکاتی داگرتنی سندوقەکان هێلکەی گەورە و بچوکیان جیادەکردەوە ئەوکاتەی من باسی دەکەم جۆری سەیارەکان پاسی داربوون لەسەر جەنجەی پاسەکە دایان دەنا.

**(ناو و جۆرەکانی مریشک)**

پێشان و ئێستاش مریشک ناو و جۆری خۆی هەیە بەتایبەتی لە گوندەکان بەڵام پێشان زیاتر گرنگی بە مریشک دەدرا بەتایبەتی مریشکی خۆماڵی وەشێوەی بەخێوکردنیشی وەکو ئێستا نەبوو، مریشکی خۆماڵی ئێواریێ و بەیانیان دانیان دەدانێ وەکو مریشکی دەواجن نەبوون مریشکی خۆماڵی بەرەڵادەکران لەسەر گوفەکەکان دەگەڕان و دانیان دەخوارد گوفەک جێگای زبڵ فڕێدان بوو لە گوندەکان گوفەک هەبوو ئەو گوفەکانە هەموو جۆرە زبڵێکی لەسەر فڕێ دەدرا هەندەک جار زۆر دەبوو ئاگریان تێبەر دەدا.

**(ناوەکانی مریشک)**

١- قوندە ٢- کلک فس ٣- گوپن ٤- سپی ٥- رەش ٦- سۆر ٧- سەر بەپۆر ٨- بۆر ٩- جینجڕ ١٠- عەلمودە ١١- پۆپیتە خوار ١٢- کرمەشانی ١٣- پێبەکورک وەجۆری تریشی هەبوو لە گوندەکان ئەگەر مێوان یان کەسانەکی خۆشەویست هاتبا ئەوە مریشکەک یان کەرەبابەکیان بۆ سەر دەبڕی کابان دەگەڕا کام مریشک هێلکەی نەکردبا ئەوی سەر دەبڕی بە مریشکی هێلکەکەریان دەگۆت سەرەمر مریشک لەکاتی کورک دەبی یان کڕدەکەوی هێلکەکانی لە بنی دادەنێن هەمووی خەتەکی رەشی لێردەکەن بۆ ئەوەی کابان غەڵەت نەکات نەوەکە مریشکی تر هێلکەی لەبن مریشکە کورکەکە بکات مریشک بە ٢١ رۆژ جوجکە هەردەینی مراوی و قاز و عەلەشیش بە ٣٠ رۆژ جوجکە هەردەینن کابان دەتوانی هێلکەی مراوی لە بن مریشک دانێ یان لە بن عەلەشیش دانێ مراوی بەشوان هێلکە دەکا تەمەنی مریشک کە لەهێلکە هاتەدەرێ پێیدەڵێن جوجکە لە پاشان فروج یان بارۆکە لە پاشان سەرەمریان هێلکەکەر.

# بەشی بیست و پێنج
# جل و بەرگ و خۆ شوشتن

ژیانی جاران جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ژیانی ئێستا ئەوا ساڵی ۲۰۱۰ یە ئەوەی من باسی دەکەم ساڵانی ۳۰ و ٤۰ کانە زۆر شتی پێشان لەبیر کرایە لەبارەی جل و بەرگ پێخەفی کاتی جاران کە من منداڵ بووم ئەوکاتە پارە و پول کەم بوو ئیش و کار لە گوندەکان یان فەلاحەتی بوو یان ئاژەڵ داری بوو لەبەر دەست کورتی. واتە فەقیری توانای شت کڕینیان نەبوو ئەوەی هە بوو نەبوو بەرهەمەکەی ساڵانەی خۆیان هەبوو وەلە شارەکانیش ئەوەندەشت و هەموو جۆرە کەرستانە نەبوون هاتوو چۆش بۆ شارەکان لەکاتی پێویست دەچوونە شارەکان بە پێیان کەم کەس وڵاغی سواری هەبوو ئەوەی وڵاغی سواری هەبایە لە دیوەخانان باسی دەکرا و دیاربوون بۆ ڕێگای دوور هات و چۆ بە سواری کەر و هێستر وڵاغی بەرزە بوو لەبارەی جل و بەرگ تاک تاک هەبوو دوو دەستە جلکی هەبێ بەشی زۆری ژن و پیاو هەریەک دەستە جلکی هەبوو منداڵ تاتەمەنی دەگەیشتە حەفت ساڵان هەر کراسەکی تۆلەیان جانگی لەبەردا بوو واتە (دزداشە) دەرپێ نەبوو بەتایبەتی کوڕ بۆ کچان دەرپێیان بۆ دەکرد لەبەر ئەوەی بەرگ دروو لە گوندەکان نەبوو جل و بەرگی پیاوان و ژنان هەر ژنەکان بەدەستی دەیاندووری بەڵام ژن کورتەکی پیاوانیان نەدەدووری لەبەر ئەوەی کورتەکی پیاوان بە لۆکە بوو شاقەلێشی درێژ بوو تا سەر چۆکانی شۆڕ دەبۆوە بەڵام کراس و دەرپێ و ڕانکوچۆغەڵیان بۆ پیاوان دەدروی وە هەروەهاش ژن کراس و دەرپێ و جاروگەو بەرامپیل هەمووی ژنەکان دەیان دووری بە دەرپێی ژنان دەڵێن ئاوەڵکراس ژنەکان پێیان عەیبە بڵێن دەرپێ لەبەر ئەوەی جل و بەرگ کەم بوو بەشی زۆری خەلکەکە جل و بەرگیان بەپێنە بوو کە دەدڕا پێنەیان دەکرد ژن ئەو ڕۆژەی کۆری کردبا یان جلی شۆری با پیاوی ماڵی کەونە کراسەکی خێزانەکەی خۆی لەبەر دەکرد تا جلەکانی وشک دەبوونەوە یان خۆی لەبن جێی دەنا تا لەکۆرێ یان کۆڵی دەهاتنەوە پیاوەکانی پێشان هەر کراس و کورتەک و دەرپێ هەبوو کەم کەس کورتەکە و

شەلوار و جل و بەرگی تەواوی هەبوو هەندەک مالّی دەولّەمەند هەبوون جل و بەرگی باشیان لەبەر دەکرد ژنە دەولّەمەندەکان ئەوانیش جل و بەرگی باشیان لەبەردەکرد لەکاتی شای و بووک گواستنەوە ژن ئەگەر هەبا کراس و کەویی و بن کەویّ و هەوری هێزارو چاروکی سەرمالان هەمووی هەبوو بەلاّم هەموو ژنەک ئەوەی نەبوو، لەبارەی پێلاّ و پیاوەکان بەشی زۆریان پێلاّوی لاستیکیان لە پێی دەکرد ئەو جۆرە پێلاّوانە پێنەدۆزەکان لە شارەکان دروستیان دەکرد لاستیکەکە تایەی سەیارە بوو سەرەکەی قایش بوو بە بزمار لێک دەدرا، هەندەک کەس هەربنە پێلاّوەکەی دەکری بە خۆیان سەرە پێلاّوەکەیان دەچنی بەبەنی بە شوژنی دەیان چنی بن پەرگەکەشی بەنی موو بوو پێلاّو چنین هەموو کەسەک نەیدەزانی بۆ پێلاّو چنین دووجۆرە بەن هەبوو سەر پەرگ و بن پەرگ واتە بناغەی پێلاّوەکە بەبن پەرگی دەدروا سەری پێلاّوەکەش بەسەر پەرکی دەچەندرا پێلاّو لەکاتی جێگایەکی دەدڕا دەیان بردە لای پینە دۆز دەیان دووریەوە ئەگەر هەروەشابا دەیان بردە لای پینە دۆز دەیان گۆت (جورغەکی) لە پێلاّوەکە بدە بنی پێلاّوی چەند جار پینە دەکرا دروینی جل و بەرگ ٣ جۆر بوو ١ بنکێش ٢- سەردرو ٣- داکرتنەوە ٤- قونە دەرز دورمانی قونە دەرز بۆ پێخەی کراسان بوو بە قونە دەرز دەیان نەخشاند بەتایبەتی کراسی پیاوان پێشان کراسی ژنان و پیاوان ئەنگوچکی هەبوو لەهەندەک ناوچان دەلّێن فەقێیانە پیاوەکان ئەنگوچگیان لە قۆلّی خۆیان دەئالاّند لەکاتی نوێژ کردن بەریان دەداوە بەلاّم ژن ئەنگوچکیان لێک دەبەستاو دەیان هاوێشتە سەر ملیان.

**(زێڕ و خشلّی ژنان یان چەک و خشلّ)**

هەموو کاتەک چەک و جلکی ژنان لەیەک تر جودا ناکرێتەوە لەکاتی کچەکان دەکەنە بووک چەک و جلکی بۆ دەکەن دەیڕازێنەوە هەردووکی لەگەلّ یەکتر دەکەن واتە چەکەکە خشلە واتە زێڕ و زیو خشلّی پێشان ئەمانە بوون بازنی زێڕ بازنی زیو بازنی شوشە بازنی شاخ بازنی دلمیج بازنی مەزرنگی لە زیو دروست دەکرا بەربازنیش رستە مۆری بوو گواری دووگۆ گوارەی سێ گۆ

گوارەی چوارگۆی بەکاریتە ئەوە گوارەیە زۆر قورس بوو بەبەنی دەبەستراوە و لەسەر سەری خۆی دەبەستاوە جۆرەکانی تر خەناو کە و پشتە سەرە و لاسەرە بسکۆکە و جۆجە و خەزیم و شەپکە و لولە و قویتاس و کەمەرەی پشتێ و پارەی سەر سەری و تاس و کرمۆکە ئەوانە هەمووی هەبوون بەلاّم هەموو ژنەک نەیبوو.

**(پێلاّوی ژنان)**

لەکاتی ئیش و کار ژنیش لاستیکی لەپێ دەکرد یان یەمەنی بەلاّم بۆ بووکان دوجۆرە قۆندەرە هەبوو قۆندەرەی دگ دگی و قۆندەرەی حەفت پارچە، هەندەک پیاوی جوامێریش پێلاّوی یەمەنی لە پێ دەکرد پێشان گۆرەوی نەبوو هەندەک کەس گۆرەوی بەنی بۆ خۆی دەچنی ئەویش کەم بوو.

**(خۆ شوشتن و جل و بەرگ شوشتن)**

لەناو کوردەواری دووجۆرە خۆشوشتن هەبوو یەکەکیان ئەگەر (غوسلی) لەسەربا ئەوە دوومەسینە ئاوی گەرمی لەناو سەر شۆرکی بەخۆی دادەکرد و هەربەتەریش جلکەکانی لەبەر خۆ دەکرد لەناوچە شاخاویەکان ئەو گوندانەی کانیاویان هەبوو بۆ (غوسل) دەرکردن پێشی نوێژی بەیانی ژن و پیاو دەچوونە سەرکانی بۆ غوسل لە خۆ دەرکردن ئەوکاتە خاولی نەبوو بۆ خۆ هیشک کردنەوە لەگوندەکانی خۆشناوەتی کانیەکان دەکرانە دووبەش بەشی لای سەرەوە بۆ ژنان بوو بەشی خوارەوە بۆ پیاوان بوو، جۆری دووەمی خۆشووشتن زۆر کەم بوو بەتایبەتی لەوەرزی زستانان لەبەر ئەوەی حەمام نەبوو جێگای سەرشووشتن سەرشۆرک بوو سەرشۆرک هەر لەژووری مالّی یان ناو تەوێلەی ولاّغان لە قولێنچەکەکی خانی چیفەگیان دەکردە پەناو لەناو تەشتێ خۆیان دەشوشت بەسابوونی بەزی سابونی بەزی جۆرە سابوونەکی سپی بوو بۆنی خۆش نەبوو ئەویش مانگی جارەک بوو لەبەرئەوەی پێشان سابوون زۆر کەم بوو دانیشتوانی گوندەکان سوودیات لە ئەسپوون گولۆکە وەردەگرت (ئەسپۆن) رەگی جۆرە پنچکەکە لە دامەنی زوورگەکان هەبوو لەلکە جۆمەکان هەبوو

کچەکانی گوندی دەچوون ڕەگەکانی ئەو پنچکەیان دەردەهێنا دەیان هێناوە ماڵێ پاکیان دەکردەوە لەبەر هەتاو هیشک دەکراوە بەجۆنی دەیان کوتاو وردیان دەکرد جلک و بەرگیان پێدەشوشتن گولۆکەش جۆرە گیایێک بۆ بەهاران لە ئاقاری شین دەبوو گوڵەکی زەردی دەگرت بنی ئەوگیایە وەکو پەتاتەیە ژنەکان لە بن عاردی دەیان هێنا دەرێ بە پیشەقانی ئەو سەرکە گولۆکانەیان بەچەقۆ سپی دەکرد و وشکیان دەکردەوە بە جۆنی دەیان کوتا و کۆریان پێ دەکرد کەفیشی دەکرد لە هەندە ناوچان بە ئەسپوونی دەڵێن، چۆغان لەناوچە شاخاویەکان کۆریان بە کۆرە مشکی واتە خۆڵەمێش دەکرد لەبەرئەوە ئەسپۆن و گولۆکە نیە خۆڵە مێشی دارەبەنێ باش بوو بۆ جل شۆرین پێشان شامپۆ نەبوو بۆیە ژنانی گوندەکان گلەسەریان بەکار دەهێنا لەشارەکانیش ژن گلە سەریان بەکار دەهێنا بۆ نەرمبوونەوەی پرچیان ژنەکان پێشی خۆ شوشتن هەندەک گلەسەریان لەئاوی دەکرد لەسەر و پرچی خۆیان دەدا و لەپاشان خۆیان دەشوشت ئەو گرەسەرە لەلای کەرکوکی دەهات گڵەکی تایبەتی بوو بەکەر و بار دەگەڕا ژن دەیان کڕی هەموو ماڵێک گرەسەریان هەبوو لەماڵی جاران لە گوندەکان کەم کەس هەبوو دەست چاووی بەسابوون بشوات بە سابونی بۆنداریان دەگۆت سابوونی بۆن (لەوەنتە) هەندەک کچەجاحێڵەکان بەدزی جار و بار دەست و چاویان بەسابوونی بۆن خۆش شوشتبا دەبووە دەنگ دەیان گۆت کچی فلانی بۆن لەوەنتەی لێدێ نابێ نێزیک منداڵی ساوا بێ نەوەکە بۆن لە منداڵەکە بدات دەست و چاو شۆرین بە سابوونی بۆن دار هەندەک عەیب بوو ئەوەش هەمووی لەبەر فەقیری بوو.

**(خواردنی ئەوکاتە)**

ئەو هەموو شتانەی ئێستا هەیە پێشان نەبوون و ناویشیان نەدەزاندرا ئەوەی هەبوو دانەوێڵەبوو وەکو ١- گەنم ٢- جۆ ٣- نیسک و نۆک بەشی هەرە زۆری زەخیرە چێشت لێنان لەگەنم درووست دەکران وەکو ساوارو بروش و گەنمەکوتاو هەرِشتە لەناوچە شاخاویەکان ماش هەبوو هەرزنیش هەبوو ئەوانەبوون خواردنی کوردەواری بەشی هەرەزۆری خەڵک مزاشی دەکردەنان

مزاش واتە گەنم و جۆ تێکەڵاو دەکرا نانی گەنم کەم بوو خەڵک زۆرلەگرانی دەترسان لەبەرئەوە ی پیاوە پیرەکان زۆرباسی گرانی گەورەیان دەکرد هەندەک ماڵ هەبوون نانی جۆیان دەخوارد. شیوی ئەوکاتەی بوزۆری شلەبوو وەکو شلە ساوار ئەگەر جاروبار بەمناسەبە پلاو ساوار لێدەنرا بابرۆش بەشلی لێدەنرا گەنمە کوتا بەشلی لێدەنرا نیسک لێدەنرا داندۆک بەمناسەبات لێدەنرا جارو بار کفتە لێدەنرا ناوەغنی کفتە کەپیازبوو لەوەرزی بەهاران دۆینە و دۆغەوا لێدەنرا گیاو گۆلیش دەخورا وەکو تولەکەو ساوار یان کەنگرو ساوار هەندەک قسەی خۆش هەیە لەسەر کەنگر. دەیان گۆت کەنگری ناوەردێ لۆگەردەن زەردێ کەنگری قومەرانی لۆدەزگیرانی کەنگری بەیاری لۆکەونەیاری کەنگری زووری لۆخەزووری.

**(پێخۆری پێشان)**

قەسپ جارو باربوو یان سەرکە پیازەک بوو یان چەنگە مێوژەک لەوەرزی بەهاران کەشیرو ماست پەیدا دەبوو نان ماست یان نان دۆ یان نان و ماستاو بۆ شوان بەرخەوان گوجیلە ماست دەپێچراوە ئەوشتانەی نەبوون لەگوندەکانی کوردستان ئەمانەبوو پەتاتە مۆز کیووی گیزەر نوومی ترشی پرتەقاڵ سیوی لبنانی شوویت کەرەوز سپێناغ تەرەتولە کەوەرو زۆر شتی تر هەر ناوی نەبوو ئەوشتانەی جارو بار هەبوون برنج و تەماتە و بامیە و باینجان و کودی و ئارو لەگەڵ بیبەری تیژ ئەمانەش زۆرکەم بوو جارو باربوو هەموو ماڵێک بۆوەرزی زستان دەبوایە بەشی خۆیان رۆنیان دادەنا هەڵگرتنی رۆن لەناو گۆسکەی شێن هەڵدەگیرا یان لەناو هیزە ماڵە فەقیرەکان هەندەک رۆن و هەندەک بەزی [حەیوان] تێکەڵاویان دەکرد بۆزستان هەڵیان دەگرت گۆسکەی ڕۆنی بەبەری خانووە دەکرا لەبەر پشیلەو مشک هەندەک ماڵ قاور مەشیان هەڵدەگرت قاورمە لەگۆشتی دابەستی دەکرا قاورمە لەشارەکان دەکرا لەگوندەکان گۆشت خواردن زۆرکەم بوو.

**(جل و بەرگی منداڵی ساوا)**

لەبەر نەبوونی منداڵانی ساواش جل و بەرگی باشیان نەبوو جلی منداڵی

بریتـیـبـووله ١- کـراس ٢-کـورتەک ٣- کـۆچک ٤- بەروانەکـە پەڕۆباڵـیش زۆرکـەم بوو پـۆدرە نەبوو ئەگـەر دامـەنی منداڵەکـە سـوتاباوە لەجـیـاتی پۆدرە. کرکریان وردده کردو پێیان وەردەکرد [کرکر] تەنی بن مەنجەڵ بوو دەیان ڕنی ووردیان دەکرد بۆئەوەی منداڵەکە بۆنی خۆشی بێت هەندەک رەشکەو شمریان لەناو کـیـسـۆڵکەی بچـوک بچـوک دەدوری بەیَخـەی کـورتەکی منداڵەکـەیان وەدەکـرد بەریزە ئەوە پێـیـان دەگـۆت (حەتۆتە) منداڵی سـاوا دوودنکە مـۆری لەگەڵ لەپلەکی شین لەکۆجکی منداڵەکەیان دەدروی بەسەرنێو چەوانیدا دەهاتە خواریّ ئەوە بۆچاوزاری بوو پێیان دەگۆت (پوپلە) هەندەک ماڵی دەوڵەمەند بەتایبەتی لەشارەکان قانقاوریان لەپێی منداڵەکە دەکرد [قـاناقـور] وەکو خرخاری بچوک وابوو زەنگو لۆکەی پێوەوە بوو لەزیو درووست دەکرا یان لەزێڕ.

**(نوین و پێخەفە ئەوکاتە)**

سالآنی قـەدیم فـەقـیـری هەمـوو شـتی گرتبـۆوە نوینی جاران ئەمـانەبوو ١- جـاجم دووجـۆربو یەک لای و دوو لای ٢- بەڕەش بۆ بەخـۆدادان بوو ٣- لبـاد بۆداخستن بوو بالیف هەبوو. هەندەک ماڵ حەسیری هەبوو نە دۆشەک هەبوو نە لێـفـە هەبوو هەنـدەک مـاڵ مـافـوریان هەبوو ئەویش بۆ پـیـاوی مـاقـوڵ رادەخـرا وەهەروەها سەربەرگیش کەم بوو کەرک و قاپوتی لباد هەبوو غەرگەش هەبوو. کەرک و قاپوت و لباد هەمویان لەلوای بەرخان دروست دەکران.

## بەشی بیست و شەش
## جۆنی و دەستار

بۆ دانیشتوانی گوندەکان جۆنی و دەستاڕ دووشتی زۆرگرنگ بوون جۆنی و دەستـاڕ هەردووکـیـان لەبەرد دروست دەکـران لەلای سلێـمـانی بەجۆنی دەڵێن قــولـک جـــۆنی بەردەکی پانی گـــەورەبوو ناوەندی بەردەکـــە قــــورتەکی بەجەکوجۆقەلەم لێ هەڵدەکەنرا قوولەیەکەی لەبستیک زیاتربوو بەرینی ئەویش لەبـســتـێک زیاتردەبـوو بەشـێــوەی بازنەیی دەسکی جـۆنیــەکـەش هەرلـەبەرد درووست دەکرا ئەوجۆنیە لەعەزدەگیرا بۆئەوەی لەکاتی کوتان جوولەی نەکات لەگـوندەکـان هەمـوو مـاڵێک جـۆنی نەبوو ئەومـاڵانەی جـۆنیـان هەبوودەناسـران جۆنی لەجێگای لاچەپ دادەنراو نەدەبا باران بگەرێتـەوە جۆنی بۆگـەنم کوتان برنج کوتان ئەسپۆن و چۆغـان و جەفت و پەلـەکە هەنارو زۆرشـتی دی بەجـۆنی دەکوترا لەکاتی برنج کوتان هەندەک کەونە لۆکەیان لەگەڵ برنجەکە لەقورتەکە دەکرد بۆئەوەی برنجـەکە زۆر ورد نەبێ بۆگـەنم کوتا گەنمەکـە تەڕ دەکرا بۆئەوەی گەنمەکە پەلکی لەسەر هەرستێ ئەوژنەی شتی دەکوتا لەگەڵ کوتانی دەیگۆت سپ سپ، لەکاتی شت کوتان ژنـەکە ناوەناوە دەستی خۆی تەڕدەکرد بۆ ئەوەی دەسکە جۆنیـەکە لەناو دەستی نەخزی لەکاتی کـوتان لـەهەندەک ناوچان جۆنی داریش هەبوو جـۆنیـکە لەداری توو یان داری گـوێز درووست دەکــرا گـــوندی [قەوغـە] واتە گوندی زۆربا زیاتر لەچوارمـاڵ جـۆنیـان هەبوو لـەهندەک ناوچان بەگـــوندی زۆردەڵێـن گــوندەکی [بۆشـــە] واتە گـــوندەکی زۆرە بەردی جـــۆنی لەچیاکان دەیان هێناوە وەستای خۆی هەبوو بۆ هەڵقەناندنی قۆرتەکە.

**(دەستاڕ)**

دەستاڕ جۆرە بەردەکی زۆر ڕەق بوو بەئاسانی نەدەشکا پێشان ئەگەر دەستاڕ نەبوایە کەس زەخیـرەی پێدانەدە ندرا لەگەوندەکان دەسـتـاڕ کـەم بوو هەمـوو مـاڵێک دەستـاڕیان نەبوو لەناو چیاکانیش هەمـوو جێگایەک بەردە دەستـاڕی لێنەبوو جێگای تایبەتی هەیە بەردی دەسـتاڕ بۆ بەرەتاشی دەبوو جۆری بەردەکە

یەک بوو دەستار وەکوجۆنی نەبوو دەستار دەخوازراوە لەکاتی زەخیرە کردن بەنۆبەت وەبەردەکەوت دەستار لەگوندی هەموو ماڵەکانی دەکرد دەستار مەتەرەکی لەسەر هەیە دەڵێن نەپێ هەیە نەپانی بەهەموو ماڵەکان دەزانی جادەستار ئەو ئیشانەی پێدەکرا ١- ساوار هارین ٢- بروش هارین ٣- نیسک لێکردن ٤- جۆلێگردن لەکاتی دەستار لێکردن چەند جۆرە کەرستەک هەبوو پەیوەندی بەدەستارەوەهەبوو دەبایە ئامادەکرابا وەکو بێژینگو سنی و تەنەکەو رایەخێک بۆدانەوێڵە لەسەری رووکردن کابان پیشی دەستار لێکردن ئەوکارانەی دەکرد هەموو زەخیرەکەی پاک دەکردەوە بژاری دەکردو تەتەڵەی دەکردو بێژینگی دەکرد ئامادەی دەکرد بۆلێکردن لەکاتی بێژینگ کردن ئەوەی لەبێژینگەکە دەکوتەخوارێ پێیان دەگۆت بن بێژینگ ئەوکاوکۆتەی دەکەوتە سەرەوەی گەنمەکە پێیان دەگۆت (سەرکۆت) دەستار پێک هاتبوو لەدووپێ دەستار پێیەکەی بنەوە داروکەکی لەناوەندەکە قیت بووبۆوە پێان دەگۆت (کوورک) یان کوورکە دەستار ئەوداووکە لەکاتی لێکردن نەدەجولا لەجێگای خۆی پێی دەستاری سەرەوە کونەکی گەورەی لەناوەندەکەی هەبوو پێیان دەگۆت (گەرۆمە) لەتەنیشت پێی دەستاری سەرەوە دارەی پێوەبوو پێیان دەگۆت دەسکی دەستاری لەکاتی دەستار دەسکی دەستاری لەجێگای خۆی شل دەبۆوە ژنەکە بەبەردی دەیکوتاوە دەسکی دەستاری جێگای دوو دەستان دەبووە هەندەک جار دووژن دەستاریان لێدەکرد لەکاتی دەستار لێکردن ژنەک بەگوڵمان دانەوێڵەی لەناو گەرۆمەی دەستارەکە دەکردوو بەردەوام دەبوون تاتەواو دەبوون لەپاش تەواوبوون دەبا ساوارەکە یان برووشەکە لێک بکەنەوە ساوار چوار جۆرە ساواری لێدرووست دەبوو ١- ساواری پلاو ساواری ٢- وردە ساوار ٣- پیرخەنی ٤- ئاردەساوار. بروش ١- بروش ٢- ئاردەبروش ٣- سەرهێری بروشی ژنەکە دووبارە سەرهێری بروشی و سەرهێری ساواری لێدەکردەوەو لێکی جیادکردەوە ئەومالانەی زەخیرەیان زۆربوو بەهەرەوەز دەستاریان لێدەکرد لەکاتی دەستار لێکردن گۆرانیان دەگۆت خاوەن ماڵیش میووەی دەدانی لەکاتی پشوودان لەهەندەک ناوچان کچ و کور گەرە دەستاری دەکەن لەپاش تەواو بوونی و تاوتووی کردن هەمووی لەناو هەمبانان دەکەن و هەڵیدەگرنو لەسەر ئەستێرکی دادەنێن..

## بەشی بیست و حەفت
## ساوار کوتان

پێشان لە گوندەکانی کوردستان ئاشی ساوار کوتان نەبوو ساوار کوتان بەو جۆرە دەیان کوتا لەناو شارەکان بە (دینگە) یان دنگ دەیان کوتا لە گوندەکان بەکوتکان ساواریان دەکوتا لە ناو کوردەواری ساوار خواردنەکەی سەرەکییە هەمووماڵێک لە پاش خەرمان یان جۆخین هەرگرتن بەشی خواردنی ساڵەکیان ساواریان دەکرد ئەو گەنمەی دەکرا ساوار گەنمی رەش گوڵ بوو یان سوّر گوڵ لەبەر ئەوەی دەنگی گەورەیە ئەو بەشە گەنمەی بۆ ساواردادەندرا دەبایە کابان پاکی بکاتەوە و سوتەمەنی بۆ کوڵاندن دابین بکاو چەند مەنجەڵێکی زنجیردار کۆبکاتەوە و کوچک و ئاگردان دانی و چەند کچەکی دراوسێیان ئاگاداربکات بۆ یارمەتی دانی لە کاتی کوڵاندن، عادەت وابوو ئێواران ساواریان دەکوڵاند بۆ ئەوەی شەو بای لێبدات ساردبێتەوە لەپاش کوڵاندن ساوارەکەیان لەسەر کاگەنم رووەدەکرا دەیانکردە کۆمەڵی بچوک بچوک لەبەر ئەوەی بۆن گرمخا نەبێت لەسەر یەک تا بەیانی ئاوەکەی دەچۆڕاوە لەپاشان لەسەر جاجم و بەڕان هەریان دەخست لەبەر رۆژێ کابان تا وشک دەبوو رۆژی چەند جار تێکی دەدا بەدەستی تازووتروشک بێتەوە لەپاش وشک بوون لەچواران دەکراو دادەنرا لەگوندەکان لەپاش کاکیشان ساواردەکوترا لەسەرجێی جۆخینان قۆرتەکی گەورەیان هەڵدەقەناند بەقەدەر مەترێک بەرین بوو بەشێوەی بازنەی قووڵایەکەی دووبست دەبوو بەقورەکی بەکا ناووی قۆرتە کە لێوارەکانی و چوادەرەکەیان سواق دەدرا لێدەگەڕان تاهیشک دەبۆوە ئەوقۆرتە هەر بۆماڵێک نەبوو چەندماڵێک ساواریان تێدادەکوتا بەنۆبەت ئەوماڵەی نیازی ساوارکوتانی هەبا دەباخۆی ئامادەبکات عادەت وابوو لەکاتی مانگەشەو ساوار دەکوترا و چواردەورەی قۆرتی ساوارەکە نوینیان رادەخست بۆئەوەی ئەرگەر دنکە ساوار لەگەڵ کوتانەوە بپەڕی نەکەویتە سەر عاردی لەپاشان ساوارەکەیان دەگواستەوەلای قۆرتەکە ئێواران کوڕە جاحێلەکانی گوندی لەگەڵ چەند کچێک بانگ دەکران بۆساوار کوتانەوە خاوەن ماڵ ئاوی خواردنەوەی



دابین دەکرد لەگەڵ قەرتارە ترێکیان یان قەرتارە هەنجیرەک بۆئەوکەسانەی بەشدارن لەساوارکوتانەوە لەکاتی پشودان میوەیان دەخوارد ئێواران لەپاش نان خواردن کۆدەبوونەوە و دەست دەکرا بەساوار کوتان وە پێشی ساوارەکە لەقۆرتەکە بکەن ئاورشێن دەکرا لەپاش ئاورشێنکردن ساوارەکەیان لەناو قۆرتەکە دەکرد ساوار ئەگەر ئاوریشن نەکرێ تەرنەبێ پەلکی لێنابێتەوە ساوار بەچوار زەلام دەکوترا هەرزەلامەو کوتکی خۆی لەدەست بوو هەردوو دووبەرامبەری یەکتر کوتکیان دەوەشاند و لەگەڵ کوتانەوەش دەسوڕانەوە بەگۆرانی گۆتن لەکاتی کوتان کچەکیش بەدانیشتنەوە لەسەر خۆ دەخشی و لەگەڵ زەلامەکان دەسوراوە ساواری دەهاوێشتەوە ناو قۆرتەکە دەیان گۆت ساواری (بەبەر دەداتەوە) لەپاش کوتانەوە قۆرتەکە بەتاڵ دەکراو دووبارە قۆرتەکە پڕدەکراوە تاساوارەکە هەمووی دەکوترا شەوی لەکاتی ساوار کوتانەوە منداڵانی گوندیش کۆدەبوونەوە لەسەر جۆخینان شەوی ساوارکوتانەوە جاری واهەبوو ساواری دوومال سێ ماڵ دەکوترا، هەر قۆرتە ساوارەک چوار زەلام دەیان کوتا لەپاشان چواری تر بەنۆبەت لەکاتی گۆرانی گۆتن گەنجەک گۆرانی دەگۆت ئەوەکانی تر دەیان گێراوە لەکاتی سورانەوە ئەگەر گەنجەک پێ بەرانی کچەکە کەوتبا زۆر بە سۆز و تین کوتکی رادەوەشاند.

## (گۆرانیەکانی ساوارکوتان)

١ - وەکی دەرۆی چاوم لێت بی = بژانکی چاوم گەسکی رێت بی
نەوەک بەردەک لەبن پێت بێ

٢ - هەروا دەروا لۆ سەربیرێ = جادۆگ مەرەزی چوستیرێ
عالاو گوجیلان بەقوری گیری = بەتکار زۆرن دۆست ناگیرێ

٣- هەروا دەروا بناوبنە = سۆلی رەردە مەحسی جنە
خۆی لێمەدەن بێوەژنە

٤- هەرواده رواخۆی دەشلێنی = نجەو پانیان بۆیێک دێنی
جەرگی لاوان دەپسینێ

٥- هەروادەروا بەناو دێدا = سۆلی زەردەو مەحسی لێدرا
دایکی کوربێ تۆێ بەکی دا

٦- هەروادەروا لەنجەی دەکا = سەری مەمکی گەمەی دەکا
جەرگی لاوان خرادەکا

٧- هەروادەروا لۆسەراوێ = زرپیلەو پۆیلەی دەکاراوێ
ئەمنی گرتیەو ئەتۆی ناوێ

٨- هەروادەروا دەرێ پۆرە = گوارەی ئالتون لەگوێی شۆرە
ئەرێ یاری دڵ مەگۆرە

٩- هەروادەروا شیلان شیلان = چارۆگ مەرەز لەسەر پیلان
یان دۆستم بە یان دەست گیران

١٠- هەروادەروا شوراو شورە = کزەی جەرگم وەک تەندورە
ماچەکم دێ خواغەفوورە

١١- هەروادەروا لۆحەمامی = کەوویێ بەرێ قوتنێ شامێ
ماچەکم خواست دووی دەدامێ

١٢- هەروادەروا دەکاروتێ = وەکو کۆتری بەرمزگەوتێ
ماچەکم دێ تۆقم کەوتێ

١٣- هەروادەروا لۆسەرچاکی = وەک ئەسحابەی جەمال پاکی
ماچەکم دێ کەسی کاکی

١٤- چاوت وەکــو چاوی مــاری = خــۆم لۆباوێ ســەردیواری
ماچت دەکەم پڕ بەزاری
١٥- چاوت وەکی چاوی بۆقێ لەدووت دەکــەم گــورگــە لۆقێ
ماچت دەکەم دینت تۆقێ
١٦- لەگــەر تومــە لەگــەڕێتــە = گــەردەن مــامــزی بەقــەڕێتــە
هەتادەمرم چاوم لێتە
١٧- لەمــەعــبــەینی هەولێــرو پرد = یەک لەغــێــبی بانگی دەکــرد
خاک پەرست لە یلێیان برد
١٨- لەگــەرتوومــە تــوو بگرێوە = چاوی حــیــزت مــەشــێــرەوە
ئەوەی لاتە بنێرە وە بەکلدان و ئاوێنەوە
١٩- لەگــەرتومــە ئەی فــاتومــە = سنگت مــەســینەو گــومگومــە
خۆم قاوەچی و تۆم لازمە
٢٠- لەگـــەرتومـــە چاوی چاوم = لەســـەرتۆ زۆریان لێـــداوم
وادەزانم خەرات کراوم
٢١- لەگـــەرتومـــە ئەی حـــەبیـــبم = تۆبریندارو من تەبیـــبم
خودابتکا بەنسیبم
٢٢- ئەوبێـــرەکـــەی لەقـــەدپاڵی = بەخـــۆم لێـــدا بەگـــۆپاڵی
کی ئاو لێبرد گێژی خاری
٢٣- ئەوبێـــرەلکەی لەکـــەندێیـــە = بەخـــۆم لیـــدا بەبێـــریە
کی ئاو لێبرد ناو ناوخەجێیە
٢٤- دەرکــەن مــاریان بەکــەربەشــە = دایکی دەرێ ســەگی رەشــە
گیژە بەخۆی گوری گەشە
٢٥- دەرکــەی مــاریان بەتەم تەمــە = وەســتــا لێــدا بنلەغــەمــە
ئەرێ چاو جوان مەیلت کەم
٢٦- چەند ئەستێــرەی لەعــاســمــانێ = هەندەم خــەنجــە دادەڕژانێ
یار لەوێ بوو نەم وێرانێ
هەر لە درێژە پێدانی گۆرانیەکانی ساوار کوتانەوە

ئەم گۆرانیە لەنێوان دایک و کچە وەڵامی یەکتر دەدەنەوە و دەڵێ
**ماری تەنکی لەقەدگردی چەرەی پڕکرد داینا عاردی**
**دیکی گۆتی ماچیان کردی**
**کچەدەڵێ بەپێشی ماریاندا رابردم هێشتا دور بووم بانگی کردم**
**سەگیان دڕبوو لێپاسی کردم = جەڕەم خوار بوو لۆی راست کردم**
**دەستی راستەی لە ملی کردم = بەدەستی دی مەمکی گرتم**
**بە زۆرداری ماچی کردم**
**دایکی دەڵێ ئەرێ گیژم چەند عەیاری = شەق شەقت کەن وەک خەیاری**
**تۆ گیژەکی خۆش رەفتاری = گیژ ماچ ناکرێ بەزۆرداری**
**کچە دەڵێ ئەرێ دایە ممکە لۆمە = بەشە و رۆژ هەر ڕۆڕۆمە**
**ئەو کوڕە تیوەجەرگی خۆمە**
**دایکە دەڵێ ئەرێ گێژم ناتکەم لۆمە = سەرم سپیەو پشتم کۆمە**
**ئەو فێرانە لەمەڕ خۆمە**
**کچە دەڵێ ئەرێ دایە تۆ وەک من بووی = ئەرێ لەگەر بابم کو بووی**
**دایکە دەڵێ ئەێ گیژ من زۆر جوان بووم = لەگەر بابت جارو باربووم**
**بۆ جاحێلان تەبەڕابووم**
**کچە دەڵێ ئەرێ دایە ئەتووشیشی = من کەبابم خۆمن لەتۆ چاتر نابم**

هەرلەکاتی ساوارکوتانەوە گۆرانی درێژیان دەگۆت ئەم گۆرانیە لەسەر کورەکی کەچەڵ لەگەڵ کاروان چیبیان لەکاروان بووە دەڵێ
**کەچەر دەڵێ هەتیمەک بووم لەکاروانی = دیتم ماڵەک لەتەلانی**
**لامدا ماڵیان لەبۆنانی = دیتم زەریەک لەبەرنانی**
**کلو کلدان لەسەر ڕانی**
**کچە دەڵێ هەتیم کەچەر بگرەنانی = توو بەجیمای لەکاروانی**
**کەچەر دەڵێ وەللا زەری ناگرم نانی = هەتا نەکەم راموسانی**
**کچە دەڵێ هەتیم کەچەر چەند زۆررەوی = مستەکت دەم لەبەر دەوی**
**زارو چەنەت ویکدی کەوی = وەک کسۆکی وەریکەوی**

کەچەر دەڵێ وەڵلازەری نارۆم لێرە = هەتا ماچت نەکەم تێرە
کچە دەڵێ هەتیم کەچەر برۆ لێرە = حەفت برام هەنە وەکو شێرە
گازیان دەکەم بێنە ئێرە = بەخەنجەران دەتکەن گێرە
کەچەر دەڵی گازی برات کە بێنە ئێرە = بزانم مێنە یان نێرە
کچە دەڵێ هەتیم کەچەر من قەلاتم = چەند سەرداران پێداهاتم
کەس بەردەکی پێنە بزافتم
کەچەر دەڵێ تۆ قەلاتی من لەشکرم = حەفت ساران لەدەورت دەورم
یان دەمرم یان دەتگرم

## بەشی بیست و هەشت
## نەریتی

ژن و ژن خوازی لەگوندەکانی کوردستـان زۆرجیاوازی هەبو لەگەڵ ئێستـا لەبەرئەوەی جاران پارەو پول کەم بوو ژن بەماڵ نەدەهات بەشی زۆری خەڵکی ژن بەژنی یان دەکرد یان گەورەبەگچکەیان دەکرد بۆی ئەوکاتەش ئەوجۆرە ژن هێنانە سەرکەوتو نەبوو زۆرشەڕو ئاژاوەی بەدواوەبوو زۆرجار هەردوولایان ژنەکانی خۆیان تەڵاق دەدا یان زیزدەبوون. خوازبێنی بووک گواستنەوە بەوشێوەی خوارەوە بوو دوومالّی خاوەن کچ و کوڕ رێک دەکەوتن لەگەڵ یەکتر ژن بەژنی بکەن لەپاش ڕازی بوونی دایکو باوکی منداڵەکان وایان دەکرد کچەکان و کوڕەکان یەکتر ببینن ئەوکاتە کچ و کوڕ زۆربەشەرمەوە تەمەشای یەکتریان دەکرد لەپاش ڕازی بوونی هەموان دەهاتنە سەرمارە کردن ئەوکاتەی من باسی دەکەم کەس ناوی قازی هەرنەدەزانی چیە دەیان گۆت قازی و مفتی هەیە بەڵام کەس ژنی بەقازی مارە نەدەکرد مەلایان بانگ دەکرد لەگەڵ هەردوو کوڕەکان و هەردوو کچەکان و باوکی هەردووکیان لەگەڵ چەند پیاو ردێن سپی گوندی کچەکانیان لەکوڕەکان مارە دەکرد لەپاش مارەکردن کورەکان بەشەرمەوە دەستی خەزوریان ماچ بدەکرد لەکاتی مارە کردن دووکەس دەبوونە شاهید نەختی هەردوو بووکەکە وەکو یەکتربوو بەبێ زیادو کەم لەپاش مارە کردن هەردوولایان بەیێکەوە دەچوونەوە شار جەهازی بووکەکانیان دەکڕی وەکو یەک لەپاشان کاتی گواستنەوە یان دادەنا لەپێش بووک گواستنەوە زاواو بووک دیاریان بۆبرادەرەکانی خویان دەنارد دیاری زاوا بۆبرادەرانی دەستەسڕبوو یان گوریەبوو بەڵام دیاری بووکێ بۆدەستە خوشکەکانی کلدان و ئاوێنەی بچوک و دەرزیلەو کۆتروکەو بازنە شوشەبوو لەشەوی پێشی گواستنەوە خەنانە دەکرا کچەکان هەموو دەستی خۆیان لەخەنە دەنا بەڵام کورەکان پەنجەی گچکەو ناولەپی خۆیان لەخەنە دەنا هەندەک ماڵ مەولودیان دەکرد ئەگەر هەردووماڵ خەڵکی یەک گوندبان بۆ بووک گۆڕینەوە جێگایێک دیاری دەکرا لەوجێگایە بووکیان دەگۆریەوە ئەگەر هەریەکەو لەگوندێک بان هەردەبا جێگای بووک



گۆڕینەوە دیاری بکەن و هەربووکەو دەبا بەربووکی لەگەڵ بێ ئەوکاتە بووک
بەسواری ماین دەگوزاراوە کەبووک سواردەکرا جەهازی بووکەکەش لەهێسترێک
باردەکرا جەهازەکە لەناو تێرکە دەندرا بەربووکیش لەسەر جەهازی بووکی
سواری هێسترەکە دەبوو عادەت وابوو بووک بەسواری ماین دەگوازراوە نەک
بەسواری ئەسپ کەبووک سواردەکرا بەرێ دەکەوێ بەربووکیش بەسواری
هێسترکە لەدوای بەبووکی دەرواودووپیاوی خزمی زاوا لەچەپ و راستی
ماینەکە بووکی دەڕۆیشت بەدەستی گۆزنگی بووکیان دەگرت و لەگەڵی
دەڕۆیشتن پیاوەکەیش جەرەوی ماینەکەی رادەکێشا سواریش سواردەبوون
لەپێش بووکێ سوارسوارانێ دەکراو ئەوانەی لەگەڵ بووکێ بوون گۆرانیان
دەگوت لەماڵیش خەڵکی گوندی بانگ کرابوون بۆئاهەنگ گێڕان و شایکردن
ئەگەر دۆڵ و زڕنایان هێنابا شایی ڕەش بەڵەک دەکرا و چاوەشەکان شاباشیان
وەردەگرت ئەوکاتەی دەیان گوت شایی و ڕەش بەڵەک حەرام بوو بەڵام هەندەک
هەردەیان کرد. ئەوکەسانەی لەگەڵ بوکی بوون بەگۆرانی گوتن و سوارسوارانێ
و تەقەکردن دەڕۆیشتن تادەگەیشتنە ئەوجێگایەی دیاری کرابوو بۆگۆڕینەوەی

بووکەکانیان ڕادەوەستان ولە لاخان دادەبەزین تالایەکەی دی دەگەن کەلایەکەی دی دەهاتن ئەوانیش ڕادەوەستان لەولاخان دادەبەزین هەردوولایان بەرامبەر یەکتربوون بەینیان ( ١٠٠ م) مەتر دەبوو. بەربووکەکان هەرکەسەو دەستی بووکی خۆی دەگرت بەرەو ڕووی یەکتردەهاتن لەنیوەی ڕێ دەگەیشتنە یەکتر هەربەربووکەو ئالآی لەسەرسەری بووکی خۆی هەردەداوەو بووکەکان یەکتریان ماچ دەکرد لەپاشان سنجاقیان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕیەوە جەهازەکەشیان دەگۆڕیەوە بەربووکەکان بووکیان تەسلیمی یەکتر دەکرد و هەبەربووکەو بووکە خۆی دەهێناوە سوار سواردەبوو نەوەو بووک و بەربووک سواردەبوون بەهەمان شێوە دەگەڕانەوە لەکاتی گەڕانەوە ئەم گۆرانیە یان دەگۆت یەکێک دەیگۆت ئەوەکانی تر دەیان گێراوە هاتینەوە و هاتینەوە = بووکمان هێناو گەڕاینەوە = جێی رایەخن پاڵدەینەوە شیوی تێکەن سارد بیتەوە لەماڵیش شای بوو حەیوان سەردەبڕاو چاوەڕوانی بووکیان دەکرد پێشان شیووی بووکان بەشی زۆری ترش و کفتەبوو لەهەندەک بووکان مەنجەڵەکە کفتە بەبی ناوەغن دەکرا بۆشەڕەکفتەی منداڵان لەپاش نان خواردن دەبووە شەڕەکفتە کفتەکە ئەوەندە رەق بوو نەدەشکا ئەوە شیوەی بووک گواستنەوەی ژن بەژن بوو ئەگەر گەورە بەگچکە بایە بووک گۆڕینەوە نەبوو بەلام وارێک دەکەوتن نەخت و چەک و جلکی گەورە کەچەندە لەکاتی بن پشکەکەش دەگوازراوە دەبا ئەوەندەی بۆبکەن. ئەوکەسانەی ژیانیان بەماڵ دەهێنا سەربەست بوون لەجەهاز دانان بەلام گواستنەوەی بووکان هەربەسواری ماین بووبۆ بووک رازاندنەوەش پێشان خۆ میکیاج نەبوو لەکوندی ژنی شارەزا هەبوون بۆ بووک رازاندنەوە پێشان ژن سەرو قەزمەی لەسەری دەنا هەموو ژنەک نەیدەزانی [قەزمە] بیستی ژن هەوری و هیزاریان لەسەری خۆیان دەنا بەدەرزیلە و کۆترو کەش دەیان نەخشاند بۆبووک رازاندنەوە هەرخەنەوکل و قەزمەی جوان بوو هەردوو دەستە جلکی بۆدەکرا لەگەڵ جۆتە قۆندەرە لەشەوی زاوای زاواکە بەزاوادەبوو تفەنگەکی دەهاویشت واتە تەقەکی دەکرد ئەوەنیشانەی بەزاوا بون بوو پێشان کەبووک دەگەیشتە بەردەرگا زاوا دارەکی لەسەری بووکی دەدا بەهێواشی دەیان گۆت تاسامی بەسەرسامی بووکی بکەوی لەناوچە شاخاویەکان بووک هێنان هەر بەسواری

ماین بوو ژن بەژن زۆرتربوو سەری ماینی بووکێ دەبا جولەکە راکێشی وەشەڕە کفتە نەبوو لەپاش بەزاوابوون تەقەش نەدەکرا گۆرانی بووک گواستنەوەش نەدەگوترا. پێشان ژن بەدوو کەوتن زۆربوو ئێستاش هەرماوە پێشان مارە بەجاش هەبوو ئەو کەسەی ژنی خۆی تەڵاق داباو لەپاشان پەشیمان بوو باوە دووبارە ژنەکەی خۆی دەهێناوە بەپێی شەرعی ئیسلام دەبا لەکەسەکی دیکە مارەبکرێ شەوەک وەکو ژن و مێرد لەگەڵ یەکتر نوستبان لەپاشان کابرا ژنەکەی تەڵاق دەدا و دووبارە پیاوەکەی خۆی مارە دەکردەوە دەبوۆە خێزانی خۆی. بەڵام ئەوتەڵاق دانە مارە کردنە بەنهێنی دەکرا شای و ئاهەنگی بۆنە دەگەڕا پێشان شایی شیوەو عاداتی خۆی هەبوو لەکاتی شایی کردن پیاو هەرلەلای پێشەوە دەچونە ناو شایی و ژن لەلای پشتەوە دەچونە ناوشایی هەر پیاوەک ژنەکە لەدەست با شەرمی بەخۆی بوو لەشایی بچێتە دەرێ هەردەبا ژن دەستی پیاوی بەرداو بچێتە دەرێ لەکاتی شایی کردن ژن نەدەبا بچێتە دەستی مێردی خۆی ئەگەر ژن و مێرد بەیێکەوە شاییان کردبا چاواشکان سزایان دەدان و پارەیان لەمێردی ژنەکە وەردەگرت. ژن بەژنی هەر لەسەرەتای رێکەوتن رکابەری بوو تامنداڵیشیان گەورەدەبوو ئەگەر ئەو دوو ماڵانەی ژن بە ژنیان کردبا هەردوو ماڵ لە گوندی بان لەکاتی بە زاوا بوون هەندەک کچ زۆر زان بوون خۆیان نەدەدا دەست تاگوێ لەتەقەی تفەنگی برایەکەی نەبووبا لەبەر ئەوەی هەندەک زاوا چەند رۆژەک بەزاوا نەدەبوو دەیان گوت لەکاتی مارەکردن (بەسترایە) دەچوونە لای مەلای گوندی دووعای بۆ دەکرد تا لەبەستانەکە قوتاربێ.

**گۆرانی بووک گواستنەوە**

گۆرانیەکانی بووک گواستنەوە زۆر بوون بەڵام من زۆرم لەیاد نەماوە پێشان لە بووک گواستنەوە ئەم گۆرانیانەیان دەگوت ١- های حاجیلە ٢- هاتێنەو ٣- بایێ شەمار ٤- لێنێن لێنێن پێشی باران ئەمانە هەبوون.

## گۆرانی بایێ شەماڵ

بابیێ شەمار بایێ شەمار    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
لە گەروان دێی بەنارە نار    یا اللا هەرکەیێ بایێ شەمار
بایێ کوران مل یەچەتار    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
داکی بووکێ ماینێ حەدار    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
بایێ شەمار بە هاوینێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
دەیدا لە رەندەی جۆخینێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
خەو خۆشە لەگەڵ هەمینێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
بایێ شەمار بەبەهاری    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
دەیدا لە گوفکی هێزارێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
خەو خۆشە لەگەڵ خەزارێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
بایێ شەمار بە زستانێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
دەیدا لە پەلکی بیستانێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
خەو خۆشە لەگەڵ گوستانێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
بایێ شەمار بە پایزێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
دەیدا لە پەلکی دار گویزی    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار
خەو خۆشە لەگەڵ مامزێ    یا اللا هەرکەی بایێ شەمار

# بەشی بیست و نۆ
# گەمەکانی کچان و کوڕان

لە گوندەکانی کوردستان منداڵانی گوندی گەمانی جۆرا و جۆریان دەکرد ئێواران لە پاش نان خواردن منداڵانی گوندی کچەکان و کوڕەکان کۆ دەبوونەوە کچەکان بە جوداو کوڕەکان بە جودا گەمانیان دەکرد.

### گەمە و یاری کچان

گۆرانی فاتێ مەگری مەگری یاری و گۆرانی لەگەڵ یەک بوو.

١- فاتێ مەگری مەگری — پێکەوە بچینە قەبری
قەبر تنگ و تارە — پڕ لەمشک و مارە
مشک و مار عەزیایە — خۆی لە ڕمێی دایە
ڕمێ هوکە هوکە — بردمان چۆتە بووکە
جۆتە بووکی میری — بردیان بەیەخسیری
یەخسیرەی قەلاتێ — ئەحمەد بەگم گاتێ
دوو دەسرۆکم دادتێ — دەسرۆکەم هەوریە
لە برینەم پێچی یە — برینی گامێشی
بەردان دەقەرێشی — بەردێ ئەولای ماران
پێدادێ دەسماران — دەسمارەت پیرۆزبێ
لە هێسترەکی بۆربی

گۆرانی چەرمە چەرمە ئەو گۆرانیە زۆر کۆنە و ئێستا کەس نایڵێ و با لە بیر نەچێت لەکاتی گۆتنی ئەم گۆرانیە کچەکان هەموویان دەستیان لەناو دەستی یەکتر دەناو وەکو بازنەیی دەسوڕانەوە کچەک لە کچەکان گۆرانیەکەی دەگۆت ئەوەکانی تر بۆیان دەگێراوە بەوشەی حێلانی تا گۆرانیەکە تەواو دەبوو بەم جۆرە بوو.

**٢- هەرچەرمە چەرمە = حێلانی = عەز لە بووکی خۆشەمە = حێلان**
**بووکم دیت حەلارم دیت = حێلانی = لەگەڵ و سوەلارم دیت = حێلانی**
**وسوە لاری دووکردی حێلانی = چەندم دەیناو دەبردی = حێلانی**
**لەبرای خۆم مارە کردی = حێلانی = مارە مارە هەربەزە = حێلانی**
**بەسنجاق وبەدەرزە = حێلانی = سنجاقێ توم زێڕینە = حێلانێ**
**لە خەرانم گێڕینە = حێلانی = خاری لەقوم قومۆکی = حێلانی**
**چاوی لەنێر گزوکێ = حێلانی = نێرگزۆکم باوییە = حێلانی**
**دووبرۆی لەپشت چاوی = حێلانی = بەوبرۆیانە چەدەکەی = حێلانی**
**مارە مێردی پێدەکەی = حێلانی = مارە مێردت خراپی = حێلانی**
**دەرکۆرەی پێوە درابێ =حێلانی = دەرکۆرەی بەزنجیرە = حێلانی**
**تێیدایە شاهو میرە = حێلانی = شاهو میرو علوربەگ = حێلانی**
**لەبەرباسیان کردەدەنگ = حێلانی = برباسی ڕۆی بەقنجی = حێلانی**
**شەڕە لەسەر برنجی حێلانی**

**٣-گەمانی سابونە ڕەقە:-**

ئەوجۆرە گەمانە کچ و کوڕ دەیان کرد، بەڵام بەزۆری کچەکان دەیان کرد شیوەی کردنی ئەم گەمانە دوومنداڵ پشتیان تێک دەکردو قۆڵیان لەقۆڵی یەکرت هەڵدەکێشا و بەنۆبەت یەکتریان هەڵدەگرت وەدەیان گۆت سابونە ڕەقە بەتەقە تەقە تاکو ماندو دەبوون.

**٤- گەمانی علور بلورانێ:-**

شیوەی کردنی ئەم گەمانە منداڵەکان لەنێزیک یەکتر دادەنیشتن و قاچی خۆیان درێژدەکرد یێکێک لەمنداڵەکان پەنجەی شادەی لەناو دەوی وەردەداو دەیگۆت علور بلور تەکانە زەردوو سۆرو شەمامە عەیشی ماوان لەخۆشناوان دەگری چاوان چاووێ بەگوو پێم تێڕاچوو هەرگرە ئەتو لەگەڵ و شەی هەرگرە ئەتوو پەنجەی لەسەر قاچی کامیان بایە بەپەلە قاچی خۆی هەردەگرت دەیکێشاوە ئەگەر منداڵەکە دواکەوتبا لەقاچ هەرکێشان ئەوەقونجرکەکی

لەقاچی دەدا بەنۆرە تاهەموو یان قاچی خۆیان هەردەکێشاوە و گەمە تەواو دەبوو هەندەک جاردوو بارە دەکراوە ئەوگەمانە بەشتی زۆری منداڵی ورد دەیان کرد.

**٥- گەمانی شەپەکێ:-**

ئەوجۆرە گەمانە هەرکچ دەیان کرد شیوەی گەمەکە کچەکان دەبوونە دوو ریز بەرام بەری یەک هەمویان لەگەڵ یەک دەست و پێیان بەرەو پێشەوە دەهاویشت دەستی خۆیان لێک دەخشاند و دەیان گوت شەپەکێ ئەودەر ئەودەر بەردەوام دەبوون تایەک یەکی دەبەزاند.

**٦- گەمانی خڕ خشنێ:-**

ئەوگەمانە هەرکچەکان دەیان کرد شێوەی گەمەکە منداڵەکان بەپێوە ڕادەوەستان و دەستیان لەکەلەکەی خۆیان دەگرت و هەردەپەڕین بەلای ڕاست و بەلای چەپ لەسەرهەردەوە پێیان دەیان دەگوت خرخشنێ کەمەرەی زیوە لەتەنیشتی بەردەوام دەبون کامیان زۆربماباوە ئەودەیبردەوە هەندەک منداڵ زوو ماندو دەبوون.

**٧ - گەمانی ڕیزە میرانێ:-**

ئەوگەمانە تایبەتە بەکچانە شیوەی گەمانەکە لەپاش ئەوەی بڕیاریان دەدا ڕێزە میرانی بکەن هەموو کچەکان دەستی یەکتریان دەگرت و دەبوونە یەک ڕێزی لەکاتی گەمەکە بەڕێز بەلای چەپدا دەسووڕانەوە ئەوکەسەی لەپێشەوەی ڕێزەکەبوو بەوەی دواوەی ڕێزەکەی دەگوت بەدۆڵ بێم یان بەزوڕنا دەی گوت بەدۆڵ کەسی یەکەم دەستی منداڵەکانی ڕادەکێشاو دەیگۆت دمبک دمبک دەچوونە لای دەوەمەکەو سەری خویان نەووی دەکردو بەبن باڵی دادەسوڕانەوە بەردەوام دەبوون تاهەموویان تێک دەئالآن و لەبن باڵی یەکتر تێپەڕ دەبوون.

**٨- گەمانی خانی جۆلانێ:-**

ئەم گەمانە منداڵی ورد دەیان کرد بەتێکەڵاوی کچ و کوڕ ئەگەر مەنداڵەکان

هەراش بان هەرکچەکان دەیانکرد شیوەی گەمانەکە منداڵەکان بەردووکیان کۆدەکردەوە لەناو (کۆشی) خۆیان دەکردو دەیان هێنا لەجێگایەک کۆویان دەکردەو لەپاشان ڕێزیان دەکردو بەشێوەی خانوو ناویان لێدانا ئەوە هۆدی دانیشتنە و ئەوەهۆدی دیوەخانە و ئەوەتەویلەی ولاخانە بەوشێوەیە کەئەما ماڵی خۆیان لەپاش درووست کردنی خانوو کچەک دەبووە دایک کورەک دەبوە باوک و بەشێوەی دایکو باوکی خۆیان رفتاریان دەکرد منداڵەکانی تردەبوونە منداڵیان لەپاش ماوەیێک تێکیان دەداو دووبارە دروستیان کردەوە لەکاتی قسەکردن وەکو گەوران قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد ئەوە جۆرەک بوو لەلاسایی کردنەوە یان (تەمسیلی).

### ٩- گەمانی عۆعانێ:-

ئەم گەمانە هەرکچەکان دەیان کرد لەپاش ئەوەی جێگایەکیان دادەنا بەشار شارەکە بیست مەتر دووربوو لەخۆیان کچەکان هەموویان بەگورگە لۆقی بەرەو شارەکە دەچوون و دەگەڕانەوە لەکاتی رۆیشتن دەیان گۆت عوعانێ بلبلی چاوێ ڕەش بەکلکی، ئەوکەسەی زووتر گەیشتبا شارەکە ئەوە دەیبردەوە ئەوەی لەرێگا کەوتبا ئەوە دەیدۆڕاند گۆرانی عوعانێ دەیان گۆت عوعانی بلبلی چاوی رەش بەلکی کل نەبوو تۆتیایە لەبن بەردینایە بەردی ئەولای ماران پێدادی دەسماران سمارەت پیرۆزبێ لەمانیەکی بۆزبێ.

### ١٠- گەمانی مۆریانێ:-

ئەم گەمانە کچەکان دەیانکرد گەمانەکە لەنێوان دووکچ دەکرا منداڵەکان پێشەکی قۆرتەکی بچوکیان هەڵدەقەند هەردووکیان لەدەورەی قۆرتەکە دادەنیشت هەرمنداڵەو چەند مۆریەکی هەبوو مۆریەکانیان لەنێزیک قۆرتەکە دادەنا بەپەنجەی گەورە مۆریەکەیان غلۆردەکردەوە بۆناو قۆرتەکە ئەگەر کەتبا ناو قۆرتەکە ئەدیبردە وە ئەگەر نەکەوتبا ناو قۆرتەکە نۆبەی ئەوەکەی دی بوو تاییێکێک قەلاش دەکرد.

**١١- گەمانی قوقو:-**

ئەم گەمانە کچەکان دەیانکرد کچەکان پێشەکی شارەکیان نیشان دەکرد هەموو کچەکان لەسەرچینچکان وەکو بۆق دەڕۆیشتن تادەگەیشتنە شارەکە لەکاتی ڕۆیشتن دەیانگۆت قوقو، ئاوی شەوی بەلک دوو، ئەوەی زوتر گەیشتبا شارەکە ئەودەیبردەوە.

**١٢- گەمانی بووکانێ:-**

ئەم گەمانە هەرکچەکان دەیان کرد شیوەی گەمانەکە کچەکان بەئالقە دادەنیشتن یەکێک لەکچەکان گۆرانیەکەی دەگۆت و ئەوەکانی تر بۆیان دەگێراوە بەچەپڵەلێدان گۆرالانیەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەبوو.

**بووکانێ بووکانێ بووکێ = بووکمان چەندەجوانە بووکێ**
**شەدەی لەمەلانەبووکێ = زاواچەندەجوانە بووکێ**
**بەئاوە بەئاوە بووکێ = هەولێرۆک بەئاوە بووکێ**
**گەردەن سوسنی ساوابووکێ = لێت پیرۆزبێ زاوابووکێ**
**ماینی گوێ هەسانە بووکێ = خەرکی دووگرتکانە بووکێ**
**مایني گوێ کلوکە بووکێ = قۆناغمان کەرکوکە بووکێ**
**بەبەردە بەبەردەبووکی = کوردستان بەبەردە بووکی**
**گەردەن سوسنی زەردە بووکی = لێت پیرۆزبی پەردە بووکێ**
**بووکانێ بووکانێ بووکێ = بووکمان چەندەجوانەبووکێ**

**١٣- گەمانی هەلی کسە**

ئەم گەمانە هەرکچەکان دەیانکرد شیوەی گەمانەکە ئەم گەمانە شەڕشەجوێن بوو لەناوە خۆیان کچەکان دەبوونە دووبەش هەریەکەو بەرامبەر یەکێک بەراوەستان بەسێوەی ئەلعاب سوێدی دەست و پێیان دەجولاند و هەردەپەڕین و قاچو دەستیان لێک دەداو لەهەڵپەڕینەکە بەردەوام دەبوون تایەکێکیان ئەوەی بەرامبەرەکەی خۆی دەبەزاند و لەگەڵ هەڵپەرینەکەش ئەم جوینانیان بەیەکتردەداو دەیان گۆت

**هەلی کسە ئەمن ئایش = هەلی کسە = دەرپێ قایش**
**هەلی کسە ئەمن ئەتوو = هەلی کسە = دارەک بەتوو**
**هەلی کسە ئەمن و مرۆت = هەلی کسە = دەرپێت فرۆشت**
**هەلی کسەئەمن و خەندان = هەلی کسە = کەشک و بندان**
**هەلی کسە لەبن بەرێ = هەلی کسە = قوز پێمەرێ**
**هەلی کسە ئەمن و فاتێ = هەلی کسە = گورگێ گاتێ**
**هەلی کسە لەسەرداری = هەلی کسە = وەرەخواری**
**هەلی کسە دەت بەزێنم = هەلی کسە = لۆبرامت دێنم**

بەردەوام دەبوون تایێکێکی دەبەزاند بەزیوەکە دادەنیشت ئەوەی نەدەبەزی بەردەوام دەبوو ئەوجوینانەی پێدەدا هەبەزی بەزی بەزی دارە سۆەری ناو رەزی لکاولکت بەقوزی.

## ١٤- گەمانی گورز گورزانێ:-

گەمانی گورز گورزانێ کچی جاحێل و ژنەکانیش دەیان کرد لەوەرزی بەهاران لەناو گیا ژنەکان گورزەیان کۆدەکردەوە و بەبەنکی درێژ دەیانبەستاوەو بایاندەدا و ڕایان دەوەشاند بەرەو ئەوشارەی دیاریان کردبوو کام ژن دوورتری هاوێشتبایە ئەودەیبردەوە لەکاتی هاوێشتنی گورزەکە دەیگۆت سواری من عەیبیبێ من هاتو ناگەڕێتەوە.

## گەمەو یاری کوڕان:-

ئەم جۆرە گەمانە خەریکە لەناو بچن ئێستا لەگوندەکانیش منداڵانی گوندی نایزانن و ناشی کەن من وام بەباش زانی بیان نوسم بۆئەوەی هەرناویان بزر نەبێ لە گەمانەکانی کوڕان هەندەک گەمان بەشەو دەکرا ئەهەندەکهەبوون بەڕۆژدەکران وەکەرستەکانی گەمانیان پێدەکرد هەمووی خۆماڵی بوون گەمانەکان.

**١- گەمانی قاشوانی**

گـەمـانی قـاشـوان بەرۆژ دەكـرا بەتايبـەتی لەوەرزی بەهاران ئەم گـەمـانە كوڕدەيان كرد بەزۆری لەسەر جيێ جۆخينەكان دەكرا پێشـان هەمـوو گەنجێك يان منداڵێك قاشۆی هەبوو قاشۆ هەروەكو داردەست بوو بەڵام لای خوارەوەی نيـوەجە مابوو واتە خواربوو قاشۆ لەداری بەڕوو بوو داری مازيش دەبوو قاشۆ خۆشناوەكان دەيان هێناو لەگوندەكان بەگەنمو جۆ دەيان گۆڕيەوە شيوەی ئەنجام دانی گەمەكە وەكو گەمەی (هۆكی) بوو گەنجەكان دەبوونە دووبەش ژمارەيان وەكـو يەك باهار بەشـەوگـوڵ جـێی خـۆی دەست نيـشـان دەكـرد گـوڵ چيـەكـان بەقاشۆوە گوڵـەكەييـان دەپاراست ئەوكاتە بەگوڵ يان دەگۆت (هۆڵ) ئەوگۆيەی قـاشـوانيـان پێدەكـرد دارەكی خڕبوو لەهێلكە گەورەتربوو هەندەك جارلەكـاتی قـاشـوانی گـۆيەكـە بەقـاچيـان دەكـەوت زۆردەهێـشـا گـەمـانەكـە بەردەوام دەبوو تالايەك لەلايەكەی تری دەبردەوە واتە گۆڵی زياتری دەكرد.

**٢- گەمانی چاو شيلكانێ يان چاوشاركانی:-**

ئەم گەمەيە ئێستاش دەكرێ بەشێوەيەكی زۆركەم ئەم جۆرە گەمانە كوڕو كچ دەيان كـرد بەجـيـا گـەمـانەكـەی بەشـەو دەكـرا شـێـوەی گـەمـانەكـە منداڵەكـان كـۆدەبوونەوە دەبونە دووبەشی هەربەشـەی سـەركـردی خـۆی هەڵدەبژارد و پەنا ديوارەكيان دەكردە شار و سەركردەكان تەڕ و هيـشكانێيـان دەكرد لەسەر ئەوەی كام بەش لەسەر شارە چاوی بگرێ و كام بەش هێرش دەكات ئەو بەشەی چاوی خۆيان دەگرت سەری خۆيان بە ديوارەكەوە دەناو، بەشەكەی تر خۆيان دەشاردەوە سـەركـردەكـەيـان هاواری دەكـرد خـۆتان بكەنە داودەرزی هەمـوويـان خـۆيان دەشـاردەوە و بڵاوەيان دەكـرد لەپاشـان بانگيـان دەكـرد چاوتان بكەنەوە لەپاش چاوكـردنەوە ئەوانيش سـەركـردەكـەيان شـاری دەپاراست ئەوەكـانی تردەگـەڕان بەدوای خـۆشـارەوەكـان هەوڵـيـان دەدابيـان گـرن پێـشـی ئەوەی بگەنە شـارەكـە لەناكـاو خۆشارەوەكان هێرشيـان دەكردە سەر شارەكە بۆئەوەی دەستيـان بگاتە شارەكە ئەوەی شارەكەی دەپاراست هەوڵی دەدا دەستی بەسەری هێرش بەرەكان بكەوی، هێرش بەرەكان ئەگەرتوانيبای دەستی بەشارەكە كەوتبا ئەوەدەگەيشتە

شارڕادەوەستا ئەگەر دەستیان بەسەری هێرش بەرەکان کەوتبا ئەو بووجاری دووەم هێرش بەرەکان چاوی خۆیان دەگرتن وە ئەکانی تر دەبوونە هێرش بەر هەرکاتەک هێرش بەردەستی بەشارەکە کەو تبا دەیگۆت گڕ ئەوە شێوەی گەمانەکە بوو.

### ٣- گەمانی قۆمەتە قۆمەتانێ:-

ئەم گەمانە لەشەوانی مانگە شەودەکرا هەر کوڕەکان دەیان کرد لەپاش ئەوەی منداڵەکان کۆدەبووە ئەوە بڕیاریان دەدا لەسەر ئەم گەمانە دووکەس دەبوونە سەرکردە سەرکردەکان بەشە منداڵی خۆیان هەڵدەبژارد بۆهەڵبژاردنی منداڵەکان قیڕ قیڕانێیان دەکرد سەرکردەک بەسەرکردەکەی تری دەگۆت بڵێ قیر دەیگۆت قیر ئەوەکەی تر دەیگوت ئەوەم لاپێڕ دەستی دەگرت بۆلای خۆی ڕادەکێشا سەرکردەکان بەنۆبەت بەقیڕو لاپێڕ منداڵەکانیان دەکردە دوو تیپ لەپاشان تەڕوهیشکانێ دەکرا کام لایان پێشان قۆمەت بکەن ئەولایە یان ئەوبەشە دەچوون قۆمەتیان دەکرد دەچونە ناوگوندی لەسەر گوفەکان و لەجێگای خۆلەپۆک قۆمەتیان دەکرد کەتەواو دەبوون دەگەڕانەوە لای تیپەکە تراوتە تیپی دووەم هەموویان لەگەڵ یەکتر هەردوو تیپ دەچوون دەگەران تیپی دووم قۆمەتە خۆڵەکانی دەدۆزیەوەو هەمووی خراپ دەکرد لەپاشان دەیان گۆت تەواو ئەگەر جێگایێک نەدۆزراباوە ئەوەتیپی یەکەم دەیگۆت فلان جێگاماوە دەچوونە ئەوجێگایە راستە ماوە و خراپ نەکراوە ئەوە دەبا منداڵانی تیپی یەکەم لەپشتی کەن تادەگەیشتنە جێگای شارەکە ئەگەر هەموو قۆمەتەکان دۆزراباوە و خراپ کرابا ئەوە تیپی دووەم منداڵانی تیپی یەکەم دەیدۆراند تیپی دووەمیان لەپشتێ دەکرد هەندەک جارتیپەکە دووجار دەیبردەوە ئەوە شیوەی قۆمەت قووتانی بوو لەم گەمانە لای دۆڕاو لای براوەی لەپشتی دەکرد تاجێگای شارەکە.

### ٤- گەمانی هەدار هەدارانێ:-

ئەم گەمانە بەرۆژدەکرا و هەرکوڕ دەیان کرد بەشی زۆری شوانەکان

ئەوگەمانەیان دەکرد شێوەی ئەنجام دانی گەمەکە منداڵەکان هەمویان گۆپاڵەکانی خۆیان ڕیزدەکرت یان قاشۆیەکان لەسەرعاردی بەینی گۆپاڵ و گۆپاڵ دووبست بوو هەموو منداڵەکان یەک لەدوای یەک لەسەر یەک پێ بە جۆزەکی لەسەردارەکانی پازیاندەدا بەنۆبەت لەسەرلاتەنیشت هەرمنداڵێک لەکاتی پازدان لەسەردارەکان کەوتبا ئەوەمافی گەمەکردنی نەدەما تاگەمەکە تەواودەبوو لەکاتی پازدان نەدەبا قاچی بە دارەکان کەوتبا ئەوەی تاگەمەکە تەواو دەبوو نەدەکەت و قاچیشی بەگۆپاڵەکان نەدەکەوت ئەوە دەیبردە وە ئەوەبوو گەمانەکە.

**٥- گەمانی تەندورە سۆرکە:-**

ئەم گەمانە بەشەو دەکرا هەرکوڕەکان دەیانکرد شێوەی کردنی گەمەکە منداڵەکان دەبوونە دووبەش بەشی یەکەم و بەشی دووەم هەربەشە منداڵەکی چالاکی دەکردە سەرکردە و لەپاش تەڕوهیشکانێ کام لادۆڕاندبای ئەوان هەموویان دەبوونە یەک کۆمەڵ دەستی خۆیان دەهاوێشتە سەرملی یەکترو بەشێوەی بازنەیی سەری خۆیان دەچەماندو سەرکردەکەش خۆی هەردەکرد لەدەورەیان دەسوڕاوە و بۆ ئەوەی کەس نەتوانی لەتیپەکەی تر خۆیباوێتە سەریان تیپی یەکەمیش هێرشیان دەکرد خۆیان باوێنە سەریان ئەگەر تاوانیبایان خۆیان باوێنە سەر پشتیان ئەو جێگایەی ئەمین بوو هەر لەسەر شانیان دەماوە ئەوکارە بەردەوام بوو هەرهێرش کردن و بەرگری بوو تاقاچی پاسەوانەکە بەیێکێک دەکەوت لە تیپی هێرش بەرەکان ئەوە دەیان بردەوە دۆڕاوەکان دەبوونە تەندوور سورکەو دووەم کەدەبووە هێرش بەر ئەگەر سەرکردە چالاک نەبا ئەوە هەموو هێرشبەرەکان خۆیان دەهاوێشتە سەرملیان و وەکو کەر دەیان هاژوان هەچیان لیان دەکرد.

**٦- گەمانی کەری سۆری پشت درێژ:-**

ئەم گەمانە بەشەو دەکرا و کوڕەکان دەیان کرد لەبەشی زۆری گەمانەکان منداڵەکان دەبوونە دووتیپ و هەرتیپەش سەرکردەی هەبوو لەپاش قیر قیرانێ

دەبوونە بەشی یەکەم و بەشی دووەم بەشی دووەم ڕێزدەبوون یەک لەدووای یەک ئەوکەسەی لەپێشەوەی ڕێزەکەبوو دەستی خۆی بەدیواری وەدەگرت سەری خۆی دادەچەماندەوە منداڵەکانی دوای ئەو هەموویان دەستیان لەسەرپشرتی یەکتر دادەناو سەریان دەچەماندەوە، دەبوونە یەک ڕێزی درێژ سەرکردەکەیان خۆی هەردەکردوو ڕێزکەی پاس دەکرد نەوەکە تیپەکەی تر خۆیان باوێنە سەرپشتیان تیپی یەکەم هەوڵیان دەدا خۆیان باوێنە سەرپشتیان پاسەوانەکە بەپێلاقە هاوێشتن لەدەورەی برادەرەکانی خۆی دەسوڕاوە هەندەک جار هێرش بەرەکان چەند کەس خۆیان دەگەیاندە سەرپشتی کەرەکە ئەوە بەردەوام بوو تاپاسەوانەکە پێلاقەی لەیێکێک لە هێرش بەرەکان دەدات ئەو جا لەسەرپشتیان دێنە خوارێ لەکاتی لەسەر پشتیان بوو بەکوڕ کەی ژێرخۆی دەگوت کی دەت هاژوا ئەوەکەی ژێرەوە ئەگەر ناوەکەی زانیبا ئەوە لەسەرپشتی دەهاتە خوارێ ئەگەر نەیزانیبا کوڕەکەی سەرپشتی دەیگۆت سالدم بالدم چوارپای دووسم پۆپیتەت دەگرم پێدادەفسم، ئەوشێوەی گەمانەی کەری سۆری پشت درێژبوو لەکاتی سەردانوواندن هەموویان چاوی خۆیان دەبەستاوە بۆئەوەی ئەوەی سەرپشتی خۆی نەناسیتەوە.

### ٧- گەمانی داک داکانێ:-

ئەم جۆرە گەمانە بەرۆژدەکراو کوڕەکان دەیان کرد لەم گەمانە منداڵەکان هەموویان یەک بەش بوون چۆنیەتی ئەنجام دانی گەمانەکە هەرمنداڵەو قاشۆی خۆی پێبوو قۆرتەکەیان لێدەدا بستەک قوڵ گۆبەکی داریان لەناو قۆرتەکە دەنا ناویان لەگۆیەکە دەنا داک یێکێک لەمنداڵەکان بەخوی و قاشۆیەکەوە دایکەکەی دەپاراست قاشۆیەکەی لەسەرگۆیەکە دادەنا منداڵەکانی تر هەوڵیان دەدا گۆیەکە لەناو قۆرتەکە دەربینن و لەچەند لایێک دەورەیان لێدەدا ئەویش بەقاشۆیەکەی بەرگری دەکردو سەرەقاشۆیەکەی بۆیان درێژ دەکرد ئەگەر سەرەقاشۆبی لەهەرییێکێک لەمنداڵەکان دابا ئەودەهاتە سەرقۆرتەکە گۆیەکە دەبووە داێکی ئەو هەندەک جار مەنداڵەکان گۆبەکەیان لەقۆرتەکە دەردەهێنا و گۆبەکەیان دەبرد قاشوانیان پێدەکرد یەک بۆبەکی دەهاوێشت منداڵەکەی

دایکیان لیستاندیه ئەویش دەکەوتە دوایان هەوڵی دەدا سەرەقاشۆیەکی لەیەکەکیان بدات لەکۆڵەخۆی بکاتەوە یان هەوڵی دەدا دایکەکەی لەدەستیان رزگاربکات بیباتەوە ناو قۆرتەکەی ئەگەر منداڵەک لەکاتی گەمەکردن تورەبووباو گەمانی نەکردبا منداڵەکان داکیان دەنەرکاندەوە بەمنداڵەکیان دەگۆت ئەگەرگەمان ناکەی داکت دەنەرکینینەوە شیوەی نەرکانەوە منداڵەکان کۆدەبوونەوە سەرقاشۆیەکانی خۆیان دەگەیاندە یەکترو گۆیەکەیان فری دەدا سەرەقاشۆیەکان ودەیان گۆت هەنەرکی نەرکی نەرکی، دەتبە مەپشت ئەستێرکی، دووقلە قەسپی دەدەمێ مشتی گونانی دەبەمێ.

## ٨- گەمانی تۆپانێ:-

ئەم گەمانە پیاوی گەورەش دەیانکردوو ئەم گەمانە هەر بەرۆژ دەکرا لەوەرزی زستان و بەهاران دەکرا لەوکاتەی ئیشوکار کەمدەبوو لەگوندەکان لەسەرجێ جۆخینان یان لەگۆرەپانێک دەکرا ئەوتۆپانەیە بەدەستی بوو بەپێ نەبوو ئەوتۆپەی گەمەیان پێیدەکرد دارەکی خربوو لەناو لەبادەکەیان دەناو دەیان دوری بۆ ئەوەی نەرم بێت لەکاتی گرتنەوە دەستی عەزیەت نەدا تۆپەکە ئەوەندەی کفتەیەک دەبوو پر بەدەستی بوو لەگۆرەپانەکە جغزەکیان دەکرد بازنەی [جغز] واتە خەتەکی بازنەی گەورەیان دەکێشاو گەمەکەرەکان دوو تیپ بوون تیپەک لەلای ناوەوەی جغزەکەبوو بوون تیپەکەی ترلەلای دەرەوەی جغز کەبوون واتە خەتەکی [دائرەی] دەست بەتۆپانێ دەکرا ئەوانەی دەرەوە تۆپیان بۆرەفیقەکانی خۆیان دەهاویشت ئەوانەی ژورەوەی جغزەکە هەوڵیان دەدا تۆپەکەی بگرنەوە ئەگەرئەوانەی ژوورەوە تۆپەکەیان گرتباوە یەک سەر لەگەمەکەرەکەی پشت خۆی دەدا ئەوانەی دەرەوە دەهاتنە ژوورێ ئەوانەی ژوورێ دەچوونە دەرێ ئەوان گەمەیان دەکرد ئەوانەی ژووریش هەرهەوڵیان دەدا تۆپی بگرنەوە بەوشێوەیە گەمەکە دەکرا.

## ٩- گەمانی کڵاو پشت قوونانێ:-

ئەم گەمانە کچ و کور دەیان کرد ئەم گەمانە نەفەوتاوە ئێستاش دەیکەن

شیوەی گەمانەکە منداڵەکان دادەنیشتن لەتەک یەکتر بەشێوەی بازنەیی یەکێک لەمنداڵەکان کڵاوەکی لەدەستی خۆی دەگری بەکوڕەکوڕە لەپشتەوەی منداڵەکان دەسوڕێتەوە لەناکاو بەدزی کڵاوەکەی لەپشت منداڵەکی دادەنا ئەگەرمنداڵەکە هەستی کرد کڵاوی لەپشت داندرایە بەگورجی کڵاوەکەی هەڵدەگری دەکەویتە دووای ئەوەی تریش غاردەداو لەجێگای ئەو دادەنیشت ئەگەر لەکاتی ڕاونان بیگری ئەوە دەبی لەپشتێ بکات لەدەورەی منداڵەکان بسوڕی تادەگاتە جێگای خۆی دایدەنا ئەوگەمانە هەندەک جار لەجیاتی کڵاو بەگورز دەکرا.

**١٠- گەمانی ساپ ساپانێ:-**

ئەوگەمانە هەرکوڕ دەیان کرد و بەڕۆژ دەکرا گەمانەکە لەسەر کرم دەکرا شێوەی کردنی گەمانەکە چەند منداڵێ ڕێک دەکەوتن هەرمنداڵەو بەردەکی پانی دەهێنا ناویان لێدەناساپ یەکەکیان ساپەکەی خۆی دەهاوێشت و چەند مەتر دوور نەدەکەوتەوە لەوانەیە شەش مەتر دووربا ئەوەکانی تریش ساپەکانی خۆیان دەهاوێشت ئەگەر لەساپی کوڕەکەیاندا با دەیان گۆت ئەوکرمەک لەتۆ ئەگەر پێنەکەوتبا خاوەن ساپی یەکەم دەیگۆت ئەو کرمەک لەتۆ بەوشێوەیە گەمەکە دەکرا.

**١١- گەمانی قاقایانێ:-**

ئەم گەمانە کچ و کوڕ دەیان کرد قاقایانێ بەحەفت بەرد دەکرا بەڵام پێنجوکانێ بەپێنج بەرد دەکرا ئەم گەمانە لەسەر گوپ دەکرا یان لەسەر کرم قاقایانی دوومنداڵ دەیان کرد گەمەکە بەحەفت بەرد دەکرا ئەوەی نۆبەتی گەمە کردنی بایە شەش بەردی کۆمەڵ دەکرد لەپێشی خۆی بەردەکیش لەناودەستی بوو بەردەکی هەڵدەدا بۆعاسمان هەرلەگەڵ هەر دانەکەی چەنگەکی لەکۆمەڵە بەردەکان دەدا ئەگەر توانیبای هەموو بەردەکان هەڵبگری ئەوەسەرکەوتوودەبوو ئەگەرنا لەگەڵ بەر هەڵدانەکەی تاک تاکە بەردەکانی هەڵدەگرت بەمەرجێک لەناو کۆمەڵە بەردەکان بەردنەجوولابا لەکاتی بەرهەڵگرتنی کەدەستی پڕ بەڕدەبوو سیی بەردی فڕێ دەداو دەیگۆت ئەوە قایەک بەڵام پێنجوکانێ بەپێنج

بەرد دەکرا ئەوەی گەمەی دەکرد بەردەک لەناو دەستی بوو واتە بەدەستە راستە بەردەکی هەڵدەداو لەگەڵ هەڵدانەکەبەردەک لەبەردەکانی عاردی لەمابەینی ئەنگوستی گەورەو ئەنگوستی شادەی دەستی چەپی فرێدەدا ئەودیو ئەگەر هەموو بەردەکانی فڕی دابائەوە سەریکەوتوبوو.

### ١٢- گەمانی دوونگە مەڕانێ:-

ئەم گەمانە منداڵانی گچکە پێکەوە دەیان کرد چۆنیەتی ئەنجام دانی گەمەکە منداڵەکان هەموویان پشتی یەکتریان دەگرت ئەومنداڵانەی لەپێشەوەبوو ئەوە شوان بوو ئەوەکانی تری دەپاراست یەکێک لەمنداڵەکان دەبووە گورگ، لەلای پێشەوە بۆ یان دەهات شوانەکە دەکوتە دووای گورگەکەو منداڵەکانیش لەگەڵ شوانەکە دەسوڕانەوە گورگەکەش هێرشی بۆیان دەهێنا ئەگەر شوانەکە گورگەکەی گرتبا یان دەستی بەگورگەکە کەوتبا گورگەکە دەهاتەوەناو ڕیزی منداڵەکان و منداڵەکی دیەک دبووە گورگ.

### ١٣- کلاو قشپلانێ:-

ئەو جۆرە گەمانە هەرشوانەکان بەزۆری دەیان کرد یان بەرخەوان چۆنیەتی ئەنجام دانی گەمەکە ئەم گەمانە بەدووکەس دەکرا مستەک قشپلیان دەهێناو قشپلەکەیان لایەک دەرنی و لەگەڵ قشپلەکانی دی تێکەڵاویان دەکردو مستە قشپلەکەیان لەناو کلاوەک دەکرد لەپاشان کلاوەکەیان وەردەگێڕا سەرعاردی قشپلەکان دەبوونە کۆمەڵ قشپلە ڕەندە دراوەکەش لەگەڵ قشپلەکان بوو لەناقشپلەکان بزردەبوومنداڵی دووەم لەقشپلە ڕرڕندە دراوەکە دەگەڕا بەمەرجێک لەکاتی گەڕان کۆمەڵە قشپلەکان نەجوولێن ئەوقشپلەی لایەکیان دەرنی پێیان دەگۆت مەلا ئەگەر منداڵەکە مەلای دۆزیباوە بەبێ ئەوەی قشپلەکانی بجولێنێ ئەوە دەیبردەوە خۆئەگەر لەکاتی گەڕان کۆمەڵە قشپلەکان جوولابان ئەوە دەیدۆڕاند ئەو گومانە لەسەر گوپ بوو ئەوەی دۆڕابایە لا گوپەکی خۆی پڕ با دەکرد براوەکەش بەپت لێدەدا ئەم گەمانە لەسەر کرمیش دەکرا.

## ١٤- گەمانی مارە زیجانی:-

ئەم گەمانە زانین و بیرکردنەوەکی باشی دەویست ئەوکەسەی باش نەیزانی بایە هەر دەیدۆڕاند ئەم گەمانە پیاوی گەورە دەیانکرد گەمانەکە وەکو دامەبوو بەدانیشتنەوە دەکرا پێشان مندالّەکانیش دەیانزانی بەلاّم ئێستا لەناوچووە چۆنیەتی ئەنجام دانی گەمەکە دووکەس بەرامبەر یەکتر دادەنیشتن هەریەکەو پێنج قۆرتی بچوکی لەپێشەخۆی هەلّدەقەند بەڕیز قۆرتەکەی ناوەندی گەورەتربوو لەقۆرتەکانی ترئەوەکەی بەرامبەرەکەش قۆرتی خۆی هەلّدەکەند هەریەکەو شەست بەردووکەی خڕدەکردەوە بەردەکانیان لەسەرقۆرتەکان دابەش دەکرد قۆرتی ناوەندیّ [ ٢٤ ] بەردی تێدەکرا قۆرتەکانی چەپ و ڕاست هەرقۆرتەو [ ١٢ ] بەردی تێدەکرا قۆرتەکانی ئاخیریش هەر یەکەو شەش بەردی تێدەکرا لەپاش بەردا بەشی کردن یەکەکیان دەستی بەگەڕان دەکرد لەلای خۆی لەیەکەم قۆرتەوە لەلای چەپ بەردەکانی هەلّدەگرت بەلای ڕاستەوە پێدادەهات هەرقۆرتەو ئەوبەردەکی داوێتەناویّ ئەگەر ئاخر بەریدی ناودەستی کەتبا ناو قۆرتی خۆی ئەودادەنیشت ئەوەکەی تر گەمەی دەکرد بەلاّم دوابەردی کەوتبا ناوقۆرتی بەرامبەری ئەوبەردەکانی ناوقۆرتەکەی هەلّدەگرت وەکو بەردەکانی خۆی دابەشی دەکرد ئەوگەمەیە بەبەردەوام دەبوو تا لایێک لەلایەکی تری قەلاش دەکرد یان لەسەر ژمارەی بەردیان دەکرد ئەگەر لەسەرژمارە کرابا ژمارەکە دادەنرا کەلایەک ژمارەکەی تەواو دەکرد ئەوە دەیبردەوە ئەوکەسەی دەیدۆڕاند قۆرتەکانی بەتالّ دەبوو بەردەکان هەمووی دەکەوتە لایە براوەکە.

## ١٥- گەمانی بابی بابی:-

ئەم گامانە بەشەودەکرا مندالّی ووردیلە دەیانکرد کوڕ گەمەکە یان دەکرد چۆنیەتی گەمەکە مندالّەکان سەرکردەکیان دەست نیشان دەکرد ئەوسەرکردە بەدزی هەرمندالّەو ناوەکی بۆدادەنا هەرکەسەو ناوی نهێنی خۆی دەزانی. ناوەکان تفەنگ بوو دەمانچەبوو تەشتی زێڕبوو لەوبابەتانە بووسەرکردەکە دەیگۆت کێ دەبێتە کورسی مندالّەک دەیگۆت ئەمن ئەومندالّەی دەبووە کورسی لەسەرچۆکان سەری لەناو کۆشی سەرکردەکەی دەناو مندالّەکانیش

دەمـەتر دووردەکـەوتنەوە و بەڕیز رادەوەسـتـان لەپاشـان سـەرکـردەکـە بەناوە نەهێنیـەکەی بانگی منداڵەکی دەکرد دەیگۆت بێ بێ تفەنگ بێ تفەنگ ناوی خـۆی دەزانی و دەهات لەسـەر پشـتی ئەوکـەسـەی بوویتـە کـورسی دادەنیـشت سەرکردە کەپەنجەکانی لەپشتی کورسی دەداو دەیگۆت بابێ بابێ حەمەدەی رابی تەقرەی لەچەندی دابی، ئەگەر منداڵەکەی بوویتە کورسی زانیبای بەچەند پەنجـە لەپشـتی دەدا ئەکـوڕەرکـەی سـەرکـورسی دەبوو کـورسی ئەوەی پێشـتـر کـــورسی بـوو دەچۆوە ناوڕیزی منداڵەکــان ئەویش ناوی نەهێنی هەبوو ئەوە بەردەوام دەبوون تا هەموو ڕیزەکە تەواو دەبوو.

### ١٦- گەمانی کەلایانێ:-

ئەم گەمانە ئێستاش دەکرێ باوە لەناو منداڵان پێشان لە گوندەکان کوڕە جا حێلـەکانیش دەیانکرد لەبەر ئەوەی گەمەکـە ماوە پێیناوێ زۆر باسی بکەین هەر ئەوەندە دەڵێن لە جـیـاتی پارەجگیش دادەندرا پارەش دادەنرا و ســەرە سیفۆنیش دادەنرا جۆرەک کەلایانێ دەکرا پێیان دەگۆت تیر یترانێ ئەوکەسەی کەلای نەبا چاوەروانی دەکرد تایەکێک دەکوژرا یاری بەکـەلایەکەی ئەو دەکرد پێیـان دەگۆت کـەلا کـوژ لە گـوندەکـان منداڵەکـان بەبەردی کـەلایان بۆ خـۆیان دروست دەکرد هەندەک منداڵانی شاریش کەلایان دروست دەکرد.

### ١٧- گەمانی شێر و خەتانێ:-

ئەم گەمانە بزربوو لەبەر ئەوەی پارەی ئاسن نەماوە پێشان دەکرا ئەم گەمانە بە دانیـشتن دەکرا پارەی پێشـان لایەکی رسم بوو لایەکەی تر نووسین بوو لایە رسمـەکە شێر بوو ئەو گەمانە بەهەڵدان دەکرا و بەشاراوەش دەکرا منداڵ بەدزی دەیانکرد رۆژانی جەژنیش دەکرا.

### ١٨- گەمانی هێلکە شکانێ:-

ئەم گـەمـانە کوڕانەیە بەزۆری لە گوندەکـان لە رۆژانی جەژنە دەکرا منداڵانی گوندی هێلکەیان لە دایکیـان دەسـتـاند یان دەیان دزی بۆ مـاوەی چەند رۆژێک

لە ناوخــۆیان دەنا دەیانگۆت ڕەق دەبی لەکـــاتی هێلکە شکانێ منداڵەک هێلکەی لەناو دەستی خۆی دادەناو منداڵەکەی تر بە هێلکەکە لە هێلکەکەی دەدا ئەگــەر ئەوەی بنەوە شکابا ئەوە خــاوەن هێلکە شکاوەکـە دەیدۆڕاند لەو گەمانە هەر هێلکە شکاو دەدۆڕا.

**١٩- گەمانی جگانێ:-**

پێشان گەمانی جگانی زۆر باو بوو لە گوندەکان ئێستا ئەم گەمانە نەماوە هەر ناوی مـاوە ئەویش هەمـوو کـەس نایزانێ پێـشان جگ لەلای منداڵان زۆر خۆشەویست بوو هەموویان ڕەنگ دەکرد و لووسیـان دەکرد ئەو جگەی لووس کرابا پێیـان دەگۆت (پەلووج) جگ ئەو ئێسکەیە لەرەفیسکی قاچی پشتەوەی ئاژەڵدایە ئەم گـەمانە هەرِ کـوڕەکان دەیانکرد چۆنیـەتی گـەمـانەکە سێ جـۆرە جگانێ هەبوو ١- جغزی ٢- بەکۆمەڵ ٣- بەڕێز کردن بوو جگانێ هەرچکی ئاژەڵی وردە دەبوو جگی مـانگا جگانی پێ نەدەکرا لـەبەر ئەوەی زۆر گەورەبوو جگانی بە جغزی خـەتەکی بازنەی دەکێشرا بەقـەدەر نیـو مـەتر ئەو منداڵانەی بەشدار دەبوون لەگەمەکە هەرکەسەو جگەکی لەناو بـازنەکە ڕێزدەکرد ڕێزەکە لەســەر لێــواری خــەتەکــە بوو لەلای ژووری یەک لەدوای یـەک بە دوو پەنجــە بەخشکە لە سەر عاردی جگەکەی دەهاوێشتە ناو جگەکان ئەگەر لەگەڵ لێدانی جگەکی فــڕێداباادەروەی جـغـزکـە ئەوە دەیبـردەوە جـاری وا هەبوو دوو جگی فڕێدەدا دەرەوەی بـازنەکە جۆری دووەم بەدوو کـەس دەکرا منداڵەک کۆمەڵەک جگی لەناو هەردوو دەستی دادەنا بە منداڵەکەی بەرامبەری دەگۆت چت دەوێ میـر یان کەر جگەکە لایەکی میـر بوو لایەکەی دی کەر بوو منداڵەکە دەیگۆت میر کوڕەکە مستە جگەکانی هەڵدەداو دەکەوتنە عاردی تەماشایان دەکرد ئەگەر میـر زۆرتربا ئەوە زیادەکەی دەبردەوە گریمان کـەرەکـان شەش دانەبـان میـرەکـان هەشت دانەبان دوودانە زیادەکەی دەبردەوە جۆری سێ یەم منداڵەکان لە دووری چوار مـەتر جگەکـانیـان ڕێزدەکرد بەنۆبەت جگیـان دەهاوێشتـە ڕێـزەکە لە چەند جگی دابا ئەوەندەی دەبردەوە ئـەو منداڵەی لێبینەدابا ئەو جگەکەی دەدۆڕاندەوە جگانی تاک تاکیش هەبوو دووکەس دەیانکرد.

**٢٠- گەمانی مەیل مەیلانێ:-**

ئەم گەمانە هەمـوو كەس دەیانكرد هەندەک جار لە گوندەكان لە دیوەخانەكان دەیانكرد ئەم گەمـانە بەشەو دەكرا جۆری كردنـەكە لەكاتی دانیشتن یەكەكیان لە دڵـی خـۆی تەیرەكی رەچاو دەكـرد یان ئاژەڵـەک بە ئیـشـارەت و بە دەست باسی هەمـوو لەشی تەیرەكەی دەكـرد لەپاش ئیـشـارەتەكـە بە فـیكەش شـێـوی باسی دەكـرد ئەگـەر زاندرابا ئەوە دەیان بردەەو بـە نۆبەت بەردەوام دەبوون ئەم گـەمـانە لەسەر گوپ دەكرا.

**٢١- گەمانی كێلە و بەردانێ:-**

لە گـوندەكـان لەوەرزی زسـتـان و بەهاران دانیـشـتـوانی گـوندی دەیانـكرد بەزۆریش شـوان ئەم گـەمـانەیان دەكـرد گـەمـانەكی خـۆش بوو ئەوەی لەبەرد هاوێشتن دەسـتی راسـتبا لەو گەمانە سەركەوتوو دەبوو چۆنیـەتی ئەنجامـدانی گەمـانەكـە گەمەكەرەكان دەبوونە دوو تیپ هەرتیـپە و هەشت كێلی دەچەقاند بەرامـبـەری یەک بەینی هەردوو تیـپـەكـان بەرد هاوێژێک بوو لە پێـشی ریزەكێلەكان كێلەک هەبوو پێیان دەگۆت مەلا ئەو كێلەی دەكەوتە پشت مەلای ناوی مـەلا ژن بوو لە چەپ و راسـتـی مـەلای لە هەرلایەی سێ كـێل هەبوو لەپاش ئەوەی هەمـوو كـێلەكـان دەچەقـان هەركـەسـە و چەند بەردەكی دەهێنا لەپاش تـەرِ و هیـشـكانێ لای یكەم جـار دەسـتی بەبەرد هاوێشتن دەكـرد هەركـەسـە و سـەر و بەردیان دەهاوێشت هەركـەسـەک بەردی خـۆی دەهاوێشت دەیگۆت كـێلم بەدوان لەبەرئەوەی جـاری وا هەبوو بەبەردەک دووكـێل دەپەرِی واتە بەبەردەک دووكێل دەكەوت ئەگەر نەیگۆتبا كێلم بەدوان حسابیان نەدەكرد كام تیپ پێشـتر كێلەكانی لایەكەی تری خسـتبا ئەوە دەیبردەوە لایە دۆرِاوەكە لایە سـەركـەوتووەكـەی لەپشـتێ دەكـرد تاجـێگای كـێلەكـان. وەكـو تۆپانێ لاگۆرِكێیان دەكرد.

**٢٢- گەمانی پاشا پاشایانێ:-**

ئەم جۆرە گەمـانە بەزۆری شوان و بەرخەوان دەیانكرد لە ئاقاری ئەم گەمـانە

بزربووە ناویشی نەماوە چۆنیەتی کردنی گەمانەکە چەند منداڵێک رێک دەکەوتن لەسەر ئەو گەمانە بە تایبەتی ئەگەر منداڵەکی نەشارەزایان لەگەڵ با لەبەر ئەوەی هەرمنداڵەک شارەزای ئەم گەمانەبا نەدەبووە پاشاکە بڕیار دەدرا ئەم گەمانە بکەن دەیان گۆت کێ دەبێتە پاشا منداڵە نەشارەزایەکە وای دەزانی پاشا گەورەیە دەیگۆت ئەمن دەبمە پاشا دەیان گۆت کێ دەبێتە تەختی پاشا یەکێک دەیگۆت ئەمن تەختەکە خۆی دەچەماندەوە بە پاشایان دەگۆت فەرموو پاشا وەرە سەر تەختی پاشای کەپاشا لەسەر تەختەکە دادەنیشت چاوی پاشایان بەجەمەدانی دەبەستاوە پاسەوانەکیان بۆ دادەنا بەدارەوە بە پاشایان دەگۆت هەرکاتە داوای تفەنگت کرد ئەو پاسەوانە تفەنگت دەداتێ منداڵەکانی تریش هەموو خزمەت کار بوون پاسەوانەکە سەری دارکەی بە پیسای دەکرد لەناکاو یەکێک بانگی دەکرد پاشا دز هات پاشا چاوی بەسترایە چ نابینی پاشا بانگی پاسەوانی دەکرد و دەیگۆت پاسەوان ئەو تفەنگەم بۆ بێنە پاسەوانەکە سەرە دارە بە پیسایەکەی دەدا دەست پاشا هەموو دەستی بە پیسای دەبوو بەگورجی چاوی دەکردەوە دەستی بە پیسای بووە دەبووە پێکەنین ئەویش تورە دەبوو.

## ٢٣- گەمانی تەڵ و ڕیوویانێ:-

ئەم گەمانە منداڵ نەیان دەکرد کوڕە جاحێلەکان دەیان کرد ئەم گەمانە ناوی نەماوە بۆئەوەی ناوی زیندو بێتەوە من دێنوسم ئەم گەمانە شوانە گەنجەکان لەماڵێک یان لەدیوەخانە کان کۆدەبوونەوە ئەم گەمانە یان دەکرد گەمانەکە کوڕانەیە شێوەی ئەنجام دانی یێکێک دەبووە تەڵەیەکی دیکە دەبووە ڕیووی بەجەمەدانی هەردوودەستی تەڵەکەیان دەبەستاوە لەگەڵ هەردوو قاچی لەپاشان دەچەماوە دەکەوتە سەرلەپ ڕیووی یەکەیان دەهێنا پێیەکی دەخستە ناودەستی تەڵەکەی پێیەکەی تریش دەخستە ناوقاچەکانی تەڵەکە سەری ڕیوویەکە دەکەوتە بن زگی تەڵەکە تەڵەکە دەکەوتە سەرملی ڕیووی یەکە لە ناکاو تەڵەکیان بەلای راست وەردەگێڕاو تەڵەکە خۆی لێک دەکێشاوە دەبوو هاوار هاواری ڕێووی جاروبار ڕێووی باش لێبەردە بوو هەندەک جار ڕێووی

بەهێـزتربـووتەڵەکـە لەدەست ڕێووی هاوار هاواری دەکـرد ئەوکـەسانـەی دەبوونە ڕێووی کەسانی نەشارەزابوون.

**٢٤- کەرە مستانێ:-**

کەرەمـسـتانێ ئێسـتـاش دەکرێ هەمـووکەس دەزانن چۆن دەکرێ لەبەرئەوەی من هەندەک گـەڕاوم لـەناوچەی هەولێـر بەنۆ کـڵاو دەکـرێ لـەهەندەک نـاوچان بەگـۆڕەوی بەن دەکـرا هەر بەنـۆ گـۆڕەوی لـەناو عـارەبان بەبەتانی دەکـەنە پـەناڵە ناو دەستی خۆیان ئەنگوستیلەکە دەشارنەوە پێیدەلێن (محیبس).

**٢٥- شندڕی بەبن دڕی:-**

ئەوجـۆرە گـەمـانە شـوان و بەرخـەوان دەیان کـرد شـێـوەکـەی ئەمـە لەبەینی دووکـەس بوو بەنۆبەت کـڵاوەکـەی خـۆیان دادەنا دوور دەکـەوتنەوە بیـست شـەقـاوێک بەغـاردان دەهات گـۆپارەکەی ڕادەوەشـاند لەکـڵاوەکـەی دەچەقـاند ئەگەر بەکڵاوەکە کەوتبا کڵاوەکەی دەدڕاند جاری واهەبوو کڵاوی هەردووکیـان دەدڕا لەکاتی ڕاوەشاندن دەیگۆت شندڕی بن دڕی ئەوکڵاوەم بۆهەڵدڕی.

**٢٦- تیلکە مەسووسبی:-**

تیلکە مـەسوسی لەوەرزی بەهاران منداڵی کوڕ دەیان کرد گەمانەکە ناخۆش بوو بۆ پێکەنین دەیان کـرد لەناو منداڵەکـان یێکێک خـۆی تەرخـان دەکـردوە کـودەست پێـشـکەری چاویان بەجـەمـەدانی دەبەسـتـەوەو لەناو منداڵەکـان ڕادەوستاو منداڵەکان دەورەیان لێدەداو لەپشـتـەوە تیلکەیان پێوەدەکرد ئەویش لەچواردەورەی خـۆیدا دەسـوڕاوەو هەوڵی دەدا دەسـتی بەیێکێک لەمنداڵەکـان بکەوێ دەســتی بەهەر منـداڵێـک کـەوتبـا ئەوە دەهاتە جـێگای ئەوچاوی دەبەستاوە.

**٢٧- گەمانی هۆلە ملانێ:-**

ئەم گەمانە زۆرکۆنە کەم کەس لەیادی ماوە ئەو گەمانە گەورەو بچوک دەیان

کرد بەشی زۆری لەوەرزی زستانان دەکرا چۆنیەتی کردنی گەمانە بەدوو کەس دەکرا. گوریسەک یا پڕدێنی پیاوان هەردوو سەرەکانیان لێک گرێ دەدا ئەو دووکەسەی گەمەکیان دەکرد پشتیان تێک دەکردو دادەچەمانەوە سەرلەپ هەریەکەو لاگوریسەکی دەهاوێشتە سەرملی گوریسەکە بەبەینی دەست و قاچیاندا دەهات بەگاگۆرە یەکتریان ڕادەکێشا وەکو گوریس کێشکانێ بەڵام لەسەر لەپ ئەوەی بەهێزتر بایە ئەوەکەی تری لول دەدا بەغلۆرە ڕایدەکێشا دۆڕاوەکە زۆر عەزیەتی دەبوو.

## ٢٨- گەمانی قاوقاوانێ:-

لەگوندەکانی کوردستان ئەم گەمانە زۆرباو بوو هەندەک جار لەنێوان دانیشتوانی دووگوند دەکرا گەمانەکە منداڵ و گەنجەکانیش دەیانکرد ئەم گەمانە لەجێگای گۆرەپان و ڕاستان دەکرا چۆنیەتی ئەنجام دانی منداڵەکان دەبوونە دووتیپ لەکاتی دەست بەگەمەکە دەکرا هەرتیپەو هەوڵی دەدا کڵاوی یەکترە بفرێنن، تیپەکان هەرتیپەو شاری دیاری کراوی خۆی هەبوو وەکو گوڵ هەرییێکێک توانی بای کڵاوی یێکێک لەتیپەلکەی بەرامبەری ڕفاندبا یەک سەر بەرەو شارەکەی خۆی بەغاردان دەگەڕاوە لەگەڵ هاورێیەکانی ئەوانەی کڵاویان لێبردراوە دەکەوتنە دوایان بۆئەوەی کڵاوە کەیان لیسەنەوە ئەگەر لەڕێگای توانیبا یان کڵاوی یێکێک لەتیپەکە بسێنن ئەوە قاوی خۆیان دەگەڕاندەوە ئەرگەر نەشیان توانیبایە ئەوە قاویان دەبردو دەگەیشتە شارەکە ئەوکڵاوەی دەی فرێنن پێیدەلێن قاو هەندەک جار گەنجەکانی گوندەکی دەچوونە گوندەکی تری دراوسێیان گەنجەکانی هەردووگوندەکە قاوی یەکتریان دەهێنا بۆ گوندەکەی خۆیان لەقاوقاوانێ ئەو کەسەی زۆر بەزی بایە ئەو دەیبردەوە ئەگەر لەکاتی شت فرۆشتن زوو خلاس بێت دەڵێن قاوقاوانیان پێکرد.

## ٢٩- جوزەکی:-

ئەم گەمانە بەزۆری منداڵی ورد دەیانکرد کوڕ و کچ دەیانکرد بەڵام بەجیا جۆری گەمەکە منداڵەکان جێگایەکیان دیاری دەکرد تا ئەو جێگایە لەسەر یەک

قاچ غاریانده‌دا ئه‌وه‌ی پێشان گه‌شیتبا شاره‌که ئه‌و ده‌یبرده‌وه جۆره‌که‌ی تر هه‌بوو خه‌ته‌کی بازنه‌یان لێده‌دا و دوو که‌س ده‌چوونه ناو بازنه‌که به جوزه‌کی له‌سه‌ر یه‌ک قاچ به‌شان یه‌کتریان پاڵده‌دا له‌کاتی پاڵدان ئه‌وه‌ی له‌خه‌ته‌که ده‌رچووبا ئه‌وه ده‌یدۆڕاند.

## ٣٠- گه‌مانی په‌لیکانێ:-

ئه‌م گه‌مانه له‌هه‌نده‌ک جێگایان ماوه هه‌ر کوڕ ده‌یکه‌ن چۆنیه‌تی گه‌مانه‌که منداڵه‌کان ده‌بوونه دوو تیپ هه‌ر تیپه‌و شاری خۆی هه‌یه پارچه دارۆکه‌ک ئه‌وه‌نده‌ی قه‌ڵه‌مێک درێژده‌بی سه‌ره‌کانی ده‌تراشن ئه‌ودارووکه ناووی په‌لیکه گه‌مه‌که‌ره‌کان هه‌رکه‌سه‌و دارده‌ستی خۆی له‌ده‌سته له‌پاش ته‌ڕو هیشکانێ لایه‌ک ده‌ست به‌گه‌مان ده‌کا هه‌رتیپه‌و له‌پێش شاری خۆی راده‌وه‌ستێ و دابه‌ش ده‌بن بۆئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ لێدانی په‌لیکه‌که له‌شاره‌که‌یان تێپه‌ڕ نه‌کات ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ لێدانی په‌لیکه‌که به‌ره‌و ڕوویان هات به‌داره‌کی لیان ده‌داو ده‌یان گێڕاوه به‌ره‌و لایه‌که‌ی به‌رامبه‌ریان په‌لیکۆکه له‌شاری هه‌رلایه‌ک تێپه‌ڕی کردبا ئه‌ولایه ده‌دۆڕا ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ لێدانی په‌لیکه‌که له‌شاره‌که‌ی ڕه‌ت کرده‌با ده‌یان گۆت پشته‌و شاری کرد پشته‌و شار به‌دوو بردنه‌وه حساب ده‌کرا. له‌ناو کورده‌واری ئه‌گه‌ر ییێکێک کاره‌کی باشی کردبا ده‌یان گۆت ئه‌ونده باشه پشته‌و شاری کرد.

## ٣١- کۆسه به‌بانێ یان بووک بارانێ:-

له‌کوردستان له‌وه‌رزی زستان و به‌هار ئه‌گه‌ر باران نه‌باریبایه هه‌موو خه‌ڵک له‌خـوا ده‌پاڕاوه باران ببـاری زۆرجـاروابوو باران نه‌باریه و ده‌غڵ و دان زۆرپێویستی به‌باران بووه بۆئه‌وه‌ی خوای گه‌وره داواکه‌یان جێبه‌جێ بکات گه‌نجه‌کانی گوندی بووک بارانه‌یان ده‌کرد چۆنیه‌تی کردنی بووک بارانێ ئیوارێ گه‌نجه‌کانی گوندی خۆیان ئاماده‌ده‌کرد به‌شه‌و بووک و کۆسه‌یان ده‌ست نیشان ده‌کرد گه‌نجه‌ک ده‌بووه بووک یه‌که‌کیتر ده‌بووه کۆسه‌و ده‌موو چاوی کۆسه‌یان به‌ته‌نی ڕه‌ش ده‌کردوو به‌کڵاوی دووگوێیان بۆده‌کردو کۆسه خۆی هه‌رده‌کرد ئه‌گه‌ر هه‌با پێسته مه‌ڕه‌کی له‌پشتی خۆی ده‌به‌ستاو بووکیش جل و به‌رگی ژنانیان

لەبەردەکرد و کۆسە تۆبزەکی بەدەست وەدەگرت گەنجەکان لەپشت کۆسەو بووک دەڕۆیشتن ماڵ بەماڵەکانی گوندی دەگەڕان چوبانە هەرماڵێک کۆسە کوتکەکی لەعاردی دەدا و هەرو گێفی دەکرد ماڵەکەش جامەک ئاویان بەکۆسە دادەکرد هەندەک شەو چەلیان دەدانێ جاشەوچەلەکە مێوژ بوویان قەسپ یان هێلکە بوو هەموو ماڵەکان دەگەڕان و هەموو ماڵێک ئاویان بەکۆسە دادەکرد. هەندەک جارکۆسە دەخافرا بووکەکەیان لەکۆسە دەدزی کۆسە دەکەوتە دواییا بووکی لییان دەستاندەوە. جاری واش قەومایە قەومی گوندی لەنێزیک گۆمە ئاوەک نوێژی باران بارینیان کردیە لەپاش نوێژکردن مەلایان هاوێشتیتە ناو گۆمە ئاوەکە تاباران بباری.

## بەشی سێ
## فرۆشتن و کاروان کردن وجۆرەکانی

ناو چەی خۆشناوەتی ناوچەکی شاخاوی بەخێرو بەرەکەت و داهاتی باشیان هەیە ناوچەکی پان و بەرین و فـراوانە هەمـو جـۆرەکـانی مـیـوەی هەیە و دانیشـتوانی ناوچەی خۆشناوەتی زۆرخواپەرست و بەدین ناوچەی خۆشناوەتی جگە لەمیوەجات دارو باری جۆراو جۆری سروشتی لەکێوەکان هەیەو فەلاحەتیو ئاژەڵ بەخێوکردن و توتنی بۆندار تووتن لەهەموو گوندەکان دەکرا بەڵام چەند گوندەکی بەناو بانگ هەبوون توتنی بۆنداری لێدەکراوە کو بالیسان و خەتی و شـیـری و زێوەو هەرتەل و توقمێ و بەرۆژو ئەو گـوندانە توتنیـان زۆرباش بوو لەگـوندەکـان ئەوتووتنەی بۆکـێـشـان دەکـرا پەروەردەدەکـرا. لەوەرزی بەهاران عـاردی توتنی بۆندار دەبی مـیـزاوی بدرێتێ بەشـەو مێگەلی لەسـەر عـاردەکە رابگرن لەکـاتی کـردنی نابێ بەژنی برکـەکـەی بلندبێ وەدەبێ سـەرگـوڵ بکرێ لەکـاتی دەی رنن دەبێ باش پێگەیشـتـبێ لە پاش رنین بە شـیـشـەی داری وەدەکەن، بەڵام ئەو توتنەی دەفرۆشا حکومەت ئەوە ئەوەندە پەروەردەی ناووی و بەداوان وەدەکـرا دوو جـۆرە فـرۆشتن هەبوو جـۆرەکـیـان بەکـەر و کـاروان بوو جـۆرەکەی تر دەدرا حکومـەت فەحص دەکرا پێشـان توتن فـرۆشـتنی بەکـەر و کاروان قاچاخ بوو بە ئاشکرا نەدەفرۆشا لەبەر ئەوەی پێشان رێگاوبانی سەیارە نەبوو ناوچەشاخاویەکان داهاتەکانی خۆیان بە پشـتی وڵاخان دەهێنا شارەکان دەیان فـرۆشت و پارەکـەیان بە پێـداویسـتـیـەکـانی خـۆیان دەدا لە ناوچەی خۆشناوەتی سێ جۆر کـاروان کردن هەبوو هەر جۆرەوکـاتی خۆی هەبوو بەپێی داهاتەکەی ساڵانەی.

### کاروانی توتن

لەبەر ئەوەی ناوچەی خۆشناوەتی توتنی باشی هەبوو توتن کرەکـان روویان لەناوچەکە دەکرد بەشی زۆری توتن کرەکـان عـارەبەکـانی مـوسڵ بوون لەگـەڵ شـەبەک و دیانـەکـانی بەرطلە و عـارەبی شـەرگـات و گـەیارە دەهاتن ئەو توتن



کرانە توتنیـان دەکـرێ بەکـێشـان بوو یان بەدار بوو واتە بەشیش بـوو لەپاش کرینی دەیاندا کاروان چیەکان توتنەکەیان دادەگرت لەناو گۆشان دەکرا باری هێستران گونیەی خەت سۆربوو باری کەران گونیەی خەت شین بوو چۆنیەتی داگرتنی توتن ڕێزە شیشەکیان ڕێزدەکرد و ئاورشێنیان دەکرد دووبارە ڕێزەکی تر دادەندرا و ئاورشـێن دەکـرا تا هەمـوویان لەسـەر یەک دادەناو ئاورشـێن دەکـرا لەپاشـان لەفـەردان دەکـرا و قـەپاغی لێـدەدرا و توتن کرەکە دەگـەڕاوە لەکـاتی داگـرتنی توتن دەبا باشی ببـەستن فـەردەکە رەق ڕادەوەسـتـایە لەپاش داگـرتن کـاروان چیـەکان باریان دەکرت لەسەر کـرێبـارەکـەش پێشـەکی لەگـەڵ خـاوەن توتنەکە ڕێک دەکەوتن باری کەران بەچەند و باری هێستران بەچەندە ئەوکاتەی من کـاروانم دەکرد بـاری کـەرێ بەدوو دینار بوو باری هێـسـتـری بەسێ دینار و نیـو بوو ئەگـەر بۆ حەمام عـەلی با بـاری کـەران بەسێ دیناربوو باری هێـسـتـران بەچوار دیناربوو کـاروانی تـوتنی بەبێ سـەر قـافـلەچی نەدەکـرا لەبەر ئەوەی کاروانی توتن هەر بەشەو دەرۆیشتن بە ڕۆژ خۆیان لەکەندان دەشاردەوە جێگای خۆشـاردنەوە پێیـان دەگۆت (مـەکۆ) چارسـەر قـافلەچیـەکان شارەزای ئـاقـاری هەمـوو گوندەکان و جێگای مـەکۆیەکان بوو ئەوکاتەی من کـاروانم دەکرد سـەر قـافلەچیـەکەمـان ناووی رەسول حمد امین بوو خەڵکی گوندی شێخ وەسان بوو

ئەوەندە شارەزابوو بەشەو ئاقاری ئەو گوندانەی پێدا دەرۆیشتن هەمو دەزانی نانی کاروان چییان ژنەکە هەمووی دەکردە نووردی و لەناو جاغی خام دەکرا کاروان چیەکان شەکر و چای خۆیان هەڵدەگرت لە هەموو قۆناغەکان چایان لێدەنا پێخۆریش مێوژبوو یان قەسپ بوو یان پیاز بوو جاری وا هەبوو بە چوار شەو دەگەیشتە قۆناغی دوای هەندەک جار زیاتربوو وەهەروەهاش دەبا ئالیکی وڵاخەکانیش لەگەڵ خۆیان هەڵگرن هەندەک جار جاغە توتنەکی بچوکیان بۆ دیاری لەگەڵ خۆیان دەبرد، هەندە کاروان چی کەرەکی بەتاڵ بۆ سواربوونی خۆی لەکاتی ماندو بوون لەگەڵ خۆی دەبرد بەو کەرەیان دەگۆت (مینەگ) توتن کڕ و کاروان چیەکان جێگای وەرگرتنی توتنەکەیان دیاری دەکرد لەگەڵ گەیشتنی توتنەکە کە توتن کڕیش لەهەمان جێگا ئامادە دەبوو هەر بەشوە توتن کڕەکە کرێی بارەکانی دادەنێ و کاروان چیەکان دەگەڕانەوە لە ڕێگا ئەگەر لایاندابا گوندەکی بە شێوەی نەهێنی لایان دەدا پێشان ئەگەر پۆلیس توشی کاروانی توتن بان دەیانگرتن جاری وا هەبووە کاروان چی و پۆلیس بەشەڕ هاتینە و زەلام کوژرایە هەندەک جاریش بەبەرتیل لەگەڵ پۆلیسەکان ڕێک دەکەوتن ئەوەی زۆر ناخۆش بوو پەڕینەوەی توتنەکە بوو لە زێی کەڵەکێ جێگای سەرەکی بۆ توتن پەڕینەوە لە زێی دووجێگا بوو یەکەکیان گوندی گرد مامک بوو قایەخی لێبوو ئەوەکەی تر گوندی گردەرەشەبوو ئەگەر لە گوندی گرد مامک دەربازبووبان وڵاخەکانیش بەقایەخەکەدەمان پەڕاندنەوە لە گوندی گردەرەشە توتنەکە بەمەنجەڵی گەورە مام عودە دەیپەڕاندەوە وڵاخەکان لەپردی کەلەکێ دەمان پەڕاندەوە توتنی خۆشناوەتی دەگەیشتە سەر سنووری سوریا هەر بەقاچاخ کاروان چیەکان لەگەڕانەوەیان ترسیان نەدەماو بەسواری وڵاخ دەگەڕانەوە لەگەڕانەوە خانە هەبوو بۆحەوانەوەی خۆیان ووڵاخەکانیان ئەوکاتە لەشاری هەولێر چەند خانەک هەبوون ئەوخانانە جێگای نوستنی خۆیان بوو تەویلەش هەبوو بۆوڵاخەکان شەوی بە [ ١٠ ] فلوس بوو خانەکانی شاری هەولێر ئەمانە بوو (١) خانە سپی (٢) خانە قۆچەی (٣) خانەی حاجی حەسەن بەیرەم (٤) خانەی عەبۆی زۆرتری خانە لێبو کاروان چیەکان دەگەڕانە وە هەولێر پارەکەیان بەپێداویستی خۆیان دەداو دەگەڕانەوە بەرەو گوندەکانی

خۆیان لەڕێگاش چەند خانەک هەبوو لەهەولێر بۆگوندی کۆڕی قۆناغەک بوو خانەش لێبوو وەگوندی سەرەتای بێران ئەویش خانەی هەبوو لەناوچەی خۆشناوەتی دوو ڕێگای سەرەکە هەبوون بۆکاروان کردن یەکەکیان ڕێگای شەقلاوە. مەسیف واتە پیرمام و هەولێر ڕێگایەکی دی لەدەربەندی گۆمەسپانەوە بۆهەولێربوو لەبەرچیای سەفین هەرئەو دوو ڕێگایانە هەبوون خۆشناوەتی واهەڵکەوتیە خۆشناوەتی بەهۆی چیای سەفین بوویتە دوو بەش بەش ئەودیو واتەلای شەقڵاوە پێیدەڵێن پیشی سەفین دیووی لای هەولێر پێیدەڵێن پاش سەفین خۆشناوی پاش سەفین ڕێگای کاروان کردنیان دەربەندی گۆمەسپان بوو خۆشناوی پێش سەفین ڕێگای کاروان کردنیان شەقلاوەو پیرمام بوو.

**جۆری دووەمی کاروانی توتن:-**

ئەم جۆرەیان کاروانی بەکرێیار نەبوو کابرای خۆشناو بارە توتنەکەی دەهێان دەچووە گوندەکانی دەشتی هەلێر بەپارە دەیفرۆشت ئەم جۆرە کاروانە نەئالیکی ولاخەکەی لەگەڵ خۆی نەدەبرد نانیش بۆخۆی نەدەبرد لەماڵان میوان دەبوو وەڕێگاش ئەوەندە دوورنەبوو بەڵام کاروانی توتن هەربەشەو بوو ئەوەی توتنی لەگوندەکان دەفرۆشت ئێواران لەپاش نان خواردن هەندەک توتنی لەکیسەی خۆی دەکردو لەگەڵ خانە خۆیەکەی دەچوونە دیوەخانی ئاغای گوندی دەیان گۆت توتن لەماڵی فلانە کابرای خۆشناو کیسەی توتنی دەدا دانیشتوانی دیوەخانی هەموویان سبیل و قەنەی خۆیان لە کیسی خۆشناوەکە تێدەکرد و هەریەکە و قسەکی دەکرد و پرسیاریان لە خۆشناوەکە دەکرد دەیان گۆت توتنی کام گوندە خۆشناویش ناوی گوندەکەی دەگۆت و ئەگەر رایان لە توتنەکەبا ئەوە دەیان گۆت حۆقەی بەچەندە حۆقەی ئەوکاتە لە هەندەک ناوچان بیست پاکەتە فیشەک بوو لە هەندەک جێگایان شازدە پاکەت بوو کیلۆنەبوو حۆقە و باتمان هەبوو کابرای خۆشناو لە پاش فرۆشتن دەگەڕاوە شار و ئەوەی بۆ ماڵی پێویستبا دەیکڕی و دەگەڕاوە.

**جۆری سێ یەمی کاروان:-**

ناوچەی خۆشناوەتی ژیان و رسقیان لەسەر پشتی ولاغان بوو لەبەرئەوەی نەجـــادە و بان هەبوو نەســـەیارەش هەبوو ناچاربوون بەروبوم و هەمـــوو داهاتەکـەیان سـاغکەنەوە چ بەرێگای فـرۆشتن چ بەرێگای وشک کـردنەوە لەکـاتی مـیـوەجـات پێـدەگـەیشت وەکـو ترێ و هەنار و هەنجـیـر و هەرمی و میوەکانی تر بەباران دەیانبردە گوندەکانی دەشتی هەولێر بەگەنم و جۆ دەیان گۆڕیەوە کاروانی فرۆشتنی میوە زۆر خۆشتربوو لە کاروانی توتن کابرا رسقی خۆی دەگۆڕیەوە باری خۆی باردەکرد و دەگەڕاوە، لەوەرزی زستان کاروانی مێوژ و گـوێز و سـمـاق و باووی و کـاروانی تەڕە فـرۆشتن هەتا قـەراجی دەچوون ئەومالانەی هەموو داهاتەکەیان نەفرۆشتبا ئەوەکەی تریان وشک دەکردەوە وەک مێـژ و لەتکە هەنجیر و یان ئەستورکە هەنجیـر و لەتکە هەرمی و دۆشا و تا هەمـوو رسقـەکـانیـان بەناو دەهێنا، هەرمـاڵە و بەشی خـواردنی خـۆی شـتـی هەردەگرت هەمووی نەدەفرۆشت.

**جۆری چوارەم کاروانی وەرزی زستان:-**

کـە پایز و زسـتـان دەهات ئەم شـتـانەی خـوارەوەیان دەفـرۆشت ١- داری سـپـیندار وەکـو کـاریتـەی خـانوو ٢- شـەقرە ٣- هەوجارِ ٤- دەسـتـەندو ٥- دارجـۆت و قـاشـۆ ٦- مـژانە ٧- رەژوو ٨- داری سـووتـاندان ٩- قـادە ١٠- دارکــراوە ١١- زەنگورە ئەمــانە هەمــوویان لەداری بەروو دەکــران. لەوەرزی هاوین بەباران بەفریان دەهێنا هەولێر دەیان فرۆشت پێشـان کـارگەی درووست کـردنی بەفـر نەبوو لەناوچەی کـۆیێ و خـۆشناوەتی زسـتـانان کـەبەفـر دەباری چ بەپارە یان بەهەرەوەز دەچوون جـارە بەفـرەکـانیـان پڕ بەفـردەکـرد بەزەلامـان بەفرەکـەیان دەپەستاوە بۆئەوەی توند بێ سەرجـارە کـانیـان دادەپۆشت هاوینان بەمنشـار دەیان کـردە قـالب لەگـۆشـانیـان دەپێـچـا بەباران دەیان هێنا هەولێـر ناوچەی خۆشناوەتی هەرچەند رسقیان لەسەر پشتی ولاخان بوو بەلام لەمیـوان داری و نان دان زۆربەناو بانگن لەکـاتی شـۆرشی ئەیلول جـێگـای حـەوانەوەی پێشمەرگەش بوو.

# بەشی سی و یەک
# نەخۆشیەکانی منداڵان

پێشـان لەگوندەکانی کوردسـتان دکتـۆرو بنکەی تەندروسـتی نەبوو دەرمان نەبوو لەهەندەک ناوچەکانی جۆگاوئاوی هەبوو نەخۆشی مەلاریبا هەبوو پاک و خاوێنی نەبوو سابون و تایت نەبوو بەتایبەتی تایت هەرناوی نەدەزاندرا ئەسپێ زۆربوو بۆی لەناو کوردەواری باوڕیان بەزۆرشت هەبوو.

**١- نەخۆشی شەوتا:-**

شـەوتا جـۆرە نەخـۆشـیـەک بوو بەشی زۆری لەوەرزی هاوین پەیدادەبوو نەخـۆشـەکـە لەپاش نان خـواردنی ئێـیـوارێ تـاولەرزی دەگـرت هەرچەندە دایان دەپۆشی گـەرم نەدەبۆوە ئەم جـۆرە نـەخـۆشـیـە پـێـیـان دەگـۆت شـەوتـا بۆ ئەوەی نەخۆشەکە چاک بێتەوە ئێـواری لەکـاتی نان خواردن کەسەکی نەخۆشەکەبەناو گـوند یدا دەگـەڕاو بانـگی دەکـرد هۆی شـەوتا بەشـەو دەگـری تابەرۆژ بەردەدا مـاخۆی چار چاو جە دەرمان دەدا سی جار بانگی دەکرد بەتایبـەتی بەپێـشی مـاڵی ئەو کـەسانە دادەڕۆی کـەدووژنیـان هەبوو جائەوکـەسـە خـاوەن دووژن با وەڵامی دەداوە جۆر خواردنەکی دەگۆت چایان دەیگۆت گۆشت فروج یان نیسک هەندە جـار دەیـگۆت گـۆشت ژووشک هەرچی گـۆتبـای دەیان نـدا نەخـۆشـەکـەو چاک دەبۆوە هەندەک لەخـاوەن دووژنەکـان لەکـاتی بـانـگ کـردن چی لەپێـشی خـۆی باهەرئەوەی دەگـۆت لەگـوندەکـان هەمـوو ئەوکـەسـانەی دووژنیـان هەبوو شارەزابوون هەرکاتەی گوێیان لەو بانگەوازە دەبوو شتی بۆدادەنا.

**٢- نەخۆشی سیی بەرۆ:-**

ئەوکـەسـەی تووشی دەبوو لەناو دوورۆژان نـارۆژەک تاو لەرز دایدەگـرت یان رۆژەک نارۆژەک تاولەرزی دەهاتێ ئەوکاتەی ئەم نەخـۆشیـە دووجـۆرە دەرمـانی بۆداندرا جۆری یەکەم دەرمانی نەخۆشەکە خۆی دەچووە ناوەنـدی سیێ ربانێکی واتە ٣ رێگای تێکەڵ یەکتر دەبێتەوە لەناوەندی هەرسێ رێگاکان دادەنیشت و

خۆڵی بەسەری خۆی دادەکرد و دەیگۆت بابەڕۆ بابەڕۆ لێم ناگەڕێ ٣ بەڕو ٣ جار وای دەکرد چاک دەبۆوە من خۆم ئەم بانگەوازەم کردیە دەرمانی دووەم دەبێ نەخۆشەکە نەزانی گۆشتی تەیرەکی مرداری دەرخوارد بدەی لەپاش خواردنی گۆشتەکە بەنەخۆشەکە بڵێ ئەوگۆشتەی خواردت مردار بوو نەخۆشەکە ئەوەندەی بێزی دەبۆوە چاک دەبۆوە بەڵام کەس ئێستا بەو دەرمانە چاک نابی.

**٣- نەخۆشی بۆن لێیدان و بۆن پڕین:-**

ژنانی کوردەواری هەندەک جار منداڵەکەیان نەخۆشی دەکەوت پرسی بەچەند پیرێژنەکی دونیا دیتە دەکرد بەشی زۆری بۆچونەکانیان دەیان گۆت بۆنی کردیە ژنانی پێشان منداڵی خۆیان لەبۆینی گوڵاو سابون زۆربۆنی دی دەپاراست یان ژنەک تازە منداڵی بووبا ئەو ژنانەی منداڵی ساوایان هەبا وایان نەدەکرد منداڵەکان یەکتر ببینن نەوەکە منداڵەکەی بۆنی منداڵەکەی تازە بووە لە منداڵەکەی بدات بۆن لێدانی نێرینە و مێینە بۆ یەکتر زۆر خراپ بوو بەقسەی ژنان بۆنی نێرینە بۆ نێرینە سووک تر بوو منداڵی برا لەگەڵ منداڵی برای خۆی بۆنی لێنەدەدا وەلەگەڵ منداڵی ئامۆزاش واتە بێگانە لەگەڵ بێگانەبوو هەر خزمەک لە پشتی بان بۆنی یەکتریان نەدەکرد ئەو منداڵەی بۆنی لێدابا دەیان بردە لای بۆن بڕبۆن بڕەکە ناولەپی منداڵەکەی بۆن دەکرد بەمەزەندەی بۆن بڕەکە ئەگەر بۆن لەمنداڵەکەی دابا ئەوە دەرمانی بۆدادەنا. دەرمانەکانی بۆن بڕین ئەمانە بوون (١) خەنەو زەنجە فیل (٢) خەنەو قاوە (٣) خەنەو گژنیژ (٤) مێشکی ئاژەڵی (٥) کەچە سۆل جاپیرێژنە یێکەکی لەوەدەرمانانە بەدایکی منداڵەکە دەگۆت دایکی منداڵەکە ئەوەدەرمانەی دەبایە لەسەری منداڵەکەی بدات یان لەسەری بنێ منداڵەکە چاک دەبۆوە ئەگەر بەو دەرمانە چاک نەبۆوە دەرمانەکانیتریش تاقی دەکردەوە ئەو منداڵەی دەریمانی بۆن بڕی لەسەربا نەدەبا منداڵی تر ببینێ نەوەکە ئەویش بۆن لێدا.

**٤- نەخۆشی زەرتک:-**

هەمــوو منداڵێک لەپاش لەدایک بوون زرتکی دەگـری دەرمـانی زەرتک

شتەکی زەردیان لەملی منداڵەکەی دەکردو چاک دەبۆوە پێشان جۆرە مۆریەک هەبوو دنکە مۆریەکەناوی زەتک بوو یان پارچە زێڕەک بەملی منداڵەکەیان وەدەکرد.

**٥- گەرو خڕە کە ئێستا پێیدەڵێن (بەلاعیم):-**

ئەومنداڵەی توشی گەرو خڕە دەبوو دەیان بردەلای پیرێژنەک ئەنگوستەکی لەگەرووی ڕادەکرد و گەرووی هەردەداوە یان دەیان گۆت ئەنگوستی لەمەلاشووی ڕاکرد منداڵەکە چاک دەبۆوە یان سەرە ئەنگوچکەکانی خۆی گرێیدەداو گریەکە دەخستە بن مەلاشووی منداڵەکە و هەری دەتەکاند منداڵەکە چاک دەبۆوە.

**٦- خێل بوون:-**

هەندەک منداڵ خێل دەبن دەڵێن ئەنجامی دەست راکێشان خێل دەبن منداڵەکەیان دەبردەلای پیرێژنەک ئەنگوستی لەمەراشووی منداڵەکە ڕادەکرد منداڵەکە چاوی چاک دەبۆوە.

**٧- گوێ پەڕەپە (نوکاف):-**

هەرکەسەک توشی ئەم نەخۆشیە بووبابنا گوێ ئەستور دەبوو دەرمانی گوێ ڕەپە ئەوجێگایەی ئەستور دەبوو بەتەنی ڕۆن دووخەتی راست و چەپیان پێدادەهێنا ئەستورا یەکە رەش دەکرا چاک دەبۆوە.

**٨- فرچک کەوتن:-**

ئەومنداڵەی فرچکی کەوتبا دەیان بردەلای ژنەکی زانا فرچکی دەهێناوە چۆنیەتی هێنانەوەی فرچک ژنەکە منداڵەکەی لەسەر دەستی خۆی دادەناو بڵندی دەکرد ناوەندی پشتی منداڵەکە لەسەر تۆقی سەری خۆی دادەناو دەیهێنا خوارێ منداڵەکەی لەسەر کۆشی خۆی دادەنا و بەهێواشی پشتی دەشێلاو بەدوو ئەنگوستی گەورەی بن موسڵدانی منداڵەکەی دەشێلاو لەپاشان

هەردوو پێیەکانی منداڵەکەی بڵند دەکرد بەناو لەپی دەستی دووجار لەبنی پێیەکانی دەداو منداڵەکەی هەڵدەگرت و بەسەر سەری داوەری دەگێڕا واتە قەلاقوچکە یان لەسەر مەقولات بەمنداڵەکەی دەکردو چاک دەبۆوە.

**٩- چلله گیربوون:-**

ئەومندالآنەی هەرزەردو لاوازو سیسی با یان لەسەر لێوەکانی وسک بائەوە دەیانگۆت چلله گیربووە دەرمانی چلله گیری تەرازویان دەهێنا لایەکی تەرازوەکە منداڵەکە بوولایەکەی تر پڕیان دەکرد لەپێلاو منداڵەکەیان بەپێلاوی دەکێشا منداڵ چاک دەبۆوە.

**١٠- سەرکەوتن:-**

ئەگەر کەسانێک سەری زۆرهێشا بادەیان گوت سەرت کەتیە دەرمانی سەرکەتن نەخۆشەکە دادەنێشت چارۆگەکیان بەسەر سەری دادەداو دۆخینەکیان لەنیوچەوانی نەخۆشەکە دەبەستاو بەلام بەشلی بە کلکە تەشی پێچەکیان دەدا تانە خۆشەکە هاواری دەکرد لەپاشان هەر چارەی بەتەکان لاچارۆگەکەیان ڕادەکێشا بۆلای خواری کەڕایدەتەکاند نەخۆشەکە لەبەر ئازاری سەری هاواری دەکرد من خۆم وایان لێکردووم چاک بوومەوە.

**١١- ترسی دەرکردن:-**

ئەگەر منداڵەک ترسابا و لەبەر ترسانەکە نەخۆشی کەوتبا ئەوە هەندەک میزیان دەتاواندەوە لەسەر سەری منداڵەکە لەناو جامەک ئاو ڕوویان دەکرد ترسی دەرکردن لەگەڵ ڕۆژئاوادەبوو مزەکیان بەسەری دادەکرد لەکاتی مزەکیان لەئاوەکە دەکرد دەیگۆت ئەوە چ دەکەی ئەوەکەی تر دەیگۆت ئوەترسی لەفلان دەردەکەم لەپاشان مزەکیان لەناو ئاوەکە دەردەهێنا و هەر لەخۆیانەوە بەسەگەک یان پشیلەکیان دەشەباند و دەیان گۆت ئەوە لەسەگە ترسایە قومەک ئاویشیان لەئاوی جامەکە دەدا منداڵە کەو چاکی دەبۆوە.

**١٢- بەسەرپێ نەکەوتن:-**

ئەگەر منداڵەک درەنگ بەسەر پێیان کەوتبا ئەوە دەچوونە ماڵی ئاغای گوندی داوای دۆخینی دەرپێی ئاغایان لە ئاغا ژنی داوا دەکرد ئاغاژن دەیزانی بۆچیە دۆخینەکەی دەدانێ و هەر بە دۆخینی ئاغا دەست و پێی منداڵەکەیان دەبەستاو کە ئاغا دەچووە دیوەخان ئەوانیش منداڵەکەیان دەبردە پێش ئاغا و ئاغاش گرێی دۆخینەکەی دەکردەوە منداڵەکە بەسەر پێ دەکەوت لە شارەکان رەورەوەیان بۆ منداڵی ساوا دەکڕی تا بەسەرپێیان بکەوی رەورەوە دارەک بوو ٣ پێچکەی هەبوو نەجارەکان دروستیان دەکرد.

**١٣- چاو هێشە یان چاو کولی:-**

پێشان هۆیەکانی چاو هێشە زۆر بوون لەوانە خەڵکی گوندەکان لەناو تۆز و خۆڵ و کەم شوشتن دەژیان پێشان لە گوندەکان بەچاو هێشەیان دەگۆت چاو کولی بەشی زۆری چاوکولی لە هاوینان هەبوو خەڵکەکە لەبەر رۆژی و ئارەقەکردن چاویان دەهێشا وەدکتۆر و دەرمانیش زۆر کەم بوو ناچار دەبوون بۆخۆیان دەرمان دروست بکەن لەگیا و گوڵی ئاقاری جۆرە دەرمانەکیان دروست دەکرد پێیان دەگرت (قورمز) ئەو گیایەی قورمزیان لێدروست دەکرد پێیان دەگۆت (هەرپاچان) هەرپاچان گوڵەکی سۆری هەیە ئەو گوڵە یان هیشک دەکردەوە دەیان کوتاو وەکو پۆدرەی لێدەهات لەگەڵ هەندەک شەپ دەرمانەکە زۆر سۆر بوو چاوی خەڵکی زۆر دەبرژاندەوە خەڵک لەبەری دەگریا ئێمە ماڵمان لە گوندی قولچەبلباس بوو دایکم ئەو قورمزەی دروست دەکرد.

**١٤- گوێ هێشە:-**

پێشان ئەگەر منداڵ گوێ هێشا بایە هەر دایکی خۆی دوو دلۆپ شیری مەمکی خۆی لەگوێی منداڵەکە دەکرد یان بەدووکەڵی جغارە قانگێیان دەداو هێشەکەی دادەکەوت.

**١٥- پشت بەزین یان پشت لەجێی چوون:-**

هەندەک جار منداڵی ساوا زۆر ئەو دەست ئەم دەستی پێ دەکرێ لەبەر هەر

هۆیەک با نەدەنوست دەیان گـوت پشـتی بەزیە دەیان بردە لای ژنەکی شـارەزا ژنەکە منداڵەکەی لەسەر دەستی چەپی خۆی دادەناو بەدەستی راستە هەندەک دەیشێلا واتە پشتی دەشێلا لەپاشان منداڵەکەی بڵند دەکرد و لەسەر توقی سەری خۆی دەی سوڕاند و دەی هێنا خوارێ منداڵەکەی راست و چەپ دەکرد و جوان دەیپێچاوە و لەناو لانکێی دەنا منداڵەکە خەوی لێدەکەوت.

**١٦- بانگەوازی هەی لەوان و هەی لەوان:-**

پێشان هەرماڵێک منداڵیان بووبا زلامەکان بۆماوەی حەوت شەو نۆبەتیان لەمنداڵەکە و داێکەکە دەگرت جاهەندەک ژن هەژاربوون لەکاتی منداڵ بوون پیاوەکەی لەسەفەربوو یان لەکاروان بوو کەس نەبوو نۆبەتی لێبگری جۆرە بانگەوازەک هەبوو ژنەکە بەکەسەکی خۆی لەگەڵ رۆژئاوابوون ئەوبانگەوازەی دەکـردو دەیگۆت هەی لەوان و هەی لەوان لەفـاتیلەی باداوان لەپاش نوێژی عیشای کەس نێتە پێش ئەوان دەرکەو بانان ئەوبانگەوازە لەجیاتی نۆبەت گرتن بوو ژنەکەش بەو بانەگەوازە فەرامۆشی دەهات من خۆم بۆخێزانی برای خۆم ئەوبانگەوازەم کردیە پێشان دەیانگۆت شەوە هەیە لەمنداڵی ساوادەدا یان لەدایکی منداڵەکە دەدا هەندەک ناوچە بەشەوە دەڵێن (ئار) لەکاتی نۆبەت گرتن ئەگەر پشیلەیان دیتبا لێدەترسان. لەهەندەک ناوچان بەنۆبەت گرتن پێیان دەگۆت شەوارە گرتن.

**١٧- تانای سەرچاو:-**

پێشان هەندەک کەس بەزۆری منداڵ لەکەکی سپی دەکەوتە سەربیل بیلەی چاوی ئەوپەڵەیە وایدەکرد چاوی کەم بینا بی ئەوپەڵەسپیە پێیان دەگۆت تانی کەوتیتە سەرچاوی هەر لە گوندەکان ژنەکان چارەسەریان دەکرد چارەسەری تانا سی جۆربوو یەکەکیان بەمێروستانی گەورەکان بوو مێروستانی گەرەکەیان بەپەنجەی خۆیان دەگرت بەبیل بیلەی چاویان وەدەنا مێروستانەکە گەزەی لەپەڵە شینەکە دەدا لە سەرچاوی هەردەگرت چارەی دووەم بەگرمتە شەکری سەربیل بیلەکەیان دەرنی لەکەکەیان هەردەگرت چارەسەری سێیەم بەقشپلی مەری بیل بیلەی چاویان دەرنی.

**١٨- سۆریکە:-**

هەموو کەسێک سۆریکەی دەردەکات دەرمانی سۆریکە پێشان ئەومنداڵەی سۆریکەی گرتبا لێ نەدەگەرا بای لێداو ئاوی جەرگو ناوییان دەدای چاک دەبوو.

**١٩- خوریکە:-**

پێشان لەگوندەکان خورییکە چارەی نەبوو زۆرکەس بەخوریکە کۆرە دەبوو هەندەک بەخوریکە دەمرد.

**٢٠- کۆخەرەشە:-**

ئەگەرمنداڵەک کۆخەرەشەی گرتبا لەگەڵ کۆخەکە پاش دەنگی هەبوو دەرمانەکەی هەنگوین بوو دووتاسی بەیانیان ملاکەک هەنگوینیان دەدایێ چاک دەبۆوە.

**٢١- مارپێوەدان:-**

لەبەرئەوەی لەگوندەکانی کوردستان دەرزی مار پێوەدان نەبوو ئەو کەسەی مار پێوەی دابا لەجیاتی دکتۆر مار مژ هەبوو دەیان بردە لای مارمژ من لەساڵی (١٩٤٩) لەگوندی شێخ وەسانان بوم ژنە لەکاتی مازی کردن مار بەقاچی وەدا بردیانە لای مارمژ چاکی کردەوە مارمژەکان بەقۆچی گای گەورەیان بەکاردەهێنا قۆچە گایەکە لایە باریکەکەی بەدەرزی کون دەکرا لایە ئەستورەکەی زۆر بەراستی لوسی دەکرد بەهەسانی هەر مار مژەک زیاتر لەدە قۆچەگای هەبو لەکاتی چارەسەری مارمژەکە هەندەک خورمای لەناو دەمی خۆی دەنا بەچەقووی ئەوجێگایەی مارەکەی پێوەدابوو برینداری دەکرد قۆچەگایەکی لەسەر برینەکە دادەناو دەمیشت تا قۆچەگایەکە توند دەبوو بەزمانی لەخورمایەکەی ناودەمی هەندەک خورمای بەکونی قۆچەکە وەدەنا و کونەکەی دەگرت کەرەشاخەکە بەبرینەکەی وەدەنوسا بەوشێوەیە جێگای مارپێوە دانەکەی لەچەند جێگا کەرەشارخی لێدەدا لەکاتی کەرەشاخەکانی لێیدەکردەوە

کەرەشاخەکان پڕدەبوو لەخوێناو دووبارە کەرەشاخەکانی لێدەداوە لەگەڵ ئەوەش زوو زوو شیریان دەدای و دەرشاوە هەندەک جار لەکاتی دووپشک پێوەدانیشی دەیان بردەلای مارمژ.

**٢٢- نوشتە و کشتەک و بەنە برک:-**

پێشان خەڵک زۆرباوەڕی بەدوعای مەلاو سەیدو شێخان بوو ئێستاش لەهەندەک جێگایان هەرماوە ئێستاش نوشتە هەدەکرێ بەڵام وەکو پێشان بەپشتی و تۆقی سەری وە نادرووی کشتەک ئەگەر یێکێک نەخۆشبا دەچووەلای مەلای گوندی مەلا مەترەک دەزووی دەهێناو لەگەڵ هەر دوعاییێک گرێیەکی لەدەزوەکە دەداو لەدەستی نەخۆشەکە دەبەستا. بەنە برکێش وەکو کشتەک هەرگری دەدرا بەڵام بەنە برک بەنی خوری بوو بەنەبرک کەم هەبوو بەگوندەکی بەنە برکەکیان هەبوو هەرشەوەی لەماڵێک بوو بەنەبرک لەملی دەکرا. بۆپشت هێشان بۆ پەراسوشکان قیری حەمام عەلیان بەکاردەهێنا لەگوندی لەماڵەک سەرکە قیریان دەخواسیتەوە گەرمی دەکردو بەجێگای ئازارەکەی وەدەنا چاک دەبووە.

**٢٣- بەستانی دەوی گورگ:-**

پێشان لە گونەدکان خاوەن ماڵاتەکان ئەگەر ماڵاتە شەو لە ئاقاری ماباوە یان بزربووبا ئێواری دەچونەلای مەلای گوندی دەیانگۆت ماموستا دەوی گورگمان بۆ ببەستە ماموستا پرسیاری دەکرد جۆری ماڵاتەکە چیە مەلا دوعای دەکرد خاوەن ماڵ دڵ نیا دەبوو گورگ نایانخوا یان ئامانەتی ماڵی شێخ فلانی دەدا.

**٢٤- بازیبەند یان گوڵە بەند:-**

دانیشتوانی کوردستان تاک و تروک بازی بەندیان هەبوو ئەو بازی بەندە دەیان گۆت بەس دوعای ماڵی کاک أحمدی شێخ بۆبازی بەند دەبێ بازی بەند پیاو لەقۆڵی دەبەستا دەیانگۆت ئەوەی بازی بەند هەڵبگری لەکاتی شەڕ کردن گوللە کاری لێناکات و نابڕی.

## بەشی سیی و دوو
## باری کوردەواری

لەناو کوردەواری هەندەک شت و رووداو هەنە پێشان و ئێستاش باوڕیان پێیەتی هەرباوەو بەکاریش دەهێنن وەکو.

١- بۆئاشت بوونەوەی دوژمنایەتی لەنێوان دوو بنەماڵە ژن پێشکەش دەکرا.

٢- لەکاتی زیارەتی سەرقەبران خاوەن مردوەکان مۆم پێدەکەن.

٣- لەکاتی بووک گواستنەوە ئەگەر ناخۆشی رووبدات دەڵێن ئەو بووکە پێی بەخێر نەبوو خۆ ئەگەر لەکاتی گواستنەوە خۆشی پەیدابی دەڵێن پێی بەخێرە.

٤- هەرکەسێک مردوو لەخەونیدا ببینی دەڵێن تەمەنت درێژ دەبێ.

٥- ئەگەر کەڵەشێریان مریشک سەرلە ئێوری بانگ بدات زوو سەری دەبڕن دەڵێن ئەو کەڵە شێرە سەرە خۆرەیە.

٦- هەر کەسێک پیسایی لەخەویدا ببینی دەڵێن ئەوە رسقە.

٧- هەر کەسێک هێسترو کەر لەخەویدا ببینی دەڵێن ئەوە شەیتانە.

٨- هەرپیاوێک ژن لەخەویدا ببینی دەڵێن ئەوخەونە بەتاڵە.

٩- ئەگەر ناولەپی دەستی چەپت بخورێ دەڵێن پارت دێتە دەست.

١٠- ئەگەر ناولەپی دەستی راستە بخورێ دەڵێن پارەت لەدەست دەڕوا.

١١- ئەگەر مارو سەگ لەخەودا ببینی دەڵێن ئەوە دوژمنن.

١٢- ددان کەوتن لەخەودا دەڵێن کەسەکی نێزیکت دەمری.

١٣- لەکاتی پێڵاودانان ئەگەر پێڵاوەکان بکەونە سەریەکتر دەڵێن سەفەرت لەپێشە.

١٤- ئەگەر ماڵات نەخۆش کەوتبا دەیان بردە سەرچاکان.

١٥- کەسانێک بەشەو پشیلەی رەش ببینی تەزی بەلەشی دادێ و بەخراپی دەزانێ.

١٦- فیکەیان فیتە لێدان بەشەو دەڵێن خراپە بەتایبەتی لەشەوی تاریک.

١٧- ژنانی کوردەواری لەکاتی ئاو دەڕێژن ناوی خوادەهێنن.

١٨- لەناو ماڵێدا ئەگەر پێڵاو وەربگەڕێ ئەوە خێرا راستی دەکەنەوە.
١٩- ئەگەر مردو لەماڵ دەرچوو جامەک ئاوی لەدوای دەڕێژن.
٢٠- پێشان ئەگەر دوعایان لەکەسێک کردبا بەرەو گۆڕستان ڕادەوەستا.
٢١- ئەگەر کەسێک بەچاو چووبا هەوڵیان دەدا شتەکی چاو پیسەکە بدزن یان پارچە جلەکەکی چاو پیسەکەیان دەبرِو دەیان سوتاند.
٢٢- ئەگەر ماڵێک شتەکی باشیان هێناباوە ماڵێ هێلکەکیان پێدادەدا.
٢٣- ئەگەر بێستانەک زۆر باش با لەبەر چاوزار سەرکە کەریان لەناو بێستانەکە بەدارەکی وەدەکرد.
٢٤- ئەگەر کە سانێک خانوی باشی کردبا ناڵەکی وڵاخانی بەپیشی دەرگا وەدەکرد یان کچە پێڵاوەک.
٢٥- لەناو ماڵێ پشیلە چاوی بشوا نیشانەی میوان هاتنە.
٢٦- ئەگەر کێشەکەیان جۆلەکە لەحەوشە بەشەرِبێن نیشانەی میوان هاتنە.
٢٧- ئەگەر ژنەک لەکاتی نان کردن هەویری پەڕ یبا نیشانەی میوان هاتنە.
٢٨- لەکاتی ئیشکردن ژن گرێی چارۆگی بوو باوە نیشانەی میوان هاتنە.
٣٠- ئەگەر کەسێک چاوی فرکە فرک بکات نیشانەی میوان هاتنە.
٣١- کەسانەک سەری لوتی یان کەپوی بخورێت نیشانەی میوان هاتنە.
٣٢- ئەگەر ژنەک لەماڵی مێردی تۆرابا هەر لەماڵی باوکی با دەیانگۆت ئەگەرە مانگا بەدۆبا لەبەردەرگای خاوەنی دەبوو.

# بەشی سی و سێ
# فەلاحەتی

فـەلاحـەتی لەناوچەی دەشتـی هەولێـر و دەوروبەری لەبەر ئەوەی ئەوکـاتەی من باسـی دەکـەم دەراسـە و تەرەکـە و کـەرسـتـەی پێش کـەوتەو نەبوو هەمـوو ئیـشـەکـان بەدەست و بەکەرستەی ئەوکاتە فـەلاحـەتیـان دەکـرد ئەو کەرستـانەو ناوەکـانیـشـیـان لەبیر کـرایە و بەشی زۆری خەڵـک ناوی کەرسـتـەی فـەلاحـەتی جـاران نازانی من وەکـو پیـاوەکی بەسـاڵ داچو ئەوانەی لـەیادم مـاون بۆئەوەی هەرنـاوەکـەیان بەجـارەکی ون نـەبێ دەیان نـوسم بـەپێی تـوانا هیــوادارم ســودی لێوەربگیرێ باسەکەش دەکەمە چەند بەشێک

**چاندن و جۆرەکانی جۆت کردن = جۆتە هێستر**

لە کوردسـتـان چـوار چۆارە جۆت کـردن هەبوو هەروەکو خۆم ئەم جۆتانەم کردیە ١- جـۆتی هێـسـتـران ٢- جـۆتی بارگـینان ٣- جـۆتی کـەران ٤- جـۆتـی گـایان لەناوچەی دەشـتـایی جۆت بەگـا نەدەکـرا جۆتە گـا بۆ ناوچەی شـاخـاوی بوو ئەو مـاڵانەی جـۆتە هێـسـتـریان هەبایە بەفـەلاحی باش دادەندرا و دەیان گـۆت فـلان خاوەن جۆتە هێسـترە جۆتە بارگینش هەر وەکـو جۆتە هێسـتـر بوو ئەو مـاڵانەی خاوەنی جۆتەهێسـتربان ساڵێ هەردەیتوانی ١٠ عـەربە تا ١٢ عەربە مزاش تۆ بکات ئەویش دەبایە پایزە جـۆت بکات پایزە جـۆت ئەوە بوو لـەوەرزی پایزەکی درەنگ دەسـتـیــان بە تۆکـردن دەکـرد تا پاش پـەرەکـەوتن ئەوە پێـیـان دەگـۆت هیـشـکاوز جـۆرەکانی جـۆت کـردن پایزان جـۆتیـار پێـشی بەیـانی بدات دەچووە جۆتـی تا پێش نیـوەرۆ تا گـەرمـا دادەهات ئەوجـا دەگەڕاوە مـاڵێ بەشی زۆری جۆتیارەکـان لە پایزە جۆت دەرپێیان فڕێدەدا لەبەر تۆزی بەلنکی ڕووت جۆتیان دەکـرد پایزە جـۆت زۆر ناخـۆشـبـوو لەبەر ئەوەی عـارد ڕەق بـوو هەندەک جـار هەوجارِ تەتـەرەی دەکرد پەرەێ دەکرد پەرە ئەوەیە گاسن لەخەتی دەردێ لـەخەتی لادەدا مـاوەی چەند مـەترێک عـاردەکە ناکـێـلـڵدرێ جـۆتیـار دەبێ پێـدابێـتـەوە بۆجـۆتیـاری پاش کـێلگەی بەپەرە عـەیبەو دەغـلیش لە جـێگای پەرەشێن نابێ



جۆرەکانی عارد کێلان ١- تۆکردنی وەردێ ٢- خرتە کردن ٣- شۆبڕین ٤- وەردانەوە.

**جۆتە کەر**

ئەو فەلاحەی جۆتە کەری هەبایە بەفەلاحی گەورە دادەنرا بەجۆتی کەران ساڵێ شەش عەربە تا هەشت عەربە مزاشی تۆ دەکرد مزاش واتە گەنم و جۆ ئەوانەی جۆتی کەریان هەبوو ئەوانیش پایزە جۆتیان دەکرد ڕۆژانی پایزان جۆتی کەران دوو ڕبە گەنمی تۆ دەکرد بەڵام جۆتی هێستران قەزناغە گەنمەکی تۆ دەکرد لەکاتی پایز جۆتی جۆتیار نانی لەگەڵ خۆی نەدەبردەوە ئالیکی وڵاغانیشی نەدەبرد بۆ نانن خواردنی بەیانی دەهاتەوە ماڵێ.

**جۆتە گاجۆوت**

جۆتی بەگاجۆوتان هەرلەناوچەی شاخاویەکان دەکرا ئەوجێگایانەی بەگاجۆوتان دەکرا بە هێستران نەدەکرا بە کەرانیش نەدەکرا گاجۆوت لەجێگای بەبەرد و کەڵەکە بەرد جۆتی دەکرد گاجۆوت وافێرکرابوو لەدەورەی کەرەکە

بەردان دەسوڕا جۆتیار دەیگۆت مەرس مەرس مەرسی کەرەکێ گا جۆت لەکاتی جۆت کردن زۆر سەبر دەڕوا ناورەزەکانی ترێ هەر بەگا جۆتان دەکێڵدرا ئەو رەزانە هەمووی لەقەد چیاکانن هەرگاجوت دەتوانێ جۆتی لێبکات.

**کەرستەی جۆت کردن**

١- پیاوەک بۆ جۆت کردن ٢- جۆتە ولاغەک ٣- هەوجاڕ ٤- مژانە ٥- نیر ٦- کۆپەران ٧- بن مل ٨- زەنگوڵە ٩- سەر مژانکە ١٠- هێرتە ١١- دار کراوە ١٢- بەنکراوە ١٣- دارجۆت ١٤- دەستەندو ١٥- ١ گاسن ١٦- دەست جەرەو ١٧- جۆرکی ئالیکی ولاغان ١٨- جەلعەی ئاوی جەلعە لەجەڕەێ بچووک تر بوو جۆتیارەکان ئاویان پێدەبردە سەر جۆتی هەوجاڕ و مژانە بە تۆق و زەمۆمە و خەپە ئەوانە هەوجار و مژانەیان بەیەکتر دەبەستەوە، کۆپەرانیش دوو فرفرۆکی پێوەبوو نیریش دارخەزنەی پێوەبوو گاسن ئەگەر تیژنەبایە فەلاحەکە دەچوو گاسنەکەی لەگەڵ خۆی دەبردە لای ئاسنگر گاسنەکەی دووشاخ دەکردەوە هەندەک جار بەس نوکی گاسنەکەی درێژ دەکرد پێیان دەگۆت بەڕوولە گاسنەکەی بەڕوولە دەکرد، کەرستەی جۆتی گا وەکو



کەرستەی جۆتی هێستران نەیە کەرستەی جۆتی گا بن مل و کۆپەران و دەست جەرەوەی نیە لێخورینی گاجۆتان بەدار جۆتە سەری داچۆتەکەی زەختەی پێوەیە دارجۆتی هێستران لاپوتەی پێوەیە فەلاحەکانی پێشان لاتە نیسکەکی زیاتری نەدەکرد هەربەشی خواردنی خۆیانی دەکرد لەگەڵ هەندەک نۆک بەزۆری هەرگەنم و جۆیان دەچاند لەگوندەکان هاوینان بەشی خواردنی خۆیان بیستانی دێمیان دەکرد لەکاتی جۆت کردن جارو بار گا جۆت لەبن نێری دەنوست ئەگەر بەلێدان هەڵ نەستاباوە ئاگریان لەسەر پشتی دەکردەوە تا هەڵستاباوە.

**ئەوکەسانەی دەبوونە جۆتیاری خەڵکی:-**

هەرلەپاش جۆخین هەڵگرتن فەلاح جۆتیاری دەگرت واتە لەسەرەتای وەرزی پایز لەبەر ئەوەی لەسەرەتای پایزان پایزە جۆت دەستی پێدەکرد تۆدەکرا شەرتی جۆتیاری لەپایزان دەستی پێدەکرد تاوەردانەوە خلاس دەبوو ئەوجاشەرتی هەردەهات ئەوە بەپێی قەول و بریە بوو ئەوکاتە جۆتیار نانانەو پێلاوی وەردەگرت ئەوە لەسەر خاوەن ماڵ بوو وە لەسەر شکارتە ش پێک دەهاتن شکارتەکە لە عاردی فەلاحەکە دەکرا شکارتە نیو عەربە گەنم بوو لەوەردێ شیکارتەی شوانیش هەبوو هەندەک جار شکارتە دوو قەزناغ بوو هەندەک جار وارێک دەکەوێ جۆتیارەکە دەبۆوە سەپانی خاوەن ماڵەکە واتە هەمان ماڵ ئەرکەکانی جۆتیاری ئەمانەن لەوەرزی زستان جێگای ولاخەکان ژنی جۆتیاری پاکی دەکردەوە بەلام پاش ئاخۆری ولاخەکانی بۆخۆی دەبرد واتە بۆژنی جۆتیار بوو هەندەک فەلاح زیاتر لەجۆتەکی هەبوو لەقەدەر جووتەکانی خۆی جۆتیاری دەگرت ئالیک دانی ولاخەکان لەسەر جۆتیاری بوو لەسالانی پەنجاکان جۆرە گاسنەک پەیدابوو خۆی هەوجاربوو واتە هەوجارەکەو گاسنەکە بەیەکەوە بوون گاسنی جووتە هێستر پێنج گاسن بوو گاسنەکان بچوک بوون گاسنی جۆتی کران سی گاسن بوو ئەو گاسنە بچوکانە شۆبرین و وەردانەوە پێنە دەکرا بەس لەکاتی بایزە جۆت بەکاردەهات لەوەرزی بەهاران لەکاتی جۆتیار شۆی دەبری وەردەکرم لەگەڵ خەتی جۆتی دەهاتنە دەرێ کێشەکە وەرەشۆلە بەکۆمەڵ لەپشت جۆتیارەکە دەنیشت کرمەکانیان دەخوارد جۆتیارەکان بەفاقی رەشۆڵە و

کێشـەکەیان دەگـرتن فـاقەکـە پارچەدارەکی پێـوە بوو بەقـەدەر جغـارەک دەبوو سـەرەکەی لەلەکـرا بوو بۆدەنکە گـەنم ئەو داروکـە پێـیـان دەگـۆت کـاز مـالوکـە فاقەکە دەتەقی و کیشەکە پێوە دەبوو.

**جۆت دابەستان:-**

جۆتیـار سەری وڵاخەکانی رادەکێشا لای کارو باری جۆت کردن وڵاخەکانی بەجۆتە ڕادەگرتن بەقەڕاسەکان هەردوو وڵاخەکانی لێک دەبەستن لەپاشان بن مل و کۆپەرانی دادەنا سەرملی وڵاخەکان لەپاش کۆپەران نیـیری دادەنا و نیر هەرلایەێ دووداری نیـو مـەتر درێژی پێـوە بوو دارەکـان لەسـەر ملی وڵاخـەکـان دادەهات سـەری دارەکـانی لای دەری بەنـی پێـەو بوو بەو بەنانە نیـرو کـۆپەران دەبەسترانەوە کۆپەرانەکە دوو دارۆکی پێوە بوو پێیـان دەگۆت فڕفڕۆک لەپاشان سـەری مـژانەکـەی لەناو کـونی زەنگولەی دەناو سـەر مـژانە کـەلەناو کـونەکـەی مـژانەی دەنـاو سـەری مـژانەکـە دووکـونـی تێـدابوو بۆدوور گـاو نێـز یکە گـا بەکاردەهات ئەگەر سەرمژانەکە لەگونی پێشەوە با دوورەگا بوو ئەگەر لەکونی پشـتـە وە با ئەوە نێـزیکە گـابوو لەکاتی جۆت کردن ڕشـتی و مـاڵی هەوجاڕو گـاسن بەهۆی دارخـەپە بوو ئەگـەر دارخـەپە ئەسـتوربا ئەو هەوجـاڕ ڕشت دەبوو



ئەگەر دارخەپە تەنک بایە هەوجارِ ماردەبوو هەوجارِو مژانە و نیربە هیرتەلێک دەبەستران ئەوە دابەستانی جۆتی هێستران بوو بەڵام جۆتی گاجۆت بەس نیرو هەوجارِ بوو بن مل و کۆپەرانی نەبوو من پێشتر باسی کەرستەی جۆتکردنم کردیە بۆی لەدابەستانی جۆتی باسم نەکردیە جوت کردن بەوڵاخن بەبی لات لێدان نەدەکرا بەتایبەتی لەتۆ کردن لات ئەوەیە کەدەستی بەجۆت کردن دەکرد عاردەکەی یان کێڵگەکەی دەکاتە چەند بەش ئەوبەشانە بەخەتی جۆتی دیاری دەکات. چونکە ئەۆگەر لات لێنەدا ناتوانی تۆش بدات جۆتیار کەدەگەیشتە سەری خەتی هۆی دەداوە سەری خەتی پێبیدەڵێن سەرسەدە.

**دەربارەی مشک کوشتن:-**

لەکاتی دەغل شین دەبوو هەندەک ساڵ مشک زۆربوو دەغلی دەخواردو لەناو زەویەکە لەدوورەوە دیاربوو قان قانە ئەو جێگای مشک خواردبای رووت بوو پێشان دەرمانی مشک کوشتن نەبوو فەلاحەکان خۆیان دەچوونە ناو دەغلی و هەوڵیاندەدا مشیکەکان بکوژن ئاغای گوندی زەلامی بەکرێ دەگرت بۆ مشک کوشتن شێوەی مشک کوشتنەکە ئێواران دەچوونە سەر شارە مشکەکان هەموو کونەکانی مشکەکانیان دەپەستاوە بەپێیان بۆبەیانی دەچوونە سەر شارە مشکەکان کام کون کراباوە ئەوە نیشانەی ئاوەدانە و مشکی تێدایە کونەکەیان هەردەقەند تادەگەیشتە مشکەکەو دەیان کوشت ئەوکەسەی مشکی دەکوشت هەرمشکەک بە ١٠ دەفلوس بوو ئەو فەرخە مشکانەی زۆربچوک بوون ئەوانیش هەر بەدە فلوس بوو کابرای مشک کوژ مشکەکانی کۆدەکردەوە و لەناو تورەگەکی دەکرد ئێوارێ لەگەڵ خۆی دەی هێناوە دەهاتەلای ئاغاو ئاغاش مشکەکانی بەسەرە دارێک دەژماردو چەند مشک بوو ئەوەندە ١٠ دە فلوسەی دەدا کابرای مشک کوژ فەلاحەکان لەوەرزی زستان ئیشوکاریان نەبوو چاوەروانی کاتی درونە کردنیاندەکرد.

**درونەو کەرستەی درونە:-**

پێشان لەگوندەکانی کوردستان هەموو فەلاحەکان پێشی ئەوەی کاتی درونە



کردن بێت هەرلەجۆزەردانەوە فەلاح خۆی ئامادە دەکرد بۆ دابین کردنی کەرستەی درونە و پەرێز کەرستەکانیش ئەمانەی خوارەوە بوون.

١- داس بۆدرونە کردن ئەو داسانەی ساڵی پێشتر ئەگەر دەمەزەردیان پێویستبایە لەگەڵ خۆی دەبردە شاری دەمەزەردی دەکردەوە.

٢- قەلانگ بۆ کێشەکەر.

٣- قەیناخ بۆسەپانەکان قەیناخ لەچوار پەنجەکانی دەستی چەپە دەکران بۆ ئەوەی سوارەی گەورەبێ سوارە ئەو دەسکە قرشەیە کە لە دەست سەپانی کەداێدەنی سەپان کەدەستی پڕ قرشە بوو داێدە نێتە عاردی دەغل کەدرواوەو دەبێتە قرشە دەغل تا بەپێووە بی پێیدەڵێن تەبارە کە دەرواوە قرشەیە.

٤- هەسان بۆ تیژ کردنی داسی سەپانەکان چەند سەپانە ئەوەندەش هەسانە دەکرێ نابی بەچەند سەپانێک یەک هەسان بێت دەبی لەقەدەر سەپانەکان بی.

٥- کەرەشاخ کەرەشاخ قۆچی رەشە ولاخ بوو یان قتولە ڕۆنیان تێدەکرد بۆداس سوینی واتە داس تیژ کردن هەسان بەبی رۆن کارناکا.

٦- ڕەشماڵۆکە بۆسێبەرو حەسانەوەی سەپانەکان ڕەشماڵۆکە دوو گوشی بوو دارو کەیان دەدا بەرێ هەڵیان دەدا بۆ سێبەر.
٧- کوندەێ ئاوی لەقەدەرە ئاوی خواردنەوەی ڕۆژانەی سەپانەکان.
٨- دۆدان بۆ دۆهێنان بۆنان و دۆ خواردن پێشان هەرنان و دۆبوو.
٩- کۆتکی دۆخواردنەوە کۆتک لەداری گوێز و داری تو دروست دەکرا کۆتکی گەورە هەبوو کۆتکی بچوک هەبوو کۆتک ئاو دۆی لەناو درەنگ گەرم دەبوو.
١٠- ملاکی دۆخواردنەوە لەقەدەر سەپانەکان ئەویش لەدار درووست دەکرا.
١١- ئەگەر فەلاحەکان سەپانی زۆر هەبایە دەبا سەقاش بگری سەقا ئاو دۆ و پێداویستی بۆ سەپانەکانی دابین دەکرد ئەویش سەپانی هەبوو.هەریێکێک لەسەپانەکان دەبووە سەقا بەکوندان و بەهێسترەک ئاوو دۆی دەهێنا بۆ سەپانەکان لەهەموو ناوچەکان جۆ پێشی گەنم درونەی دیت لەپاش درونە گیشە کەر جۆی دەکردە کیشە بەلام گەنم دەکرا گەلاوێژ گیشە ئەو کۆمەلە جۆیەیە کەکیشە کەر کۆی دەکاتەوە دەێکاتە کۆمەڵ بەدرێژی گوڵە جۆیەکان دەکەونە ناوەوە گوڵەکانی دیار نیە بەلام گەلاوێژ تێلە گیشە بەراست و چەپ بەرێز دادەنێ گوڵە گەنمەکان دەکەونە ئەم لاو ئەولای گەلاوێژەکە فەلاح لەقەدەر ژمارەی سەپانەکان گیپشە کەریش دەگرت ئەو فەلاحانەی سەپانیان زۆرهەبایە دەبایە گۆرانی ژانێک لەگەڵ سەپانەکان درونەی کردبا گۆرانیشی بۆیان گۆتبا ئەو کۆمەڵە سەپانانە سەپانەکیان دادەنا بۆسەرپاڵە سەرپاڵە ئەریکی زیاتر بوو لەسەپانەکانی دی پێشان گۆرانی بێژ ناوی شایەر بوو ئەرکی سەرپاڵە لەپاش پشودان پێشی سەپانەکان هەڵدەستاو دەچوو بەرەکی لێدەدا واتە قانەکی دادەبڕی لەپاشان سەپانەکان دەهاتن تا ئەو بەرەیان تەواو نەکردبا پشویان نەدەدا سەرپاڵە لەلای ڕاستەوە درونەی دەکرد ئەوەی لەئاخیری لای چەپە درونەی کردبا پێیان دەگۆت (قارە) دووجۆرە درونە هەبوو یەکەکیان کەسەر پاڵە بەری دادەبڕی هەرکەسەو لەراستی خۆی درونەی دەکرد تابەرەکە تەواو دەبوو جۆری دووەم بەرێزە درونەیان دەکرد پێیان دەگۆت گاز درونەی بەگاز پێویستی بەگۆرانی هەبوو درونەی بەگاز

هەموو سەپانەکان پشتیان راستە نەدەکردەوە تادەگەیشتنە سەری بەرەکەی بەشی زۆر جاحێلەکان درونەی بەگازیان دەکرد پیرەکان بەبێ گاز درونەیان دەکرد لەکاتی گۆرانی گۆتن جاحێلەکان گەوزی داسیان گەورە تربوو. گەوز ئەوەندە قرشەیە کەدەکەویتە ناو کەوانەی داسی خۆزگا گۆرانی درونەم زۆر زانیبایە.

**گۆرانی درونە کردن:-**

**١- قاسیدم وەز قاسیدم سبەی دەڕۆم بەیانی کالە کو گرویەم لە پێ کرد هەرم دەکێشا ڕانی زێێ موسلێ خێن بگا لێدەم بەمەلەوەنی کاغەری یارێم پێیە دەچمە دەرگای سولتانی سولتان دادم نەپرسی دەچمە ناو گاورستانی.**

**قاسیدم وەز قاسیدم سبەی دەڕۆم گەلەکە کالەکو گۆرێەم لەپێ کرد هەرم کێشا بەلەکەزێ موسلێ خێن بکا هەڵدە بەستم کەڵەکە کلی دێنم بەباران لەبۆ چاوێ بەرەکە کلم بری لەشاران ئەو کچە نەیگۆت گەلەکە.**

**٢- لەبۆم برێنە شەماڵی دەمەک دیو دەمەک نایێ.**
**بای لەزولفی یارم دا گوارەێ هێنا سەمایێ.**
**گەردەن ماینی کە حێلان بەخۆم تەورەم دەدایێ.**
**چرپەی داسان چەند خۆشی دێ ڕنگەێ قەرانگان نایێ.**
**سنگ قەسری مەلا مەندی لێبکەم سەیرو سەفایێ.**
**چرپەی داسان چەند خۆشی دێ ڕنگەێ قەرانگان نایێ.**
**سنگ مافوری خۆراسان بۆم هات لەخوار بەغدایێ.**
**لەبۆم برێنە شەماڵی دەمەک دیو دەمەک نایێ.**
**٣- هانایت وەبەر دەبەم دووەمین وەبەر ئەللە یە.**
**کەسکوسۆر ناوەناوە لەسەر سوڵتان عەولایە.**
**پێچەکم شایی دەکرد یارم لەدەستی دایە.**
**ئەگەر یارم ناناسن سەرچەنەگەی کوترایە.**
**هانایت وەبەردەبەم دوومین وەبەر فەلەکی.**
**لەکوێستانان دێنەخوارێ خێری ڕەوەندو هەرکی.**

**شەپکەو دوگمەی لەخۆی داهەڵی بەستیە خیرەکی.**
**٤- ئەم گۆرانیە بۆپێکەنین دەیان گۆت.**
**لەموسڵ گەڕامەوە ڕێم دەکەتە دۆغانی.**
**ساڵەکی بێباران بوو دەگەرام لەسەپانی.**
**لەپیرێژنەکم پرسی کارێێ دیوەخانی.**
**ئەفەندیکە دانیشتبوو پیری ئاخر زەمانی.**
**جغارەکی دەدامی قونکی داری خڵتانی.**
**شیوەکی هێنا پێشم تێدا کاریتە خانی.**
**گۆتم بۆچی عادزی گۆتی لەبێ سەپانی.**
**گۆتم ئەمن سەپانم کیسە خەنەکەم دەوێ بۆ زولفی دەزگیرانم.**
**دوو بزنە بەدۆم دەوێ بۆ قاوەتی سبەینانەم.**
**دوو عەربە مزاشم دەوێ بۆ زەخیرەی زستانم.**
**کەوێ بنکەوێ خامەک بۆ بەژنی دەزگیرانم.**
**عەسیرەک خورمام دەوێ بۆ چێشتی سبەینانم.**
**رانکەکی شاشم دەوێ لە بۆ فێنکی گونانم.**
**هۆقە توتنەکەم دەوێ لە بۆ قەنەکێشانم.**
**ئەفەندی چی لۆنەما ئەوجا دەستی بە گونانم.**

ئەو سەپانەی لە کاتی دەرونەکردن گوڵەگەنم یان گوڵە جۆی نەبڕی بایە پێیان دەگۆت پەرێزی پیسە سەپان کەبەرەکەی تەواو دەکرد پشوی دەداو داسی دەسوی بەهەسانەکەی سەپان نیوەڕۆیان بۆ نان خواردن کۆدەبوونەوە گیشەکەرەکان نان و دۆیان دەهێنا و لەپاش نان خواردن داسیان دەسووی لەپاش حەسانەوە سەرپاڵە دەچوو بەرەکی تەبارەی دادەبڕی سەپانەکانیش دەستیان بەدرونەدەکرد گیشە کەریش لە دوو سەپانەکان سوارەکانی هەڵدەگرتەوە و دەیکردە ئامێز و دەیکردە گیشە لەکاتی هەموو پشووێک گیشە کەرەکان ئاویان بۆ سەپانەکان دەهێنا ئێواران بەسواری وڵاغان دەگەڕانەوە ماڵێ و گیشەکەرەکانیش لە پشت سەپانەکان سواردەبوون دەیان گۆت بەدوو

پشتەکی سواربووینە کە لە دروونە جۆیان دەبوونەوە لەکۆتایی دوابەری درونەی جۆسەپانەکان سەلاواتیان لێدەدا کەلەدروونەی خۆیان دەبوونەوە حەیوانەکیان سەردەبڕی پێیان دەگۆت سەربڕانە سەپانەکان سەربڕانەکەیان دەخوارد و چەند رۆژەک پشویان دەداو لەپاشان خۆیان کۆدەکردەوە بۆ درونەی گەنم لە کۆتایی درونەی گەنمیش سەربڕانە دەکرا بۆ سەپانەکان.

### ٣- کێشانەی دەغڵ و دان - کێشە

لەپاش درونە کێشەی دەغڵ دەستی پێدەکرد فەلاح کەرستەی کێشەی ئامادەدەکرد

١- شەغرە چەند کەرستەی تری لەگەڵ بەسترابۆوە وەکو قادە و زەنگوڵە و بەنقادە و گوریسێکی درێژ و ناوتیرە ناوتیرە دارەکی درێژی باریک بوو لەمابەینی هەردوو پێچەشەغرەکان دەیان چەقاند بۆ ئەوەی لەکاتی شەغرە لێنان قرشە تێکەڵ نەبێت شەغرە بەبەکرە لەیەکتر بەسترایە لەلای سەرەوە، شەغرەی هێستران هەبوو شەغرەی کەرانیشی هەبوو دەغڵەکە بە وڵاغ و شەغرە دەیان کێشاوە سەر جۆخینان جۆخینی گوندەکە هەمووی لەیەک گۆرەپان بوو هەندەک ماڵ هەبوون جۆخینان بەتەنها دادەنا ئەو وڵاغەی بۆ شەغرە کێشان تەرخاندەکرا تەپان دەکرا، تەپان هەندەک شتی زیادەبوو لەسەر کورتانی وڵاغەکە دەبەسترا بەستانەکەشی بەکەژی دەیان بەستاوە بۆ ئەوەی پشتی هێسترەکە بریندار نەکات، شتە زیادەکان پارچە لبادەک بوو ئەو پارچە لبدەیان لول دەدا بەقەدەر باسکی ئینسان ئەستوور دەبوو لەسەر کورتانی دادەندرا دەکەوتە ئەم لاو ئەو لای پشتی هێسترەکە ئەولبادە لول دەدراوە پێیان دەگۆت (لوڕ) ناوەندی هەردوو لوڕەکان پڕ دەکرا لە قرشە، یان سوڕ ناتک لەسەر هەموویان بن ملەکیان بەکەژی لەسەر دەبەستا ئەوە پێیان دەگۆت تەپان لەکاتی کێشە دوو سەپان شەغرەیان لێدەناو دوو سەپان شەغرەیان دەکێشا شەغرەی هێستران بەدوو زەلامان ڕاستدەکراو بەڵام شەغرەی کەران زەلامەک ڕاستی دەکردەوە هەموو کەسەک نەیدەزانی شەغرە لێنێ هەندەک جار شەغرە لە ڕێگا دەزا واتە هەردەوەشاوە قرشەکە دەکەوتە سەر عاردی شەغرەکێش شەغرەی ڕوودەکرد


شـەغـرەكـان لەسەر ولاغـەكـی دەبەسـتـاو بەخۆی سـواری هێـسـتـرەک دەبوو هەر بەغاردان دەگەڕاوە سەر پەرێزێ تا دەگەڕاوە شەغرەلێنەرەكان شەغـرەیان ئامادە كـردبوو ، لەكـاتی شـەغـرە كـێـشـان هەمـوو ولاغـێـک دەبێ دووشـەغـرەی هەبایە ئێواران كە دەگەڕانەوە ولاغەكانیـان جەلە دەكرد لەسەر جۆخینی قرشەیان گێرە دەكـرد بۆ ئەو قـرشـە كـە بچـێـتـە بـاڵ یەک و بەپەسـتـرێ لەكـاتی درونە دەگـەڕا هەندەک مـاڵـە هەژار هەبوون ژن و منداڵـیـان وشـیـان دەكرد (وشی) گـوڵە گـەنم لەگەڵ درونە كـردن دەكەوتە عـاردی ئەوانیش كۆیان دەكـردەوە دەیان كردە دەسک هەر لەپەرێزێ بەكـوتكۆكـە دەیان كـوتاوە و ئـێـوارێ لـەگەڵ خـۆیـان دەغلەكـەیان دەبردەوە.

## بەشی سی و چوار
## گێرەو چەنچەرو(دەغل کوتان)

لەپاش ئەوەی کێشە تەواو دەبوو مشوری کوتانیان دەخوارد کار و باری دەغڵ کوتانیان رێکدەخست پێشتر گوتمان دوو جۆرە کوتان هەیە پێشەکی باسی کوتانی بەگێرە دەکەین لەناوچە دەشتاویەکان گێرە بەکەران دەکرا خاوەن ماڵ بەشەنەی ئاسن پێیە قرشەکی دەهاوێشت و قرشەکەیان پاندەکردەوە لە دەورەی رەندەی جۆخینی قرشەکە ئامادەدەکرا لەپاشان چەند کەرەک یان چەند هێسترەکیان جەلە دەکرد بە قەراسەی لێکیان دەبەستنەوە و زەلامەک وڵاغەکانی لێدەخوڕی لەسەر قرشەکەی دەیسوڕاندن جار و بارجاوە و رۆخەی قرشەکەیان دەداوە بەشەنەی لەکاتی گێرکردن ئەو وڵاغەی لەلای راستەبایە پێیان دەگوت سەرە ئەو وڵاغەی لەلای چەپەبایە پێیان دەگوت بنە ئەوە بەردەوام دەبوون تائەوکاتەی قرشەکە باش ورد دەبوو وڵاغەکانیان لەناو جۆخینەکە دەردەهێناو وردەکەیان هەردەداوە بۆلای دەرێ پێیەکی تر قرشەیان دەهاوێشت و بەوشێوە دەغڵ دەکوترا لەناوچە شاخاویەکان گێرەکردن بەگا جووت و مانگایان دەکرا لەکاتی گێر کردن دەمی رەشە ولاغەکانیان دەبەستا نەوەک دەغڵ و قرشەی بخۆن لەناوچە شاخاویەکان جۆخینیان ئەوەندە گەورە نەبوو هەموو جۆخینەکە بەجارەک گیرە دەکرا لەگێرە کردن هەردەبی گای سەرەبەسەر بنەدا بسوڕێ بەلای راستەش دەسوڕێنەوە ئەمە جۆری کوتانی بەگا گێرەبوو.

**جۆری دووەمی دەغڵ کوتان**

پێشان جەنجەڕ نەبوو دەغل کوتان هەربەگێرە بوو کەجەنجەڕ پەیدابوو هەموو ماڵێک جەنجەڕیان نەبوو بەهەموو کەس جەنجەڕ نەدەکرا باباسی جەنجەڕ وکەرستەکانی بکەین چۆن درووست کرایە و لەچەندپارچە پێک هاتیە جەنجەڕ لەدارو ئاسن درووست دەکرا نەجارەکانی شارەکان درووستیان دەکرد. بەشەکانی جەنجەڕ -١- دوولاحوشتروکە لای چەپ و لای راست -٢- کللدانە، هەرلایەکی حوشترۆکە دوو کللدانەی هەبوو واتە دوو کونی لەدیووی



لای ژوریّ هەبوو ئەو دوو کونانە پێیان دەگۆتن کللدانە -٣- دوودار دەفە هەبوو داردەفەی پیشەوە و داردەفەی پێشەوە -٤- باڵتە هەر جەنجەڕو دووباڵتەی هەبوو هەر باڵتەک چەند پە ڕی ئاسنی وەکو بێوری تیژی پێوە بوو هەردوو سەرەکانی باڵتەکان پارچە ئاسنەکی باریکی پێوە بوو پێیدەڵێن کلجوکە ئەو کلجوکانە لەکاتی دابەستانی جەنجەڕ دەچوونە ناو کللدانەکان بەرینی باڵتە جەنجەڕ لەمەترێک زیاترە -٥- دارەک هەیە لەنێوان هەردوو حوشتروکە ئەوە پێیدەڵێن دار عەقرەبە دارەکە قولابەکی پێوەیە بەو قولابەش دەڵێن عەقرەبە -٦- لەبن حوشتروکەکان سفیفە هەیە لەپلێت درووست کراون پێیان دەڵێن شیرۆکە -٧- لەلای سەرەوەی جەنجەڕەکە دوو تەختە داری پان هەیە کەجەنجەڕ وان لەسەری دادەنیشی پێیدەڵێن شەپکە -٨- دارەکی ترهەیە وەکو دارعەقرەبە بەلەلای پشتەوەی جەنجەڕەکە پێیدەڵێن دار کوچ کوچە -٩- کارەمووی کاران و بەزی دوونگی مەڕی هەندەک دەکوتن لجیاتی گریزی لەناو کللدانەیان دەنا تا کلجوکە بەئاسانی بسوڕێتەوە -١٠- ئەو مژانەی جەنجەڕی ئالقەکی پێوەبوو لەسەر عەقرە گێردەبوو لەکاتی جەنجەڕ گێران ئەوە باسی پارچەکانی جەنجەڕ بوو.

## چۆنیەتی دەغل کوتان بەجە نجەڕ

-١- جەنجەڕ -٢- جۆتە ولاخەک چ هێستر چ کەربێ -٣- جەنجەڕ وان واتە ئەوکەسەی سواری جەنجەڕ دەبوو -٤- دار جۆخین ئەودارە لەناوەندی جۆخینەکە دەچەقا -٥- دەست جەرەو گوریسی بوو سەرەکی زەنگۆڵەی پێوە بوو زەنگۆڵەکە دەکەوتە سەردار جۆخینەکە سەرەکی تری گوریسەکە لەجەرەوی ولاخی لای ناوەوە دەبەسترا -٦- جان جانۆکە یان کوج کوجە ئەو کوج کوجەیە لەپارچە لبادەک بوو لەلای پشتەوەی جەنجەڕ دەبەسترا بۆئەوە کاوکۆتی درشت باوێتە ناو قۆرتەکانی باڵتە جەنجەڕەکە هەندەک جار لەجیاتی لباد کە بەریان دەکردە کوچ کوچە دوو جۆرە کوتان هەبوو جۆرەکیان قرشە شکێن بوو جۆری دووەم هوردەکوت بوو لەکاتی کوتانی قرشە شکێن کە پێبکە تەواو دەبوو بۆلای دەرەوە هەردەدراوە چاوەلای ناوەوە لەلای ناوەوە قەسەڵە درشتەکانی هەردەداوە بەر جەنجەڕی رۆخەلەلای دەرەوە قەسەڵی درشتی هەردەداوە بەر جەنجەڕی پەرەناویش بەشەنەکەی ئەو بییەی هەمووی وەردەگێرا بۆئەوەی درشتەکە بکەوێتە لای سەرەوە تاهەمووی وەکو یەک هوردبی.

## چۆنیەتی جەنجەڕ دابەستان

پێشەکی جەنجەڕەکەیان دەبردە سەرقرشەی لەپاشان هێستریان جۆتە کەر دادەبەسترا هەروەکو جۆن بۆجۆت کردن دادەبستر لەپاش دابەستانی ولاخەکانی سەری ولاخەکانیان رادەکێشا دەیان بردنە پێشی جەنجەڕەکەو ولاخەکانی پاشەو پاش دەکشاندەوە بەولاخەکانی دەگۆت تەس تەس ولاخەکان دەکشانەوە مژانەکە دەکەوتە بەینی هەردوو ولاخەکان و سەپانە مژانەکەی بڵند دەکردو لەکونی زەنگۆڵەی رادەکردو سەرمژانەکەی لەناو کونی مژانەکەی رادەکردو گوریسی دار جۆخینی لەجەرەوی هێسترەکەی لای ناوەوە دەبەستاو سواری جەنجەڕ دەبوو جەنجەڕی ردەگێرا.

## شەنەباو تارمە هەردانەوە

لەپاش گێرەو جەنجەڕ تەواو بوو دەغەڵ کوترا فەلاح خۆی ئامادەدەکا بۆ

شەنەبا فەلاح دوو جۆرە شەنەیان هەبوو شەنەی دار حەفت لک بوو شەنەی ئاسن چوار لک بوو شەنەی ئاسن بۆ قرشە هاوێشتن بوو شنەی دار بۆچاوەو رۆخەو پەرە ناو شەنەبا بەکاردەهات پێشی شەنەبا تارمە هەردەدرا وەلەپاش هوردەکوت جۆخینەکە وەکو گردۆلکەی لێدەهات بەشێوەی گردۆڵکە بۆشەنەبا دەبوو پێش جۆخینی هەربدەنەوە ڕێزە بەردەکیان لەلای رۆژهەڵاتی هور دەکەرێز دەکرد بۆئەوەی لەکاتی شەنەباکردن بزانن هەرهەتائەو ڕێزە بەردە هوردەیە و دانی تێدایە لەپاش ڕێزە بەردەکە کابوو دانی تێدانەبوو بۆتارمە هەردانەوە چەند کەسەکی بانگ دەکرد یارمەتی بدەن لەتارمە هەردانەوە تارمە بەشەو هەردەدراوە بەگۆرانی گۆتن شێوەی هەردانەوە لایەکی کۆمەڵەکەیان هەردەداوە سەرلایەکەی تر تاوای لێدەهات وەکو قەبرەکی گەورە لاکێشی تارمە بەرەو بای شەماڵ هەڵدەبەستا لەپاش تارمە هەڵبەستان شەنەبا دەکرا شەنەبا بەشەنەی داردەکرا شەنەباش زانینی دەوێ ئەوەی شەنەبای نەزانی دانکە لەگەڵ شەنەبا دەکەوێتەدەرەوە شەنەبا بەردەوام دەبوو تاکاو دان لێک جودادەکراوە کایەکە دەکەوتە لایەک دانەکەش دەکرا ڕەوسە لەپاشان دەغلەکە پاک دەکراوە بەبێرەکی داروەکو خاکەناسی بوو بەو بێرە شەنەبایەکی بەنەرمی دەکردو بەگەسکی کوزرەکیان دەگرت و کوزرەکە دووبارە دەکوتراوە بەکوتکان لەبەر ئەوەی گوڵەگەنمی تێدا دەما جۆ کوزری نەبوو لەپاش پاک کردنەوە دەغڵەکە دەکرا ڕەوسەو شەقڵ دەکرا شەقڵ پارچە تەختەدار بوو بنکەی بەنەقش بوو دەسکەکی پێوە بوو وەکو مالنج بەو شەقڵە چوار دەوری ڕەوسەکیان شەقڵ دەکرد هەرکەسەک دوومستی لەدەغڵەکە هەڵگرتبا دیاربوو شەقڵە کەخراپ دەبوو دەزاندرا دەغڵ دزراوە ئەگەر کەریش جوو باسەررەو سە دیار دەبوو دەنگی دەداوە دەیان گۆت ڕەوسەی فلانی شەقلی شکایە لەپاش ڕەوسە نۆبەتی ڕەو سەبڕ کردن دەهات دەغڵی فەلاحی گوندی زۆربەشی لێدەر دەکرا وەکو -١- قاوە چیانە -٢- شەقرچیانە -٣- تاپۆ -٤- زکات -٥- بەشی سەپانی لەپاش ئەوانە ئەوەی ماباوە بۆفەلاحی بوو.

**ڕەوسە بڕ کردن**

ڕەوسەکە بڕ دەکرا دەکرا پێنج کۆمەڵ کۆمەڵەک بۆسەپانەکان بوو کۆمەڵەک

بۆئاغـای گـوندی سپـی کـۆمـەڵێش بۆ فـەلاحـەکـە بـوو بـۆ بڕکـردن چـەند سـەپانێک کـۆدە بوونەوە هەریەکـەو بێـژنگەکـی لەدەست دەگـرت هەمـوویـان لەگـەڵ یەکـتـر بێژنگەکانیـان پڕدەکردو لەگەڵ یەکـتر هەڵیـان دەگرت و دەیان کـردە یەک کۆمـەڵ یەکێک لەسەپانەکان دەێژ مارد ئەوە کانی دی دەیانگێراوە بەم شێوەیە:

**١- یەک یەک ناو ناوی خوایە، دین هەردینی محمد مستەفـایە لەچاو دینان وەک چرایە.**

**٢- دوو دوو، نەعلەت لەشـەیتـانی ردێن بەگـو، بەکـوڕانان دادەچو منداڵە ورتکەی کەوتە دوو.**

**٣- سێ سێ، چاوی چاو پیسان بنووسێ خودا پێداو پێخەمەر بینووسێ.**

**٤- چار چا بەناوی هەرچار باران.**

**٥- پێنج پێنج فەرزی خوایە دین هەردینی محمد مستەفایە.**

**٦- شەش شەش، نەعلەت لەشەیتانی رووڕەش،**

**٧- حەفت حەفتی شەریف هەرحەفتەکی قـوتبی زەریف کەرەو سەکەدەکرا پێنج کـۆمەڵ سـەپانەکـان بەهەمـان شیـوە کـۆمـەڵی خـۆیان دابەش دەکـرد لەکـاتی رەوسە بڕکردن منداڵانی گوندی دەهاتن بۆخـەرمـان لۆغـە خاوەن مـاڵ سـەرەو دوو مـسـتی دەغل دەدا منداڵەکـان منداڵەکان کـە دەهاتن بۆ خـەرمـان لۆغـە دەیان گۆت خەرمان بەرەکەت سەپانەکان وەلامیـان دەداوە دەیان گۆت خێرو بەرەکەت.**

**بەرکوت چۆن دەکرا**

لەگوندەکـانـی کـوردسـتـان هەنەدک مـاڵ لەکـاتی جۆ زەرد دەبـوو پێشی درونە باراشیـان نەدەماو توانای دەغل کڕینی نەبوو ناچار دەبوو دەچووە ناو جۆیەکەی دەکرا بزانی لەجێگایەکی چەقێنە کـان زوتر جۆ زەرد دەبوو دەبووە فـەریک ئەوە هەندەک فـەریکەجۆ بدورنەوە بیکەنە بەرکـوت بای باراشەکەی دەچوون هەندەک فـەریکە جۆیـان دەدروی لەبەر هەتاو هەریـان ودخست تاوشـک دەبۆوە گێـرەیان دەکـردو لیبیـان دەکرد ئەوە پێیـان دەگۆت بەرکـوت هەندەک جـار جۆیەکـە باش پێنەگـەیشـتـبـوو نەدەبووە ئارد بەدەسـتـاڕی لێیـان دەکـرد دەیان خـوارد ئەگـەر

بەدەستاری لیپان کردبا چەرخۆسەکە لەبێژینگ دەدراو وەکو بریشی لێدەهات هەندەک جار یاپراخیان بەچەرخۆسی لێدەنا ئاردەکەی بن بێژینگیش پێیان دەگۆت قاوین ئەوئاردەش دەخورا هەندەک جار فەریکە جۆیان هەردەکرو وزاند وەکو قەرە خەرمان بەدەستاری لیپان دەکرد دەیان کردە چەرخوس و قاویت دەیان خوارد قاویت ئەگەر ئاوت لەگەڵ نەخواردباوە گەروی دەگرت بەڵام تامی خۆش بو لەخواردن.

**قەرەخەرمان**

قەرە خەرمان پێشان و ئێستاش دەکرێ قەرە خەرمان لەفەریکە گەنمی رەش گوڵ دەکری کەگەنم دەبێتە فەریک ئەو فەریکە بەئاگر هەری دەکروزێنن و لەپاش وشک بوون گێرەی دەکەن پاکی دەکەنەوە وەکو ساوار لێدەکەن و دەیخۆن قەرە خەرمان لەساوار خۆشترە.

**بن جۆخین و خاپەرۆک**

لەگوندەکان هەندەک ماڵی هەژار هەبوون لەپاش جۆخین هەرگرتن دەچوونە جێی جۆخینان ئەودنکە دانەوێڵەی مابۆوە بەگەسک دەیان ماڵی پاکییان دەکردەوە دەیان شوشتەوە بۆ خویان هەڵیان دەگرت. ئەوە پێیان دەگۆت خاپەرۆک.

**فەلاح چۆن داهاتەکەی دابەش دەکرد**

لەپاش ئەوەی فەلاحەکان دەستیان دەبرا لەهەموو ئیشو کاری درونەو خەرمان هەرگرتن دیاردەبوو چەند عەربە جۆو چەند عەربە گەنمی بۆ مایتەوە لەگەڵ خێزانی دادەنیشت داهاتەکەیان دابەش دەکردبەو شێوەیە -١- بەشەک دادەنرا بۆزەخیرەی ساڵێ -٢- بەشی باراشی ساڵێ -٣- بەشی تۆکردنی ساڵی داهاتوو ئەوەی دەماوە دەیکردە دووبەش بەشەکی لەچاڵێ دەکرد بەشەکیش دەفرۆشت بۆ پێداویستی ماڵێ پرسی بەخێزانی دەکرد چمان پێدەوێ باسیان دەکرد کراسەکبۆخۆی دەرپێکە بۆفلان بۆخۆشی کورتەکو شەروار ئەوەندە

بۆشـەکرو ئەوەندە بۆفلان شت کابرای فـەلاح دەچوە شـاری پێداویسـتـیـەکـانی دەکـڕی لەنیـوەی زسـتـان سـەری جـارەکی هەردەگـرت و هەنەدکی دیکەی دەغل دەردەهێناو دەیفرۆشت بۆ پێداویستی ماڵێ تا ساڵ دەسوڕاوە.

## کاکێشان

لەپاش دانەوێڵـە هەڵگرتن واتە دەغڵ و دان هەرگـرتن بۆ مـالآتیش دەبایە کـاودانی دابین بکەن کا لە لەودە دەکرا لەخانوش دەکرا کـاش دوو جۆری هەبوو کا جۆ وکا گەنم بەرباش هەبوو بەربا کایەکی وردبوو بۆ ئالیکی وڵاخان نەدەبوو کا بەشەڵتەو بە رەشکە دەکێشـراوە رەشکە شـاش بوو وەکو تۆری مـاسی گـرتن بوو شەڵتە خرار بوو یان گونیە بوو کا ئەگەر لە لەودە کرابا لەودەی کا باش پڕ کا دەکرا و سەری سواق دەدرا لەپاش سەرسواق دانی لەودە سپان دەستی لەگەڵ ئاغا دەبڕا کاری تەواو دەبوو. کاکێشان هەربەشەو دەکرا.

## سواق دانی سەری خانو

لەوەرزی پاییـز خـەڵکی گـوندەکـان سـەری خـانووەکـانیـان سـواق دەدا ئەو مـاڵانەی زەوی و مـوڵکی خۆیان نەبایە هەردەم مـەترسی ئەوەیان هەبوو ئاغـالە گـوندی دەریـان بکا لەبەرئەوەی لەهەندەک ناوچان دانیـشـتـوانەکـەی خـانوی باشیان نەدەکرد لەبەرئەوەی فەلاح هەرکاریتەو شەقڵەی هەبوو هەر کاتە ئاغا رای لێنەبایە فەلاحەکەی دەردەکردە. فەلاحەکە باری دەکردو دارو باری سەری خـانووەکـەی لەگـەڵ خـۆی دەبرد دووبارە لەگـوندەکـەی تر خـانووی دەکـردەبۆی فـەلاحـەکـان خـانوەکـانیـان جـۆری جـزیری بوو خـانووی جزیری پێـک هاتبـوو لەچوارلادیوار و کـاریتـە و شـەقلە لەکـاتی هەلوەشـاندن زۆر بەئاسـانی هەلدەوەشـاو سـواق دانیشی زۆر ئاسان بوو جا ئەوکـەسانەی سەری خـانوویان سـواق دەدا دوو رۆژ پێـشی سـواق دان قـوڕەکی بەکـایان دەگـرتەوە بۆ ئەوەی قـوڕەکـە باش بخـوسێ بۆ رۆژی سـواق دانەکـە بەهەرەوەز بوو زەلام و مـندالآنی گـوندی کـۆدەبوونەوە سەری خانوویان سواق دەداو خاوەن ماڵ بۆ نان خواردنی نیـوەڕۆ عادەت وابوو چێشـتی داندۆک لێدەندرا یان نیسـک بوو پێیان دەگۆت

داندۆکی سەربەرۆن یان نیسکی سەر بەرۆن لەکاتی سواق دانی سەری خانوو منداڵەکان شەڕەقوڕیان دەکرد ئەوکاتە چا زۆرکەم بوو لەپاش نان خواردن چاخواردنەوەبوو لەپاش تەواو بوون بڵاوەیان دەکرد پێشان چا لێنان نەبوو وەکو ئێستا رۆژی سێ جار چای لێدەنێن پێشان جار و بار چایان لێدەنا ئەویش ئەگەر میوانیان هاتبا چایان لێدەنا کەرستەی چا خواردنەوە هەمووی لەناو سندووقەکی بچووک بوو هەردەگیرا ئەوکاتە شەکری کەللە هەبوو شەکرەکە هۆڵەندی و بەلجیکی بوو بەڵام کوردەواری بەهۆڵەندیان دەگۆت (ئۆلەندە) بە بەلجیکایان دەگۆت (بەلجیکە) بەشەکری وردیش دەیان گۆت شەکرە خوێ کەللەی شەکری بە ١٠ عانەێ بوو ئەو کاتەی من باس دەکەم کاتی جەنگی جیهانی دووەم بوو.

# بەشی سی و پێنج
# ئاشی ئاو و باراش لێکردن

لە کوردستان ساڵانی چلەکان و پێشی چلەکانیش تا پەنجاکانیش ئاشی ئاوی هەبوو لە کوردستان ئەو جێگایانەی ئاویان هەبوو لە ناوچەی هەولێر و دەوروبەری چەند کاریز و جۆگاو ئاو هەبوون بەشەک لەو کاریزانە ئاشیان لەبەر بوو ئاشی ئاگری لە شارەکان هەبوو خەڵکی ئەوکاتە ئاردی ئاشی ئاویان پێخۆشتربوو ئەو گوندانەی ئاوی کاریزی لێبوو ئەمانە بوون.

١- گەورەترین کاریزی ئاوی جۆگای مێری بوو سەرچاوەکەی لەبن بارەگای حزبی شوعی بوو نێزیک هۆڵی میدیا بوو ئەوجۆگایە زۆر بەسوود بوو بۆ هەولێر و دەوروبەری ئەو ئاوە ماسی تێدا بوو.

٢- کاریزی گوندی حەسارۆکان ئاوەکەی دەهاتە هەولێر رەزی عەتەوڵای ئاودەداو باخچەی توروسلقیش لەبەردەکرا لە دەوروبەری مزگەفتی شێخ الله ئەوکاتە دووکان و بازاری لێنەبوو.

٣- ئاوی گوندی بنەسڵاوە ئەوەش دەهاتە گوندی باداوان رەزەکانی مەلافەندی ئاودەدا، خەڵکی زۆر سوودی لەو ئاوە وەردەگرت.

٤- کاریزی ناو (ئۆردی) واتە معەسکەر ئەو کاریزە سەرچاوەکەی لەناو فەوجی تەریب بوو ئاوەکەی باغی ئاغایەکی ئاو دەدا لە جێگای پارکی سامی عبدالرحمن بوو پێیان دەگوت رەزان.

٥- کاریزی گوندی قەتەوی سەرچاوەکەی لە نێزیک پردەکەی ئێستا بوو.

٦- گوندی تورەق دووکاریزی لێبوو سەرچاوەکانیشی هەر لە گوندەکە بوو زۆر زەراعەتی لەبەر دەکرا سوودی باشی هەبوو.

٧- کاریزی گوندی دالداغان ئەو کاریزە ئاوەکی زۆری هەبوو برنجی لەبەر دەکرا کاریزی ماڵی دکتۆر عبدالرزاق دەباغ بوو.

٨- کاریزی گوندی عارەب کەند ئەو کاریزە ئاشی لەبەر بوو سەرچاوەکەی لەسەرەوەی گوندی عارەب کەند بوو وەگوندی عارەب کەند نەعوریشی لێبوو زەراعاتی باشی لەبەردەکرا.

٩- كارێزی گوندی قۆڕیتان ئەو کارێزە کرداری باشی لەبەر دەکرا سەرچاوەکەی لەلای کورەچیەکان بوو کە ئێستا کوورەکە هەرماوە.
١٠- کارێزی گوندی مورتکە ئەو کارێزە سەرچاوەکەی لەبەر جادەی رێگای هەولێر کەرکوکە تا ئەو سالآنەش ئاوی هەرمابوو.
١١- لە گوندی پیرداود ئاوەک هەبوو رەزی مالّی شێخ محی الدین شێخ صالحی لەبەر بوو ئەو ئاوەش رەزو شینای لەبەر دەکرا.
١٢- کارێزی گوندی عەزەوقونیان ئەو کارێزە سێ ئاشی لەبەر بوو من خۆم باراشم لەو ئاشانە لێکردیە ئاشەکان کومبەتی گەورەی بۆ کرابوو.

**ئاشی ئاوی لەم شتانە دروست دەکرا**

١- ئاش پێویستی بەئاوی باش هەبوو.

٢- تەندورەی ئاشی ئەو تەندورە عەوزەکی قوڵ بوو سەری عەوزەکە بەرین بوو لای بنەوەی باریک بوو یان تەسک بوو لە بنی عەوزەکە کونەکی بچکۆڵە هەبوو پێیان دەگۆت گەرۆمە عەوزەکەش پێیان دەگۆت تەندورە جۆگە ئاوەکە دەهاتە ناو تەندورەی ئاشی ئەو ئاوە زۆر بەگوڕ دەهاتە خوارێ لە بۆسکەی دەدا پۆسکەدارەکی بەپەڕبوو وەکو پانەکە لەگەڵ بەردەو ئاشی سەڕەوە بەسترا بۆوە ئاوەکە لەپۆسکەی دەدا پۆسکە بە قوەتی ئاوەکەی دەسوڕا بەردەئاشی لەگەڵ خۆی دەسووڕاند واتە بەردەئاشی لای سەرەوە دەسووڕا بەردە ئاشی بنەوە نەدەجولآ لەسەرەوەی بەردە ئاشەکان کۆڵی باراشی باراشەکەیان لەناو کۆڵەکە ڕوو دەکرد کۆڵەکە لەلای بنەوە کونەکی تێدا بوو دەغلّی پێدا دەهاتە ناو پلووسکەی پلووسکە وەکو سولاو کەبوو پێیان دەگۆت پلووسکە دارۆکەک بەبەنەکی لەگەڵ پلووسکە بەسترابوو سەری دارەکە دەکەوتە سەر بەردە ئاشی سەرەوە سەری پلووسکەکە دەکەوتە بەرامبەر کونی بەردە ئاشی سەرەوە کونەکەی بەردە ئاشی سەرەوە پێیاندەگۆت گەرۆمەی ئاشی لەکاتی سوڕانەوەی بەردەئاشی سەرەوە چەقەنەکە هەردەقۆزیەوە پلووسکەکەی دەجولآندەوە بەهۆی جولآنەکە دەغڵ دەهاتە خوارێ و دەکەوتە ناوگەرۆمەی ئاشی و دەبووە ئارد ئاش تەورە وپستەی هەبوو بۆ بلّند و نەوی کردنی بەردە ئاشەکە بەهۆی

ئاسنێک پێیان دەگۆت مرخە ئاشی ئاوی باراشی درەنگ لێدەکرد باراش بەپارە لێنەدەکرا لەجیاتی پارە مزە وەردەگیرا پێشان ئاشەوان جۆرەنانەکی بۆخۆی دەکرد پێیان دەگۆت خەروا نانەکی ئەستوور بوو لەسەر بەردی سۆردەکراوە واتە دەبرژا ئاشەوان هەویری دەکرد لەجیاتی ساج بەردەکی پانی لەسەر ئاگری دادەنا هەویرەکەی دەکردە ئەستوورک و بەبەردی دەیبرژاند ئەوەبوو خەروا.

## بەشی سی و شەش
## مەولود خوێندنەوە و مانگی ڕەمەزان
## مەولود خوێندنەوە لە ساڵانی چلەکان

پێشـان لە گوندەکانی کوردسـتـان مەولودی پێغەمبەر (د.خ) دەخوێندراوە بەڵام لەبەر دەستکورتی و نەبوونی ئەوکاتە نەشەربەت هەبوو نەپاقلاوە هەبوو نەپیپسی هەبوو ئەوکاتە کەس ئەوناوانەشی نەدەزانی لەجیاتی ئەوانە شەکراو دابەشدەکرا لەسەر بەشداربوانی مەولود خوێندنەوە مەولودخوێندنەوە بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد ئەو کەسەی مەولودی دەکرد هەموو دانیشتوانی گوندەکەی دەعـوەت دەکـرد و مـەلای گـوندیشی دەعـەوت دەکـرد بۆ مـەولود خـوێندنەوە خێزانەکەشی چەند مەنجەڵەکی گەورەی زنجیرداری لە جیرانان دەخواستەوە دەیانارده شاری هەندەک بووز - سـەهۆڵ دەهات ئێـوارێ جـێـیـان رادەخـست دووگـردەکـیـان بۆ مـەلا دادەناو بالـفـەکـیـان لە پێش مـامـۆسـتـا دادەناو مـەنجـەڵەکـانیـان پڕ ئاو دەکـرد و هەندەبووزیان داوێشـتـە ناومـەنجـەڵەکـان هەرمـەنجـەڵەی دوو یان سێ کـەللە شـەکـریان دەهاوێشـتـە ناوی دەبووە شـەکـراو مەلا جێگای لەناوەندی بەشداربووان بوو مەلا مەولودی دەخوێندەوە ناوە ناوە سێ جـار سـەڵاواتیـان لێـدەدا و مـەلا تا مـەولودەکـەی تەواو دەکـرد دووجـار پشـوویان دەدا بە پشـوویان دەگـوت فـەسڵ، کـە دەبـووە فـەسڵ شـەکـراو دابەش دەکـرا ئەگـەر بەرداغ دەست کـەوتبـایە بەبەرداغی شـەکـرا و دەگـەڕا یـان بە چامۆڵکەی بچوک شەکراو دەدرا بەڵام خوێندنەوەی مەولود نامەی ئەوکاتە مەلا باسی هەندەک شتی دەکرد ئێسا کەس باسی ناکات ئەوکاتە مەولود نامە چەند مەلایەکی زانا نوسیبویان بەکەیفی خۆیان خێزانی خاوەن ماڵ شەکراوی بۆ ماڵەکان دەنارد وەکو متفەڕک، مەولود کردن بەم جۆرەبوو.

### مانگی ڕەمەزان و ڕۆژ و گرتن

لێرەدا من باسی ژیانی گوندەکان دەکەم کە خۆم لەناو ئەو ژیانەدا بووم وەکو خـۆی دەیان گـێـڕمـەوە، پێـشـەکی باسی پارشـیـو خـواردن دەکـەم لەشـەوانی

ڕەمەزانان کابانی ماڵ پێشی هەموویان هەڵدەستا ئەوشتەی ئێوارێ بڕیاری دابوو بۆ پارشیو چ دەکا دەستی بەکاری خۆی دەکرد ئەوەی هەبوو ئامادەی دەکرد لەپاشان ئەوانەی بەرۆژ و دەبوون هەر ئەوانەی هەڵدەستان نانی خۆیان دەخوارد چاوەروانی دەنگی مەلای بوون لە پاشان پیاوی ماڵێ دەچووە مزگەفتێ ئەگەر وەختی ئیشکردن با دەچوونە سەرکارەکانیان، لە گوندەکان هەر ئەم جۆرە نان خواردنانە هەبوون ١- نان و ماست ئەگەر ماست هەبایە ٢- نان و ماستاو ئەگەر ماست هەبایە ٣- ئەستور کە هەراتە واتە ئەستورکی بەهەویری ترش ئەو شەوەی ئەستورکە هەرات هەبا کابان هەر سەر لە ئێوارێ هەویرەکەی ئامادە دەکرد و دەیشێلا زوتریش هەردەستا تا بە ئاگری کای نانەکەی دەکرد بۆ ئەوەی درەنگی بەسەر دانێت ٤- جار و بار ناو سێلک دەکرا یان ناوسێری ٥- نان و قەسپ یان خورما ئەوکاتە منیان بۆ پارشیو خواردن هەڵنەدەستاند، بۆ بەربانگی ئەم جۆرە شیوانە هەبوو شەلە ساوار و نیسک و بروش و پیرخەنی و داندۆک و گەنم بەکەشک و دۆینە، ئەوکاتە برنج نەبوو پەتاتە و تەماتە نەبوو هەندەک گوند مەلایان نەبوو بەشی زۆری بەدەنگی کەڵە شێرەکان هەر دەستان، بانگندانی کەلەشێر دەیان ژمارد بەوژمارەیە هەلدەستان جۆرەکانی بانگدانی کەڵەباب لە ئێوارێ تا رۆژ هەڵدەهات چەند جار بانگی دەدا لەکاتی ماڵ دەنووستن کەڵەباب بانگی دەدا دەیانگۆت کەڵەبابی ژن زیزان بانگی دا ئەو گوندانەی مەلایان نەبووبایە لەپاش بانگی ژن زیزان سی جاری دەیان دەژمارد و هەڵدەستان بۆ پارشیو خواردن ئەو ماڵەی بەخەبەر نەهاتبایە جیرانەکان یەکتریان بەخەبەر دەهێنا بۆ بەربانگی پیاوەکی ڕدێن سپی کە رۆژ ئاوا دەبوو بانگی دەدا ئەوکاتە بەس مەلا سەعاتیان هەبوو زۆر کەس لەسەعاتی نەدەزانی رادیوو تەلەفزیۆن نەبوو لە هەموو گوندەکان مەلاشەوی جەژنی دیاری دەکرد ئەگەر مەلا نەبایە لە گوندەکی نێزیکی خۆیان پرسیاریان دەکرد لەناوچە شاخاویەکان خواردنیان باشتربوو لەبەر ئەوەی رەزو باخیان هەبوو هەندەک ماڵ شلکێنەشیان دەکرد لەگوندەکان بەبۆنەی جەژن هەموو ماڵێک کۆری دەکرد.

**نان خواردنی جەژن**

لەگـوندەکـان هەمـوو پیـاوەکـانی ریش سپی بەرەبەیان دەچوونە مـزگـەوت بۆنوێژی جـەژن نانی جـەژن بۆ سـەرداری دەیان بردە مـزگـەوتێ ئەوکـاتە سـینی نەبوو لەسـەر سـەبەتە نانەکـەیان دەبردە مـزگـەوت هەمـوو جـوامـێرانی گـوندی بەیەکەوە لەمزگەوت نانیان دەخوارد لەپاش نان خواردن هەموویان جەژنانەیان لەگەڵ یەکتر دەکردو هەرکەسەو دەهاتەوە ماڵێ لەگەڵ منداڵەکانی جەژنانەی دەکـرد ئەوکـاتەی لەگـوندەکـان هەربەک رۆژ جـەژن بوو ئەگـەر کـاتی درونەو ئیـشکردن با لە پاش نان خـواردنی نانی جـەژن دەچوونەوە سەرکـارە کـانیـان بۆ رۆژی جـەژن گـۆشت دەخـورا بەڵام برنج نەبـوو ئەگـەر مـاڵەک برنجـیـان لێنابایە هەموو گوندەکە دەیزانی. لەرۆژی جەژن هەندەک خۆشیان دەردەبڕی منداڵەکانی گـوندەکـان هێلکە شکانیـان دەکـرد جگانێ و کـەللایانێ و شـێرو خـەتانێ لە هەولێـرو دەوروبەری هەولێـر خـەڵک دەچوونە گـردی پیـرداودی و گـردی عـەبدلعـزیزی شایی دەکـرا لە گـردی عـەبدلعـەزیز هەرەتا نیـوەڕۆ شـایی دەکـرا لەپاش نیـوەڕۆ کـەس نەدەوێرا شـایی بکـا دەیان گـۆت عـەبدلعـەزیز رازی نیـە لەپاش نیوەڕۆیان شای بکرێ ئەمەبوو رەمەزان و جەژن و نان خواردن رابواردنی رۆژی جـەژن.. پێـشـان لە هەولێـر تۆپەک هەبوو بۆ پارشـیـو وبەربانـگ دەیاند تەقاند ئەوتۆپە بەپەرۆک و باروت دەتەقی هەمـوو هەولێر گویان لەدەنگی دەبوو لەنێـزیک مـزگـەوتی شـێخ الله بوو فـەتاح مـاسی سـەرپەرشـتی دەکـرد فـەتاح بەناوی ژنەکەی ناسرابوو فەتاح ماسی بوو.

## بەشی سی و حەفت
## کەرو جۆرەکانی

هەر لەو کـاتەی من دنیـام وەبیـردێت و هەزاران سـاڵیش پێـشی من ئە ومـاڵاتانەی من باسـیـان دەکـەم لەخـزمـەتی بەشـەر دابوینە، بەڵام ئێـسـتـا لەبیرکراون بەهۆی پەیدابوونی کەرستەی باشترو بەهێزو بەتواناتر خۆزگا چاکە لەبیـرنەکـرابایە پێـشـان ژیانی بەنی ئادەم واتە ئینسـان بەهۆی ئەومـاڵاتانە پەیدادەکـرا. کـورد دەڵێ ئەوەی کـەرەکی نەبێ کـەرەکی نایني ئەمـە بۆئێـسـتـا دەست نادا. ماڵاتەکان ئەمانەن:

١- (کەر) لەگوندەکانو شارەکانیش کەر دەورەکی باڵای هەبوو بۆ فەلاحەتی و گواستنەوەی کەل و پەل و هەموو جۆربارێک لەکاتی پێویست چ لەشارەکان و چ لەکوندەکان، پێشان لەشاری هەولێر بۆ خانوکردن هەموو کەرستەکانی بەهۆی کـەرووڵاخ بوو وەکـو کـێـشـانەوەی کـەرپـوچو خـۆڵ و دارو بارو باراش لێکردن زۆرشـتـی دیکەش من خـۆم ئەم کـارانەم بەکـەران گـواسـتـیـتـەوە لەناوچە شاخـاویەکـان ئێـسـتـاش کـەرو وڵاخ کاری خۆیـان دەکەن و بەرووبومی خـۆیانی پێدەگوازنەوە بەتایبەتی رەزەکـانی قـەدچیـاکـان پێشـان لەناوچە شاخـاویەکـان هەرکەرو هێستر بوو بۆ گواستنەوەو کارو کاروان ئێستاش ئەوماڵاتە بەسودانە ئەوانەی مـاون بەشی زۆریان بەرەڵاکـراون لەبەر ئەوەی پێـشـان ئیـشـیـان بەو ولاخـانە هەبوو کەوڵاخـەک نەخـۆشبـا خـاوەنەکـەی چارەسـەری دەکـرد و چاکی دەکردەوە.

**نەخۆشیەکانی وڵاخی یەک سم**

١- نەخۆشی (مقـاو) مقـاو وەکو هەڵامـەتەیان پەسیـو بوو هەروڵاخێک توشی مقاو بووبا کـایان بۆدەکو ڵاند بەگەرمی بەچۆرکی بەسەریان وەدەکرد هەڵم و گەرمایەکەی هەڵدەمژی و چاک دەبۆوە.

٢- کەسمە نەخۆشی کەسمـە وەکو جێب ئەنفی بـوو لەناو کەپووی ئێسقـانەک وەکـو کـرت کـرتە بەشێوەی زیادەگۆشت لەناو کـەپووی پەیدادەبوو وردە وردە

زیادی دەکردوای لێدەهات کەپووی دەگیرا و هەناسەی بەزەحمەت دەدا چارەسەری ئەوەبوو بەچەقۆ کەپوویان هەردەزڕاند و کرت کرتەکەیان دەبڕی و دەریان دەهێناو بەخوی و ڕۆن چەوریان دەکرد چاک دەبۆوە چارەکی دی توشی نەدەبوو.

٣- قۆرگێر وەکو دەڵێن دەمار گرتیتی ماڵاتەکە قاچەکی واتە قاچی پێشەوەی رەق دەبوو توانای رۆیشتنی نەدەما دەرمانی ئەم نەخۆشیە خوێ داخ بوو هەندەک رۆنیان دەقرچاندەوە هەندەک خوویان لەناو لبادەکی دەکردو لەسەری دارەکیان دەبەستا سەرەکەی وەکو تۆپەکی خڕ بوو دارەکیانلەناورۆنە قرچاوەکە دەنا لبادەکە و خوێیە کەزۆر گەرم دەبو بنپیلی کەرەکەیان بەولبادە داخ دەکرد لەگەڵ داخەکە بۆن گۆشتی سوتای لێدەهات بەڵام نەدەبوو برین ئەوە بوو چارەسەری قۆرگێرە بۆی دەڵێن بەبۆنەی کەباب هاتیە بەڵام کەردا خکردنە.

٤- ئاو داهێشتن: ئاو داهێشتن لەئەنجامی باری گران ولاخ چۆکی ئەستور دەبوو پڕدەبوو لەجەراعات ئەستوریەکە وەکو کیسەی لێدەهات چارەی ئەم نەخۆشیە خرێنە بەنەکی مووی بزن بەشووژنیان وەدەکردو شوژنەکەیان لەچۆکی ولاخەکە ڕادەکردو لەلای دی شوژنەکە دەهاتە دەرێ خرێنە مووەکە لەناو برینەکە دەماوە پێدا شۆردە بۆوەو جەراعەتەکە هەمووی بەبەنەکەدا دەهاتە خوارێ تابرینەکە وشک دەبوو بەنەکیان دەردەهێناو چاک دەبۆوە.

٥- خارشت وەکو گڕکەی مەڕیە هەندەک جێگای لەشی دەخورێنی و مووەکانی دەورەی چارەسەری خارشت توتن رۆن بووخارشت لەپیسی دەهات و توشی ولاخان دەبوو بەزۆری کەر توشی دەبوو.

٦- قەسار هەندەک جار کەر باری گرانیان لێباردەکرد لەبن بارەکی ئارەقەی دەکردو کورتانیشیان لێدەکردەوە سەرمای دەبوو هەموو لەشی رەق دەبوو بۆ ئەوە چاک بێتەوە لەجێگای گەرمیان دەبەستەوەو جلیان دەکرد ئەگەر هەرچاک نەبوو باوە لەگوفەکیان دەگرت بۆماوەی یەک شەو چاک دەبۆوە پێشان و ئێستاش لەگوندەکان جێگایەک هەبوو پێیان دەگۆت گوفەک یان زبڵدان لەسەر گوفەکی قۆرتەکیان هەڵدەقەندو کەرەکیان لەناو دەناو بەس

سەری لەدەرێ بوو تابەیانی هەموولەشی نەرم دەبۆوە.
٧- بارەنگێو لەئەنجامی کورتانی خراپ و باری گران پشتی یان سەرملی بریندار دەبوو بۆئەوەی برینەکەی چابێت بن کورتانیان لەبن کورتانی دادەناو ئەوجێگایەی کورتان گرتبوی دەیان کوتاوە هەندک قۆردەبوو وردە ورد چاک دەبۆوە. لەناوچەی دەشتی هەولێر کەری ماکەریان ڕادەگرت لەناوچەی خۆشناوەتی زۆرعەیبە ماڵێک ماکەریان هەبێ کورتانی کەری دەشتی وەکو کورتانی کەری شاخاویەکان نیە.

**ناوی کەرو جۆرەکانی**

١-کەری حەساوی ئەوجۆرە کەرەگەورەو بەهێزبوو باری هێسترانی هەڵدەگرت بەشی زۆریان سپی بوون چوارپەلیان ئەستوربوو بەرزتریش بوولەکەری تر پێشان باش عەمبارەکانی هەولێرێ هەیان بوو.
٢- کەرە گوڵە ئەوجۆرە کەرە بچوک بوو، بەڵام زیرەک وریابون.
٣- کەرەرە وهان، ئەوجۆرە کەرانە جۆرە رۆیستنەکی تایبەتی هەبووبەخۆشی دەرۆیی.
٤- هەندەک کەرهەبوون تەپۆبون گران رۆبوون بەتایبەتی ئەوکەرانەی دەخەسان، ئەوجۆرە کەرانە دۆڵابیان پێدەکرد یان شوان لەگەڵ خۆیان دەیان بردەلای مەڕی.
٥- کەری دێزە ئەوکەرەیە پەندی لەسەرە کەرەکی بەزەڕ و عەجول دەڵێن کەری دێزە عەزلەتۆپینی خۆی دەکا بۆئەوەی خاوەنی زەرەربکا پێشان کەر کڕین و کەرفرۆشتن زۆربوو وەکو سەیارەی ئێستابوو لەهەولێری مەیدانی کەران لەجێگای بازاڕی نیشتیمان بوو ئەوانەی کەریان دەکڕی و دەیان فرۆشت پێیان دەگۆتن جامباز هەرجامبازەی ٢-٣ شاگردی هەبوو.

**وڵاخی سواری و کەرستەی سواری**

پێشان ئەوکەسەی وڵاخی سواری هەبا باسیان دەکر دەیانگۆت فلان ئەسپی سواری هەیە یان یمایینی سواری هەیە هەموو ماڵێک وڵاخی سواری نەبوو ئاغاو

پیاوی دەولەمەند ولاخی سواریان هەبوو ولاخی سواری خزمەتی تایبەتی دەکرا ئاخورو ئالیکی لەگەڵ ولاخی دیکە نەبوو رۆژی جارەک قەشاویش دەکرا ڕنەک دەکرا ولاخی سواری کورتان نەدەکرا هەرزین دەکرا ئەوکەسانەی ولاخی سواریان هەبادوو تاژیان رادەگرت.

**کەرستەی ولاخی سواری**

کەرستەی ولاخی سواری هەندەکی لەشارەکان دەکڕ دران هەندەکیش خویان درووستیا دەکرد لەشارەکان زین درووو هەبوون کورتان درووش هەبوون ئەوەی لەلای زین درووستدەکرا ئەمانەبوون زین لەئاسن درووستدەکرا بەلاّم بەقایش دادەپۆشرا بەشەکانی زین -١- دوئاسنی بەکەوانەبوو -٢- قایشی سەرپشتی ئاسنەکان پێیان دەگۆت خانەی زینی-٣- لەهەردوولاتەنیشتەکانی دووپارچە قایش شۆر بوو بوونەوە پێیان دەگۆتن قالّتاغی زینی ٤- دوو رکێبی بەلاتەنیشتەکان شۆر دەبوونەوە لەکاتی سوار سواری ولاغان دەبوون پێیان لەناو رکیبی دەنا ٥- لەلای پێشەوەی زین قەرپوزی پێوەبوو قەرپوز سوار دەستی پێوە دەگرت ٦- لای پشتەوەی زینەکە پێیان دەگۆت پاشکۆی زینی لەکاتی ولاّغ زین دەکرا پارچە لبادەک لە بن زینی دادەندرا پێیان دەگۆت بن زین ٧- قایشەکی درێژ لە لە زینەکە بەسترابوو بە بن کلکی ولاّغ دادەسوڕاوە پێیان دەگۆت قوشقن لەجیاتی پالّو بوون ٨- بەرە تیلمە قایشی درێژ بوو چەلەکرابوو بەبن گەردەنی ولاغ دەسوڕاوە هەردوولای لە زینەکە دەبەستراوە ئەوە بۆجوانکاری بوو ٩- لغاو دەست جەرەو بوو ١٠- زین دووقایشی پانی بە ئاوە زینە پێوەبوو پێیان دەگۆت سەرتەنگە و بن تەنگە ئەوانەی لەمالّەوە ژن دروستیان دەکرد ١١- سەرکەلەی بەنەخشی و بە گولنگان بوو ١٢- دەست جەرەوی بەبەنی رەنگاو رەنگ بوو لەگەڵ رستە گولنگی گەورە گەورە بۆ ڕازاندنەوەی ولاّغەکە ولاّغی سواری لە جیاتی قەڕاسەی سەر کەلەی لەسەر دەکرا، ئەسپی سواری سندم دەکرا سندم وەکو کەلەپچەبوو لە هەردووپێی ئەسپەکە دەبەسترا کلیلی هەبوو ئەسپ ئەگەر سندم نەکرا باگرتنی ئاسان نەبوو سوار لەکاتی سواری ولاّغی دەبوو پێی راستەی لەناو رکێبی دادەنا ئەو

سوارانەی بەسەردان دەچوونە ماڵێک خاوەن ماڵەکە پێشوازی لێدەکرد و دەبایە چەڵەوی وڵاغـەکـەی بگری تا دادەبەزی ئـەگـەر کـەس چەڵەووی وڵاغـەکـەی نەگـرتبا تورەدەبوو دەیگۆت حـورمـەتیـان نەگـرتم چەند سـواربان ئەوەندەکەسە چەلەوی ئەسپ سـوارەکانی دەگرت لە پاشـان لغـاوەکانیـان لەسـەری وڵاغـەکان دەکردنەوە وڵاغەکانیان ئالیک دەدا کە سوارەکان دەگەرانەوە هەر زەلامەکانی مـاڵی خـانەخـوێ ئەسـپەکـانیـان لغـاودەکـردن بۆ سـوارەکـانیـان ئامـادە دەکـردن دووبارە جـەلەووی وڵاغـەکـانیـان دەگـرت تـا سـوار دەبوون، کـە دەچوونە ڕاو تاژیەکـانیـان ڕست دەکرد لەکـاتی نێچیر هەرستـابا ڕستـی تاژیانیـان دەکردەوە تاژی دەکەوتنە دوای نێچیرەکە تاژی لەسەگ باشتر خزمەت دەکرا. هێستری چەمووش لەکاتی بارکردن شەیتان لغاو دەکرا بە قەڕاسەکەی خۆی قەڕاسەکیان لەناو دەوی دەنا بەرزەفتیان دەکرد.

**ناڵ و ناڵبەندی**

پێشـان لەبەرئەوەی ئیـشـوکـار بەوڵاخـان دەکـرا دەبایە وڵاخـەکـان ناڵبکەن ئەوکـاتە نـاڵبـەند لەشـارەکـان هەبوون لەهەندەک گـوندەی گـەورەش هەبوون هەمووخانەکان ناڵبەندی خۆیان هەبوو هەموو کەسەک ناڵبەندی نەدەزانی ناڵ بەند کەرستەی تایبەتی خۆی هەبوو وەکو سمتراش و چەکوچو مسمار کارتیخ و لەواشەوهەرناڵبـەندەک شـاگـردەکی هەبوو ئەوشـاگـردە کـەرسـتـەی دەدا دەست وەستـای و سەری وڵاخەکەش دەگرت ناڵبەند بەسـمـتراش سمی وڵاخەکەی پاک دەکـردەوە نـاڵەکـە سی کـونی لەم لاو ئەولای هەبـوو ناڵبـەندەکـە هەرکـونەو مـسـمـارەکی لێـدەداو مـسـمـارەکـە لەسـمی دوو بەدەرە دەبوو لەدەرەوە سـەرە مسـمارەکانی دە قـرتاندو پانی دەکـردەوە بەچاکوچ ناڵی کران چوار مسـماری لێـدەدرا ناڵی وڵاخی بەرزە شـەش مسـماری لێـدەدرا ئەگـەر کـەرەک نارحـەتی کردبایە لەواشیان دەکرد لەواش دوو داربوو لچی سەرەوەی کەرەکەیان دەخستە بەینی ئەم دووودارانە و دەیان بەستابە رزەفت دەبوو شاگردەکە لەکاتی ناڵ کردن قـاچی وڵاخـەکـەی بلند دەکـرد بۆناڵبـەند ئەگـەر لـەکـاتی ناڵکردن مـسـمـارەکـە گـۆشـتی زیندەی گـرتبـا وڵاخـەکـە لەکـاتی رۆیشتن دەشـەلی دەیانگۆت ناڵەن گیبووە دوبارە ناڵەکەیان لێدەکردەوەو ناڵیان دەکردەوە.

**تەمەنی جاشک و جوانە مایین و گۆلک جاشک هێستر**

هەمــوو مــاڵاتێـک ناوتەمـەنی خـۆی هەیە ئەوناوتەمـەنانە ئێـسـتـازۆرکـەس نازانی من وام بەباش زانی بییان نوسم بۆئەوەی بزر نەبن.

١- جاشکی کەرێ کەلەدایک دەبێ پێیدەڵێن جاشک بۆساڵی دووەم ئەگەر نێربێ پێیدەڵێن جاش نێرەکەر ئەگەر مێ با جاش ماکەر بوو بۆساڵی سێیەم پێیان دەگۆت کۆرەبژ بۆساڵی چوارەم بەربار‌بوو.

٢- جـوانە مـاین کـەلەدایک دەبوو ئەگـەرنێـربا پێـیـان دەگـۆت جـوانە ئەسپ ئەگـەرمێ با جوانە مـاین بۆسـاڵی دووەم پێـیـان دەگـۆت رووتە لـەبەرئەوەی بەمقەست مووی سەرملی و سەری کلکیان دەبڕی یان هەڵ دەقاچی بۆساڵی سێیەم پێیان دەگۆت قوتە بۆساڵی چوارەم ئەسپ یان ماین.

٣- هێستر دوورەگە باوکی نێرەکەرە و دایکی ماینە، هێستر کەلەدایک دەبی پێیدەڵێن جاش هێستر بۆنێرو مێ جاش هێستری نیرکی ئەگەرمێ باجاش هێستری ماچە. ئەوناوەی هەرلەسەربوو تاپشت دەکرا پێیان دەگۆت بەربار.

٤- بۆرەشــەوڵاخــیش ئەویش تەمــەنی خــۆی و ناوی خــۆی هەبوو گــۆلک کـەلەدایک دەبـوو گـولکە مێ و گـولکە نێـر بوو بۆسـاڵی دووەم سـەنگۆ بوو بۆساڵی سێیەم گۆلکەنێرەکە پێیان دەگۆت جوانەگا مێکەش پێیان دەگۆت مێنگوین بۆساڵی چوارەم نێرەکە دەبووە بەرنیر مێیەکەش دەبووە بەرکەر.

**تەمەنی سەگان**

سەگ، سەگی نێر پێـیـان دەگۆت گۆر مێـیـەکەش دێڵـەسەگ بـوو گـوجـییـلە کەلەداییک دەبوو پێیـان دەگۆت گوجیلە ساڵی دووەم نێرەکە لەکاتی میزکردن قاچی بڵند دەکردساڵی سێیەم دەیان گوت سمی هەرگەڕایتەوە بۆ ساڵی چوارەم قـەیرە سـەگ ئەو کـەسـانەی سـەگـیـان رادەگـرت کـەدێڵـەکـە دەترەکی گـوجـیلە نێـرەکـانیـان سـەری کلکی و سـەری هەردوو گـوێچکەیان دەڕین دەیان گـۆت بۆشـەڕەسـەگ باشـە سـەگ هەشت گـوانی هەیە بەراز دوازدە گـوانی هەیە کـورد دەڵێ چوار جێرێ هەشت دیرێ دوازدەێ ڕەمە گویرێ ڕەمە گوێر بەرازە.

## بەشی سی و هەشت
## جۆری جەكی ساڵانی سی وچل وپەنجاكان

١- تفەنگی رەشكە، ئەوتفەنگە لولەی زۆردریژ بوو بەساجمەو باروت دەتەقی لەپاش تەقاندن دوبارە پڕدەكراوە لەساچمەو باروت بەئەستی و بەردی پێوەبو لەگەڵ تەقاندن ئەستیەكە بەبەردەكەی دەكەوت پڕوشكە ئاگرەك بەباروتەكە دەكەوت و دەتەقی، ئەوتفەنگە ڕاوی پێدەكرا.
٢- تفەنگ ماوزەڕ ئەوتفەنگە لولەی ئەستوربوو فیشەكی ئەستوربوو عەمبارەكی هەبوو لەسەرلولەكەی چەند فیشەكەكی دەخواردكاتی تەقاندن یەك یەك دەتەقی و فیشەكەكی دی دەهاتە بەرلولەی هەندەك ماوزەڕ هەبوون یەك تاكە فیشەكی دەخوارد.
٣- تفەنگی سییێ تیرو پێنج تیرسێ تیر پاكەتەكە سێ فیشەكی دەگرت پێنج تیرەكە پاكەتەكەی پێنج فیشەكی دەگرت واتە سێ تیری سێ خۆر سێ تیری پێنج خۆر.
٤- تفەنگی حوسكە ئەوتفەنگە زۆركۆنە من نەم دیوە باسیان دەكرد.
٥- تفەنگی پێنج تیری رووسی لەلای سلیمانی پێدەڵێن سالات ئەوتفەنگەش فیشەكی گەورە بوو پاكەتەكەی پێنج فیشەكی دەگرت.
٦- تفەنگی قۆنداخ بەگرێ، ئەوتفەنگەزۆرباش بوو پاكەتەكەی پێنج فیشەكی دەگرت تاشۆرشی ئەیلول كاری دەكرد.
٧- تفەنگەكانی یایلی و جامبێزار و قەسەلی هەموویان باش بوون هەموویان پاكەتكیان پێنج فیشەكی دەخوارد تاشۆرەشی ئەیلول بەكاربوون.
٨- تفەنگەكانی تەیارە شكێن و تفەنگی برنۆ زۆر تفەنگی باش بوون فیشەكەكانیان یەك جۆربوون پاكەتیان پێنج فیشەكی بوون دوو جۆربرنۆ هەبوو برنۆی درێژو برنۆی كورت.
٩- تفەنگی ئینگلیزی واتە یازدە تیر عەمبارەكەی یازدە فیشەكی دەخوارد.
١١- تفەنگی ئینگلێزی پێنج تیر باشتربوو لەیازدە تیر.
١٢- تفەنگی وەست وەكو برنۆ بوویە فیشەكیان یەك جۆرە فیشەك بوو.

١٣- تفـەنگی کـەنەدی دووخـانەو سێ خـانە، ئەویش فـیـشـەکی ئینگلیـزی دەخوارد دەمانچەکانیش دەمانچەی لامەی گەورە و لامەی بچوک دەمانچەی جۆت لولە و دەمانچەی بەڕەبیل و دەمانچەی تۆپلی و ستار.

# بەشی سی و نۆ
# جووتە ووشە لە کوردەواری

١- ڕێژەو پێژە ئیشو کاری ماڵ
٢- ڕیسی و گوریسی واتە ڕستن و کرداری
٣- تێکە و لێکەکاسبی کارکردن
٤- تیک و دورمان بڕین و دورینی جل و بورگ
٥- ئاگرو دوو ئاگرو قسەکردن
٦- پووشو پەلاش گیای کەوشک بی پێیدەڵێن پوش
٧- تەون و نەخشی مافوور کردن
٨- بەروو ماڵ هەموو کەل و پەلی یان ناوماڵ
٩- مارو مارداری واتە ماڵی هەیە کاسبیش دەکا.
١٠- بەروو بەردرگا دەرگای ماڵ حەوشەی ماڵ
١١- سەرو سەربان سەربانی ماڵی
١٢- نان و پات ئەگەر ژنەک نانکەری باشی بێ دەڵێن نان پاتی باشە
١٣- کۆرو کانی جل شۆرین لەسەرکانی
١٤- جیخ و جەران هەرجیخە ئەوجیخەی لە دەوری ڕەشماڵیە ٠
١٥- مەڕو ماڵات هەموو جۆرە ماڵاتێک
١٦- ژن و ژار چەند ژنێک بەپێکەوە
١٧- پینەو پەڕۆ جل و بەرگی دڕای و دروینەوە و پێنەکردن
١٨- گژووژ خەریکی ئیشی ماڵە
١٩- گردو گۆیە ئازا بەپەلە بگە لە کارەکەت
٢٠- گەردو وەرد جۆت کردنی پەریزی و تۆ کردن
٢١- گەجەر و گوجەر بەتەوسەوە بەمنداڵی وردیان زۆربێ
٢٢- سەرکەو بنکە ماڵێک منداڵی وردیان زۆربێ
٢٣- سەرو سەربردە باسی ڕابردووی خۆی
٢٤- دارو دوڕ داری سوتاندنی زستان

٢٥- گیاو گوڵ هەموو جۆرە گیایێکی بەهاران
٢٦- خرتە و پرتە وردەواڵەی ماڵ
٢٧- قاپ و قاچاخ کەرستەی چێشت لێنان و شیو خواردن
٢٨- جل و جۆڕ کورتان و جۆڕیکی ئالیک بە تەوسەوە بە جلی بەشەوی دەڵێن جل و جۆڕت لابە
٢٩- پاس بەند پێشی بەندا، ولاغی نارەعەت لەپاش لە پێش دەبەسترێتەوە
٣٠- قەوچو قەڕاسە هەر قەڕاسەی ولاغانە لەگەڵ سەرکەلە
٣١- زاک و ماک مەڕ و کار و بەرخ بە تێکەلاوی
٣٢- دەم و لەوس بەتەوسەوە بە کەسانێک دەڵێن لەقسەکردن
٣٣- ماش و برنج رەش و سپی تێکەلاو
٣٤- مار و مێر ماری گەورە و بچوک جێگای ماری لێبێت بەزمانی بادینی بەپیاوان دەڵێن مێر.
٣٥- مار و مێرد واتە ماڵی هەیە مێردیشی هەیە یان ژنی بەمێرد
٣٦- کۆچ و کۆچبار کە کۆچبەر باردەکەن و دەڕۆن بۆجێگای تر
٣٧- خانی و بەرە واتە خانووی خۆش حەوشەی گەورە
٣٨- کار کوکوتەر بەری بێستانی باش خراپ گەندۆرەی گەورە و بچوک
٣٩- تەڕوو پەڕە بەژنی بە گۆشت بەرچا دەڵێن یان بەرخی قەلەو ناسک
٤٠- خڕ و خوڵە منداڵی بەگۆشت یان مالاتی بەگۆشت
٤١- خڕ و خەپانە منداڵی جوان گوشتن بەرخی جوان
٤٢- خۆڕی و خار بەتەوسەوە بەهەندەک کەس دەڵێن
٤٣- ئالۆز و بلۆز واتە تێکەلاوە چارەسەری ئاسان نیە
٤٤- هەرچی و پەرچی، کەسانی بێشەرم و درۆزن و شەرمی بەخۆی نیە
٤٥- گاڵتە و گەپ قسەی خۆش نوکتە و پێکەنین
٤٦- شەڕودڕی کەسی نیە، واتە سەلامەتە و بە گێچەڵ نیە
٤٧- تەفر و تووتن بوو، بزربوونی بێسەر و شوێن
٤٨- توون بە توون چی، لەبەر چاو بزربی دوورکەویەوە

٤٩- کەڕ و کوندە، واتە گوێی گرانە یان کەڕە
٥٠- لار و پار بوونە، کۆمەڵە کەسێکی خەوتوون یان مردوون
٥١- تڕ و تۆپی گەورەیە، بەتەوسەوە بەکەسانەکی دەعیە گەورە دەڵێن
٥٢- سەر و تیلاک، ئەو کەسانەی جەمەدانی جوان دەبەستن و ڕێکن
٥٣- سەر و کۆکر لەکاتی توڕەبوون کاتی ناوەخت وا دەڵێن سەر و کۆکرم بەردە
٥٤- بەلچک و لێووە، واتە پەلپ لە شت دەگری و رازی نیە
٥٥- قڕ و قەپۆز بۆ ماڵاتە بەڵام بەتەوسەوە بە ئینسان دەڵێن
٥٦- سەر و لموز بۆ ئاژەڵی وردەیە بەڵام بۆ شکاندن بە بە شەری دەڵێن
٥٧- ئاردا وێژی باش نەبوو، قسەکانی نارێک و باش نەبوو
٥٨- ئاخۆران و باخۆرانە، واتە کەس بەکەس نیە ترسناکە
٥٩- پۆشتە و بەرداغە واتە جل و بەرگی باشی لەبەر دایە
٦٠- کەچە و پەچە، واتە شتی بێکەڵک یان وردە واڵە لەکار کەوتووی ماڵ

# بەشی چل
# جوامێری گوند و هاتوچۆی دیوەخانکردن

بەشی زۆری ئاغا و کوێخایەکان ئەوەی خۆی بە پیاو زانیبایە دیوەخانی هەبوو لە هەندە ناوچان ئێواران و سبیانان قاوە لە دیوەخان لێدەندرا لە هەندەک ناوچان هەرچا لێدەندرا ئەو ئاغایانەی قاوەیان لێنابا دەبایە قاوە جێشی هەبایە قاوەچی لەکاتی جۆخین هەڵگرتن قاوەچیانەی لە فەلاحەکانی گوندی وەردەگرت لەبەر ئەوەی جوامێرەکان ئێوارێ و بەیانیان بۆ قاوەخواردنەوە دەچوونە دیوەخانی ئاغا لەپاش قاوەخواردنەوە بڵاوەیان دەکرد لە گوندەکانی دەشتی هەولێر قاوە بە ئاگری قشپل لێدەندرا قشپلەکەش لە فەلاحان وەردەگیرا.

**کەرستەی قاوە لێنان**

١- سێلۆکە بۆ قاوە بژاندن ٢- ئەستیو بۆ قاوە سۆرکردن ٣- سێ دانە جەزوەی گەورە و بچووک جەزوە هەر گەورەکە بۆ شەربەتی قاوە بوو ئەو جەزوە گەورەیە سرپاتەی قاوەی لەناو دەکرا پاش ماوەی چەند رۆژەی لەو جەزوە گەورەیە دەکرا هەرلەبەر ئاگر بوو بەپڕی جەزوەی بچوک ترە کەپێیان دەگۆت جەزوەی (تەرجیع) ئەوە ئاوی شەربەتەکەی تێدەکرا و لەبەر ئاگری بوو جەزوە بچووکەکە ئەوە بۆ قاوەی ساف بوو واتە قاوە بەشەربەتی لێدەندرا قاوەچی چەند فنجانەکی لەسەر مەقەڵەکە دادەناو قاوەی لێدەناو جوامێرەکان دەهاتن هەریەکەی چەند قەنە و سبیلیان دەکێشاو کیسەی توتنیان بۆ یەکتر دەهاوێشت هەموویان چاوەروانی هاتنی ئاغایاندەکرد ئاغا لەپاش فەلاحەکان دەهات کە ئاغا دەهات سەلامی دەکرد و هەموویان لەبەر ئاغا هەڵدەستان مەلاش دەهات مەلا لەتەنیشت ئاغا دادەنیشت لەپاشان ئاغا دەگۆت قاوەی تێبکە قاوەچی پێشەکی بەخۆی فرە قاوەکی دەخواردەوە پێشان قاوەی دەدا ئاغا پێدادەهات سەرو قاوەی دەدا هەموان ئاغاش سەر و جغارەی قەمیشی بۆ فەلاحەکان دەهاوێشت دەست بەقسە دەکرا قسەی ئەوکاتە هەمووی لەسەر

فەلاحەتی بوو ئەوکاتە قەنەکێشەکان هەندە جغارەی بەرماغیان تێدەکرد، بۆ قەنە پێکردن ئاگرەکە بەهۆی ئەستی و بەردبوو هەندەک جار دووکەڵی قەنە کێشان و دووکەڵی قشپلی تێکەڵ دەبوو دیوەخان دەپەنگاوە قاوە لە رۆژی زستان رۆژی دووجار لێدەندرا ئێواران و بەیانیان بەڵام هاوینان رۆژی جارەک قاوە لێدەندرا لەشەوانی زستان جاحێڵەکان کەرەمستانێیان لەسەر قەسپ دەکرد.

**سووتەمەنی و ئاگرە و دوو**

سووتەمنی لە ناوچە شاخاویەکان لەگەڵ سووتەمەنی ناوچە دەشتاویەکان جیاوازبوو لەناوچە شاخاویەکان پیاوەکان سووتەمەنیان دابین دەکرد هەرداریان دەسووتاند بەڵام لەناوچەی دەشتی هەولێر سووتەمەنی ژنەکان دابینیان دەکرد سوتەمەنی ئەمانەبوون - کاو قشپل و سەرگین و قەسەڵە و خر نووک و پەرۆشە بوون ئەمانە هەمووی ژنەکان کۆیان دەکردەوە بۆ وەرزی زستان بۆ نان و شیو بەشی زۆری بە ئاگری گادەکرا قەسەلیش بۆ ئاگر خۆشکردن بوو پێیان دەگۆت بەرچاوگە.

**بەردە سێرە**

بەردە سێرە بۆ خۆ گەرمکردنەوە بەکاردەهات بەردەسێرە پارچە پلیتێک بوو بستەک پان بوو دووبەست درێژ بوو ئەگەر پلێت دەست نەکەوتبایە پارچە تەنەکەیان دەکردە بەردەسێرە لەکاتی سەرما بەردەسێرەکە یان لەسەر ئاگردانی لەسەر دوو کوچاگری دادەناو ئاگریان لەبن بەردەسێرەکە دەکردەوە بەئاگری کای گەنم کە ئاگرەکە خۆش دەبوو چەنگەکایەکان لەسەر بەردەسێرەکە دادەنا بەردەسێرەکە سەر و بنی ئاگر بوو بەڵام زۆر دووکەڵی دەکرد هەر جۆنەک بیی هەندەک گەرم دەبوونەوە پێشان هەموو مالێک بەردەسێری هەبوو، هەمو ماڵێک سەرگینەدانی هەبوو سەرگین دان ژورەکی بچوک بوو بۆ سووتەمەنی کرا بوو لەبەرئەوەی نەفت نەبوو خەلک فەقیربوون هەرماڵە چرایەکی هەبوو کەئاگر دەکراوە چراکەیان دەکوژاندەوە نەفت لەگوندەکان بەشوشە دەکردرا. ئەوکاتە

هەندەک ماڵ سووبەی نیو بەرمیلیان هەبوو ئەسووبەش لەشار درووست دە کرا ئەونیو بەرمیلە سی پێچکەیان بۆدەکرد تەنیشتەکانی کون کون دەکرا و بنەکەشی کون دەکرا ئەوسوبەیە بەقشپل پێدەکرا سووبە لەبەردە سێرە باشتربوو کەسوبەکە دادەکەوت لەسەر مەنقەلە ڕویان دەکرد چایان لەبەئاگرە کەی دادەنا چایان لینابا . کای درشت باستربوو لەکای ورد بۆسووتاندن ئەوپاش ماوەی لەناو ئاخوڕی ولآخان دەماوە زۆرباش بوو بۆ نان کردن ئاگری خۆشتربوو ئەوکاتە ئێواران کەلەبەرئاگری دادەنیشتن ئەگەر وردەئیش هەبایە دەیانکرد وەکو دورمان یان تەشی رستن یان هەمبانە غاراندن.

**پەتەکردنەوە**

ئەومالآنەی مەروبزنیان نەبایە سوودیان لەکەونە کردار وەردەگرت دەیان کردەوە خوری و دەیان رستەوەو دەیانکردە کردار پەتە ئەو پارچە بەڕیان سەرەکلآش یان پارچە گوریس ئەوشتە کۆنانەیان دەکردەوە و خاویاندەکردەوە رەنگەکانیان لە یەکتر جیادەکردەوە کە زۆردەبوو مەنجەڵەک ئاویان دەهێنا پەتەکەیان لەناو ئاوەکە دەکرد بە کلکی تەشی لەناو ئاوەکەیاندەشەپاند



هەرجارەی هەندەکی لەناو مەنجەڵەکەی دەکرد هەم پاک دەبۆوە هەم دەبۆوە خووری تاهەموو رەنگەکانی دەشەپاند لەپاشان لەبەر هەتاوی هەری دەخست و لەپاشان دەیان رست و دووبارە دەیانکردەوە کردار وەکو گوریس و هەندەک شتی تر بەڵام پەتەکە وەکو خوری لەکار کردن ئەوەندە خۆراگر نەبوو، وەکو دەڵێ پشت بە گوریسی فلانی مەبەستە گریسی پەتەیە، لە ناو کوردەواری پێشان هەندەک ئیشی کاری ناومالْ هەبوون ئەگەر ژن ئەو ئیشانەی نەزانی بایە بە کابان دانەدەندرا و زۆر کەسیش نەدەهاتنە داخوازی ئەگەر کچ با وەکو ئەو ئیشانە

## کێ کابانی ماڵە

١- تیک و دورمان واتە ژن هەموو جۆرە دورمانەکی زانیبایە بەدەستی خۆی جل و بەرگی ژنان و پیاوانی ببڕیبایە بشی دوری بایە.
٢- نان و پات واتە نانی باشی زانی بایە و نانی گەورە بایە.
٣- گیشکە و تەتەڵە، لەکاتی دانەوێلە پاکردن یان زەخیرە کردن.
٤- ریسی و گوریسی و کەژی هونادنەوەی زانیبایە لەگەڵ تەشی رستن هەموو جۆرەکانی وەکو ئەستووران و باریکان و خاوکە و فرێت و پەشتەک.
٥- کۆر و کانی واتە بزانی جل و بەرگ بشوات بەجوانی.
٦- دۆشینی ماڵاتی بزانی بایە وەکو بزن و مەڕ و مانگا.
٧- بەروو ماڵ واتە ماڵی پاک و رێک بایە.
٨- رێژە و پێژەی ماڵ واتە ئیش و کاری ماڵ.
٩- مەشکە و کوندە و کوندەرانی پاک و رێک بایە.
١٠- ئەگەر تەونی زانیبایە ئەوە دەست ڕەنگین بوو.

## شتە بزرەکان

ئەوشتانە لەکاتی قسەکردن باسی دەکرا ئێستا باسیان ناکرێ وەکو (بنیسک) کابانی ماڵێ بەدووشتی دەگۆت ئەگەر رۆنیان نەمابا دەیگۆت بنیسکە روونەکمان نیە. ئەگەر سابوون نەمابا دەیانگۆت بنیسکە سابونەکمان

نەمایە.

(گرمت) گرمت بۆ سێ شت بەکاردێت یان دەگۆترێ گرمتە شەکر گرمتە خوێ گرمتە خۆڵ.

پێشان ژن جل و بەرگیان لە خمی دەنا خمچیەکان بەشی زۆریان جوولەکەبوون ژنی کوردەواری جل و بەرگی لە خمی دەنا دووکانی خمچیەکان لەناو شاری هەولێر بوو.

**بەسەر هاتەکی کاتی منداڵی خۆم**

لەکاتی مێر منداڵ بووم لە گوندی باداوان گوندی مەلا فەندی بووم سەرەتای چلەکان بوو شوان بووم بۆ مەڕ لەوەڕاندن لەگەڵ شوانانی گوندی دەهاتینە دەوروبەری هەولێرێ ئەوکاتە گردی قالیچ ئاغا هاوینان دەکرا بێستانی دێمی گندۆرە و تەرۆزی پیاوەکی پیرەمێرد بێستانەوان بوو ماوەی دوو رۆژ بوو ئێمە شوانەکان بەزۆرە ملێ دەچووینە ناوبێستانەکە دەچووینە سەرگردەکە کە پیرەمێرد بۆمان دەهات ئێمەش بەکارکە گندۆران لە پیرەمێردماندەدا ناچاردەبوو دەگەڕاوە دواوە بۆ رۆژی سێ یەم گەنجەکی مل ئەستووری لەگەڵ خۆی هێنابوو لە بن کەپرەکەی شاردبویەوە ئێمەش وەکو رۆژان چووینە ناو بێستانەکە و بەبێ ترس لەناکاو گەنجەکە لێمان ڕاپەڕی لە ترسان کەسمان نەبووینە برای کەس و هەڵاتین گەنجەکە منی دابڕی سەری لەداوی من نا منیش لە ترسان پێڵاوەکانم لە بن هەنگڵم ناو بەپێ خـــواسی لەناو ئەو وردانە هەڵدەهاتم وام دەزانی لەسەرمافوور غاردەدەم لەپاشان ببڕای ببڕای نەچووینەوە لای بیستانەکە ئەوە بەسەر هاتی راستەقینە بوو. لەکۆتایی ئەم نووسینەم هیوادارم خوێنەر لەمن رازی بن لەسەر نووسینەکەم هەرچەندە من بەشەکی کەمم نووسیە خۆ ئەگەر نوسەرەکی باش و شارەزای بواری قسەو کردەوەکانی کوردەواری کۆن و ژیانی کوردەواری نووسیبایە هێشتا زۆری ماوە و تەواونابی بەوەندە نووسینەی من خۆزگە نووسەری باشبام بمتوانیبایە بۆ مان و زیندوکردنەوەی ئەو قسە و کردار و رفتاری کۆنم هەمووی نووسیبایە بۆ پاراستنی لەفەوتان من تەمەنم ٨٠ ساڵە بەڵام بیر و هۆشم پیرنیە من وەکو شوانەک و کردەوەکانی و فەلاحەک و

کردەوەکانی وجۆتیارەک و کردەوەکانی و کاروانچیەک و کردەوەکانی ئەم کتێبەم نووسیەوە نەک وەک نووسەرەکی شارەزاو بەتوانا لەباری نوسین بۆیە داوای لێبووردن دەکەم لەهەموو هەڵە و کەم و کوڕیەکان لەبەر ئەوەی خوێندەواری من خۆرسکە نە لەقوتابخانە خوێندوومە نە لە حوجرەی فەقێیان خۆم هەوڵم داوە فێری ئەوەندە خوێندەواریە بوومە و ئەوندەم لەباران دا هەیە بۆیە دووبارە داوای لێووردن دەکەم لەهەر کەم و کورتیەک لەگەڵ ڕێزم بۆ هەرکەسێک ئەم نوسینەدەخوێنێتەوە.

**حەمید ڕەشاش**

## فەرهەنگۆک

### ئـ

ئەسترێلک: جۆرە گیایەکە لە کوێستان دەبێ لەشارەکان پێیان دەگۆت سەمغ.
ئاخوڕ:- کۆلەکە ئالیکی مەڕ و ماڵاتی تێدا ئالیک دەدرێ کاو جۆی تێدەکرێ بۆ هەموو جۆرە ماڵاتێک دەبێ.
ئاو خۆرەوە:- بەوکەسانە دەڵێن لە گوندەکان فەلاحەتی و عاردیان نیە.
ئەستوندە:- ئەو دارەی دەدەنە بەر رەشماڵی یان دەدەنە بەرخانوو.
ئەستەویر:- ئەو مەڕ و بزنانەی نازێن و بەران و تەگە ناخۆن.
ئاو گەلە یان ئاوەکی:- ئاژەڵێک لە مێگەلەکەی دابڕی بچێتە ناو مێگەلەکی تر.
ئەنگوچک:- پێشان قۆڵی کراسی پیاوان و ژنان ئەنگوچکی پێوەبوو.
ئەستیو:- ئەو بێڵۆکە بچوکە بوو قاوی لەناو سێڵوکەی وەردەگیرا ئەستیوی ئاگرخۆش کردنیش هەبوو.
ئۆردی:- سەربازگە (معەسکەر) ی عەسکەری.
ئەستورکە هەراتە:- ئەوئەستورکەی هەویر ترش تێدەکەن.
ئینجانە:- ئەوگوزەی شتلی تێدادەچێنن یان مەڕەکانە.
ئەسکو:- مڵاکی چێشت تێکردن جۆری دارە یان لەدار کراوە.
ئاغەبان:- خانووی شارستانی لەسەری دەنوستن لەگوندەکان.
ئەسپۆن:- ئەوگیایە بوو پێشان ووشک دەکراوە و جل و بەرگی پێدەشۆرا.

### با

بریشکە:- گەنم یان جۆ لەناو سێلی سۆردەکراوە منداڵ دەیان خوارد تۆگەندورە یان تۆشفتی یان گوڵە بەرۆژەکە سۆرگراوە پێیان دەگۆت بریشکە.
بەرزە:- بەئەسپووماینی سواری دەڵێن ولاخی بەرزە.
بەرانپیل:- ئەوچارۆگەیە بووژنان لەملی خۆیان دەبەستا لەکاتی ئیشکردن شت گواستنەوە.

بالۆره:- جۆرەگۆرانیەکی تایبەتی بوو لەنێوان شوان و کەنگرکەران وەکو شەرەجوێن بوو لەگەڵ یەکتر.
بەرووبەز:- لەناوچە شاخاویەکان کاتی بەرووی داردەوەری بزن بۆبەرو خواردن غاردەدەنە بن داران بۆ بەروو خواردن.
بەرجیخ:- ئەودارەی بۆراگرتنی جیخی رەشماڵی دەچەقێنن.
باربەر:- وڵاخی باری لێبـاردەکەن وەکو کەرو هێستر و بارگین.
بەل:- بزنی گوێ فیجاوە هەربزنێک گوێچکەی لول درابی پێیدەڵێن بەل.
بزمووک:- ئەوداروچکەیەی لەدەمی کاری شیرخۆر دەبەسترێ بۆئەوە شیری دایکی نەمژی.
برک:- ئەوجێگایەی لەبەرگەرماو پرگیاوزە مەندە هەڵمی دەکات ئینسان هەست بەگەرمی دەکات.
باقۆ:- ئەوکارە ساواو بەرخەساوا یانە هەرلاواز دەبن دەڵێن باقۆیە.
بەلەباقە:- جۆرە نەخۆشی بزن توش دەبێ پێدەمرێ دەقارێ.
بنکێش:- جۆرە دورمانەکە پێشان ژن جل و بەرگیان بەوجۆر دەدروی.
بن پەرگ:- ئەورێزە دورمانەی کلاشییان پێدەچنی رێزی بنەوە.
بن بێژنگ:- لەکاتی ژن بێژنگی دەکرد ئەوەی لەبێژنگەکەدەهاتە خوارێ دەکەوتە بنەوە بن بێژنگ بوو.
بەرووله:- کەگاسن تیژ دەکراوە لەلای ئاسنگر پێیان دەگۆت بەروله.
بەرەدرونە:- ئەوپارچە تەبارەی سەرپالە دایدەبرِی سەپانەکان دەیان دوریەوە ئەو (بەر) بوو.
بەکرە:- پارچە دارەکە هەردوو پێچە شەغرەی لێک دەبەستی نەوە بەکرەێ بیرێ هەیە لەکاتی ئاو هەڵکێشان بەکرەکە دەسورِاوە.
بەنقادە:- ئەوبەنەی قادی پێدەبەسترێتەوە لەگەڵ پێچەکە شەغرەکە.
بێرۆک:- ئەوبێرەدارەی وەکو خاکەناسە گەنمی پێ بەبادەکەن لەکاتی گەنم یان جۆ دەبێتە رەوسە.
بنە:- لەکاتی گێرەکردن ئەوگایەی دەکەوێتەلای چەپە ئەوە پێیدەڵێن (بنە) یان گای بنە.

بەرنیر:- جوانەگا کەتەمەنی بوو بە چوارساڵ نیری داوێنە سەرملی جۆتی پێدەکەن دەڵێن بەرنیرە.
بەرکەر:- مانگا کەتەمەنی بوو بە چوار ساڵ کەرێ دەخواو دەزێ پێیدەڵێن بەرکەر.
بەرماغ:- جۆرە جغارەک بووپێشان توتنی تێدەکرا دەیان کێشان.
بەردەسێرە:- ئەوپارچە پلێتە بوو پێشان ئاگریان لەبن دەکردەوە لەکاتی سەرما خۆیان پێگەرم دەکردەوە.
باریکان:- جۆرەک بوو لەخوری رێستن کەژن دەیان ریست.
بنیسک:- واتە هەندوکەک یان زۆرکەم ماوە لەکاتی نەمانی رۆن و نەمانی سابوون دەیان گۆت بنیسکە رۆنەکەمان نەماوە.
بەربار:- کەجاشک یان هێستر تەمەنیان بووە چوارساڵ باردەکرین واتە کاتی ئەوەی هاتیە بار بکرێن.
بەرە:- ئەوقایشە بەگەزو گوڵنگە کەلەبن گەردەنی وڵاخی سواری لەگەڵ زین دەبەسترێ دەڵێن زین و بەرە.
بەبەردانەوە:- لەکاتی ساوار کوتان ئەوژنەی ساوارەکە دەهایشتەوە ناو قۆرتی سوارەکەی واتە ئەوەی دەرچووە دەیخاتەوە بەرێ.
بەنە برک:- بەنەک بوو دووعای لەسەر خوێندرا بوو بەگرێ گرێ بوو نەخۆشی لەملی خۆی دەکرد بۆچابوونەوە.
بانۆک:- ئەوکەسەی مەڕی لەسەر بەرخی دەباندەوە واتە مەڕی بەرخ مردی لەسەر بەرخی داک مردی دەبانانددەوە هەردووک یەکتریان قبوڵ دەکرد.
بندۆک:- لەپاش کەرەیان رۆنەکەرە دەقرچێتەوە ئەوخڵت و خاڵەی بینی رۆنەکە ئەوە بندۆکە.
بنار:- دامەنی کێوەکان پێیدەڵێن بنار وەکو بناری سەفینی.
بەبەرۆک:- هەندەک بەردیلی پێشی سنگی نابڕنەوە دەڵێن بەبەرۆکە.
بەرد ئەستێ:- پێشان بۆقەنە پێکردن ئەستێو بەرد هەبوو بەردەکە پێیان دەگۆت بەرد ئەستێ.

پ

پەلەدەولک:- ئەودووپارچە دارەی ڕاست و چەپ لێک درایە بەدەولکی ئاو هەرکێشان بەسترایە ئەوە پەلە دەولکە.

پاوان:- ئەو جێگایەی قەدەغەدەکرێ گیایەکەی دەبێتە بۆش زستانان مالاتی لێ دەلەوەڕێن واتە لەوەرگا.

پایزە خیر:- ئەوجێگایەی لەوەرزی پایزان کۆچەرەکان ڕەشمالی لێ هەلدەدەن بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و مالات.

پێشەنگ:- ئەو ولاغەی لە پێشەوەی کۆچ و کۆچبار دەڕوات واتە ئەوەی لە پێشەوە بڕوات.

پسدان:- ئاژەل لەپاش زانی مندالدانی فڕێدەدات دەلێن پسدان.

پارزونگ:- ئەوپارچە بووزوەی داوێنە سەری مەنجەلی شیری یان ئەو شتەی دەپالێوی پارزونگی چاش دەبێ.

پاش بەران:- ئەو مەڕەی دووجار بەبەراندێت یان بەتەگەدێت.

پتۆت:- جۆرە گیایێکە لەوەرزی هاوین شین دەبێ لەناو وەردان بۆ مەڕی خراپە ئەگەر بیخوات.

پارە بەهێلکە:- بەقال لە گوندان دەگەڕان وردەوالە یان بە هێلکە دەگۆڕیەوە بەپارەش دەیان کڕی.

پۆێلە:- مندال کە لەدایک دەبوو شتەکیان بەبەرناوچەوانی وە دەکرد جامۆری با یان پلێپلە با ئەوە بۆیلە بوو.

پەرێز:- لەپاش دەغل و دان دروینەوە جێگای دەغلەکە دەبێتە پەرێز پێشتر تەبارە دەبوو لەپاش درونە پەرێزە.

پەرەناو:- لەکاتی جەنجەڕ گێران پێی بەر جەنجەڕی وەردەگێڕن و سەراو بنی دەکەن پێیدەلێن پەڕەناو.

پێی قرشە:- ئەو قرشەی داوێنە بەر جەنجەڕی پێدەلێن پێی.

پارژین:- لەوەرزی زستان کە ڕەشمال گەرم دەکرێ پوشی لەپشت جیفەکە دادەنێن بۆ گەرمی ئەوە پێیدەلێن پارژین.

پاش کۆ:- لای پاشەوەی زینی ئەسپ پێیدەلێن پاش کۆ.

پیشـەقـان:- ئاسنەکی پانی سەر تیژە کلکی دارە کـەنگر کـەرەکـان کـەنگری پێدەکەن.
پشـتەک:- لەکـاتی مـەڕ برینەوە هەندەک مـەڕ و بەران سـەرپشـتی نـابڕنەوە بۆ پاراستنی گەرمای هاوین ئەوە پشتەکە.
پەلووج:- پێشان منداڵ جکیان بەبەردی لووس دەکرد دەیان گۆت پەلووج کرایە واتە لووس کردن.
پاشاپاشایانێ:- جۆرە گەمانەکی پێشان بوو شوان و بەرخەوان دەیان کرد.
پەلیک:- داروکەک بوو منداڵان گەمانی پەلیکانێیان پێ دەکرد.
پشت بەزین:- منداڵی ساوا پشتی دەبەزی پیرێژنەکان چاکی دەکەنەوە.
پەنگاوە:- ئاو بەری بگری لە جێگایەک کۆدەبێتەوە و پڕ ئاو دەبی وەکو ئاوی بەربەستی دووکان دەڵێن پەنگایتەوە.
پەشتەک:- جۆرەکە لە جۆرەکانی خوری ڕستن.
پەتە:- ئەوە سەرە گوریسی و پارچە بەڕە و شتی کۆنە ژن هەڵیان دەوەشاندەوە دەیانکردەوە لەناو ئاو دەیانشـەپاند و دەیانکردەوە خـوری دووبارە دەیان ڕستەوە و دەیانکردەوە کردار.
پلووسکە:- بۆریەک یان سولاوکەک ئاوی لێبرژێ یان شتەک بەگوڕبێتە خوارێ ئەوە دەڵێن پلووسکەی دەکات.
پالۆ:- ئەو قـایشـەی لە پاشـەڵی کـەر و هێسـتر دەسـوورێتـەوە کـورنانی پێـڕا دەگیرێ ئەوە پێیدەڵێن پالۆی ولاخی.
پۆسکە:- کونەکەی لای بنەوە تەندورەی ئاشی ئاوە.
پاش ئاخوڕ:- پاش ماوەی ئالیکی ولاخان واتە کایە درشتەکە دەمێنێتەوە.
پانکەی ئاژەڵی:- ددانی ڕێزی بنەوەی مەڕ و بزن پێیدەڵێن پانکە.
پەرۆشە:- جۆرە پەنچکەک بوو ژن بۆسوتاندن دەیان هێناوە.
پسکە:- جۆرە نەخۆشیەکی مەڕبوو وەکو هەلامەت توشی دەبوو.
پیرخەنی:- واتە وردە ساوار.

## ت

تانا:- پەرەکی شین دەکەوتە سەرچاوی بەشەر پێیان دەگۆت تانای سەرچاو.
تارمە:- کەجۆخین دەکوترا لەپاشان هەریان دەداوە پێیان دەگۆت تارمە.
تەور:- لەکاتی ولاخ لەناو قەرسیل دەبەستراوە کەدەیان گواستەوە دەیان گۆت تەورەکی بدێ واتە بیگوازەوە بۆجێگایەکی تر.
تەنگە:- ئەوگوریسەی باری ولاخانی پێ دەبەسترێ لەبن زگی ولاخی دەسووریتەوە پێیدەلێن تەنگە یان سەرتەنگە.
تەبارە:- دەغل پیشی بدوریتەوە پێیدەلێن تەبارە.
تەپکە:- بەردەکی پان بوو لەسەرقۆرتەکی دایاندەنا دانیان لەناو قۆرتەکە رووەدەکرد سوسکە بۆدان خواردن دەچونە ناو قۆرتەکەو بەردەکە دەکەوتە سەرقۆرتەکە و بەشیوەی سوسکەیان دەگرت بەکۆمەڵە.
تەبەقە:- جۆرە نەخۆشی ئاژەڵ لەقاچی دەهات لەبەری دەشەلی.
تۆلە:-واتە خامی سپی پێیان دەگۆت تۆلە.
تێلە کێشی:- ئەوژنەی سواری سەپانان کۆدەکاتەوە لەکاتی درونەکردن.
تریان:- تریان لەشۆری داری بی درووست دەکرا وەکو سینی نانی لەسەر دادەندرا.
تەڕە داندۆک:- کەساوار لەناو تۆراغبی دەکراو دەخوساوە پێیان دەگۆت تەڕە داندۆک کەوشک دەبوو دەبووە داندۆک.
تورو مەلاک دان:- جۆرە تورەگەکی بەنەقش و بەگوڵینگە بوو مەلاکیان لەناو دەنا.
تەنی:- ئەو دووکەڵ و ڕەشاتیەی بنی مەنجەلێ بوو پێیان دەگۆت تەنی.
تەلان:-واتە قەدی شاخەکان یان قەدی زورگەکان واتە لێژایی.
تۆق:- بازنەی هەوجارو مژانەی لێک دەبەستەوە پێیان دەگۆت تۆق.
تەشی:- ئەوداروکە ی خوریان پێدەرست و سەری بەقولابەبوو.
تەورە وستە:- کەرستەی ئاشی ئاوێ بوو بەردە ئاشی بەرزونزم دەکرد.
تەندورە:- عەوز ئاوەکەی ئاشی ئاوێ پێیان دەگۆت تەندورەی ئاشی.
تەون:- ئەوژنانەی مافوریاندەکرد پێیان دەگۆتن تەون کەر.

تەپان:- ئەو ولاٚخەی بۆشەغرە کێشان جل و بن جل و کورتان دەکرا پێیان دەگۆت هێسترەکەی تەپانکە.
تەتەڵە:- ئودانەوێڵەی بۆزەخیرە پاک دەکراوە ژن بەسنی بەردی لێدەگرت بەشێەوی تەتەڵەکردن.

## ج

جۆنی:- ئەوبەردەی قۆرتی تێدابوو گەنم و شتیان تێدا دەکوتاەو.
جەوەندە:- جەوەندە پێستی کاران بوو وەکو کوندە ئاوی تێدەکرا بۆشوانان.
جرگە:- ئەوشوینانەی گیای لێ شین دەبو بەلاٚم گیایەکە بلند نەدەبوو.
جیخ:- ئەوجیخەی لەدەرەوەی ڕەشماڵ دەوەرێنن بەقەمیش درووست دەکرێ.
جەزوە:- جەزوەی قاوە لێنانە پێشان لەدیوەخانان قاوەیان تێدا لێدەنا.
جەرخوس:- فەریکە جۆیان بەئاگری هەردە کڕوزاند کەوشک دەبووە بەدەستاڕی لێیان دەکر ئاردەکەی پێیان دەگۆت جەرخوس.
جەقەنە:- ئەوداروو‌کەی لەسەربەردە ئاشی ئاوی هەردەقۆزیتەوە.
جوانە ماین:- ماین کەدەزێ فەرخەکەی ئەگەر مێینەبێ جوانە ماێنەئەگەر نێربێ جوانە ئەسپە.
جەموش:- بەهێستری نارحەت سەرکێش و بەزحمەت باردەکرێ دەڵێن جەموش.
جەلەکردن:- چەند ولاٚخێک یان چەند شتێک بەڕێز لەگەڵ یەکتر ببەستێەوە.
جاوەش:- ئەوکەسانەی زۆڕناو دۆڵیان لێدەدا پێیان دەگۆتن جاوەش.
جگانێ:- مندالاٚن پێشان بەجگی گەمانیاندەکرد دەیان گۆت جگانێ.
جەلعە:- وەکو جەرەی ئاو بوو بەشێوەی بچوک تر لە قور درووست دەکرا جوتیارەکان ئاوییان تێدا دەبردە سەرجۆتی.
جاغ:- تورەگەی خام دەدروا دۆیان تێدەکرد یان تورەگەی توتنی ئەوجاغەبوو.
جەپەر:- جەپەر بەشۆرەداری درووست دەکرا وەکو دەرگا وابوو دەرگای هۆڵی مالاتیان پێدەگرت یان دەرگای کادینیان پێدەگرت.
جاراوک:-ئەوقۆرتە ئاوەیە ئاوی تێدەکەن بۆسەگ و مریشک.

جەو:- جەو ئەومەقەسەی مەڕو بزنی پێدەبڕنەوە بەهاران.
جەوبڕ:- ئەوکەسەیە بەجەو مەڕو بزنی دەبڕیتەوە بەجەوەکە.
جەقێن:- جێگای بەردەرێن یان جێگای بەرداوی عاردی بەوردە بەرد.
جان جانۆکە:- ئەوپارچە لبادەی لەلای پشتەوەی جەنجەڕی دەبەسترا.
